www.pertwk.com

لەباتی پێشەکی



www.pertwk.com

*لەبەهاری 1995 کاک نەوشیروان و کاک فەرەیدون بۆ گفتوگۆی ئاشتی چووبوونە تاران، لەوێ ئەم کتێبەیان کڕیبوو، و خوێندبوویانەوە و پێیان باشبوو، بیکەمە کوردی. منیش دوای خوێندنەوەی، دەستم بە وەرگێڕانی کرد و ڕۆژانە بەشێکیم لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بڵاو دەکردەوە وتا کۆتایی ئەو ساڵە 124 ئەلقە لە کتێبەکە بڵاوکرایەوە و ئەگەر بڵاوکردنەوەکەی ڕانەگیرابا، هـەر (50) لاپەڕەیەك مابوو تەواوی بکەم.

*لەساڵی 2004 ئەو بەشەشم تەواوکرد کە لەساڵی 1995دا تەواو نەکرابوو، و لەسەرەتای ئەمساڵدا کەوتمە پێداچوونەوەی هەموو کتێبەکە و ئامادەکردنی بۆ چاپ.

*ئەم کتێبە گەشتی دوو کەسی فەرەنسییە کەلە گورجستانەوە دەستیان پێکردووە و دوای سێ مانگ و نیو هەر بەوێشدا گەڕاونەتەوە، (بێگومان دوای ڕەتبوون بە ئەرمەنستان–ئێران–کوردستان و عێراق– جارێکی دیکە ئێران و ڕووسیا).

*هەرچەندە نووسەر ڕۆژانە یادداشتەکانی خۆی نووسیوە، بەڵام لە دەقە فارسییەکەدا باسی ساڵ ناکا، بەڵام (یوسف حبی) کە بەشێکی کتێبەکەی کردووە بە عەرەبی و لەم دواییانەدا لە هەولێر چاپکراوە، دەڵێ گەشتەکە ساڵی 1895 بووە.

*نووسەر لە کتێبەکەیدا، دانی خێر بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا نانێ و بەچاوێکی سووك تەماشایان دەکا ... زانینی ئەمە و گوێگرتن لەکەسێك کە لەدیدێکی ترەوە سەیرت دەکا، ڕەنگە خۆش نەبێ، بەڵام دوور لە واقیعیش نییە.





*نووسەر لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، گەلێ شێواز بەکاردێنێ، جارهەیە باسی ڕابردوو دەکا، هەندێجار لەئاییندە دەدوێ و بەزۆریش باسی ئێستا دەکا ... یان زاراوەی جۆراوجۆر بۆ یەك شت بەکاردێنێ ... من هەموو ئەمانەم وەك خۆی وەرگێڕاوە...

*هیوادارم لەخۆگەیشتن بەهۆی خەڵکی ترەوە ببێتە کارێکی جدی ...

ئەبوبەکر خۆشناو

سلێمانی 2005/6/1



www.pertwk.com

## پێشەکی نوسەر

کاتێ خەریکی دانانی بەرنامەی سەفەرم بۆ کوردستان‌و میزوپوتامیاو ئێران بووم، تازە لەگەشتێکی دوورو درێژی دوورگەکانی ساندویچ گەڕابوومەوەو هاوینان، ئەو وەرزەی هەمووان پاریسیان بەجێ دەهێشت، خۆم لەوێ دیتەوە.

لەبەرئەوەی دوای چەند رۆژێك لەو جۆرە ژیانەی رێ‌و شوێنەکەیم لەدەست دابوو، نارەحەت بووم‌و کاتێ لەدەست پێ‌کردنی گەشتێکی تازەم دەفکری، چاوم بەو دەستەواژەیەی کتێبی M.reclus کەوت کە دەنووسێ: **لەواقیعدا ناوچەی زێی گەورە ناوچەیەکی ئاسیای پێشەوەیەو پڕ مەترسییەو دەبێ بەپارێزەوە هەنگاوی بۆ بنرێ. ئەم هەرێمە ناوچەیەکی شاخاوییەو کوردانی زۆر شەڕانیی تێدا دەژین. بێجگە لەوان، شوێنی تایەفە نەستوورییەکانە کە بۆ ترساندنی پاشاکان، خوویان بە رێگرییەوە گرتووە. شولتز یەکەمین ئەوروپایی بوو کە بەچوونە ئەوێ خۆی خستە مەترسییەوە. ئەوو هاوڕێکانی هەموویان لەجۆلەمێرگ کوژران.**

ئەم وەسفە کە تارادەیەك ترسناك بوو، بەتووندی مگێزی وروژاندم‌و ئارەزووی ناسینی ئەم وڵاتەی– کەکەمتری لێکۆڵراوەتەوە– تێدا خولقاندم.

ئەم مەیلەی لەلا پەیدا کردم تا بچمە ئەوێ، نەخشەی ناوچە سەرەکییەکانی بکێشم‌و راپۆرتێکی تێروتەسەلی لەمەڕ بەشەکانی، لێهەڵێنجم.وەزیری پەروەردەی گشتی ئەگەر لەخواستەکەم ئاگاداربوو پێ‌ی خۆش بوو بۆئەوەی گەشتەکە بەراستی بەسوود بێ،





بەرپرسییەتی دەستەیەك جوگرافیناس‌و دێرێنناسی بخاتە ئەستۆم. ئەم کتێبە، تەواوکەری راپۆرتێکە کەشانازی پێشکێشیی وەزیری پەروەردەی بەرزم هەبووەو بریتییە لەدرێژەی بەسەرهاتەکان‌و تەواوکردنی یاداشت‌و دیتنەکانم. بەزۆری نەمتوانیوە کارەکانم بەو جۆرەی خۆم پێم خۆش بووە بەتەواوی بکەم، ئەمەش بەهۆی ئەو دوژمنایەتییە بەردەوامەوە بوو کە لەتورکیا رووبەرووی دەبوومەوە. سەربار، پێم وایە خوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆ ئەو گەشتیارانەی دەیانەوێ خۆیان لەسەفەرو گەڕانیان دا سەر لەو ناوچە سرنج راکێشانە بدەن، بێ‌سوود نابێ.

پێش وەڕێ‌کەوتن، چوومە دیداری جەنابی (**نەزەر ئاغا**)ی وەزیری هەڵبژاردەی ئێران لەپاریس ( پێشتر بە بالوێز دەگوترا .و.ك) کە بەگەرمی پێشوازی کردم‌و چەند نامەیەکی بۆ لێپرسراوانی وڵاتەکەی دامێ‌و ئێستاش زۆر خۆشحاڵم کەدەتوانم بەم ناوهێنانە پاداشتی چاکەکانی بدەمەوە.

ئەمن بەختەوەر بووم کەتوانیم لەم گەشتەم دا یەکێك لەدۆستەکانم واتە مسیۆ (ئەمیل هامیلین Emile Hamelin)ی ئاشقی گەشت‌و گەڕان بکەمە هاوسەفەرم. چونکە ناوبراو تەندروست‌و باکی بەماندووبوون نەبووو بەپێچەوانەی ئەوەی لەنێو هاوڕێگاکان دا کەمتر دەبینرێ، هەمیشە لەگەڵیدا باشترین پەیوەندیم هەبووە.

زۆر زوو تەدارەکی سەفەر ئامادەبوو، چونکە خووم بەسەفەرەوە گرتبوو، پێشتر دەمزانی کەدەبێ چ شتێك پەیدا بکەم. رۆژی 29ی کانوونی دووەم لەویستگەی رۆژهەڵات (Lagare delest) لەنێو کۆمەڵە دۆستێك کەبۆ خودا حافیزی هاتبوون، وەڕێ کەوتین.



www.pertwk.com

کەل‌وپەلی گەشت کەلەگەڵ خۆمان دەبردن، جانتایەکی گەورەی چەرمین‌و جانتایەکی گچکەو قەرەوێلەیەکی سەفەری. دەستەنوێنێك‌و کەرەستەی وێنەگرتن کەزۆر دەست‌و پێ‌گربوون، لەرێگای مارسیوە نێردران:کاغەزو کەرەستەی وێنەگرتن، چەك‌و تفاق‌و زینی ئەسپ‌و سندوقە فیشەك‌و کۆنسرۆ (خواردنی نیو قوتی و.ك) بۆ باتووم نێردران، بەڵام قەت چاومان پێ‌نەکەوتنەوە.

لەبەرئەوەی رێگا دیارکراوو ناسراوە، لەرێگای سەفەرم تا ئاستانە نادوێم. لەم سەفەرەدا تاراددەیەك بووینە دووقوتابی بەرەڵڵا، بەتێپەڕبوون لە ڤیەنناو پوشت (مەبەستی شاری (بوداپشت)ی پایتەختی مەجارستانە کەئەوکات لەگەڵ شاری (بودا)، دوو شارۆچکەی لێك دوورو لێك جودابوون .و.ك) بەرەو دانوب شۆڕبووینەوەو تا لوم پالانکا لەرووبار پەڕینەوەو لەرێگای بالکانەوە گەیشتینە سۆفیاو بازاڕە رێك‌وپێکەکەی‌و لەوێوە ترسناکترین سکەی شەمەندەفەری دنیا، سەرەنجام ئێمەی گەیاندە ئەستانبۆل.

دەبوو چەند رۆژێك لەو شارەدا بەسەر ببەین تا بەهۆی بالوێزخانەی خۆمانەوە، فەرمانێك لەدەوڵەتی تورکیا وەربگرین کەپشت پێ‌بەستنی لەروانگەی من دا پێویست بوو، بەڵام مسیۆ ( دونونای de Noqilee) بالوێزمان ئامۆژگاری کردین کەتا دەتوانین خۆ لەهەر متمانەیەکی رەسمی ببوێرین. ئەو پێ‌ی گوتین: ((**ئەو فەرمانەی دەتانەوێ، وەدەست خستنی کاتێکی زۆری پێ‌دەوێ‌و زۆریش دژوارە، لەم بارەیەوە هەمیشە دەیانەوێ لەکاری ئاشکراو روون دا ئامانجێکی نهێنی پەیدا بکەن‌و ئەوەدەمەی فەرمانتان دەدەنێ، دەستبەجێ فەرمانێکی‌تر دەدەنە دەست کەسێك کەئەرکی سەر شانیەتی تەگەرە بخاتە بەردەم**





**تێزەکانتان، ئەگەر پشت بەخۆتان ببەستن، ئەگەری سەرکەوتن زۆرتردەبێ. لەم وڵاتەدا بەرتیل دان تاکە فەرمانڕەوایەو بەو هۆیەوە زۆرتر لەفەرمانی سوڵتان دەگەنە مەیلەکانتان**)).

قسەکانی مسیۆ دونونای جێگای دڵخۆشی نەبوون، بەڵام بوونە هۆی ئەوەی کاتمان لە دوو کاری بێ‌هودە لەدەست نەدەین. بۆیە ئیدی کارێکمان نەبوو، جگە لەوەی هەرچی زووە بەرەو باتووم وەڕێ کەوین.



امیل هاملین



www.pertwk.com




هنری بیندر








قسطنطنية

## بەشی یەکەم
## لەئاستانەوە بۆ تەفلیس
## لە 15 تا 25ی ئاب

(**وەرِێکەوتن لەئاستانە- کەشتی پۆستی نەمسایی- دەریای رەش- چوونە باتووم- گومرگی رووسیا- دوولاشوم- تەفلیس- مسیۆ مییر- وەرگێڕێك بەکرێ دەگرین- خۆئامادەکردنی دیکە- رۆیشتن لەتەفلیس**).

سەعات سێ لەئاستانە دەچینە دەرێ، چەند کۆڵهەڵگرێك بارەکەی ئێمە دەبەنە نێو کەشتی. لەبەرەکەتی لێزانیو پسپۆری رێنوینەکەمان کە بەرتیلێکی کەمیدایە کارمەندانی گومرگ، چاو لەپشکنینی سندووقەکانمان پۆشراو دوای سەعاتێك خۆمانو کەلوپەلەکانمان لەکابینەی خۆمان دەبینینەوە .کەشتییە بوخارییەکانی کۆمپانیای گواستنەوەی دەریایی کە لەمارسییەوە



www.pertwk.com

ئاووهەوا زۆر خۆشە، بۆ دواجار لەزەت لەروانینە دیمەنی ئاستانە دەکەین. لەدەروازەی قرن الذهب دا کۆنە سەرا بەکۆشك‌و باغەکانییەوە بەرامبەرمانەو دوورتر، لەنێو ئاپۆڕەی خانییەکان، مزگەفتەکانی (ئەیا صوفیە)و ئەحمەد و هەزاران پەرستگای دیکە بەگونبەتە بەشکۆو منارە درێژەکانیانەوە کە لەبەر هەتاو زەرد هەڵگەڕاون، لەئاسمان دا لێك جودادەبنەوە.

ڕێك لەسەری سەعات دەجولێن، بەڵام ئێمە ناتوانین سواری کەشتییەکی دیکەبی.، کاتی ڕۆیشتن لەبیریان نەچووبوو، چەرخی سوکانی کەشتی بخەنەکار.

لەماوەی سەعاتێك دا دیمەنی بۆسفۆر بەکەنارە سەوزە پڕ هەورازو نشێوەکەی، بەبەرچاومان دا تێدەپەڕێ، لێواری بۆسفۆر بەکۆشکی بەشکۆو (کە پاشازادەکان لەبەر گێلێتی‌و گەورەییيان دروستیان کردوون) گوندو کۆشکە وێرانەکان، گیراوە. کاتی نیوەڕۆ لەناوەندی دەریادایین.

بەدرێژایی شەوێ هەوا ناخۆشە، نزیکی بەیانیان با کەمێ هێور دەبێتەوە دەریا وەك دەریاچەیەك ئارامەو تێپەڕین بەناویدا بەقەدەر





ناخۆشیی سەرەتا، خۆشە. لەلێوارێك دا کە دۆڵە سەوزەکانی تا دەریا درێژ بوونەتەوە، لەنگەر دەگرین.

ڕۆژی هەژدەم، سەعات سێی دوای نێوەڕۆ دەگەینە تەرابوزان: وادیارە کەشتییەکە لێرە لەچەند سەعاتێك زیاتر ڕاناوەستێ، سوود لەم هەلە وەردەگرین‌و دەچینە دیداری کیری Quury کۆنسولی فەرانسە کەماوەیەکی زۆر لەئێران ژیاوە. بەهۆی کەمی کات کەوا دەزانین ڕووبەڕووی بووینەتەوە، سەردانەکەمان زۆر کورتە، لەسەعاتی دیاریکراودا دەگەڕێینەوە نێو کەشتی، بەڵام بێئەوەی مۆڵەتمان هەبێ جارێکی دیکە دابەزین، کەشتی تا بیست‌وچوار سەعاتی دیکە وەڕێ ناکەوێ. دوا عەسرانەی نێو دەریا زۆر خۆشەو لەسەر کەشتی دەیخوێن، پاشان، بەیانی زوو، دەچینە نێو باتووم.

## 20ی ئاب

سەعات پێنج دەگەینە بەندەر. ئەم بەندەرە کەوتۆتە نێو کەنداوێکی سروشتیی گچکەوە کە بۆ لەنگەر گرتنی کەشتی، قووڵاییيەکی باشی هەیە. ئەم بەندەرە جێگای بەندەری پوتی گرتۆتەوە کە پێشان ئاپۆڕە بووە. لەشوێنێکی باش هەڵکەوتووەو ئاووهەواشی هەرچەندە بەتایە، بەڵام کەمتر نەخۆشی هێنە. ئێستا ڕووسەکان لێرە خۆیان باش جێگیر دەکەن‌و سەنگەرو قوڵلەی قایم دروست دەکەن، چونکە ناوچەیەکی زۆر ستراتیژییە. سەرهەنگی ئینگلیزی ویلسون، واتە هەمان ئەوکەسەی دوو ڕۆژ درەنگتر بۆ ڕزگارکردنی گوردون



www.pertwk.com

Gordon چووبووە خەرتووم، بۆ سەرپەرشتی کارەکانیان راسپێردرابوو، ویڕای پێناخۆشییەکی زۆر، ئینگلستان، بەناچاری تێگەیشتبوو کەبەهۆی ئەو پێگەیەی رووسەکان لەوديوی قەفقازدا پەیدایان کردووە، ئەگەر ئەو شتانەی لە (بابی عالی)یان دەوێ، وەدەستی نەخەن، بەبێباکی هەڵمەت دەکەنە سەر ئاسیای گچکە، سولتان ئەگەر لەئەوروپا دەربکرێ هەتا لەئاسیاش ئامرازو مولّکێکی نابێ، پەنای بۆ ببا.

هەرچەندە باتووم بەندەرێکی ئازادە بەڵام گومرگ گومان لەپسوولەیەکی شتەکانمان دەکا، چونکە کارمەندانی گومرگی رووسیا جگە لەو سوودەی لەم دەروازانەوە دەستیان دەکەوێ، مووچەیەکی دیکەیان نییە، زۆر سەختگیرن.

لەبەرهەندێ بەشێك لەکەلوپەلەکانمان دەخەینە گرۆیان‌و دەچینە ئوتێلی فەرانسە. یەکەمین دیدارمان لەگەڵ مسیۆ دولاشوم (de la chaume)ە کە رەفتاری زۆر خۆش‌و گونجاوە، لەخاکی نوێوە هاتۆتە ئێرە، داوای ئەو پلەیەی کردووە، بەئومێدی ئەوەی لەتەفلیس کاری پێ بسپێردرێ. ئەو ناوچەی قەفقاز باش شارەزایە، لەخوو رەوشتی رووسەکان گەیشتووە، چونکە ئاکارەکەی زۆر سرنج راکێشە، خۆشەویستیی تەواوی ئەو کەسانەی وەدەست خستووە کە لەدەوروبەری دان.

مسیۆ دولاشوم لەگەڵمان دێتە گومرگ‌و هەموو گرفتەکان چارەسەر دەکا. هەر لەو کاتەدا لەهەواڵێکی زۆر ناخۆش ئاگادار دەکرێینەوە. ئەو سندوقەی بەهیوابووین بگاتە کۆنسولخانە، هێشتا نەگەیشتووە. بەهۆی بڵاوبوونەوەی کولێرا دوازدە رۆژان لەئاستانەیان





هێشتوتەوەو دەبێ جارێکی دیکەش چواردە رۆژان لەباتووم هەمان قۆناغ ببوێرێ، ئەگەر بمانەوێ پێمان رابگا، دەبێ زووتر لەمانگێك لەباتووم چاوەڕوان بین.

کەمێ دوو دڵین، ئەم سندووقە، چەك‌و فیشەك‌و قوتی کۆنسرۆ‌و کەرەستەو کاغەزی وێنەگرتن‌و هەموو کەلوپەلەکانی ئەسپ‌و شتی دیکەشی تێدایە. لەلایەکی دیکەشەوە، دواخستنی سەفەر بۆ یەك مانگ زۆر دژوارە، لەگەڵ هەندێش، جانتاکەم کەمە کاغەزێکی تێدایە کە دەکرێ جێگای شووشەی حەساسی وێنەگرتن بگرێتەوە. باش بوو ئەمانەم کڕیبوو، هەرچەندە داهێنانە نوێکە جێگای دوو دڵیش بوو. بەڵام لەمەڕ چەك، تفەنگێکی وینچستەرو تفەنگێکی راوو دوو رولورمان پێیە کە لەتەنگانەدا بەکەڵکمان دێن. لەتەفلیس، زینێك‌و هەندێ شت پەیدا دەکەین، تەنیا قوتی کۆنسرۆ دەست ناکەوێ، لەباتی ئەوە شتی زۆر پێویست وەدەست دەکەون. پاشان بڕیارماندا واز لەسندووقەکە بهێنی.، مسیۆ دولاشوم زەحمەتی ئەوە بەئەستۆوە دەگرێ ئەگەر سندووقەکە بگا، رەوانەی پاریسی بکاتەوە.

بۆ بەسەربردنی رۆژانی چاوەڕوانی، کۆنسول بووە هۆی ئەوەی بەسواری ئەسپ، دەوروبەری شار بەسەر بکەینەوە. خاتوو ڤیسلسینسکی ژنی سەرهەنگی سەرۆکی پۆلیس، وەگەڵمان کەوت، مێردەکەی بەداخەوە نەیتوانیبوو لەگەڵمان بێ.



www.pertwk.com



طرابوزان

ژنی سەرهەنگ کە خاتوونێکی شایستەو زۆر بەزەوق بوو، بردینە جوانترین جادەو مسیۆ دولاشوەیش لەگەڕانەوەدا شیوێکی زۆر خۆشی لەخواردنی ئەوێ کە بەتایبەتی بۆ ئێمەی دروست کردبوو، دەرخوارد داین. ئەم جارە شانازی هاوڕێیەتی سەرهەنگو خانمەکەیشمان پێبڕا، ماخۆی داوەت لوتفی کرد، جامێکی بۆ سەرکەوتنی گەیشتەکەمان بەرزکردەوە.


## 23ی ئاب

بەیانی دەچینە ویستگەی شەمەندەفەر. خۆشبەختانە دوێنێ شەو بەشێکی شتەکانی خۆمان لەپشکنین دەربازکردبوو، چونکە لەکاتی وەرێکەوتنی شەمەندەفەر، کارمەندانی گومرگ تەنیا ئەو بارانە دەپشکنن کەدوێنێ نەیاندیوون. نازانم بۆچی لەمەڕ ئەو زینو کەرستانەی هامیلین لەئاستانەوە کڕیبوونی، سەختگیرن. هەموو شتەکان پێکەوە واتە سندووق، زین، جلەو، رکێب دەکێشنو دەڵێن





دەبێ حەفتاو پێنج فرانك بدەن. (هەرچەندە نرخی شتەکان تێکڕا نەدەگەیشتە دووسەدو چەند فرانك) جگە لەپارەدان، چارەیەکی دیکە نەبوو، نەشدەکرا داوای پارەکەمان بکەینەوە، چونکە باشمان تێنەدەگەیشتن و شەمەندەفەریش وەڕێ دەکەوت.



بندر باطوم

بێجگە لەنارەحەتییەکانی گومرگ کەکارێکی گرنگە، ئەو رێبوارانەی دەچنە ئێرانو بەلایەنی کەمەوە لەو بیرەدان کەخێراترین رێگا بۆ تاران لەدەریای قەزوینەوە بگرنە بەر، قازانجیان لەوەدایە، لەتەرابوزان راوەستن تا کاروانی خۆیان بۆ رۆیشتن ئامادەبکەن. واتە راستەوخۆ لەبەندەرێك دادەبەزن، دەتوانن بەئاسانی خۆیان خڕبکەنەوە، نەك ئەوانەی لەماوەی چەندان رۆژی سەفەر بەعارەبانەیەکی سێ ئەسپی خراپ کە کەلوپەلەکانیان لەبەر هەڵتەك هەڵتەکی عارەبانەی بێ سپرینگ لەنێو دەچێ، بگەنە شارێکی ئێران.



www.pertwk.com

کاتێ بەگوریدا تێدەپەڕین، درەنگە. ژنانی ئەم وڵاتە بەزۆر جوانی بەنێوبانگن، دەڵێن نێردراوانی شا کەلەهەموو ناوچەکانەوە نێردرابوون تا جوانترین ژن هەڵبژێرن، ژوانی خۆیان لەتەفلیس دانا. ئەوان ئەگەر خۆیان بۆ گەڕانەوە ئامادە دەکرد، هەواڵی مەرگی شایان پێگەیشت. لەبەرئەوە هەموو ژنەکانیان (حورییەکان) لەوێ بەڕەڵلا کردو بەنێو وڵاتدا بڵاوبوونەوەو ناوی خۆیان دایە وڵاتەکە (حۆری)

ژنانی حەبەشیو چەرکەسی دوو نەژادن کە ژنانی حەرەمسەراکانی تورک پێك دێنن. ئەوان لەلایەن باب‌و دایکیانەوە دەفرۆشرێن‌و لەنێویان دا گەلێکیان ئەم جۆرە ژیانە ئاسانە لەزەحمەتی ماڵێ بە باشتر دەزانن.

لێرە، ژنان سینگیان ساف‌و لووس دەکەن، سینگی ساف جوانییەکی گەورەیە، کاتێ دەگەنە تەمەنی هەرزەیی، پارچە ئاوریشمێکیان لەسینگی دەدروون کەتەنیا مێرد دەتوانی لەرۆژی





زەماوەنددا بیبڕێ. دایك‌وباوك، ئەو کەسە دەکوژن کە بەبێ ئاگاداری ئەوان چاوی خراپ بداتە کیژەکانیان، بەڵام لەبەرامبەر چەند روبلێکدا دەتوانی بەئازادی سیغەیان بکەی.

سەعات یازدەونیوی شەوێ دەگەینە تەفلیس‌و دەچینە ئۆتێل لەندەن کە پێشتر بەڕێوەبەرەکەی لوکونت بەهاتنی ئێمەی زانیبوو. خواردن باشەو ئەو ژوورەی دەماندەنێ هەرچەندە گچکەیە، بەڵام تەواو دلگیرە.

مەبەستمانە چەندی بکرێ کەمتر لەتەفلیس بمێنینەوە، لەگەڵ هەندێش ناچاردەبین چوار پێنج رۆژ لێرە بین. ئێرە دواقۆناغی وەستانمانە لەئەوروپا. دەبێ وەرگێڕێك پەیدابکەین‌و سەر لەکاربەدەستانی رووس بدەین‌و بەرنامەی کارەکانمان بە وردی رێك بخەین.

کۆنسول مسیۆ میر بەتەواوی لوتفەوە، خۆی دەخاتە خزمەتمان، بەڵام لەمەبەستمان تەواو دڵنیا نییەو ئەو سەفەرەی دەیکەین بەترسناکی دەزانێ‌و زۆر هەوڵ دەدا پەشیمانمان بکاتەوە. وڵات ئەوەندە جێگای دڵنیایی نییە. ئەو رێگایانەی ئەو پییاندا تێپەڕیوە، پڕی جەردە و رێگرن‌و وەختێ بەکوردستاندا تێ دەپەڕین، دانیشتوانەکانی شەڕانین. ئەو لەوە دوودڵە بتوانین بگەینە شاری وان.

دەگەڕێینەوە ئوتێل. کاتی نیوەڕۆ، خاتوونی بەڕێوەبەری ئوتێل مادام لوکونت خۆشحاڵە کەلەگەڵ پاریسییان دەوێ‌و ئێمە لە وردودرشتی نێو شار ئاگاداردەکاتەوەو وەرگێڕێك کەبۆیان راسپاردبووین، دێنێتە لامان. ئەم وەرگێڕە کەسێکە بەناوی ژوروم. ئەو وەك رێنوێن‌و



www.pertwk.com

Mgrle due charters لەسەفەریدا بۆ ئێران و ڕێبوارانی دیکە لەوانە مسیۆ Orsolles خزمەتی کردووە. مسیۆ ئۆرسول لەگەشتنامەکەیدا ستایشێکی کردووە کە بەتێڕوانینی من زێدەڕۆیی تێدایە. ڕەنگە ئەو ستایشە، ئەوی نازیمۆك کردبێ. بەپێی هەمان ڕاسپاردە لەو باوەڕەداین کارەکانمان ئەنجام دەدا. بۆیە بەبێ زانیاری دیکە بەنرخێکی زیاد بەکرێی دەگرین. هەڵبەت زۆری پێناچێ لەهەڵەی خۆمان دەگەین. ژوروم، ئیتالیاییە، بەڵام لەمێژە لەرۆژهەڵات دەژی. سەرباری ئەوەش تەواوی خوورەوشتی وڵاتی خۆی لەدەست نەداوەو هەموو سیفەتە ناپەسندەکانی ئەو وڵاتەشی وەدەست خستووە کە کردوویەتییە نیشتمانی خۆی. نە خوێندن دەزانێ و نەنوسین و ئامادەییەکەی وەك وەرگێڕێك تەنیا زانینی چەند وشەیەکی تورکییە تا بتوانێ لەوڵاتەکانی ئەرمەنستان و گورجستان و باکووری ئێران سەفەر بکا. بەڵام لەدوور بەکەڵکی نایە، زۆر ترسنۆك و بێورەیە، کاتێ، ڕاحەتی و ئەوشتەی دەیەوێ وەدەستی نەکەوێ، بەدکاریی خۆی ناشارێتەوە.

دوای نیوەڕۆ بۆ دیتنی بانکدارانی خۆمان دەچینە دەرێ. دوو چەکمان هەیە یەکێکیان هی کیردی لیونێ و ئەوی دی هی بۆسدارێکی پاریسییە. هەرچەندە ئەوەی دواییان بۆمان دەست لەسینەبوو، بەڵام دەبێ بڵێم کیردی لیۆنێ زۆر بەسوودترە. ئەو سەرەتا لەحیسابی لایەنی پەیوەندداری کولێیەوەو پاشان چاکی کردن. سەربار، بێگومان لایەنی پەیوەندداری باش هەڵبژێردراون، چونکە لەهەر جێگایەك دا حیسابەکان بەراورد دەکەین، هەقدەستی کیردی لیۆنێ کەمترە. لەتەفلیس جوداییەکە زۆرتربوو: لەبارێك دا





نوێنەری کیردی لیۆنێ کەلایەنێکی پارەگۆڕێکی ڕووسییە، نیوفرەنك بۆ هەر 100فرەنك هەقدەست وەردەگرێ. پارەگۆڕێکی دیکە کە نوێنەری پارەگۆڕێکی فەرەنساییە، بۆ هەر 100فرانك 2,80 فرانك و بۆ هەر ڕوبلێك .06٪ی فرانکێك داوادەکا. داوای لێبوردن لەخوێنەر دەکەم کەبەم وردەکارییە تووشی دەردەسەری دەکەم، بەڵام چونکە مەبەست لەم کتێبە فێرکردنی کەسانێکە کە بەجورئەتەوە بۆ ئەو وڵاتانە سەفەر دەکەن، ڕەنگە باس کردنی ئەم شتانەش سرنج ڕاکێش بن.


بەگەڕانەوەمان لەدیداری مسیۆ میر دڵخۆش دەبین. ئەو هاتۆتە سەردانمان و بۆ شیو خواردن داوەتمان دەکا. بەپەلە جلەکانمان کەیەك مانگە لەنێو جانتادان و دەقیان تێکچووەو کوریشکیان تێکەوتووە، دەردێنین، سەعات حەفت لەکۆنسولخانە ئامادە دەبین. مەدام میر بەگەرمی پێشوازیمان دەکا.



زنی کرجی



www.pertwk.com



شاری تەفلیس





## 27ی ئاب

دەبێ ئەم شەو وەڕێکەوین. پێش نیوەڕۆ دەچینە دیداری ژەنەراڵ پرنس دون دودکوف کورساکوف–ی حوکمڕانی قەفقاز. ئەم کەسە هەمان ئەو کەسەیە کەلەشەڕی پیلونا فەرماندەیی هەڵمەتی بەنێوبانگی سوارەکانی بەئەستۆوە بوو. ئەو لەپێشەوەی تیپەکەی خۆیەوە هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی دوژمن و پاشان بەلەشی پڕ برین لەنێو کوژراوەکانیان دەرهێنا. ئەندام و سیمایەکی جوانی هەیەو زۆر لەمارشال ماکماهۆن دەچێ، کەبەرێکەوت یەکێك لەدۆستەکانیشیەتی.

ژەنەرال بەنیازپاکییەکی تەواوەوە پێشوازیمان لێدەکاو ورەمان وەبەر دەنێ و چەند ئامۆژگارییەك پێشکەش دەکا. ئەویش لەمەڕ سەرکەوتنمان لەکارەکەمان دا دوودڵەو دژواریو مەترسییەکانمان لێناشارێتەوە. باوەڕی وایە کە بۆ گەیشتنە وان دەبێ گەلێ زەحمەت ببینین. بەڵام دوورتر ڕۆیشتن لەو شارە زۆر بەزەحمەتتر دەزانێ. تازە لە سەردانێکی ناوچەکانی خوارێ گەڕاوەتەوە کەبوونی بۆ ئارام کردنەوەی وروژانی خەڵك و ڕاوەدونانی دەستەیەك ڕێگر لەتورکیا کە ترس بڵاودەکەنەوە، لەوێ پێویست بووە. ڕێگایەك کەدەبێ بیگرینە بەر بەدەگمەن جێگای دڵنیاییە. ژەنەرال نامەیەك Othretnilist دەداتە دەستمان کەدەتوانین لەکاتی پێویستیدا بۆ پارێزگاریی خۆمان داوای سەرباز بکەین و لەلایەن کاربەدەستانەوە پشتگیری



www.pertwk.com

کەریم لەگەڵ شازدە کەس لەنێو دووسەد پۆستەخانەدا لەلۆفەی جادەیەك بۆسەی داناوەو هەموو ئەو رێبوارانەی کەلەم لاو ئەو لاوە دەهاتن، راگرتووەو لەداری بەستبوونەوە. هەر کەشەو داهاتووە، دەستکەوتەکان بار دەکاو دیلەکانیش ئازاد دەکا. پێش رۆیشتنیان کەمە پارەیەکی بەدیلەکان دابۆوە. پێنج سەد رۆبلی دابۆوە یەکێکی بێچارە کەشازدە هەزار رۆبلی لێزەوت کرابوو.

کەریم وەك فیرا دیاڤولو رەفتار دەکا: ئەو هەرگیز هەڵمەت ناکاتە سەر ژنان، ئەفسەرێکی رووسی کەلەگەڵ ژنەکەی سەفەری دەکرد لەنێو ئەم شەست رێبوارە بەدبەختەدا گرفتار ببوو، ئەویان بەتەواوی رووت کردبۆوە. ژنەکەی پارەیەکی زۆری بەگوارەدابوو، خستبوونییە جانتای مێردەکەیو بەگریانەوە لەکەریمی دەویستنەوە، کەریم گوتی: ((**چۆن شتتان لەخاتوون ستاندووە! بیدەنەوە، ئەمن نامەوێ شت لەژنان وەرگیرێ!**)) دەستبەجێ فەرمانیدا هەرچییەکی لێسەنراوە، بیدرێتەوە، بەلاّم هیچ شتێکی بۆ مێردەکەی نەهێشتەوە، هەتا جلە سادەکانیشی.

لەخزمەتی پرنس مورەخەس دەبینو دەچینە سەردانی مۆزەخانە کە دوکتۆر رەدێ بەلوتفی خۆی شتەکانیمان نیشان دەدا. ئەو لەگەشتێکی زانستیدا لەداغستانەوە دێو تەواوی ئەو شتە سەرنجراکێشانەمان پێنیشان دەدا کە لەنێو گوندەکانی کۆکردونەتەوە. ئێوارە، کاتی وەرکەوتن لەتەفلیس تایەکم لێدێ، ناچارم دەکا بحەسێمەوەو سەفەرەکەمان رۆژێکی دیکەش وەدوا





بخەین. بەیانی تەندروستیم باشە، لەبەرهەندێ پێم باشترە بحەسێمەوەو خەریکی نووسین بم. هامیلین لەگەڵ ژوروم بۆ گەڕان دەچنە دەرەوەی شار، شەوێ حیسابە درێژەکەی خۆمان لەگەڵ مادام لوکونت یەکلا دەکەینەوەو وەك دۆستانی باش کەخودا حافیزی لەماخۆی ماڵ دەکەن، ئوتێل بەجێدەهێڵین.



زین قزاق

**پەراوێزەکان:**



www.pertwk.com

[1]) بەمانای قۆچی زێڕینە، ناوی قۆڵێکی کەنداوی بۆسفۆڕە، بەندەری شاری ئەستانبۆلە.

[2]) لەوانەیە ئەحمەدییە بێ. ( و.ك).

[3]) عەسرانە، خواردنێکە کە لەنێوان نانی نیوەڕۆو نانی ئێوارەدا بخورێ. (و.ك).

[4]) هەرچەندە نووسەر، ڕۆژانە یادداشتەکانی تۆمارکردووە، بەڵام ساڵەکەی نەنووسیووە. (و.ك).

[5]) چارلز گوردون ناسراو بەگوردون پاشا، گەشتیارو ئەفسەری ئینگلیزی، لەشاری Wool Wichی ئینگلستان لەدایك بووە. لەساڵی 1833–1855 حوکمڕانی سودان بوو، لەکاتی ڕاپەڕینی مەهدیو گرتنی شاری خەرتووم، کوژرا. (و.ف).

[6]) لەسەرەتای تەمموزی ساڵی 1866 بەفەرمانی تزاری رووس، باتووم ئیمتیازی بەندەرێکی ئازاد، نەما.

[7]) لەزمانی رووسیدا، H وGی فەرانسەیی بەهۆی پیتێك r نیشان دەدرێ.

[8]) ئەمە قسەیەکی ناو خەڵکە، نووسەر خوێندوویەتییەوە، یان بیستوویەتی. (و.ف).

[9]) Credit Lionnais ناوی یەکێك لەبانکەکانی فەرانسەیە (و.ف)

[10]) شەڕی پیلونا لەبولگاریاو لەساڵی 1877دا لەنێوان رووسیاو دەوڵەتی عوسمانی روویداو شاری پیلونا لەلایەن رووسەکانەوە داگیرکرا. (و.ف).

[11]) ماکماهۆن، مارشالی فەرانسییە کە لەساڵی 1803دا لەشاری سولی هاتۆتە دنیاو لەشەڕی قەرمو شەڕی ماژنتا لە ئیتالیا بەشداری کردووەو چەندان سەرکەوتنی بەدەست هێناو لەساڵی 1864 تا 1870 بووە فەرمانڕەوای ئەلجەزائیر. لەشەڕی 1870ی نێوان فەرەنسەو ئەلمانیا سەرۆکایەتی کۆماری قبوڵ کرد، بەڵام لەساڵی 1879 وازی لە سیاسەت هێناو لەساڵی 1893 کۆچی دوایی کرد. (و.ف).





[12]) Fra Diavolo میشێل پیزا ناسراو بە فرادیاڤولو سەرۆکی ڕێگرانی ئیتالی، خەڵکی (ئیتیری)ی نزیك ناپۆلییە (1771–1806). لایەنگری بنەماڵەی بۆربۆن بوو، لەناپۆلی دژی فەرانسە خەباتی دەکرد. بەخیانەت گیراو هەر لەوشارە لەسێدارە درا.



www.pertwk.com




کالسکەی کروب لە کرجستان

## بەشی دووەم
## لەتەفلیسەوە تا جلفا
## لە28ی ئاب تا 3ی ئەیلوول

**وەڕێکەوتن لەتەفلیس- چوونە ئاکسافا- پۆستەی رووسی- عارەبانەی سێ ئەسپ-دزی لەلایەن سەربازانی پارێزگاری- چوونە دەلیژان- دیداری فەرماندار- رکابەری‌و مشت‌ومڕی توونـد- جانتاکەم دەدۆزمەوە- دەریاچەی گوکچە- دێری سیڤانگا-چیای ئارارات- یەریڤان-دیسان دزی- کۆشکی سەرداران- ئیچمیازینی ئەرمەنستان- ئایینی ئەرمەنی-دێری ئیچمیازین- کتێبخانەکەی-زمان‌و خەتی ئەرمەنی- رۆیشتن لەیەریڤان-نەخچەوان- چوونە جلفا-کەشتی گوێزەرەوەی ئارس- باجگری گومرگ- چۆن مووچەی گومرگ وەردەگرن-فراوین لەماڵی باجگر.** لەرووسیا، کارمەندان هەمیشە رێزی لێپرسراوانی ولاتەکەیان دەگرن. هەر ئەوەندە دەگەینە





ویستگەی شەمەندەفەر، بەبینینی پاسپۆرتەکەمان کە بەتایبەتی لەلایەن حوکمڕانی گشتی قەفقازەوە ڤیزاکرابوو، بەلوتفێکی تایبەتی، خۆیان لەخزمەتمان دادەنێن. گەلێ زووتر ئامادەبووین، شەمەندەفەرێ کەدەبوایە تا ئاکسافامان بباو لەوێش سواری شەمەندەفەری پۆستەی رووسی بین، دوو سەعات درەنگتر گەیشتە ویستگەی **تەفلیس**‌و چوار سەعات درەنگتریش لەوێ وەڕێکەوت. ئەمە رووداوێکی ناخۆش بوو، ئیدی نەمانەدەتوانی سبەینێ بگەینە **یەریڤان**، دەبوایە لەرێگا رابوەستین، لەم قۆناغەدا رۆژێکی تەواو لەدەست دەدەین.

## 29ی ئاب

سەعات چواری سپێدە لە یئاکسافاین، ژوروم کەدەبوایە چاوەدێری ویستگەبێ، خەوی لێدەکەوێ، بەشێوەیەك ئەگەر خۆمان ئاگادار نەباین، لەویستگە دەترازاین. لەبەرئەوەی نایبینین لەشەمەندەفەر دابەزێ، **هامیلین** چاوی بەکەل‌وپەلەکانەوەیە تا من بچم لەیەکێك لەکابینەکانی شەمەندەفەر بیدۆزمەوە. واگای دێنم، بەڵام ئەو هیچ بایەخێك بەسڵاو و خەمخۆرییەکەی من نادا. وێکڕا دەچینە پۆستەخانەو دوو عارەبانە پەیدا دەکەم، توریکایەك بۆ خۆمان‌و عارەبانەیەکی گەورەی سەر داپۆشراویش بۆ کەل‌و پەلەکانمان.

توریکا جۆرە ئامرازێکی چوارتایەی گواستنەوەیەو ناوەوەی چەماوەو لەبەرمیل دەچێ یان باشتر بڵێم وەك لوولەیەکە لەدرێژی ڕا لەتیان کردبێ‌و، لەدواوەی چەند ئەلقەیەکیان لێك داوەو گوریسی ئەستووری بەسەردا دەکێشن‌و گیاش لەسەر گوریسەکان دادەنێن تا



www.pertwk.com

یەکەمین مەنزڵ زۆر دوورە: بیست‌و پێنج ڤرست . ئەم ناوچەیە تەخت‌و دەشتەو شتێکی سرنج ڕاکێشی تێدا نییە، تەنیا کێڵگەی فراوان‌و ناوەناوە درەختی تێدا دەبینرێ. لەتەنیشت ڕێگاوە جۆگایان ڕاکێشاوەو ئەم لاو ئەولای جۆگا بەقامیش تەنراوە. لەم ڕۆژانەدا باران باریوە، جادەی کردۆتە قوڕو ئاسمان هێشتا پڕە لەهەورو ئەگەر بشبارێتەوە سەیر نییە. بەراستی سەفەرکردن خۆشە. نەهەتاوەو نەتۆزوخۆڵ. گوندییەکان بەجلکە ئەستوورەکانیان حاڵەتێکی سەرکەشانەیان هەیەو کڵاوی گەورەی لەپێستی مەڕ دروست کراویان بەسەرەوەیە کە کەمێ خورییان پێوە هێشتۆتەوە، بەم جۆرە کڵاوانە دەڵێن: پاپك.





چاپارخانە لەشارێکی گچکەو هەژارو بێبایەخ بەناوی ئۆزن تاڵییە. مەنزڵی داهاتوو نزیکترە و لەحەڤدە ڤرست زیاتر نییە. شوێنەکە کەم‌و زۆر وەك مەنزڵی پێشووە. بەڵام دەروازەکەی زۆر جوانە، شار بەشێوەیەکی جوان بەسەر هەڵدێریکدا دەڕوانێ، لەسەر کەنار کەبەرامبەر کەناری ویستگەیەو کەمێك قووڵترە، خانوویەکی سپی دروست کراوە، ئەم خانووە هی فەرماندارە، خانووەکان تارادەیەك سیمای ڕۆژهەڵاتییان هەیەو کۆنە ماخۆکانی ئەم وڵاتە وەبیردێننەوە.



دیهاتی تاتار

لەدەستپێکی ئەم ویستگەیەوە، دیمەنەکان سرنج ڕاکێشترو هەمەجۆرترن: لێرە تووشی هەندێ ناخۆشی دەبین، لەنێوان ئەم مەنزڵەو مەنزڵی دواتربوو کەحەفتەی ڕابردوو باسم کرد، کەریم کاری خۆی کردبوو. لەم وڵاتەدا، وەك شوێنی دیکە کاتێ ڕووداوێکی ناخۆش دەقەومێ، ئەوجا دەزگای پۆلیس دەست بەکار دەبێ،



www.pertwk.com

ئێمە نامەیەکی وامان پێیەو سوودی لێوەردەگرین. داوای دوو سەرباز دەکەین، وەرام دەدەنەوە کە پۆستەخانە پارێزگاری کەمە، بەڵام ئەگەر کارمەندمان بوێ دوو چاپارمان پێدەدەن کە جۆرە پاسەوانێکی سوارەی نێوخۆو غەیرە رەسمییەو لێپرسراوی خزمەتی نیوخۆن.

کاتێ چاپارخانە بەجێدێڵین، عارەبانەی کەلوپەلەکانمان وەپێشمان کەوتووە، نازانم بۆچی وای لێهات، ئەگەر راوەستین، وەپێشیان دەکەوینەوە. هەرچەندە دەمانزانی پیاو نابێ قەت چاو لەکەلوپەلەکانی خۆی بنوقێنێ، ئەوانمان لەپشتەوە بەجێهێشتووە، ئەدی ژوروم لەگەڵ عارەبانەکەدا نییە؟ ئەرکی سەرشانیەتی چاوەدێرییان بکا. ئایا دوو جەندرمەمان لەگەڵدا نین؟ دەگەینە ناوچەیەکی زۆر جوان، جۆگە، رووباری بەشڵپو هۆڕو تاتەبەرد ولێڕ، بەجێگایەکدا تێدەپەڕین کە شەست رێبوار راوەستابوون. ئەم شوێنە زۆر دڵنشینە، حەوشێکی چوارگۆشەییە کەهەر لایەکی نزیکەی سەد مەترەو دارەکان بەسەر جۆگایەك دا سێبەریان کردووەو کۆتاییەکەیان بەدوو لوفەی جادە، داخراوە.

ماوەیەکە یەکێك لەچاپارەکانمان لێجودابۆتەوە. ئەوی دی، لەپێشەوە بەتیژی دەڕواو رادەوەستێ. جارێکی دیکە رکێب لێدەداتەوەو ئەویش لەچاوان بزردەبێ. ئێمە بەهەندی هەڵناگرین‌و رێگای خۆمان درێژە پێدەدەین، هەرچەندە عارەبانە لەعنەتییەکە بەتوندی دەمانهەژێنێتەوە، هێشتاش بەدیمەنەکانی ناوچەکە





سەرسووڕماوین، دەگەینە ویستگەی تەرەچای. لەوێ، کاتی گۆڕینی عارەبانەکەیە، کەدەبێ لەهەر مەنزڵێك دا بگۆڕدرێ، زانیمان ئەو گوریسەی جانتاکانی پێوە بەسترابوون، پچڕاوەو جانتایەك بزربووە. جانتا هەمان ئەو جانتایەیە کە کاغەزو دەزگای وێنەگرتن‌و هەندێ کەرەستەی دیکەی تێدایەو زەحمەتە لێی پەیدابێتەوە. بێگومان هەمان ئەو چاپارانەی ئێمە متمانەمان پێکردبوون، گورزیان لێوەشاندووین. ژوروم دەست بەهات‌و هاوار دەکا، کاتێکی باشە! بەو نامەیەی لامە ئومێدەوارم گوشار بخاتە سەر تەواوی چاپارە رەسمییەکانی چاپارخانە تا تاوانباران بدۆزنەوە. ژوروم بۆ سەرەدەری‌و چارەیەك دەنێرینە ویستگەی پێشوو. لەبەرئەوەی ویستگەی تر تەلگرافخانەی هەیە، زووتر لەگەڵ هامیلین دەچینە ئەوێ، تەنیا عارەبانەیەك لەگەڵ خۆدەبەین‌و جێگای خۆمان لەنێو شتەکان دا دەکەینەوە، دوو سەرباز کەیەکێکیان دەرەجەدارە وەگەڵمان دەکەون. دیمەن بەشکۆتر دەبێ. بنارەکان پڕن لەدرەخت، هەرچەندە لەبناری شاخ وەسەرتر دەکەوین، دۆڵەکە بەرینتر دەبێ.

ئاووهەوا زۆر ناخۆش دەبێ، باران دەبارێ، پاشان زریانێك تەرزە ناچارمان دەکا لەنیوەی رێگا لەبن دارێك راوەستین. لەدواییدا دەچینە دلیژان، کەس تێمان ناگا، نەفەرانسەیی نەئەلمانی نەئینگلیزی دەزانن، تەنیا کارمەندێکی هیندی چەند وشەیەکی ئەلمانی دەزانێ. وەڕێ دەکەوین تا بەهەر زەحمەتێك بێ مەبەستەکەمان روون بکەینەوە. لەودەمەدا **هامیلین** بۆ پارێزگاری کەلوپەلەکان لەویستگە بەجێدەمێنێ‌و من دەچم ئەو کارمەندە ببینم کە ئامادەییەکی باش نیشان دەدا. بەزەحمەت ئەو شتەی بەسەرمان




www.pertwk.com

دوای ئـەنجام دانـی ئـەم کـارە دەگەڕێینـەوە ئوتێـل‌و شـەوێ لەسـەر قەرەوێڵە سەفەرییەکەی خۆمان دەنووین.







جابار –سەربازی رووس

## 30ی ئاب

هەڕەشەی دوێنێ کاری خۆی کردووە: سەعات شەش فەرمانـدار دێ تا پێم رابگەیـەنێ جانتاکـە دۆزراوەتـەوەو لـەنك ئەمینـداری ئاشتییە. دوای دووسێ سەعات رێورەسم، جانتاکەم پێدەدرێتەوە.

تاوانبـــار وادیـــارە ســـەرۆکی دەســـتەی چـــاپارە نارەسمییـــەکانی کاروانسـەرا بـووە. قفڵـی جانتـا شـکاوەو شـتەکانی نـاوی شـێواون: لەگـەڵ هەنـدێش جگـە لەپشـتێنێکی خوریی‌و سـەعاتێکی نیکلـی کـەم نـرخ هیچیتر بـزر نـەبووە. زۆر خۆشـحاڵ بـووم لـەوەی بـەم نرخـە لـەم رووداوە رزگار بووم‌و ئێستا دەتوانین رێگامان درێژە پێبدەین.

ئەو کارمەندەی تەلگراف کەدوێنێ وەك وەرگێڕ سوودمان لێوەرگرت بۆ خودا حافیزی دێتەلامان‌و هەواڵمان پێدەدا کەپۆستەخانەی نێوان تـەفلیس‌و ڤـلادی قـەفقاز لەچـواردە کیلۆمـەتری تـەفلیس لێـدراوەو



www.pertwk.com

ڕێگا، لەناوەندی لێڕەوە بە بنەیەکی درێژو سەخت دا وەسەردەکەوێ. ئاووهەوا زۆر خۆشە، بەڵام تا ڕاددەیەك فێنکە، کاتێ دەگەینە ملەیەکی ڕووت، دوو هەزارو پێنج سەد مەتر، لە ئاستی دەریا، بەرزترین. ئەگەر کەمێ لەملەکە تێدەپەڕین دەگەینە گوندی سیمونوفسکایا. ئەمڕۆ یەکشممەیە، گوندییەکان جلكو بەرگی جەژنیان پۆشیوە. ڕەنگی بەرگی ژنان تۆخە، دامەنی کەسكو سۆروپشتێنی ئەستوور، کڵاوەکانیشیان درەوشاوەی تۆخ. ئەسپو عارەبانەکان دەگۆڕینو دەجوڵێین، دیمەنی ناوچەکە وەك ئەوەی دیتمان، نییە. خاك بەپیتە، بەڵام درەختێك نابینرێ، ڕێگا وەکو مار لەناوەندی کێڵگە فراوانەکەی گەنم دا تێدەپەڕێ. خەڵە بۆتە خەرمانو وەك خانوو، لەدەوروبەری گوندییان ڕێك خستوون. وادێتە بەرچاو ژمارەی خانییەکان دوو ئەوەندەن: لەگەڵ هەندێش گوند لەدوور ڕا بەزەحمەت دەبینرێ. ئەم گوندانە لەقوڕو بانی بەقامیشو جەگەن دروست کراون کە لەسەر زەوی بەباشی لێك جودانەکراونەتەوە. لەپێچی جادە، دەریاچەی گوچکە وەدەردەکەوێو دیمەنێکی جوانتر دەبەخشێتە ناوچەکە، ئەم پانایییە مەیلەو شینەی ئاو کەلەنێو دەشتە کاکی بەکاکییە خوڵەمێشییەکانو شاخە بەرزەکانی دەوروبەر کە بەهۆی هەتاوی ئێواران ڕۆشن بۆتەوە، نەرمی ڕەنگەکانو ئارامیی ئاوەکانی، ئەوەندەی تەڕایییەك کەلەنێو گەرمای ڕۆژدا هەستی پێدەکرێ، فریودەرانەیە. لە بنەی شاخ دێینە خوارێو کەناری دەریاچە دەگرینو پاشان هەوراز دەبینەوە، چونکە





کەنار بەرزدەبێتەوە. ئەو دوورگە گچکەیەی دەتوانرێ بەپێ بۆی بچی، دێرێکی لێیە، جێگاکەی باش دەست نیشان کراوە. دەبێ ژیانی ئەم خەڵکە چەندە ئارام بێ! ڕۆژەکان چەندە لەروانگەی ئەوانەی لەشوێنێکی وا نیشتەجێنو دوور لەهەمووان، بێ کێشەو هیچ دوودڵییەك، لەتێفکرینو لێکدانەوەی هەمیشەییدا بەسەردەبەن، دوورودرێژن.

گوندێ کە لەچەند خانییەك پێك هاتووە، بەشێوەیەك لەکەنار دەریاچە هەڵکەوتووە، وادێتە بەرچاو لەناو ئاودابێ. چونکە درەنگ گەیشتینو ناتوانین لەپۆستەخانەی ئیلنوسکایا بمێنینەوە، بەداخەوەین. دەمانویست ئەم دیمەنە لەکاتی ڕۆژهەڵاتن تەماشا بکەین. سەربار دەریاچە ماسی قزل ئالای زۆر باشی تێدایەو خواردنی باش لەم دەوروبەرانەدا زۆر دەگمەنە کە مرۆڤ حەز دەکا ئەگەر تووشی شتی وەهابێ، لەدەستیان نەدا، بەڵام دەبێ بڕۆین، چونکە خەریکە دەبێتە نیوەشەو. کاتێ سەعات هەشتو نیو دەگەینە (نیین ئاکتی) هیچ کەس نابینرێ. لەگەڵ هەندێش داوای ئەسپ دەکەین تا مەنزڵێکی دیکە بڕۆین. دەمێ **ژوروم** پەلەی لەعارەبانچییەکان دەکرد، **هامیلین**و من چاودێری عارەبانەکان بووین .

وادێتە بەرچاو کە ڕێگا بەنێو کێڵگەکاندا تێدەپەڕێ، چەند جۆگەیەك کە بەناو شیوەکاندا ڕەتدەبن بارستاییەك دروستدەکەن، ڕۆیشتنی ئەسپەکان هێور دەکاتەوە، تەنیا تەگەرەی ڕێگانو شەوێ دەتوانین هەستیان پێبکەین. چاومان بەباشی دەکەینەوە تا ڕێگا ببینینو خۆ لە قۆرتو لەمپەر لابدەین. ئەمەش بووەهۆی ئەوەی تا **فۆنتان** سێ



www.pertwk.com




شاخی ئارارات

## 31ی ئاب

سەعات پێنج هەستاوین. ئەگەر سەعات شەش بجولێین باشە. ئایا ئەمە فێنکاییی بەیانیانە کە دەبێتە هۆی وروژانی ئەسپەکان؟ قۆناغێك بەخێرایی تەواو دەبێ، سەعات هەشت لە (**ئالی ئاسکایا**)ین. سەرۆکی چاپارخانە پەلەی نییە. گۆڕینی ئەسپەکان بەهێواشی جێبەجێدەبێ. سەعات نۆونیو چاپارخانە جێدێڵین، هەتاو سوتێنەرە، ناوچەکە بەرەبەرە هیشکترو زەوی هەژارتر دەبێ. درەختێك نابینرێ، تەنیا داری تەلگراف بەپێوەن و ڕێگا تا دوور نیشان دەدەن. لەگەڵ هەندێش، هەر ئێستا چیای (**ئارارات**)مان لێ دیارە کە بەبەفر داپۆشراوەو لوتکەخڕە بەشکۆکەی بەسەر





هەمووچیاکانی دیکەدا دەڕوانێ. لەتەنیشتییەوە ئاراراتی گچکە وەك لکێکی نوێی ئەو کێوە مەزنە، خۆی دەنوێنێ.

ترق! تایەیەکی عارەبانە دەشکێ، ئێستا ئێمە لەبەر هەتاو رادەوەستین، عارەبانچی ئەسپێك دەکاتەوەو بۆ پەیداکردنی عارەبانەیەکی دیکە توند لێدەخوڕێ. لەم ماوەیەدا بۆ خۆ خافڵاندن و لەبیربردنەوەی گەرمایی هەوا، سرنج دەدەینە زین و کەل وپەلی ئەسپەکان و عارەبانەو ڕووداوێ کەقەوماوەو دیمەنی ناوچەکە.




بیکدادانی عەرەبانە

چەند باغێك بەشینایییەکی چڕ وەك مێرگێك، لەقووڵایی دۆڵەکەوە دەبینرێن کەتیایدا جۆگەیەك لە دوو سێ کانی چیاکانی دەوروبەرەوە راکێشراون، پڕ ئاو بووە. لەبنەیەك وەسەر دەکەوین و بەکەمە گورگە لۆقەیەك دەگەینە سەربانێك و لەبنەیەکی دیکە دێینەخوارێ و **یەریڤان** لەدامێنیا هەڵکەوتووە.یەریڤان کەرێژەیەکی زۆری زەوی داگرتووە، شارێکە نزیکەی (25)هەزار کەسی تێدا دەژی. زۆرتری خانووەکانی



www.pertwk.com

دەچینە قاوەخانەیەك كە ناوی فەنتازی (**ئوتێل ئەوروپا**)ی لەخۆ ناوەو ئەم ناوە بەپیتی رووسی لەسەر تەختەیەك نووسراوەو لەسەردەری خانووەكە هەڵواسراوە.

مسۆگەر لەچارەمان نووسراوە بەردەوام دزیمان لێ بكرێ، هەرئەوەندە دادەنیشین و دانانیشین، بەژماردنی كەل‌وپەلەكانمان رادەزانین یەكێك لەپێچراوەكان لەكاتی داگرتنی لەعارەبانەو هاتنە ئوتێل بزربووە. پێچراوەكە كە نوێنە سەفەرییەكەی منی تێدایە. شتێ كە بۆ من زۆر پێویست و هیچ شتێكیتر جێگای پڕ ناكاتەوە، نەبوونی بەلایەنی كەمەوە تاڵ و ناخۆشە.

دوای نان خواردن نامەیەك بۆ **دودوكۆف** دەنووسم تا لەدۆزرانەوەی شتە دزراوەكانم لەدلیژان ئاگاداری بكەمەوەو بەهۆی تەلگرافەكانیشم بوردنی لێبخوازم. بەدوای سەرۆكی پۆلیس دا دەنێرم تا شكایەتنامەیەكی لەمەڕ بزربوونی نوێنەكەمی لەلایەن ماخۆی ئوتێلەوە، بدەمێ. بۆ بەدبەختی، لەبەر نەزانیی ژوروم تا سبەینێ كە زۆر درەنگە، نایەت، دزە هەموو كارەكانی خۆی رێك خستووە. چونكە شتێكی بێبایەخە، نامەوێ سوود لەو ئامرازانە وەربگرم كە لەدلیژان بەكارم هێنان و بەردەوام حوكڕانی قەفقاز بەشكایەتەكانم بخەمە زەحمەتەوە: بۆیە دەست لەنوێنەكە دەشۆم.






یەریڤان شوێنی سەرەكی ئەرمەنستانی رووسیا و جێگای بەیەك گەیشتنی ئەو كاروانانەیە كە لەئێران و توركیاوە دێن. شار نزیكەی (50) كیلۆمەتر لەچیای ئاراراتەوە دوورە. ئەم شارە لەساڵی (1553)ەوە چەندان جار لەنێوان توركان و ئێرانیاندا ئەم دەست و ئەو دەستی كردووە. رووسەكان بۆ یەكەمین جار لەساڵی 1808 داگیری دەكەن، بەڵام ناتوانن بیپارێزن. ئەم شارە تەنیا لەساڵی 1828 كەلەلایەن ژەنەرال (**پاسكویچ**)ەوە گیرا، بووە هی رووسەكان و پەیماننامەیەك واتە پەیماننامەی **توركمان چای** لێبڕاوانە دانی بەداگیركردنەكەی نا.

كۆشكی سەرداران تەنیا بەشی سرنج راكێشی شارە. ئەو كۆشكە لەسەر كەنارێكی مەیلەو هەڵدێرو لەسەر ترۆپكی سینگا كەقەڵایەكی لەگیران نەهاتووە، دروست كراوە. كاتێ لەوبەری رووبار كەبەسەر ئەو پردە گچكە جوانەدا بپەڕنەوەو لەكۆشكەكە رامێنن، دیمەنێكی بەشكۆی هەیە، لای كەناری دەستەراست باغەكانی كۆشكە.

یەكەم جار بۆ دیتنی كۆشك دەچین. ئەو تەلارەی ئیدیعا دەكەن پاراستوویانەو لەبەر ئەو ئاوێنانەی لەناویان داناون پێی دەڵێن تەلاری ئاوێنە، بارێكی خراپی هەیەو لەوێرانەكانی كۆشكیش خەمبارترە. تەلار بەهۆی تابلۆی نارێك و نافوورەیەكی مەڕمەڕی نیمچەشكاوو پەنجەرەیەكی نارێك كەبەرووی رووبارو باغەكاندا دەكرێتەوە، رازاوەتەوە. تەنیا بەشی بەراستی جوانی كۆشك مزگەفتە كەپێشتر بەشێكی بووە، ئەم بینایە هێشتا پاشماوەی كاشییە زۆر جوانەكانی خۆی پێوەیە. رووسەكان بۆ تەمبێكردنی ئێرانییەكان پشت گوێیان خستبوو، دەرگاشیان بۆ تاڵان و بڕۆی



www.pertwk.com



**شاری ئیریڤان**



www.pertwk.com

خشتێك کەیەکێك لەو دوو مەلایە، بەدزی هاوکارەکەی بەمنی فرۆشتبوو، خستمە نێو عارەبانەوە. چارەکە سەعاتێك ئەم خشتەم خستبووە ژێر چاکەتەکەم. لەناوەندی باغ، رووبەرووی خانییەکی گچکەی چوارگۆشە دەبنەوە کە لەناوەوەڕا هەشت لایە: چوارگۆشەی دەرەوە: چوار پلەکانن کەلەوێوە پلەکانە بۆ ئەو هەشت ژوورەی لەهەر لایەکی هەشت لاکە بەشێوەی باڵەکۆن دروست کراون، دەچێ. ئەم باڵەکۆنانە بەهۆی ئەستووندەی گچکەی دار راوەستاون. لەسەر دیوار، وێنەی دەستکرد، مەیدانی راوو شەڕو پەیکەری هەندێ کەس دیارە. لەگەڵ شەو داهاتن، ئەم دیدەنییانەش تەواودەبن. دەگەڕێینەوە ئوتێل‌و عارەبانەیەك بەکرێ دەگرین تا سبەینێ بمانباتە (ئیچمیازین).

دوای شێوخواردن بەلێف پەنجەرەکان دەگرین‌و تادەکرێ بۆ گۆڕینی کاغەزی وێنەگرتن ژوورەکە تاریك دەکەین. پاشان خەریکی رێکخستنی جانتاکانی خۆمان دەبین کەبەهۆی هەڵتەك هەڵتەکی عارەبانەی بێسپرینگ لەسەر جادە پڕ لەقورت‌و خراپەکاندا، شێواون. هامیلین تووشی رووداوێکی خەمبارانە دەبێ: زۆربەی پارچەکانی فشفشەیەك کە بۆ نیشانەدان هێنابوومان پەرش‌وبڵاوبۆتەوەو جانتاکەی پڕ لە تۆز کردووە. جلەکان، فانیلەو شۆرت پڕ لەتۆز بووە. لێك خشانی جلەکان کەباش ئوتی نەکرابوون وای بەسەر هێناون، دەڵێی جلکی بەکارهێنراوی کۆنەن.

لەبەر ئەوەی نوێنم نییە، بەناچاری لەسەر قەرەوێڵەی ئوتێل هەرچەندە زۆریش پیسە، رادەکشێم، لێرەش وەك تورکیا مەلافە لە لێف دەدوورن‌و رۆژانە نایگۆڕن.





## یەکی ئەیلوول

رێك سەعات شەش ئەو عارەبانەیەی بڕیارە بمانباتە **ئیچمیازین** هاتووە: ئەم عارەبانەیە سەر واڵاو جۆری ڤیکتۆریایەو چوار ئەسپ رایدەکێشن. رێگامان زۆر دوور نییە (تەنیا 30 کیلۆمەتر) بەڵام دەمانەوێ زوو بگەڕێینەوە.

بەشی یەکەمی رێگا زۆر جوانە، رێگا بەنێو باغەکانی **یەریڤان** دا تێدەپەڕێ، لەتەنیشت رووبار یان جۆگە هەڵبەستراوەکانەوە کە تەڕایی‌و بەپیتی دەبەنە نێو باغەکان، تێدەپەڕین. دوای نزیکەی نیو سەعات رۆیشتن، دەشتێکی شۆرەك‌و سووتێنەر دەبوێرین‌و دەگەینە شار.

ئیچمیازین شوێنی گەرچابادی کۆنە، لەرابردوودا شارێکی گرنگ‌و پایتەختی یەکەمین شای مەسیحی تیرداد بووە. ئێستا سەرۆکی رەسمی‌و بێ ئەم لاو ئەولای کۆمەڵگای ئەرمەنییە کەپێی دەڵێن **جاثلیق**.

مێژووی **ئەرمەنستان** بەر لەهەر جێگایەکی دیکە دەیسەلمێنێ کەشوێنی جوگرافی میللەتان لەچارەنووسیان دا چەندە کاریگەرە. ئەرمەنستان کە بەهۆزی پەلاماردەر دەورەدراوەو هەریەکەیان هێزێکی بەتوانای ئاسیاییان پێکهێناوە، هیچ کاتێ توانای ئەوەی نەبووە لەژێر چەپۆکیان دەربازبێ‌و خۆی ئازاد بکا.



www.pertwk.com




ئیروان

ئەرمەنستان کە بەهۆی (هائیك)ی نەوەکانی (نوح) گوایە پێش وێرانیی بابل ژیاوە، دامەزراوە، ناوی خۆی لە (ئارمیناك)ی کوڕی (هائیك) وەرگرتووە. ئەرمەنستان، سەربەخۆییەکەی لەسەردەمی پاشایەتی (سەمیر ئەمیس) ی شاژندا لەدەست دا. ئەم شاژنە دوای گرتنی ئەرمەنستان، درێژەی سەرکەوتنەکانی لەسەر تاتە بەردەکانی وان بەیادگار هەڵکەندووە. ئەم وڵاتە کەوتە ژێر دەستی ئاشووری و پاشان ئێران. **ئەسکەندەری مەکەدۆنی** لەکاتی پاشایەتی واهیدا (پەنجا و سێیەمین و دوا جێنشینی هائیك)داگیری کرد. ئارسیس (ئەرشەك) خەڵکی ئەرمەنستانی لەدژی یۆنانییەکان (لەو کاتەدا لەلایەن **بەتلیمۆس** فیلادیلفەوە حوکم دەکرا) وروژاندو ئیمپراتۆری





ئەشکانیانی ئەرمەنستانی دامەزراند. ئەرمنستان بەردەوام ، هەمووی یان بەشێکی دەکەوتە ژێردەستی یۆنانی و رۆمی و ئێرانیان تا سەرەنجام لەکاتی حکوومەتی ساسانییەکاندا کەوتە ناوقەڵەمڕەوی ئەو دەوڵەتەوە.

ئەم وڵاتە دوای کەوتنی ساسانییەکان دوای چەندان ساڵ بگرەو بەردە لەلایەن زنجیرەی پاگراتیدەکانەوە لەسایەی یۆنانییان بەڕێوە دەبرا. **روپین** دوا حوکمڕانی **پاگراتید** ئەرمەنستانی لەژێر حوکمی یۆنان دەرهێناو لەگەڵ خاچپەرستانی سوریەدا پەیمانی بەست و زنجیرەی روپینییەکانی دامەزراند. پاشان نەوەکانی (**شالوسیگنان**)ی دوورگەی قوبرس جێگای ئەوانیان گرتەوەو ئەوانیش لەلایەن مەغۆلەکانەوە لەنێو چوون. عارەب و تەتەرو گورجی و تورکانی سەلجووقی و تورکانی عوسمانی ئەرمەنستانیان داگیرکرد. ئێستاکەش ئەم وڵاتە لەنێوان رووسیا و تورکیا و ئێراندا بەش کراوە و تەنیا لەژێر ئالای ئایینی خۆیان دا دەژین. ئەگەر ئەم میللەتە بەهۆش و وردبین بان، هەر کەدەیاندیت ناتوانن لەرێگای شەڕو هێزەوە بگەنە ئەنجامێك، تەواوی هەوڵی خۆیان بۆ زانیاری خەرج دەکرد: لەوانەبوو بەهۆی ئەو خەتەی ئەم میللەتە بەجێی هێشتووە، ئێمە کلیلی نووسراوە بزمارییەکانمان کەوتبوایە دەست و باشتر لەمێژووی ئایینە کۆنەکانی ئێرانیان و ریفۆرمەکانی زەردەشت و گەلێ مەسەلەی دیکە بگەیشتباین، شتێ کە میللەتە شەڕانییەکان هەرگیز بیریان لەگواستنەوەی بۆ نەوەکانی ئایندە نەدەکردەوە.بەڵام دەربارەی مێژووی ئایینی ئەرمەنی دەتوانرێ هۆیەکانی جودابوونەوەی لەکلێسا (کاسولیك و.ك) بەم شێوەیەی خوارەوە لێك



www.pertwk.com

بدرێتەوە:کاتێ ئەنجوومەنی **نیسێ** لەساڵی 325ی زایینی بۆ مەحکووم کردنی باوەڕی ئاریانیزم پێك هات، درووشمێ کە ئەنجوومەنی ناوبراو وەك بەرنامە دەری کرد تا لێبڕاوانە مەسیحییەکان دەربارەی مەسەلەی خودی دوو لایەنەی عیسای مەسیح روون بکاتەوە، لەلایەن **گریگۆری** پیرۆزەوە برایە ئەرمەنستان، وێڕای راشکاوی تیوری ئەنجوومەن تیودۆر دوموپسونستو بەتایبەتی شاگردەکەی نەستۆریۆس هەڵمەتیان کردەسەری. ئەوان لەگەڵ کلێسا دانیان بەخودی دوو لایەنەی عیسای مەسیح دەنا، بەڵام لەئەنجامدا دوولایەنیی دوو کەسیان دەویست. هەمان باوەڕ ئەوانی تووشی هەمان هەڵەی ئاریۆس کەدژی بوون، دەکرد. بۆیە نەستۆریۆس لەلایەن کلێساوە مەحکوومو بەکافر لەقەڵەم درا.

بەڵام لەوکاتەدا، یەکێك لەبەرهەڵستکارە سەرسەختەکانی نەستۆریۆس، بەناوی ئوتیکیس تووشی هەڵەیەکی پێچەوانەی ئەوبوو، واتە یەکێتیی سیفەتی لەیەکێتیی خودەوە هەڵێنجا. رۆژهەڵات ئەم بیدعە نوێیەی بەمگێزێکی تەواوەوە وەرگرتو ئەوپەڕی جوانی پێبەخشی. گەلێ پیاوی ئایینی وشەی (سیفەتی خەلق)یان لەگەڵ وشەی خود یان گەوهەر بەیەك شت زانیوئەم بابەتەی کەخودو خودا لەبنچینەدا یەکن، بەراستو گونجاو دەزانن.

لەساڵی 451ی زایینی **پاپا لیۆن** لەپێناوی هەڵمەت بردنە سەر باوەڕی ئۆتیکیس ئەنجوومەنی کالیسدوانی بانگ کردو ئەمە لەکاتێکدا بوو کە لایەنگرانی ئۆتیکیس پێڕەوانی دیوسکورشیان وەگەڵ خۆ دابوو، سەرانسەری ئاسیا گەڕابوون، ئەو ئەنجوومەنەیان





بەدناو کردو وایان نیشان دەدا ئەو ئەنجوومەنە دانی بەدوولایەنیی دەرکەوتنی کەسانی ئیلاهیدا ناوەو




بگریك ئەرمەنی

خەریکە شتی پڕوپووچی مەزهەبی نەستووری نوێ بکاتەوە. ئەرمەنییەکان ئەو تۆمەتانەیان (دەرهەق بەپاپاو کۆڕی زاناکانی) پێ خۆش بوو. وئەم پێشوازییەی ئەرمەنەکان (دەرهەق بە پاپاو کۆڕی کالیسدوان) زۆرتر بەو هۆیەوە بوو: لەیۆنانییان داخ لەدڵ بوون،

چونکە بەنیازێکی وا خراپەوە دەستیان لەکاروباری نێو خۆیان وەردەدا، بەهیچ شێوەیەك لەئێرانییەکان باشتر نەبوون. لەبەرهەندێ بوو، لەکۆتایی سەدەی حەفتەم (ئابراهام)ی ئەسقوفی گەورەی ئەرمەنەکان دەئەسقوفی ئەرمەنستانی بۆ لای خۆی بۆ کۆڕێك بۆ تەوریز بانگ کردو حوکمێکی لەدژی پاپا لیۆن دەرکرد. کۆڕی زانایانی کاسولیکی (کالسدوان)یش بەکافر لەقەڵەم درا.

بەم شێوەیە میللەتی ئەرمەنی لەکلێسای کاسولیکی جودا بۆوەو ئێستاشی لەگەڵدابێ (هەرچەندە هەموو لێك تێنەگەیشتنەکان روون بوونەتەوە) هەر لێی جودا ماوەتەوە. ئەم میللەتە، بەم جودابونەوەیە، بەحوکمێکی ناکۆك کە پاسا و نادرێ، لەهەمان کاتدا هەم (ئۆتیکیس)و هەم پاپا و هەم ئەو کۆڕی زانایانیی کاسولیکییەی کە خودی ئەو کۆڕە، ئۆتیکیسی مەحکووم کردبوو، مەحکووم کرد.

دوای کۆڕی تەورێز، لەدوعاکانی پەرستنی ئەرمەنان، گۆرانییەکی نوێ زیاد بوو، ئەم دووبەرەکییەی تاڵترکرد. لەسروودێك دا بەناوی تریژازیۆن سێ جار وشەی (خودای پیرۆز!) دەڵێنەوەو پاشان دەڵێن (هەم ئەوەی لەپێناوی ئێمەدا لەخاچ درا) ئاخر بۆچی لەباتی (خودا) ناوی مەسیح ناڵێنەوە، نەك لەبەرئەوەی خودابوو، بەڵکو بەهۆی ئەوەی مرۆڤ بوو، لەپێناوی ئێمەدا ئازاری چەشت. لێکچواندنی خودایی و بەشەری قبووڵکردنی یەکبوونی خودە.

کەوابێ خەتای ئەرمەنەکان لەبنچینەدا لەوەدایە: یەکبوونی خودایی و بەشەریی مەسیح بەپێوەری یەکبوونی گیان و لەشی ئێمەی مرۆڤ دەپێون و وا دەزانن کارەکانی مەسیح گوایە هاوتای کاری مرۆڤەکانی دیکەیە: تەنیا رەنگێکی لەخودایی هەبووە، نەبەهۆی ئەوەی کەئەو





کارو کردەوانە لەلایەن بەشی (بەشەری)ی کوڕی خودا کەوەك بەشەری لێهاتبوو. ئەنجام دراوە، بەڵکو بەهۆی ئەوەی بەشی (خودایی)ش لەئەنجام دانی ئەو کارانەدا بەئەندازەی بەشی بەشەری ئەو، بەشداربووە.

کلێسای ئیچمیازین لەباغێك دا لەناوەندی پەرستگایەك کە دار بییەکان سێبەریان بەسەردا کردووە، هەڵکەوتووە. بەشێکی بیناکە تاسەردەمی ئێمە پارێزراوەو **ئۆسقۆف گومیداس** چەندان بەشی دیکەی کەتەمەنی نزیکەی سێزدە سەدەیە، چاك کردۆتەوە. کاتی سەردانمان، کاتی گۆڕینی (جاثلیق)ەو ئەم کارە لەهەلومەرجێك دا بەڕێوەدەچێ کەتیایدا دەستەڵات و پێگەی تزار نیشان دەدرێ دووکەس، دوو دژ بۆ وەرگرتنی ئەم پێگەیە ئامادەبوون. دەنگ دان بەدەنگ هەڵبڕین ئەنجام دەدرێ. یەکێك لەو دووانە نزیکەی هەموو دەنگەکانی بەدەست هێنا. کەسەکەی دیکە Mgrmahhariکەنێوبانگێکی خراپی هەبوو، بەزەحمەت دووسێ دەنگ بەدەست دێنێ، بەڵام لەبەرئەوەی پەیوەندی بەدەربارەوە هەبوو، زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا.

کلێسای ئیچمیازین لەژێر پارێزگاریی **سان گریگۆری** ئیلهامبەخش دایە کەبەپێی قسەی ئەگاسنتەری مێژوونووس، لەلایەن عیسای مەسیحەوە ئیلهامی بۆ هات تا لەم جێگایەدا کلێسایەکی بەتریکی دروست بکا، لەکلێسا بەردێکمان پێنیشان دەدەن کە لەسەریدا مەسیح دەرکەوتووە. پاشان لەگەنێکی گەورەی زیو دەبینین رۆنی پیرۆزی تێدایەو ماوەی حەفت ساڵ پیرۆز بووە. لەودەمەیدا قەشە دوعا دەخوێنێ، وادیارە مەشخەڵێك لە رۆنەکە بەرز دەبێتەوە. بەم



www.pertwk.com

Saint-Chreme . گومانی من زۆرتر لەوەدایە، کەلەم دیاردەیەدا، زانستی کیمیا کاریگەری لەگیانی پیرۆز زۆرترە.




کنیسەی ئیجمازین

هەروەها پارچەیەکی (کەشتی نوح)مان نیشان دەدەن کە پیاوێکی ئاییینی ئیدیعای دەکرد: دەتوانرێ لەسەر چیای ئاراراتەوە بەدووربینێکی باش ئەم کەشتییە ببینرێ. بێجگە لەمانەش، کلێسا شتی سرنج راکێشتری لێیە: مینبەر یان قوربانیگای دارینی بەگوڵو گیا نەخشێنراوو زێرکفت، سرنج راکێشە. کۆگای کلێسا خشڵێکی جوانی قەشەیەکی تێدایە: لەوانە عەبایەکی بەگوڵ نەخشاوە کەلەلایەن خاتوونێکی زۆر هونەرمەندی هیندییەوە چنراوە. نەخشە گوڵینەکانی کەشتی نوح لەسەر ترۆپکی ئاراراتو چەندان بابەتی مێژووی عیسای مەسیحی تێدایە: واتە راوی پەرجوو ئاسای ماسی





کە عیسا تۆفانی دەریا دادەمرکێنێتەوەو شتی تر–هەروەها خاچو تاجو شتی جۆراوجۆری دیکەمان پێنیشان دەدەن کەزۆر بەنرخن.

پاشان دەچینە کتێبخانە کەتەنیا پێنج شەش هەزار دەستنووسی تێدایە نەك وەك ئەوەی هەندێ گەشتیار ئیدیعایان کردووە سی هەزار دانە. سرنج راکێشترین دەستنووس کە لەبەر کۆنییەکەی گرنگە، دانەیەکە لەوەرگێردراوی (**سان ژان کریسۆسۆم**) کە لەلایەن یەکێك لەشاگردەکانی میسروپییەوە کراوە. ئەم دانەیە بەپێی ئەو قسانەی دەیکەن هی سەرئەسقۆف پییەری یەکەمە. 1019.

زمانی هائیکانی کەلەلایەن هائیك–ی نەوەی نوح دامەزرێنەری ئەرمەنستان داهێنرابوو، تاسەردەمی پاشایەتی ئەردەشێر (ئارداشین) بیستو هەشتەمین پاشای زنجیرەی ئەشکانیانی ئەرمەنستان تارادەیەك پاكو بێکەموکورتی پارێزرابوو: زۆری پێنەچوو ئەم زمانە لەگەڵ زمانی گینتۆنیو باگراتیو ئاماتۆنیو مادیو ئەشکانی (کە پارتەکان بوون)و ئاراوی ئیلەن دا ئاوێتەبوو، کەمێك شێوەی گۆڕا.

تاسەدەی سێیەمی زایینی، ئەرمەنییەکان خەتێکی تایبەت بەخۆیان نەبووو تا سەردەمی میسروپ یان یمیسروپ–ی وەزیرو مامۆستاو ئارازداتو ئاراس–ی چوارەم سوودیان لەخەتی یۆنانیو ئێرانیو عارەبان وەردەگرت. میسروپ قەناعەتی بەپێویستیی هەبوونی سیستەمێکی گرافیکی (رەسم کردن) تایبەتی بۆ وەرگێڕان لەدەقەکانی یۆنانیو سریانی کەپیتەکانیان نەیدەتوانی بزوێنەکانی زمانی ئەرمەنی بەرجەستە بکا.پەیداکردبوو. بڕیاریدا ئەلفوبێیەكو ئەدەبی ئەرمەنی بخولقێنێ. دەڵێن راوێژی بەسەر ئەسقۆف ساهاك



www.pertwk.com

دوای سەفەری دوورودرێژی بێهودەو بەئازار بەمەبەستی پرس‌و راو راوێژکردن بۆ لای بەناوبانگترین گوتاربێژو زمانەوانان، میسروپ وای پێباش بوو، خۆی ئەلف‌و بێیەك دروست بكاو بۆ ئەوەی قبوولٚ بکرێ وای نیشان دا کەلەلایەن خوداوە بەئیلهام بۆی هاتووە. ئەو داوای لەروڤین–ی خۆشنوسی بەنێوبانگ کرد تا جوانترین شێوە بۆ پیتەکان داتاشێ. لەودەمیدا خەت‌و ئەلف‌وبێی ئەرمەنی تەواوبووە. دەڵێن ئەم پیتانە چواردە دانەن: حەفتیان بزوێن‌و حەفتیان نەبزوێنن‌و لەهیچ زمانێکی دراوسێدا پەیدا نابن.

لەوان دەمان دا وەرگێڕانێکی ئینجیل‌و چەند کتێبێکی فەلسەفی‌و مێژوویان لەزمانی سریانی‌و یۆنانییەوە کردە هائیکانی‌و بەم شێوەیە زمانەکە جێگیربوو. دوای ماوەیەك لەشێوەی زمانی خەڵك دەرچوو، لەبەرامبەر ئەو زمانەدا ناوی زمانی ئەدەبییان لێنا. دوای ئەوە، ئەرمەنستان کەوتە بەردەستی نەتەوەکانی هەگاری‌و موسلمان‌و خەلیفەکانی میسرو تەتەرەکان‌و لەئەنجام دا زمانی ئەرمەنی ئەوەندە گۆڕا کەجگە لەخوێندەواران کەسی دیکە زمانی هائیکانی نەزانی‌و پڕبوو لەوشەی تورکی‌و عەرەبی‌و فارسی.

کاتێك، لەدیداری کلێساو مۆزەخانەو کتێبخانەو روونکردنەوە نارۆشنەکانی پیاوە ئایینییەکان. ماندووبووین، دێرەکە جێدەهێڵین.





پاشان، پێش ئەوەی سواری عارەبانە بین، تانزیکی ئەو گۆمە گەورەیەی قەشەی پێشوو بۆ ئاودێری موڵکەکانی کلێسا دروستی کردووە، دەچین.

ئەوەندەی پێویست بێ دەربارەی ئیچمیازین‌و تایبەتمەندییەکانی کەپێمان خۆش بوو، زانیمان، بۆیە دەگەڕێینەوە یەریڤان‌و پەلەمانە درێژە بەسەفەرەکەمان بدەین.

نیوەڕۆ لەگەڕان دێینەوە، بۆئەوەی شتێك لەجێگای قەرەوێڵە سەفەرییەکەم کەدزرا، دانێم، ژوورم دەنێرم تا کیسەیەکی گەورەم لەتۆلە بۆ دروست بکەن. لەپۆستەخانەکان تا تەورێز ئەوەندە کایەم پێپەیدا دەکرێ پڕی بکەم‌و بەم شێوەیە خەوێکی (بەپێی پێویست) راحەتم دەبێ.

سەعات دوو، بەدوو عارەبانە وەڕێدەکەوین. دەستپێکی جولان دژوارە، یەکێك لەئەسپەکان کە جوانوێیکەو یەکەمین جارە بەعارەبانەی دەبەستن، چەند جارێك دەبێتە هۆی نارەحەتی. جادە بەراستی جادە نییە، کوڕەڕێیەکە لەناوەندی چۆلەوانییەکی بەردەلآن، شوێنەکان ئەوەندە سەخت‌و ناخۆشن، بڕیار دەدەم هەگبەی وێنەگرتن لەسەر چۆکی خۆم دانێم، نەبادا بشکێ.

سێزدە ڤرستی ئەم قۆناغە لەبەر هەتاوو لەنێو تۆزوخۆڵ دا نارەحەتین. لەپۆستەی **ئەرەنزکە** کەمێك ئاوو سێبەر پەیدا دەکەین کەمایەی خۆشحاڵیمانە، چونکە لەرۆیشتن بەپەلەین کرێی عارەبانچییەکان دووقات زیاد دەکەین تا بەپەلە بمانگەیەننە هاوڕێکانیان. بەوەرگرتنی چل کەپیك دەستمان ماچ دەکەن. هاوکات لەگەڵ گۆڕینی ئەسپەکانی عارەبانە، **هامیلین** لەخانییەکی



www.pertwk.com

ئەم مەنزڵە بەقەدەر ناخۆشی مەنزڵی پێشوو نییە. وا دێتە بەرچاو تایەکان لەسەر زەوییە نیوە کوتراوەکەوە دەخلیسکێن و ئەسپەکان وەك با دەڕۆن. هەردولای جادە باغەودەوریان بەدیواری قوڕ گرتووە. هەندێجار چاپارەکانمان بەقامچییەکانی خۆیان ئەو رانەمەڕ یان کاروانێ کە ڕێگایان گرتووین، لێك دادەبڕن. زۆر بەتیژی بەسەر ڕووبارێك و کەناڵێك دا تێدەپەڕین و تا لەعارەبانە نەپەڕین بەتووندی خۆ بەعارەبانەوە دەقرسێنین، بەڵام هەموو لەشمان دەبێتە قوڕ. زۆر بەسەر سوورمانەوە دەبینین، بەچل دەقیقە خۆمان گەیاندۆتە گوندی **کەمالەك**.

کاتی ئەسپ و عارەبانەکان دەگۆڕین، هێشتا رووناکە، بەڵام خەریکە شەودادێ. ئەگەر وەڕێدەکەوین ڕۆژ ئاوابووەو دوای چارەکێکی دیکە ئیدی جێگایەك نابینین. عارەبانەکان ئەوەندە خراپن کەمرۆڤ لەخۆی دەپرسێ، بەو هەموو تێکەڵ و پێکەڵییە بەردەوامەی ڕێگایەکی پڕ لەکەندو کۆسپ، چۆن ناشکێن و نابنە هەزار پارچە ؟ لەگەڵ هەندێش، تا ئێرە تەنیا ڕووداوێك ڕوویداوە. ئەسپەکان ماندوون و ئەم جارە وێڕای هاندان و گفتەکانمان یامچییەکان ناتوانن توندتر لێبخوڕن.





دووجار یەکێك لەسندوقەکان خەریك بوو بکەوێ، ژۆروم جگە لەتەماشاکردن نەیدەتوانی کارێکی دیکە بکا. بەڵام ئەم بەدبەختییە دەستبەجێ چارەکرا، هەرچەندە کاتی لێ بەفیرۆدراین. شەو تاریکەو ڕێگا زۆر جێی متمانە نییەو پەلەمانە بگەینە مەنزڵ. لەتاریکیدا، لەدوور تارمایی ترۆپکی سپی چیای ئارارات دەبینرێ.

هەوا بەگەرمایەکی تۆفان ئاسا سەنگینە، هەر کە دەگەینە **دارالو** کەل وپەلەکانمان لەژووری چاپارخانە ڕێکدەخەین. باران و تەزرەیەکی سەرسووڕهێنەر دەبارێ.

گۆزەئاوی گەورە گەورەمان بۆ دێنن و لەناو تەشتە گەورەکەی خۆمان، دوای گەرما و تۆزوخۆڵێکی وا، جوان خۆمان دەشۆین. نانی ئێوارەمان گۆشتی مەڕو نانێکی ناسکە.

## 2ی ئەیلوول

بەدرێژایی شەو پەخشە درێغییان لەخواردنمان نەکرد، گەرما نەیدەهێشت بخەوین، بەڵام نزیکی سەعات دووی بەیانی هەوا لەهیکڕا سارد دەبێ و گەرماپێو (5)پلە نیشان دەدا.

سەعات چوار داوای ئەسپ دەکەین و سەعات پێنج خۆمان بۆ ڕۆیشتن ئامادە دەکەین. کاتێ بەبناری چیای ئارارات دا تێدەپەڕین، ڕێگا جگە لەدەشتێکی دوورودرێژو ئاسایی شتێکی دیکە نییە. ئێرە گوندێکە بەناویدا ڕەت دەبین. ئەمە هەمان ئەو دێیەیە کەهەر کاتێ بیانەوێ بچنە سەر ئارارات دەبێ لێرەوە دەست پێبکەن، تا ئێستا کەس نەیتوانیوە بەتەواوی سەرکەوێ. سەرکەوتنە سەر ترۆپکی



www.pertwk.com

یەکەم جار لە**سەدرەك**و پاشان لە**بوسناراسین** ئەسپەکان دەگۆڕین. جادە گەرمو تۆزو خوڵەو سرنج ڕاکێش نییە. تفەنگم لەنێو پێیانو هەگبەی وێنەگرتنم لەسەر چۆك داناوە. ڕێگام لەبەرچاوان دا دوورودرێژە. دیسان لە **کیبەرك** ڕادەوەستین. دەشتەکان هەر بەیارو ئاساین. ئارارات ئیدی دیار نییەو نایبینین. لە**بیجوت دوس** ئەو عارەبانانەی پێمان دەدەن زۆر خراپنو بارێکی خەمبارانەیان هەیە. ئەمانە قەت ڕێگایان پێ‌تەواو ناکرێ. سەرۆکی چاپارخانە وانیشان دەدا کە جگە لەمانە هیچی تری نییە. بەم حاڵەشەوە دەڕۆین. هێشتا سەد مەتر دوور نەکەوتووینەتەوە یەکێك لەو کندرانەی جڵەوی عارەبانە بەتیرەی تایەکەوە دەبەستێتەوە، دەپسێ. چاك کردنەوەی چوار سەعاتی تەواو دەبا. دوای کیلۆمەترێکی دی هەمان شتمان لێ دەقەومێتەوە. لەنیوەی ڕێگا تایەی عارەبانەی کەلوپەلەکانی سەفەرمان، بەتەواوی شکا، سەعات پێنجی شەوە. تائێرە سەعاتێکی خایاندووە. بۆ گەیشتنە چاپارخانەو هێنانی عارەبانەیەکی تر بەلایەنی کەمەوە دوو سەعاتمان پێ‌دەوێ. درەنگ دەگەینە **نەخچەوان**. یەکێك لەعارەبانچییەکان دەستبەجێ سواری ئەسپێك دەبێو بەتیژی دەڕوا. لەم سەین‌وبەینەدا، وێنەی سەربازو عارەبانچیو ڕووداوەکە دەگرین. عارەبانچی دەگەڕێتەوە، چوونو هاتنەوەی سەعاتو نیوێکی زیاتر پێ‌نەچووە. نزیکی سەعات نۆوبیست دەقیقە دەچینە نێو نەخچەوان، ئەوەندە تاریکە دەبێ





ئەسپەکان هێور بکەینەوە نەبادا بکەونە چاڵێك یان لەیەکێك لەو بەردانەی لەسەر ڕێگا دانراون. هەڵەنگون.

شاری نەخچەوان شارێکی گرنگە: نزیکی 5.000 پێنج هەزار دانیشتووی هەیە. پێشان زۆر ئاوەدانتربووەو دانیشتوانی خۆی لە (200) دووسەد هەزار کەس داوە.

**شا عەباسی یەکەم** زۆربەی خەڵکەکەی گواستۆتەوە ئێران، ئەو شەڕانەی لەسەرەتای ئەم سەدەیە لەنێوان ڕووسیاو ئێران دا قەومان، زیانێکی زۆریان لەم شارەداوە، هەروەها بوومەلەرزە بەتایبەتی بوومەلەرزەی ساڵی 1840 زیانی پێگەیاندووە. لەنەخچەوانەوە ڕێگایەك جودا دەبێتەوە بە(خوی)دا دەچێتە ورمێ.

چاپارخانە کەمێ ڕاحەتترە: لێرە دەتوانین دەرگای ژوورەکەمان دابخەین. چونکە لەهیچ چاپارخانەیەکی دیکەی سەر ڕێگامان ئەمەمان نەدیتبوو. بۆ شێو خواردن، دەتوانین مریشكو میوەو چای بخۆین. گەلێ ئازار لەدەست تەپۆو هەتاو بردنی دەمو چاومان دەبینین. لێومان لەبەر هەواو تۆزو خۆڵ قەڵشیوە. لەسەر نوێنە گچکەکەی خۆمان خۆشتر لەپێخەفی ڕاستەقینە دەنووین. هەمیشە وەك بڵێی دەمی واگا هاتن زۆر زوو دێ.



www.pertwk.com




قلیانکیشی ئێرانی

## 3ی ئەیلوول

وەك دوێنێ شەوێ سەعات چوار لەخەو رادەبین. مەنزڵی یەکەم زۆر دوورە، 24 ڤرست. سەعات هەشت دەچینە **ئیلنجاچای**. کەس لەقاوەخانە نییە، تەنیا عارەبانەیەکی شکاو لەحەوشەیەو تەوێڵەش بێ ئەسپە. ئەم ویستگەیە ئەوەندە زۆر تاڵان کراوە، بەرپرسانی چاپارخانە چۆلیان کردووە. پێش ئەوەی بگەینە سنوور، ئەمە دوا چاپارخانەیە. رێگرەکان بەخێرایی لەوڵاتێکەوە دەچنە وڵاتێکی دی،





هەرگیز تووش نابن. سەرۆکی چاپارخانەی بەدبەخت کەپێشتر کرێی دەدایە دەوڵەت، بەم شێوەیە، جێگاو ئەسپو متمانەی خۆی لەدەست دەدا. لەدواییدا لەکادینیك مەیتەرێك پەیدا دەکەین. ئەو بۆ گرتنەوەی ئەسپەکان کە بۆ لەوەڕ بەرهەڵدراون، دەچێ. ئەسپەکان لەعارەبانە دەبەستێ و وەڕێ دەکەوین.

لە زینوویەك کە دیمەنێکی ناڕێکی هەیە، شۆڕدەبینەوە. لێرە نەخاك هەیە نەپووش وپەلاشێك، تەنیا بەردەلانێکە کە بەزەحمەت رێگای تێدا دەبینرێ. هاتنەخوار تەواو دەبێ، ئیدی رێگا دیارنییە. چەند ڤرستێك بەنێو بەستێکدا دەڕۆین، پێ لەشوێن پێی خۆمان دادەنێینەوە. پاشان کەمێ رێگا باشتر دەبێ و سەرەنجام دەشتێکی فراوانە کەلەو سەریدا چەند خانییەکی **جلفا** دەبینین. ئێستا بەرەو خاکی ئێران دەڕۆین، کەم کەم چاپارخانەی رووسی و عارەبانەکانی بەجێدێڵین و سەفەرەکەمان بەئەسپ درێژە پێدەدەین.

کاتێ دەچینە نێو جلفاوە سەعات دەیە، کەشتی گواستنەوە لەدەستی ئێرانییەك دایە کە کارمەندی گومرگیشەو بەچل هەزار فرانك بەکرێی گرتووەو کاری خۆی لەسەعات دەو نیوەوە دەست پێدەکا. کرێی پەڕینەوە گران نییە، کارمەندی گومرگ تەنیا مەبەستییەتی لەنیوەی زیاتری پێ بڕێ.

ئەو ماوەیەی کە چاوەڕوانی سەعاتی رۆیشتن بووین، پاسپۆرتەکانی خۆمان بەهۆی نوێنەری لێپرسراوانی رووسی ڤیزا دەکەین و پێشتر بارەکانمان دەخەینە نێو سندووقی چوارگۆشە کە بەکەڵکی کەشتی دێن. لەبەرئەوەی رێبوارو بازرگانێکی زۆر وەك ئێمە چاوەڕوانی سوار بوونن، ئێمە لەگەڵ دەستەی یەکەم سوار دەبین و بەم شێوەیە



www.pertwk.com

نامەیەك كە **ژەنەراڵ نەزەر ئاغا** بە لوتفی خۆی بۆ لێپرسراوانی ولاتەكەی ناردووەو لەلای منە پێشكەشی خانی دەكەم. ئەو دەستبەجێ هامیلین‌و مـن سواری ئەسپ دەكاو چەند وشەیەك بەزمانی فەرانسەیی دەڵێ. بەم شێوەیە دەتوانین قسان بكەین. یەكەمین لوتفی ئەو، دەعوەتی نانی ئێوارەمانە. ئێستا ئێمە لەسەربانێكی ژێر جۆرە هەیوانێك لەسەر مافوور دانیشتووین،





بەرامبەرمان ئارسەو لەوبەریش چەند خانییەكی رووسی، ئەوبەری جلفا پێك دێنن.

كاتێ خەریكی تەماشاكردنی دیمەنەكانی دەوروبەرم، لەحەوشەی ناوەوە هات‌وهاوارێكم بەرگوێ دەكەوێ، دەپرسم ئەوەچییە؟ خان وەرام دەداتەوە: (ئاها! هیچ نییە، ئەمانە نایانەوێ گومرگ بدەن!... بۆیە داركارییان دەكەن). ئەم كونسێرتە شوومە زیاتر لەچارەكە سەعاتێكی خایاند، ئەوانیان لەسەر پشت خەواندووە، دووكەس پێی ئەوكەسەی دەبێ سزابدرێ بەكندرێك رادەكێشن‌و سێیەمین كەس بەهەمووتوانای خۆی بەتوبزێك لەبنی پێی دەدا. ئەو بێچارانە هەركە بڕیاری دانی گومرگ دەدەن، داركارییان لەسەر دەوەستێ‌و كەل‌وپەلەكانیان دەدرێتەوە. لەودەمیدا ئەو كەسانەی ئازاد كراون دەبینین بەپێی خوێناوی بەسەر لمی سووتێنەردا دەڕۆن. گەلێكیان هەرچەندە پارەشیان پێیە، بەڵام دەستبەجێ گومرگ نادەن بەئومێدی ئەوەی ببەخشرێن، لەبەرهەندێیە بەرگەی ئەم ئازارە دەگرن.

كاتی نانی نیوەڕۆ دێ. خان بۆئەوەی پیاوەتییەكی تایبەتیمان لەگەڵدا بكا لەباتی دانیشتن لەسەر زەوی فەرمان دەدا مێزێكی سێ پایە بێنن‌و سینی خواردنی لەسەر دانێن. بەم شێوەیە لەسەر كورسی نان دەخۆین. هەموو ئەو خواردنەی لەسەر سینییەكەدایە بریتییە لە: قاپە گۆشتێكی كولاوی مەڕ، جامە ماستێكی وەك پەنیری سپی، قاپی سێیەم گۆشتاوێكی خەستی گەرم، هەروەها پەنیرو تەڕەپیوازو میوە. خان بەئەنگوستەكانی لەهەموو قاپەكان دەخوا. چونكە چەنگاڵ نییە ئێمەش هەر بەم شێوەیە دەخۆین. لەباتی نان، شتێكی ساف‌و نەرم دێنن كە لەپەرۆی كۆن دەچێ پێیدەڵێن لەواش، خان



www.pertwk.com

هەر کەنان خواردن تەواو دەبێ، خزمەتکارێك مەسینەو لەگەنێکی پڕ لەئاوی شیرتێن دێنێ و بەسەر دەستمان دادەکاو پاشان سەردادەنوێنێ و دەکشێتەوە. لەو ئاوە لەدەممان وەردەکەوین. بەکورتی، خواردن و شێوەی خواردن لەئێران ئەو جوانی و رێکییەی ئەوروپای نییە، دوای نان خواردن خان خەریکە دەخەوێ و داوا لەئێمەش دەکا وەك ئەو لەسەر مافوورەکە راکشێین. لەودەمەیدا خان خەریکی حەسانەوەیە، خزمەتکار خەریکی شێلانی پێی دەبێ.


دوای نیو سەعات قاوە دێنن، لەبەرئەوەی لەگەڵ نان خواردن دا هیچ خواردنەوەیەك لەسەر سفرە دانەنرابوو، ئەمەمان پێخۆش بوو، دوای قاوەش، چا دێنن، خان دوای هەستان، ماوەیەك قسەمان لەگەڵ دەکا، بێگومان دەیەوێ بزانێ چ دەکەین و مەبەستمان چییەو ئایا بازرگانین یان شتمان بۆ فرۆشتن هێناوە؟ چاویدا تفەنگەکان و پرسی کە ئایا





دەیدەینێ؟ لەدواییدا بەپرسیاری زیرەکانە خۆ لەپشکنینی جانتاکان لادەدا، پاشان بەلوتفەوە دەمانداتەوە.

کاتی نان خواردن، ژوروم جڵەوو زینەکان لەسندوق دەردێنێ و ئەسپی پێویست بەکرێ دەگرێ و پێمان رادەگەیەنێ کەبارەکان وەڕێکراون، ئەسپەکانی دیکەشی زین کردوون و چاوەڕوانی ئێمەن. مۆڵەت لەخانە خۆیکەمان وەردەگرین و بۆ میوانداریەکەشی سوپاسی دەکەین.



ئافتاو لەکەن



www.pertwk.com

## پەراوێزەکانی بەشی دووەم:

[1] ) ناوە راستەکەی ئەم عارەبانەیە، Pereklaniaیە. ناوی توریکا بەشێوەیەکی ئاسایی دەبوو بەئەسپ وزین بگوترێ.

[2] ) ڤرست: ڤرستی رووسی دەکاتە 1067 مەتر.

[3]) نووسەر گەلێجار رووداوەکان دەگێڕێتەوە، و باسی رابردوو دەکا. هەندێجار بەشێوەی رانەبردوو دەدوێ. من لەوەرگێڕاندا شێوازی گێڕانەوەی نووسەرم نەگۆڕیوە. (و.ك).

[4] ) دوای شکستە یەك لەدوای یەکەکانی ئێران لەبەرانبەر رووس، لەشوباتی 1828 پەیماننامەیەك مۆرکرا بەناوی تورکمان چای و بەوپێیە گەلێ ناوچەی ئێران کەوتنە ناو قەڵەمڕەوی رووسیاوە. (و.ك).

[5] ) فشفشە: هەر ئامێرو دەزگایەك کەماددەی سووتانی تێدابێ و دوای سووتان بچێتە ئاسمان. لوولەیەکی باریکی لەمقەبا دروست کراو. (و.ك).

[6]) شاژنی ئەفسانەیی ئاشوور بەزانایی و جوانی بەناوبانگ بووە. دەڵێن ناوچەیەکی زۆری داگیرکردووەو شاری بابلی دروستکردووە. دوای فەرمانڕەواییەکی دووردرێژ، بووە کۆترێك و لەچاوان ونبوو. (و.ك) لە (ئەنسکلوپیدیای فارسی، ل 1345) وەری گرتووە.

[7] ) بەتریك: سەرئۆسقۆف

[8] ) شارەزایانی دیکەی وەك ئانژلۆس روکا و جورج، سەرئۆسقۆڤ ئەسکەندەرییە، سیکستۆسی سەنسیس و هیتر. سان کریستۆسم بەداهێنەری ئەلف وبێی ئەرمەنی و نووسین بەزمانی ئەرمەنی دەزانن، (سان کریستوسم) لەلایەن ئیمپراتۆر لەقوستەنتەنییە دوورخرایەوە. پاشماوەی ژیانی لەئەرمەنستان بەسەربردو ئایا ئەو، ئەو کەسە نەبوو کەپیتەکانی زمانی یۆنانی بەکارهێناو دواتر وەك پیتی زمانی ئەرمەنی دەرکەوتن؟.

[9] ) بروانە: ئەرمەنستان و ئاییني ئەرمەنی، نووسینی گاتیراس Gatteyras.

[10] ) کەپیك: یەك لەسەدی رۆپلی رووسی.






[11] ) یام: وشەیەکی تورکیی جەغتاییە بەمانای ئەسپی چاپارخانەیە، (یامچی)یش واتە خاوەنی ئەسپ. (و.ف).

[12] ) مەبەستی نووسەر کۆتایی سەدەی نۆزدەیە کەشەڕو شۆڕی بەردەوام لەنێوان ئێران وروسیا بەرپا دەبوو. (و.ك).

[13] ) وشەی خان، بەرانبەری پرنسە، واتە شازادە.



www.pertwk.com




روباری ئاراس لە جلفا

## بەشی سێیەم
## لەجلفاوە تا تەورێز-تەورێز
## لە 4 تا 11ی ئەیلوول

**چاپارخانەی ئێرانی- سەفەر لەگەڵ چاپارو سەفەر لەگەڵ کاروان-قڕان و فرسەخ-دیتنی کاروانێك-هەڵە لەماوەی ڕێگاکان- ئێران دیبی- چاپارخانەیەك- تەلگرافی هیندوئێران- مەرەندی کارێزان-سۆفیان- تەورێز-مسیۆ برنای- کۆنسۆلخانەی فەرانسە- مختاریستەکان- ڕێزدار مالپرتویی-سەربانەکان-رۆژانی پشووی موحەرەم-شیعەوسونی- گرووپەکانی موسلمانان، بابییەکان، گەبرەکان-دامەنە سەوزەکان- مزگەفتی شین-کۆنسۆلی تورکیاو ڕێگری-گەرماوی ئێران-دیدار لەگەڵ سەعد ئەلمولك-سەربازە قەسابەکان-لەلای جێنشینی موزەفەرەددین میرزای کوڕی شا- خۆ ئامادەکردن بۆ ڕۆیشتن-بەکرێگرتنی خزمەتچییەك- مەترسییەکانی سەفەر-هاوکاری تورکیا لەتاوان-مسیۆ برنای هەوڵ دەدا پەشیمانمان بکاتەوە.**ئێران لەگەلێ رووەوە لەتورکیا ڕێکخراوترە، لێرە توانای دەوڵەت و لێپرسراوێتی ڕێزی لێدەگیرێ و کارمەندو بەرپرسە





گەورەکان دروستکارترن، هەرچەندە ئەم دروستکارییەش تا رادەیەکی زۆر- ڕێژەییە. خزمەتگوزاری نێوخۆی پۆست و تەلگراف زۆر ڕێك وپێکە. کاری ڕێکخستنی وڵات و ئەرکی پۆلیس باشتر بەڕێوەدەچێ و دەتوانی بەدڵنیاییەوە سەفەر بکەی کە ئەمە لەتورکیادا نییە.

لەجادە سەرەکییەکانی هاتوچۆدا، دەوڵەت بۆ ناردنی پۆست و ڕێبواران دەزگایەکی پۆستی بەئەسپ کردۆتەوە کە ڕێبواران دەتوانن زووتر لەکاروان بگەنە جێی مەبەست. کاروان قەت ناتوانێ لەرۆژێکدا زیاتر لە50 کیلۆمەتر بڕوا. سەفەرکردن بەهۆی پۆستی دەوڵەتی تەنیا مۆڵەتی دەوێ و کاتێکیش داوا دەکرێ قەت ڕەت ناکرێتەوە. ئەم خزمەتگوزارییە پێی دەڵێن (سەفەری چاپاری)و شوێنەکەی لەهەر مەنزڵێك دا چاپارخانەی پێدەڵێن، کرێی هەر ئەسپێك لەهەر مەنزڵێك دا بۆ هەر فرسەخێك قڕانێکە . فرسەخ یەکەی ماوەی ئێرانییە. ئەم یەکەیە زۆر جار دەگۆڕێ و ئەمن هەرگیز نەمتوانی ماوە راستەکەی بزانم. لەهەندێ ناوچەدا فرسەخ پێنج کیلۆمەترەو لەهەندێ شوێنی دیکەش شەش کیلۆمەترو هەتا حەفت کیلۆمەتریش دەڕوا، لەو باوەڕەدام، سادەترین شێوەی پێوان بریتییە لەو ماوەیەی کە سوارێك بەبێ تووند هاژوان لەسەعاتێك دا بیبڕێ.

ئامرازی سەفەر چاپارێکە کەخۆمان دەگەیەنینە تەورێز.

ئەو زینەی لەژێرم دایە لەو جۆرە زینانەیە کە لەتەفلیس کڕیومەو کەمێکم ئازار دەدا، چونکە شێوەکەی جۆرێکە ناتوانرێ وەك زینە ئاساییەکانی خۆمان سواربی. پێش وپاشی، زۆر بەرزەو تەنیشتی نییە کە رانی سواری دەکەوێتە سەر. بۆیە دەبێ خۆت لەسەر رکێب



www.pertwk.com

یەکەمین مەنزڵ وێنەیەکی راستو گشتی ئەم بەشە گەورەیەی ئێران دەخاتە بەردەم رێبوارێك کە دەچێتە تەورێز، ئەم بەشە بریتییە لەدەشتی لماوی پڕلە وردکە بەردو لەدوایانەوە ئەو شاخانەی کەوەك دەشتەکان رووتن. هەموو جێگایەك وردکە بەردو هیشکە. جگە لەرەنگی خاك کە مەیلەو سەوزو هەندێ جاریش سوورە، شتێکی دیکە ناکەوێتە بەرچاو. نیوسەعاتی یەکەم لەدەشتە گەرمو هەورازەکەی بەرامبەری تارادەیەك زەحمەتە.بەزوویی دەچینە نێو دەربەندێکەوە کە دیمەنێکی سروشتیو رەقی سەرسووڕهێنەری هەیە. ئەسپەکان کە بەتیژی دەهاژورێن، لەنێو بەردەکان دا رادەکەنو بەرزو نزم دەبنەوە. من سەرم سووڕماوە چۆن بەو دڵنیاییە تەواوەوە هەنگاو دەنێن. لەفەرانسە کەمتر سوارێك پەیدا دەبێ، هەتا ئەوانەش کە لەئەسپەکەی خۆیان دڵنیان جورئەت بکەن بەرگەی چواریەکی ئەو





مەترسیانە بگرن کەئێمە رووبەروویان دەبینەوە، چونکە رۆیشتنی ئەو ئەسپە جڵەو بەرهەڵدراوانەی ئێمە سواریان بووین بەدەست خۆمان نییە. بەڵی، بەدوای بارەکان دا بەتیژی تێدەپەڕین.

چاپارچی دەگێڕێتەوە کەچەند رۆژێك پێش ئێستا هەر لەم دەربەندەدا، پۆستە کەوتۆتە بەر هەڵمەتی رێگران. تووشی کاروانێك پیاو دەبین کە لەنزیك کانییەك راوەستاون، وادیارە بۆ ئیش کردن دەچنە تەورێزو تارانو هەتا ئەسفەهانیش. زوو لێیان رەت دەبین، کرێ گرتەکانی خۆمان بەڕێ دەکەینو منو هامیلین بۆ دیتنی دەرماناوێك دەچین. ئەم کانییە سەوزە وا دێتە بەرچاو کە خوێی مسی تێدابێ. دووبارە دەگەینەوە هاوڕێکانی خۆمانو بەگورگە لۆقە درێژە بەرێگاکەمان دەدەین. لەسەر کانییەکی دی کە ئاوێکی سافو روونی هەیە، ماوەیەك دەحەسێینەوە. هەموو لەشمان دەخەینە نێو ئەو ئاوە تازەو ساردەوە. ئەم کارە بەلەززەتە وریامان دەکاتەوە. لەگەڵ هەندێش بەداخەوە زانیان کەنابێ زێدەڕۆیی لەم خۆشیەدا بکرێ، چونکە ئاوی سارد کە بۆ دەمێك مرۆڤ تەڕو تازە دەکاتەوە، لەلەشیدا دەبێتەهۆی قەڵشینێك کە هەوای هیشك بەردەوام زۆرتری دەکا.

بەهەمان تیژی پێشتر دەڕۆینو دوای هەورازێك دەگەینە دەشتێکی گەورە. لەناوەندی ئەم دەشتەدا، لەبنەی شاخ، گوندێکی گچکە دەبینین کە بەدارو درەخت دەورە دراوەو لەراستی دا مێرگێکی گچکەی نێوان وشکانییە. ئایا ئەم ئاواییە شوێنی راوەستانە؟ ئایا خەریکین دەگەینە ئێراندیبی؟ ئێستا دەزانین کە حیسابی پێشترمان بەهۆی هەڵەی چاوەوە بووە.



www.pertwk.com

هێشتا تا ئەو گوندەی کەهەرچەندەی دەڕۆیشتین دوورتر دەکەوتەوە، سەعاتێك ماوە.

کاتێ دەچینە چاپارخانە سەعات شەش و چارەکە، ڕۆژئاوابووەو خەریکە شەو دادێ. خۆمان لەبالاخانە جێگیردەکەین و فەرمان دەدەین تا کەل و پەلی سەفەرمان بۆ سەربخەن.

ئەم چاپارخانەیە، دەکرێ وەك سەرەتاییترین بینا بژمێردرێ، چوار خانووی یەك نهۆمی بێ پەنجەرە لەدەوری حەوشێکی ناوخۆ، بینایەیەکی چوارگۆشە پێك دێنن. بەناو ڕاڕەوێکی پانەوە دەچنە نێو بیناکە. لەدوو لای ئەم ڕارەوەوە سەکۆی لەقوڕ دروستکراوی یەك مەتری هەیە. ڕارەو دوو ژووری تێدایە کە جگە لەدەرگا هیچ کلاورۆژنەیەکیان تێدا نییە. پاشان دەچینە حەوشەیەکی کراوە. ئەسپەکان لەو حەوشەیەدا دەبەستنەوەو لەنێو دیوارە ئەستوورەکان دا قۆرتی گەورەی وەك تاقچەیان هەڵکەندووە. ئەسپەکان لەوێدا ئالیك دەخۆن. لەپشت ئەو دیوارانە تەویلەی تەنگ و گچکەو نارێك دروستکراون کە زستانان ولاغەکان لەوێدا دادەکەن. سێبەشی بیناکە، تەویلەیە. بەشی چوارەم واتە بەشی هاتنە ژوور، بۆ دانیشتنی سەرۆکی چاپارخانەو ڕێبواران دانراوە. لەقوژبنێکی حەوشە، تەنیشت دەروازە پلەکانێك وەك ئەوەی لەهەموو چاپارخانەیەك دا هەیە، چوار پێنج سانتیمەتر بەرزەو بەدیوارەوە نووساوە. دەچینە خانوویەکی دووچاوەی سەربان. ئەم بەشە پێی دەڵێن بالاخانە. لەزۆربەی گوندان، چاپارخانە تەنیا جێگایەکە کە لەنهۆمی یەکەم دا خانیەکی بۆ ڕێبوارانی ڕێزدار کە ڕاحەتترە، هەیە. ژوورە گەورەکە دوو پەنجەرەو بەزۆری هەیوانێکی ڕوو لەکۆڵانی





هەیە. دوو پەنجەرە بەشوورەی دارو تۆڕ کە زستانان دەتوانرێ بەکەمە جوانکاریەك کاغەزیان لێبدرێ. لە 3 ڕۆژان زیاتر ناتوانرێ سوود لەم بالاخانە وەرگیرێ. چونکە دوای ئەو ماوەیە ئەگەر ڕێبواری دیکە بێن، دەبێ بۆیان چۆل بکرێ. کرێی بالاخانە زۆر کەمە. بەلام من قەت کرێ ڕاستەقینەکەیم نەزانی، چونکە بۆ قەرەبووکردنەوەی چاکەی سەرۆکانی چاپارخانە کە دەبێ بڵێم زۆریان لێرازی بووم، هەمیشە لەکاتی ڕۆیشتن دا ئەوەندەم پارە داوە کە گەلێ لەو کرێیەی دەبوایە بیدەم، زیاتر بووە.

تەواوی بیناکە لەقوڕی شێلراو و کا دروست کراوە. خاکی ئەم ولاتە زۆر توندەو پێکهێنەرەکانی زۆرتر لەخاکی ولاتی ئێمە دەچن. عەیبی گەورەی ئەم بینایانە ئەوەیە کە لەبەر باران دەتوێنەوە. خۆمان لەگەڵ هەموو کەل و پەل و شتەکانمان لەبالاخانە جێدەکەینەوە. هەڵبەت هیچ جۆرە موبێلەیەك نییە. چوار دیوارو دوو پەنجەرە کەداناخرێن. بۆیە کاتی ڕۆیشتن، ئاسانەو هیچ شتێك لەبیر ناکەین. لەسەر جانتاکان دادەنیشین و ژووروم خەریکە هێلکەو چای و شیرمان بۆ ئامادە دەکا. نانی ئێوارە هەر ئەوەیە، هامیلین قەرەوێلە سەفەرییەکەی دادەمەزرێنێ. منیش ئەو کیسەیەی لەباتی تەختی نووستن بەکاری دێنم، پڕ دەکەم لەکا. لەسەر جێگا سادەکانی خۆمان ڕادەکشێین و زۆری پێناچێ خەومان لێدەکەوێ.



www.pertwk.com




جاپارجیەك

## 4ی ئەیلوول

سەعات چواری بەیانی فەرمان دەدەین ئەسپەکان زین بکەن و کەل‌وپەلەکان باربکەن. ژووروم چامان بۆ لیدەنێ و هەتا سەعات پێنج و نیو وەرێ ناکەوین. بەردەوام دەشتە بەیارو لماوییە سۆر یان خۆڵەمێشییەکان کە جارجار لافاوگیرن، گردێك یان بەستێك دێتە پێشمان.

بەدرێژایی خەتی تەلگرافی ئینگلیزو هیند کە بەوردەکارییەکی زۆرەوە دروست کراوە، بەرێگاوەین. دارەکانی تەلگراف باش لەزەوی قایم کراون و تا چاو بڕەکا درێژبوونەتەوە.فنجانەکان زۆر ساغن و





نیشانی دەدا کە چاوەدێرییەکی باش کراون. جاربەجار بۆ دوورکەوتنەوە لەنشێویك یان هەڵدێرێك کەخەتی راستەڕێی تەلگرافیان بەسەردا تێدەپەڕێ، دوور دەکەوینەوە. لەنیوەی رێگا، نزیك بیرێك کەقاوەخانەیەکی بەجێی تێداکراوەتەوە، رادەوەستین.

بۆ مەنزڵی داهاتوو شەش فرسەخ (نزیکەی 40 کیلۆمەتر) ماوەو ئەسپەکان زۆر شەپرێون و پێش گەیشتنە **مەرەند** لەدوا سەعات دا لەسەرخۆ دەڕۆن. ئەم گوندە گچکەیەش سرنج راکێشە. لەتەنیشت کۆڵان و جادەکان داریان چاندووەو بەجۆگەی فراوان کەئاوێکی سافورۆشنیان پێدا دەڕوا و لەشاخەوە دێ، ئاو دەدرێن. دوای پێنج سەعات رۆیشتن بەبیابانێکی سووتێنەردا، ئەم گوندە دڵگیرە، زۆر خۆشە. چاپارخانە لەوسەری ئاوایی کە زۆر دوورودرێژە، هەڵکەوتووە. دووسەعات لێرە دەحەسێینەوەو خەریکی خواردنەوەی چای‌وشیرومیوە دەبین. لەبەر سێبەر، لەژێر هەیوانێك دانیشتووین، جۆگەی ئاو لەبەرامبەرمان بەژێر دار بییەکان دا دەڕوا.

ئاو سامانی ئێرانە، بەڵام بڕەکەی کەمە، ئاو بۆ ئێرانییەکان بەقەدەر با بەنرخە. ئاو بەبایەخێکی زۆرو بەهۆی نۆینی ژێرزەوی کە بەزەحمەتێکی زۆرەوە هەڵدەکەنرێ، لەشاخەوە دێنن. ئەم نۆینانە کەپێیان دەڵێن کارێز زۆر بەوردی دەپارێزرێن. ئەگەر کارێزەکە بگیرێ یان ئەو کانییەی ئاوەکەی لێوە دێنن هیشك بێ. تەواوی خەڵکی گوند بەناچاری کۆچ دەکەن. ماوەماوە (نزیکی دە مەتر) لەسەر زەوی بیری گەورەیان لێداوە کەبەهۆیانەوە دەتوانرێ لەرێڕەوی ژێرزەمینەکەوە کارێزەکە پاك بکەنەوە.



www.pertwk.com

بەزۆری ئاو لەزۆر دوورەوە دێننە ناو گوند. کاریز بۆ ئەو کەسەی لێی داوە سەرچاوەی داهاتێکی گەورەیە. کاریز لەدەروازەی شار دەردەکەوێ و لەوێ دابەش دەکرێتە سەر ئەو جۆگانەی بۆ باغ و کێڵگەو ماڵەکان کە نرخەکەی دەدەن، دەچێ. پێوەری ئاو ئەو بڕەیە کە لەسەعاتێك دا دەڕوا، پێشینەی ئەم کاریزانە گەلێ کۆنە. دەڵێن یەکەم جار بەفەرمانی **کەمبوجیە** و **کوروش** و **گیو ماتای موغ** دروستکراوە.


دوای سەعاتێك راوەستان، بەڕێ دەکەوینەوە. ئەم مەنزڵە تا رادەیەك سەختە. سەرەتا بەهێواشی وەسەر شاخێکی بەرز دەکەوین. لەسەر ترۆپکی ئەم شاخەوە، زەوییەکی زۆر فراوان دەردەکەوێ. لەم دەشتە بێپایانەدا شارەکان کە داروباریان لەدەوروبەردا هەیە، تەواو لێك دوورن.

بەو شێوەی **مسیۆ م.رگلو** دەری بڕیوە، بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکمان لەمەڕ ئەم وڵاتە هەبێ دەبێ (لەسەر نەخشە، هەر گوندێ کە نیشان کراوە، دەوری بە بازنەیەکی سەوز داپۆشی و ئەویتر بەرەنگی خۆڵەمێشی).

چ هەورازێکی سەخت! بەسەر ئەو بەردانەی لەخڕکە بەرد دەچن ئەسپەکان بەدژواری دەڕۆن. لەشیان بەئارەقە تەڕبووە. هاتنە خوارەوەش ئەوەندە ئاسان نییە. بۆئەوەی باری وڵاغەکانمان سووك بێ، دادەبەزین، سەرەنجام لەشاخ تێدەپەڕین. ئێستا بەستێك دەگرینە بەر کەدەڕژێتە دەریاچەی ورمێ. دەگەینە ئاواییەکی گچکە کەلەوێ شیر وەدەست دەخەین و دەمێك بەهێواشی و دەمێك بەگورگە لۆقە رێگامان درێژە پێدەدەین. سەعات شەشی ئێوارە دەگەینە **سۆفیان** کە گوندێکی دڵتەنگەو







تەوریز

نزیکەی سەد خانییەکی لەقوڕ دروست کراوەو دەوروبەری بەباغ گیراوە.

هەر کەدەگەینە چاپارخانە، وەك دوێنێ خۆمان دادەمەزرێنین، بەڵام لەپڕ رەشەبایەك هەڵدەکاو تۆزوخۆڵ تا سەربان دەبا. دەرگاو شووشەی پەنجەرەکان دەگرین. لەم شوێنە هەژارانەیەدا نانی ئێوارەمان بریتییە لەهێلکەوچای و شیر. لەعنەت لەو تەپۆیانە دەکەین کە بەچزووە ژەهراوییەکانیان دیسان سووتانەوەی هەتاوبردنی دەموچاومان لێزیاد دەکەن. ئەم چزووانە ئەوەندە تیژن، پێست لەمل ودەموچاو دەستمان دەکەنەوە.



www.pertwk.com

## 5ی ئەیلول

سەعات پێنجی بەیانی سۆفیان بەجێدێڵین، رێگا خۆشودەشتە. هەرچەندە دووری شەش (فرسەخ) (چل کیلۆمەتر)یش لەتەورێزمان جودا دەکاتەوە، بەڵام هەر لەدەستپێکی جولانمان شاری تەورێزو باغەکانی دەبینین. لەناوەندی رێگا رووبارێك رێگاکە دەبڕێو لەجێگایەك کەتەنکاوە دەپەڕینەوە. پردێکی گچکە کە لەتەنیشت شوێنی پەڕینەوەکە دروستکراوە، بەتەواوی خراپ بووە. ئەم پردە ئەوەندە عەنتیکە دروستکراوە پیاو لەخۆی دەپرسێ تائێستا خەڵکی چۆن بەسەریدا پەڕیونەتەوە؟ لەتەنیشت رووبار ئۆردییەك هەیە، سەربازی بۆ چاودێری رێگاو پۆستەخانە تێدایە.


سەعات دە لە ئاستانەی دەروازەی تەورێز لەسەر پردێك کە ستوونەکانی ژێری خەتێکی شکاوە پێك دێننو وادێنە بەرچاو کە تاقەکانی بەبێ رەچاوکردنی راستەڕێیی، لەتەنیشت یەکەوە دروست کراون، دەپەڕینەوە.

شاری **تەورێز** زۆر گەورەیە، ژمارەی دانیشتوانی کەپێشتر لە 450 هەزار زۆرتربووە، ئەمڕۆ نزیکی 130 هەزار کەسە. زمانێ کە لەهەمووان زیاتر لەتەورێز رەواجی هەیە، تورکییە. دوای ئەو ئەرمەنیو دوای ئەویش فارسی. ئەم شارە بەزۆری بەهۆی بومەلەرزەوە زیانی پێکەوتووە. لەسەدەی نۆیەمی زاییندا بەبوومەلەرزەیەك سەلەبەری وێران بووە، زۆربەی دانیشتوانەکانی کوژراون. **زبێدە**ی ژنی **هارون ئەلڕەشید** چاکی کردۆتەوە. راست نییە





کەدەڵێن ئەم شاژنە دروستی کردووە، چونکە تەورێز پێش ئەویش هەبووە. تەنیا بۆ چاککردنەوەی قەرزاری ئەم ژنەیە. ئەم گەڕەکە وێرانانەی بەناوەندیان دا رەت دەبین، شایەدی ئەم بەڵایانەن.




یەکی لە دەروازەکانی تەوربز

دوای چارەکە سەعاتێك رۆشتن بەنێو کۆڵانە تەنگەکان دا کەدەوریان بەدیواری خشت گیراوەو بەدەگمەن خشتی سورکراوەی تێدایە دەبینرێ، تێدەپەڕینو دەگەینە کۆنسۆلخانەی فەرانسە. لەتەورێزیش وەك زۆربەی شارە گەورەکانی رۆژهەڵات ئوتێل نییە، کۆنسۆل زۆر بەگەرمی پێشوازی لەهاونیشتمانییەکانی خۆی دەکا. ناکرێ لەهیچ جێگایەکی دیکەدا پێشوازییەکی وا دۆستانە کە **مسیۆ برنای** لەئێمەی کرد، بینین. باری کەلوپەلەکانمان دەکەینەوەو دەیبەینە ژوورێکی زۆر راحەتو لەوێدا مێزو قەرەوێڵەو مەلافەو



www.pertwk.com

دوای ئەوەی سەروسەکۆتی خۆمان ڕێکخست، باشتر بەخانەخوێکەمان ئاشنا دەبین. مسیۆ برنای بیست ساڵە لەئێرانەو بەلێزانی و باشیی خۆی، بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەمانی لەبەرامبەر ئەم خەڵکە ڕەنگاورەنگە بەدگومانەدا پاراستووە. ئەو بەشێوازی دۆستانەی خۆی توانیویەتی خۆشەویستی ئەو کەسایەتییە پایەبەرزانەی ڕێزی لێدەگرن، بۆخۆی ڕاکێشێ. ئەو بە ڕەوانی بەزمانی فارسی وتورکی وعەرەبی دەدوێو هەتا بەزمانی فارسیش گەلێ شیعری جوانی هەیە، ئایا بۆ وڵاتی فەرانسە باشتر نابێ کە کۆنسوڵەکانی بۆ بەرزکردنەوەی پایەیان، جیهان دەگەڕێنو هەردەم لەگەڵ میللەتێکی دیکەدا ڕووبەڕوو دەبنەوە لەوڵاتێك دا بمێننەوەو بەرزبوونەوەی خۆیان هەر لەوێ وەدەست بخەن؟

زەنگی سەعاتی خواردن لێدەدرێ. لەسەر مێزی نان خواردن دەبینە نۆکەس کە بریتین لە: مسیۆو مەدام برنایو سێ منداڵەکەیان، **مسیۆ ڤیلێر**، کەپاشان لەتاران دەیبینینو قەشەیەکی میخیتاریست هامیلین ومن.

مسیۆ ڤیلێر–ی ئەندازیاری ڕێگا وتەلار لەلایەن شای ئێرانەوە بانگ کراوە تا بەلایەنی کەمەوە جادەیەك بۆ عارەبانە لەنێوان تەورێزوتاران دا دروست بکا. دوای نانخواردن مسیۆ برنای کۆمەڵە بەرهەمێکی هونەری ئێرانیمان پێنیشان دەدا. ئەو توانیویەتی شتی زۆر جوانو دەستنووسی زۆر نایاب کۆبکاتەوە. ئێوارە لەگەڵ **مالیپرتویی** وەرگێڕو مۆرداری کۆنسوڵخانە یەکتر دەناسین. ئەو لەبەغداوە دێ،





ئەمن زۆرم حەز لەگێڕانەوەی چۆنیەتی سەفەرەکەیەتی، چونکە ئێمەش دەبێ بەهەمان ڕێگای ئەودا بڕۆین، ئەو بەتەنێ بەئەسپ ئەو ماوەیەی بە بیستودوو ڕۆژ بڕیوە.

کاتی شیوخواردن، بێگومان قسە دەربارەی دەنگوباسی پاریس دەکرێ، کەئەم بەرێزانە گەلێکیان پێخۆشە. سەعات دە بۆ نووستن دەچینە ژوورەکەی خۆمان.

## 6ی ئەیلوول

لەبەرئەوەی شەومان بەبێ دوودڵی لەجێگایەکی خۆشدا بەسەربردووە، هەر کەدەچینە هەیوان مسیۆ مالیپرتۆیی و کۆنسوڵ دەبینین. ئەمڕۆ یەك شەممەیە، بەڵام لەم وڵاتە دوورەدا بۆ ڕێبواران ڕۆژانی یەك شەممە لەگەڵ ڕۆژانی دیکە جودانین. دوای نیوەڕۆ لەسەربان تەماشای دیمەنەکانی شاری تەورێز دەکەین. لەتەورێز ئەرمەنییەك هەیە ئیدیعای وێنەگری دەکا. چەند جۆرە دەرمانێکی وێنەگرتنی لێدەکڕمو هەوڵ دەدەم ئەمانە لەباتی ئەو دەرمانانەی لەو باوەڕەدام نەتوانم پەیدایان بکەمەوە، بەکاربهێنم. بەڵام هەوڵەکەم ئەنجامێکی باشی نابێ. دەرمانەکان خراپن. لەسێ کلێشە ناتوانم یەکێکی دەربهێنم. ئێوارێ لەسەربان بەسەر دەبەین. لەسەربانێك کەزۆر دوورنییە ژنی کۆنسوڵی ئینگلیز دەبینم، خەریکی پیاسەیە. ژیان بۆ ژنانی ئەوروپایی کە لەئاسیا دەژین، زۆر زەحمەتە چونکە ناتوانن بچنە جادەکان بەبێ ئەوەی خەڵکیان دوا نەکەوێو بێزیشیان لەجلوبەرگی موسلمانان دەبێتەوە . لەنێوان چوار دیواردا زیندانینو



www.pertwk.com

هەموو وەرزشەکانیان بریتییە لەوەی وەك پاسەوانان




زنی ئیرانی بە جلی دەرەوە

لەسەربان پیاسە بکەن. ئاوابوونی رۆژ زۆر جوانە، بەڵام ئەم دیمەنە لەتەواوی شارەکانی رۆژهەڵات دا وەکو یەکە. خانووی چوارگۆشە، بانی پان‌وپۆڕو دارسنۆبەری نێو حەوشان‌و چۆڵایی لەلایەك‌و شاخی رووتەن‌و هیشك لەلایەکی دیکەوە.

مسیۆ برنای بەداخەوەیە کە ناتوانین سێ هەفتەی دیکە لێرەبین تا رێوڕەسمی رۆژانی موحەرەم ببینین. ئەم رێورەسمەی رۆژانی موحەرەم پاشماوەی رێورەسمێکی توندوتیژی ترسناکە. دەمارگرژی مەزهەبی بێز لێبوونەوەی موسڵمانان لەژیان لەم کاتەدا بەبارێکی ترسناك نیشان دەدرێ. رێورەسم دە رۆژان دەخایەنێ.





گروپی دەمارگرژ کە کراسی درێژیان دەبەردایەو



تەوریزکونسولکەری فەرەنسا

شمشێرو قەمەیان بەدەستەوەیە بەجادەکان دا رەت دەبن. هەر تۆبەکارێك بەم چەکانە لەدەم‌وچاوو ملی خۆی دەدا، ئەو خوێنەی کە لەم برینانەوە بەسەر کراسە سپییەکان دا دەڕژێ. لەهەمووان دیارە.

هەموو هاواردەکەن‌و هەوڵ دەدەن زیاتر بوروژێن تا توندتر لەخۆیان بدەن. گەلێکیان بەهۆی خوێن رژانی زۆر دەکەون. خۆش بەحاڵی ئەو کەسەی لەم رۆژەدا بمرێ، خودا دەرگای بەهەشت بۆ ئەم جۆرە کەسانە ئاوەڵا دەکا . مسیۆ برنای گەلێجار ئەم دیمەنە خوێناویانەی



www.pertwk.com

لەسەر بانی خۆیانەوە بەچاوی خۆی دیوە!

ئێرانییەکان موسلمان‌وشیعە مەزهەبن. شیعەکان جگە لە **عەلی** کەسێکی دی بەجێنشینی پێغەمبەر نازانن. لەروانگەی ئەوان دا سێ خەلیفەکەیتر (**ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان**) کەپێش عەلی هاتوون، هیچ هەقێکیان نەبووە، بۆیە هیچ جۆرە بیروڕاو لێکدانەوەیەکی ئەوانیان قبووڵ نییە. سەربار شیعەکان باوەڕیان بەدوازدە ئیمام هەیە کەلەلای ئەوان بەرزترین پلەی ئاینییان هەیە. دوازدەمینیان کە لەتەمەنی دوازدە ساڵیدا بزربووە رۆژێك پەیدا دەبێتەوە، شیعەکان پێی دەڵێن **مەهدی**...

سونییەکان کەبەشی هەرەزۆریان لەقەڵەمڕەوی عوسمانیدان، بەسەرۆکی ئاینی خۆیان دەڵێن ئیمام. بەباوەڕی ئەوان ئەو ئیمامانە جێگای یەکدی دەگرنەوە. سوڵتانی عوسمانی کەسەرۆکی ئاین‌و نوێنەری حەزرەتی **موحەمەد**( د.خ)، ئیمامیشی پێدەڵێن، ئالای پێغەمبەر لای ئەوە... بەڵام تەنیا عوسمانییەکان بەرەسمی دان بەدەسەلاتیدا دەنێن.

موسلمانان دوو گروپی دیکەشیان هەیە: ئیسماعیلییەکان کەتەنیا باوەڕیان بەحەفت ئیمام هەیە. درووزەکانیش کە باوەڕیان بەخەلافەتی (الحاکم بامر الله)  هەیە...









مەلاو سەیدەکان

بەیانییەك لەگەڵ مسیۆ مالیپرتۆیی بەنێو شاردا دەگەڕێین. بەنێو بازاڕێکی ئاپۆڕەو پڕ لەشت‌ومەکدا رەتدەبین. مالیپرتۆیی، ئێمە لەگەڵ **ستیڤنس**-ی پارەگۆڕی ئینگلیزی کە لەگەڵ لێپرسراوانی فەرانسەییدا پەیوەندییەکی باشی هەیە، ئاشنا دەکا. ئەو بەقسەی رێزدارە فەرانسەییەکان، چەکەکەمان کە هی پارەگۆڕەکانی پاریسە، وەردەگرێ. نەمانویست بەسواری بچینە گەڕانێ، چونکە حەزمان دەکرد زۆرترو باشتر بچینە نێو خەڵکەوەو لەڕێورەسم‌و ئاکاریان بکۆڵینەوە.


دوای دیداری مستەر ستیڤنس، دەچینە مزگەفتی شین، کەلەلایەن **شاجیهانی کوڕی جیهانگیرەوە**  لەساڵی 1670 دروست کراوە. گەلێك




کەلاوەی مزکەوتی شین







سەربازانی کارد قەسابی دەکەن

جیهان بەمسۆگەری هەمان ئەو میرەیە کەلەتەواوی دنیادا جوانترین بینای لەدوای خۆیدا بەیادگار بەجێهێشتووەو بینای گۆڕستانی **ئەگراو سکندراو** کۆشکەکانی **دەهلی** کەلەکاتی سەفەرم بۆ **هیندستان** سەری سووڕهێنام، هی ئەون .

دەگەڕێینەوە کۆنسۆلخانە، ژووروم کە فەرمانم پێدابوو جانتاو کیفکی تفەنگم لە بازاڕ چاك بکاتەوە، نەیتوانیوە کەسێك پەیدابکا دەست بۆ جانتای مەسیحییەك ببا.

نزیکی سەعات چوار لەگەڵ مسیۆ برنای بۆ دیتنی کۆنسۆڵی تورك دەچین..ئەو فەرانسەیی نازانێ، بەڵام خانەخوێکەمان قسەکانمان بۆ



www.pertwk.com




**حەوشەی خانوویەکی شازادە**

کوردەکان لەژێر هیچ فەرمانێك دانین و تەنیا بەهۆی تالان و ڕێگرییەوە دەژین.

لەکۆنسوڵخانەی تورکیاوە دەچینە کۆنسوڵخانەی ئینگلستان. مسیۆ **ئابوت** لەماڵ نییە، بەڵام لەکاتی گەڕانەوەمان بۆ کۆنسوڵخانە مەدام





ئابوت و خانمی ستیڤنس-ی ژنی پارەگۆڕی ئینگلیزی دەبینین کەبۆ دیداری مەدام برنای هاتوون. ئەم خاتوونانە کە تەنیا ژنانی ئەورووپایین لەتەوریز، سەرباری ژیانە دژوارەکەشیان دڵخۆشن و گلەییەکی وایان لەژیانیان نییە. تاکاتی شێوخواردن، خەریکی قسان دەبین. لەکاتی دیداری ئەفەندی کۆنسوڵی تورك، تووشی ئەرمەنییەك دەبین کە پێکەوە سواری کەشتییەکەی دەریای ڕەش بووبووین. بەڵام ئەو بەبێ ڕاوەستان لەباتووموتەفلیس یەکسەر هاتۆتە تەوریز.پێش دووساڵ ڕووداوێکی سەیری لێقەوماوە، لەبۆسەیەکی دزان دا، خەنجەرێك لەسەری دراوە، کەللەسەری شکاوە و کاری لەمێشکی کردووە و لەماوەی نەخۆش بوونیدا زمانی زگماکی خۆی واتە ئەرمەنی بەتەواوی لەبیر دەکا. سەرەتا کەمە فەرانسەییەکی وەبیر دێتەوە کەفێری ببوو، هەرچەندە چاکیش بۆتەوە، هێشتا قسەکانی نارێکن، یادگاری زمانی خۆی کەم وەبیردێتەوە.

هەر بەیانییەك سەعات هەشت بەدەنگێکی سەیری گا ئاسا، بەڵام ڕێكوگونجاو کەزیاتر لەچارەکێکی پێدەچێ، واگادێین. ئەمە دەنگی کەڕەنایەکە کە وەستای گەرماو بەهەموو نەفەسی خۆی فووی پێدا دەکا تا خەڵکی ئاگادار بکاتەوە لەوەی ئاو گەرمە و دەرگا کراوەتەوە. هیچ شتێك لەگەرماوی ئێرانی پیس تر نییە. حەوزێکی چوارگۆشە بهێننە بەرچاو کە لاکانی هەشت تا دە مەترە، ئاوەکەی لەژێرەوە گەرم دەبێ، هەر کەس دێتە گەرماو، دەچێتە ناوییەوە. چونکە لەئێران ئاو کەمە و هەموو ڕۆژێ ئاوەکەی ناگۆڕن جۆرە توێژێك بەسەر ئاوەکەوە دەبینرێ. خەڵکەکە بەلەززەت خۆیان لەنێو ئەم ئاوە بۆگەنەدا نقووم دەکەن کە لەئەنجام دا تووشی نەخۆشی بێزراو دەبن. ئەورووپییەکان



www.pertwk.com

هەموو ڕۆژێ بەنێو شاردا دەگەڕێین. ئەمڕۆ سەربازانی گارد دەبینین کەبۆ بەسەربردنی کاتی بێکاریی خۆیان مەڕێکیان سەربڕیووەو لەو گۆڕە شەق شەقی دەکەن. کاری قەسابی بۆ سەربازان زۆر سەرنج ڕاکێشە، سەربازانی گارد پێکەوە یەك یان دوو مەڕ دەکڕن‌و لەنێو دووجار پاسەوانیدا سەری دەبڕن‌و کەوری دەکەن و پارچە پارچەی دەکەن. لەدواییدا ران‌و پەراسووەکانی بەنێزەی تفەنگەکانیانەوە دەکەن‌و گۆشت بەکیلۆ بە ڕێبواران دەفرۆشن. خۆشیان تەنیا سەروپێکەی لەگەڵ برنج دا دەخۆن. پێشتر ئەفسەرانی تورکم دیوە گۆرەوی بچنن، گوایە کاری سەربازی لەرۆژهەڵات وەك پیشەیەکی هەمیشەیی، بەس نییە.


دوای نیوەڕۆ لەگەڵ مسیۆ برنای دەچینە دیداری **ساعد الملك**-ی نوێنەری کاروباری دەرەوەو داوای لێدەکەین کاتێکمان بۆ دیداری کوڕی شا کە فەرمانڕەوای شاری تەورێزو تەواوی ئازەربایجانە، بۆ دیار بکا.

بەئەسپ لەگەڵ شەش کەس کە لەراستیدا کاریکاتۆرین بەبەرگی سەیروگاڵتەجاڕی دەڕۆن، تەنیا سێ کەسیان کراسی سەربازی ڕیشەداری بێ‌دوگمەو دڕاوو بە لەکەیان دەبەردایەو هیچیان لەرەنگی ئەویتر نییە. داوی شمشێری سپییان وەك خاچ پۆشیوە کەتەنیا دوانیان سەرەنێزەیان هەیە. هەر یەکەیان تۆبزێکی پێیە کەوەك شمشێر هەڵی گرتووەو خەڵکی پێ بڵاو دەکەنەوە تا لەبازاڕ ڕێگامان





ئاوەڵا بێ. وەزیر زۆر میهرەبانە. مسیۆ برنای بەهەڵس‌وکەوتی چاکی خۆی ئەوەندەی ڕێزی هەمووان ڕاکێشاوە کەهەر کەس لەلای ئەوەوە دەست نیشان بکرێ، ڕێزی لێدەگیرێ. لەماڵی وەکیل، **میرزا عەلی ئەکبەرخان** سەرۆکی تەشریفات‌و ژەنەڕاڵ **قولیخان**-ی سەرگاردیش لەوێ بوون. قسەی هەمووان هەواڵپرسییەکی بەئەدەبانەو زیادەڕۆییەك بوو کەبەپێی ئاکاری ڕۆژهەڵاتییان لەنێوانیان دا بێ‌دەنگییەکی دوورودرێژ دەسەپا. لەسەر سەکۆیەکی فێنك لەژێر سێبەری داران دانیشتووین. چای‌وشەربەت‌وقاوەمان بۆ دێنن کەدەبێ هەمووی بخۆیتەوە، چونکە گێڕانەوەی بەبێ ئەدەبی دەژمێردرێ، ساعد الملك پێمان رادەگەیەنێ کەداواکەمان بەخۆشحاڵییەوە قبوول دەکرێ، چونکە جێنشین لەوێ ڕۆژیوە بیستوویەتی دوو فەرانسەیی هاتوونەتە تەورێز پێی خۆشە لەگەڵیان ئاشنا بێ.




دیوەخانی بیشوازی شازادەیەك



www.pertwk.com

دوای چارەکە سەعاتێك مۆڵەت وەردەگرین‌و بەنێو کۆڵانی بەپێچ‌وپەنای لێکچوو کەبۆ بێگانەیەك شارەزابوونی دژوارە، دەگەڕێینەوە کۆنسوڵخانە.

دوای شیوخواردن قسان دەکەین‌و سیگار دەکێشین. مسیۆ برنای چەند شیعرێکی فارسیمان بۆ دەخوێنێتەوە پاشان بۆمان وەردەگێڕێ. سەعات یازدە هەموو دەڕۆن‌و ئێمەش دەحەسێینەوە.

دوو رۆژی دیکە دەڕوێن.

## 9ی ئەیلوول

جلك‌وبەرگمان ئامادە دەکەین. سەعات دە جێنشین موزەفەرەدین میرزا پێشوازیمان دەکا. سەعات نۆونیو بەجلکی رەش و کەراواتی سپی‌و گالوشی سەرپێڵاو بەتەواوی ئامادەین. گالووشەکانمان لەبەرئەوە دەپێ‌کردووە، تا کاتێ دەچینەلای جێنشین وا دەربخەین پێڵاوەکەمان داکەندووە. پێویستە بەم جلکە سەیرە سواری ئەسپ بین‌و لەبارێك دا پارێزگارانی دوێنێ لەگەڵ چوار کەسی تایبەتی کۆنسوڵخانە کە بەرگیان کەمێ باشترە، پێشمان کەوتوون دەچینە حەوشێکی گەورەوە کەلەناوەندی دا حەوزێك دەبینرێ. دەچینە ئەوسەری حەوشەو لەوێ دادەبەزین. گاردەکان هەڵدەستن ئەوان دەمانبەنە ژوورێکی گچکەی سپیکراو کە کەل‌وپەلی ژوور تەنیا مافوورێکە و سێ کورسیمان بۆ دێنن. میرزا ئەکبەرخان‌و ژەنەراڵ قولیخان کەدوێنێ لەماڵی ساعد ئەلمولك لەگەڵیان ئاشنابووین دێنە پێشوازیمان.نیوسەعات چاوەڕێ دەکەین‌و لەم ماوەیەدا قلیان و





چای‌وقاوە دێنن. پاشان پێمان رادەگەیەنن کەپایەبەرز موزەفەرەددین میرزا ئامادەی قبوڵ کردنمانە. لەحەوشەیەك، پاشان لەراڕەوێك‌و حەوشێکی بەداروبار تێ‌دەپەڕین. شازادە لەبینایەکی گەورەدا دەژی کەپەردەیەکی گەورە لەهەتاو دەیپارێزێ. گالوشەکانمان دادەکەنین‌و سەربەکڵاو دەچینە ژوورێ. رێ‌ورەسم وادەخوازێ.

گفتوگۆ لەگەڵ شازادە هیشکە، چونکە ئەو فەرانسەیی نازانێ، مسیۆ برنای بەوەرگێڕانی چاك‌وخۆشی‌و وەرامەکانی ئێمە قەناعەت دەکا.

شازادە کەیفی بەسەفەرەکەمان دێ‌وسەری لە دلێری‌و بەورەیی ئێمە سووڕ دەمێنێ‌و داوامان لێدەکا کە لەگەڕانەوەماندا سەرکەوتنی گەشتەکەمانی پێڕابگەیەنین. شازادە سیمایەکی رێکی هەیە. کوڕێکی گەنم رەنگ‌وجوانە، رەفتاری نەرمەوخۆشەویستی خەڵکییە. هەرچەندە لەدوو براکەی خۆی کە لەسەر تاج‌و تەختی وڵات رکابەری دەکەن گچکەترە، بەڵام لەبەرئەوەی دایکی لەتایفەی قاجارە واتە لەبنەماڵەی شایە بەمیراتگری یاسایی دەژمێردرێ‌و بۆ جێنشینی، لەوانی دیکە لەپێشترە. جێنشین دەربارەی گەشتەکانی پێشووم، چەند پرسیارێکم لێدەکا، چونکە خۆی راوچییەکی گەورەیە بەتایبەتی حەزدەکا لەمەڕ گیانداری هەر وڵاتێك بزانێ و لەو راوانەی لەوان وڵاتان دا کردوومن دەکۆڵێتەوە. دوای نیوسەعات گفتوگۆ سێ‌جار سەر دادەنوێنین. لەگەڵ کشانەوەمان، لەخزمەت شازادە دەردەچین.

ئێوارە کۆنسوڵی ئینگلیزو کۆنسوڵی تورکیا دێنە سەردانمان. کۆنسوڵی تورکیا ئەو نامانەمان بۆ دێنی کە گفتی پێ دابووین‌و



www.pertwk.com

رادەسپێرێ کە لەھەرشت گرنگتر ئەوەیە بەکەس نەڵێین ئێمە دەستەیەکی دەوڵەتی فەرانسەین. دەڵێ چونکە لەبەر ئەو بەدگومانیەی ھەیانە لێناگەڕێن کارێك بکەی و گیروگرفتێکی




تابلۆی ئێرانی





زۆرت بۆ دروست دەکەن. ئەو شتانە زانیاری زۆر بەنرخن، بەڵام دان پێدانانی لەلایەن خودی نوێنەری رەسمی دەوڵەت ئەوە دەگەیەنێ کەئەو میللەتە بەچ رێگایەکی خراپ دا دەڕوا. دوای کەمێك رەسمی نایب ئەلسەڵتەنە لەگەڵ راسپاردەی بۆ لێپرسراوانی بەرزی وڵات کە بەدەستخەتی خۆی نووسراوە وەردەگرم. کۆڕی شەوانە بەخۆشی تەواو دەبێ و کۆنسۆلی ئینگلیز لەگەڵ خانمەکەی ھاتووەو قسەکان زۆر گەرمو خۆشن.

## 10ی ئەیلوول

ئەمڕۆ دوا رۆژی حەسانەوەمانە. بۆ خۆئامادەکردنو قایم کردنی ئەوشتانەی کڕیومن لەکۆنسۆلخانە دەمێنینەوە. مسیۆ برنای بەلوتفی خۆی ئەرکی پۆست کردنی شتەکان بۆ پاریس بەئەستۆوە دەگرێ.

مسیۆ برنای بۆ دواجار ھەوڵ دەدا لەسەفەر پەشیمانمان بکاتەوە. ئەو دەڵی مەسەلە تەنیا ترس لەکینەو دەمارگرژی خەڵکەکە نییە، بەڵکو گومانو حەسوودی دەوڵەتی تورك لەگۆڕێدایە کەئەگەر کارەکانتانیان بەدڵ نەبێ، دەتوانن بۆ لەناوبردنتان رێگران بەکرێبگرن. سەربار، کوردەکانی دانیشتووی زابی گەورە کە بەردەوام دژی (بابی عالی)نو دەوڵەتی تورك ناتوانێ لەشاخان دا بەدوایانەوەبێو ئەوانیش نایانەوێ حوکمی دەوڵەت قبوڵ بکەن، رکیان لەئەوروپییەکان دەبێتەوە. بەزۆری مەترسییەکان لەلایەن دەوڵەتەوە دێن. شازادەو مەلاو فەرماندارەکان کیژی سەرۆك ھۆزە



www.pertwk.com

مسیۆ برنای لەچاکەی خۆی قەرەوێلە سەفەریەکەیم دەداتێ. ئەمن زۆری پێخۆشحاڵ دەبم، چونکە کیسە خەوەکەم بەس نییە تا شەوان لەو گۆڕە لەژێر ئەستێران بخەوم، زۆر لەزەوییەوە نزیکم. دوێنێ خزمەتچیەکی کلدانیم بەکرێ گرت کەدەڵی فەرانسەیی دەزانم. دەربارەی ئەو گەلێ زانیاریم دەست کەوتووە. وا دیارە زۆر دەست پاكو دروست کارە. ئەو خۆی بەیوڤان ناودەبا.

مسیۆ مالیپرتۆیی بۆ خوداحافیزیو بەرێ کردنمان هاتووە. مسیۆ برنای دوای ئەوەی گەلێ دۆستانە پێشوازی لێکردین، یەکێك لەهێسترەکانمان بەئازووقەو خواردن باردەکا کەتا ورمێ بەشمان دەکا. بۆ دواجار خوداحافیزی لەخانەخوێکەمان دەکەینو ئومێدەوارین لەپاریس بەیەکتر بگەینەوە، پاشان وەڕێ دەکەوین.




کێرد و خنجەر





## پەراوێزەکانی بەشی سێیەم:

[1]) پارەی ئێرانی بریتییە لەتومان کەنزیکەی (8) فرانکەو یەك قڕان نزیکەی (80) سانتیمەو یەك شاهی نزیکەی (5) سانتیمە. (ئێستاش تومانێك (10) ریالە ( و.ك).

[2]) Mekhitaristes سەرەتا لەشاری (مودون)ی یۆنان، لەساڵی 1708 بەهۆی میختیارەوە دامەزرا. کاتێ ڤینیسییەکان لەساڵی 1717 (موری)یان لەدەست دا، ئەو دێری خۆی بۆ دوورگەی (سان لازار) لەناوەڕاستی زۆنگاوی ڤینیس، گواستەوە. میختیار بەدرێژایی تەمەنی هەوڵیدا یەکبوونی بیروڕای کاسولیکی دروست بکا. لەساڵی 1700 بەرەو ئەرمەنستان، لەکاتی گەڕانەوەی بۆ یۆنان، ڕێبازی (میختیاریست)ی بۆ درێژەدان بەکارەکەی خۆی دامەزراند.

[3]) بڕوانە: Exposede La religion des Druze لەنووسینی Sylsestre de Sacy.

[4]) نووسەر، جیهانشای بە هەڵە بە شاجیهان نووسیووەو دیسان هەڵەیەکی گەورەتری کردووە کە بەکوڕی جیهانگیری پاشای مەغۆلەکانی هیندستانی زانیوەو لەجێگایەکی دیکەش دا، هەڵەکەی دووبارە کردۆتەوە، هەروەك زانراوە (جیهانشا) کوڕی (قەرە یوسف)ی تورکمانەکانی قەرەقۆنیلووە. (و.ف).

[5]) شا جیهان لەپاشا گەورەکانی مەغۆلی هیندستانەو لەشاری ئەگرای پایتەختی خۆی لەیادی ژنە خۆشەویستەکەیدا تەلاری بەناوبانگی ( تاج محەل)ی دروست کردو هیچ پەیوەندییەکی بەجیهانشای قەرەقۆینلۆوە نییە. (و.ف).

[6]) وشەی میرزا کاتێ لەپێش ناو دابنرێ، واتە کەسێکی خوێندەوارو ئەگەر دوای ناوبێ، واتای شازادە دەبەخشێ.

[7]) قلیان: جۆرە پایپێکە کەبۆ مێوانانی دێننو بەنۆرە دەیدەنە دەست یەکترو هەرکەس مژێکی لیدەدا. سەری قامیشی قلیان کە لەماددەی کارەبایە، دەیخەنە سەر لێوو وەك سەرەپایپی ئەوروپاییەکان نییە کە دەیخەنە ناودەم.



www.pertwk.com

[8]) بۆ سەلماندنی ئەم مەسەلەیە ناوی خێڵی (شەماوەند) دێ کە بۆتە مایەی ترسو تۆقاندنو زیاتر لەپەنجا ساڵە دەستەڵاتی بابی عالی بەهیچ نازانن‌و لەبەرانبەریدا وەستاون. چۆن بەبینینی کاری لەمجۆرە، گومان لەوە ناکرێ کە دەوڵەت خۆی دەستی هەیە.







www.pertwk.com




عەرەبانەی ئەرمەنی

## بەشی چوارەم
## لەتەورێزەوە تا ورمێ-ورمێ
## لە11تا 16ی ئەیلوول

**رۆیشتن لەتەورێز-کەژاوە-دەریاچەی ورمێ-چاپارخانەیەکی داڕووخاو-چەند یادداشتێك دەربارەی دەریاچە: چڕییەکەی، دوورگەکانی، کەشتیڕانی، کەمیی ئاوی خواردنەوە-ئەلماسەرای. شەوێك لەکۆگایەك دا-دۆڵی سەلماس-چارچای-دیلیمان-ناو کاروانسەرا-زینوی ئیسیسو-گیاڤیلین. دەشتە شۆرەکەکانی کەنار دەریاچە- تەلگرافی نێوخۆ-چوونە ورمێ-مژدەهێنەرانی لازاری-ڕێزدار رینارد- خوێندنگاو دەزگای ئایینی-هێزی پۆلیس لەرۆژهەلات-لەشکر سازدانێك- پێکهاتی کاروانەکەمان-پارێزگاران ئەوەندە بەسوود نین-دیداری فەرمانداری- راو بەباز- جلکی ژنان- نانی لەواش-ترسێ کەفەرمانداران لەمەلایانیان هەیە- مەراغە-قەشەی خێزاندار-نەستوورییەکان و کلدانییەکان-مارسیمۆن-رۆیشتن لەورمێ.**





بۆئەوەی زووتر بگەینە ورمێ، دیسان سوود لەخزمەتگوزاریی ئەسپی پۆستە کەتا ئەو شارە دەڕوا، وەردەگرین. سەرەتا بەهەمان ئەو رێگایەی کەپێشتر لەجلفاوە پێیدا هاتینە تەورێزەوە دەچینە **سۆفیان**. پاشان لەرێگای جلفا لادەدەین و روودەکەینە سەرووترین خاڵی دەریاچەی ورمێ.

بەچەند شوێنێکی کاول دا تێدەپەڕین کە چەند کاروانە حوشترێك–لەناویان دا لایان داوەو لەکاتی چوونە دەریشمان لەگەڵ کاروانێکی گەورە لێك تێدەپەڕین. یەکەمین جارە کەژاوە دەبینم، کەژنان بەهۆیەوە سەفەر دەکەن. کەژاوە شتێکی تاقچە ئاسایەو چوارچێوەیەکی داری هەیە. سەرپۆشێکی دەستچنی هەیە وەك کورتانێك دەکەوێتە ئەملاو ئەولای ئەسپەکەوە. لەهەر لایەکی کەژاوەدا ژنێك و منداڵەکانی جێگایان دەبێتەوە. ئەو بەدبەختانە لەسەرچیچکان هەڵدەتروشکێن و بەدرێژایی رێگا دەبێ هەروابن. ئەسپی هەڵگری کەژاوە بەتەنیاو بەهێواشی بەدوای ئەسپەکانی دیکەدا دەڕوا. کەژاوەی دەوڵەمەندەکان لەلایەن خزمەتکار یان خواجەوە چاوەدێری دەکرێ.

ئەم بەشەی رێگا کەپێشتر بینیومانە، شتێکی سرنج راکێش نییە. ئێستا ژمارەمان زۆرترەو کەل‌وپەلەکانی سەفەریشمان زیاترە، بۆیە ناتوانین زۆر بەخێرایی رێبکەین. ئەم مەنزڵەی لەهاتن دا پێنج سەعاتی پێچوو، لەچوون دا شەش سەعاتی بۆ دادەنێین.

دوای سەعات‌ونیوێك رۆیشتن دەگەینە چاپارخانەو سەعاتێکیش لەوێ بۆ نان خواردن دەمێنینەوە. خواردنمان ئەو شتانەن کە لەگەڵ خۆمان هێناون، بۆیە خزمەتچی ماوەی هونەر نواندنی نییە،



www.pertwk.com

مریشکی برژاوی ساردو پەنیرو چایومیوە.

سەعات سێ وەڕێ دەکەوین. ڕێگا کەمتر چۆلەوانییە. بەنێو داروبارێکی ترێو سونجەت کەپەلکە مەیلەو سەوزەکانی زۆر لەگەڵاو میوەی زەیتوون دەچن، ڕەت دەبین. لەلای ڕاستمانەوە بناری شاخی میشاهۆیەو لای چەپیشمان کەچەند لووتکەیەکی دوورن، هێشتا بەفری زستانی ڕابردوویان پێوەیە. چەند گوندێکمان دەکەونە سەر ڕێگا کە بریتیین لەئیسکینەر، نمیت وئولا. بارەکان بەباشی بەستراون، بۆیە دەتوانین بەتوندی لێبخوڕین. ئەو هەگبانەی لەباتی جانتا شانییەکانی خۆم کە لەرێگا لەگەڵ زینەکەدا بەجێما، کڕیومن، جوان نین، بەلاّم زۆر سووکن. ئەم هەگبانە گەورەترو قایمترن‌و پتەویش چنراون.

ڕێگا کە بەنێو دۆڵەکانی یەکەمین زنجیرەی قەرەداغو سەهەنددا دەڕوا، بەسەر دۆڵێکی سێگۆشەدا دەڕوانێ کە شارەکانی **سۆفیان**و **تەورێزو شەبستەری** تێدا هەڵکەوتووە. هێشتا تەورێز دەبینم لەدوورەوە وەك لەکەیەکی سەوزی گەورە دێتە بەرچاو. ئەم پانایییە گەورەیەی بەشاخی هیشكو ڕووتو خەتی سەیرو ڕەنگی عەنتیکەی سورو سەوز دەورە دراوە، دیمەنێکی زۆر بەشکۆیە. دیسان گوندێکی گچکە بەناوی سیزیراوسیت لەنێو ئەسپیندارو دارمێوو چەند دارگوێزێك دایە، ئەو ڕووبارەی دەبووایە ئاویان بدا بەتەواوی وشك بووە. ئەو گوندانە سیمایەکی وێران‌و هەژارییان بەخۆوە گرتووە، هەموو خانووەکان لەقوڕ دروست کراون‌و زۆربەشیان نیمچە کاولگەن. ڕۆژ خەریکە ئاوا دەبێ و شەو دادێ.

لەدوور داوێکی بارێکی زیوین دەبینین. ئەمە دەریاچەی ورمێیە





کەئەگەر چەند مانگێك بەر لەئێستا هاتبایین، گەلێ زووترمان دەبینی چونکە ئەو باراناوانەی لەشاخەکانی دەوروبەرەوە تێیدەڕژێن. ئاوەکەی تاراددەیەك زۆرتر دەکەن کەنیمچە دوورگەی شاهۆ دەبێتە دوورگە. ئەو چەند گوندەی لای چەپمان کەلەسەر ئەو زەوییە لماوییانەی لەمانگی ئادارونیسان دا نقووم دەبن، هەوایان زۆر ناخۆشەو وێڕای هیشکیی ئاووهەواشیان، تادارن، ئەو زەوییانەی پێش دوو مانگ لەبن ئاودابوون، بەردەوام بەهۆی گەرمای هاوینەوە گەزگەزۆکی نەخۆشی هێنەریان لێدەروێ.

شەو دادێ کەدەچینە نێو شەبستەر. گوندەکانی ئێران زۆر بلاّون‌و چاپارخانە لەپەڕگەی دێیە. بۆ گەیشتنە چاپارخانە سێچارەکمان پێدەچێ، کاتێ پێیان گوتین چاپارخانە لەبەرباراني توونـد ڕووخاوە، نائومێد نەبووین!.. دیوارەکان تواونەتەوەو ڕووخاون‌و چاکیان نەکردوونەتەوە. سەرۆکی چاپارخانە پێشنیار دەکا لەماڵی ئەوان لادەین.

بەپەلە پێشنیارەکەی قبووڵ دەکەین. ئەو باشترین ژووری خۆیانمان پێدەداو یەکێك لەژنەکانی کە لەو ژوورەدا دەنووست، دەنێرێتە تەویلە.

شەو زۆر جوانە، پیاوەکان ئاگریان کردۆتەوەو لەحەوشە دەنوون بارەکانمان لەژوورێ، لەنێوان دوو تەختی نووستنەکەمان دادەنێین، ژوورەکە بەمافووری گرانبەها پڕکراوەتەوە.



www.pertwk.com

## 12ی ئەیلوول

سەعات پێنج دەڕۆین. هەمیشە دەبێ کاتێکی زۆر بۆ زین کردن و ئامادەکردنی ئەسپ و بارکردن تەرخان بکەین. ژووروم هەمیشە بەخۆپەرستی و بێشەرمییەکی تەواو باشترین ئەسپ بۆخۆی دادەنێ. بۆیە ناچار دەبین داوای لێبکەین کەپێش زین کردنی ئەسپەکان لێبگەڕێ خۆمان ئەسپی خۆمان دەست نیشان بکەین.

ئەم قۆناغە بەخراپی بەسەردەچێ، بارەکان یەك دووجار دەکەون، هامیلین ومن وەپێش کاروان کەوتووین و لەسێبەری چەند دارێك چاوەڕوانین. لەهیکڕا دەبینین ژووروم–ی بێچارە لەبارێك دا، بەساردی مەیتەری دۆن کیشوتSancho Panca سیگارێك دەپێچێتەوە، بەهێواشی دەگاتە جێ. دەپرسم: ((باشە! بارەکان چییان لیهات؟)) دەڵی ((نازانم!)) دەڵێم ((چۆن؟ ئەدی ئەمن بەتایبەتی نەمکردووی بەچاودێری بارەکان، بەم شێوەیە ئەرکی خۆت رادەپەڕێنی؟)). لەسەر ملەیەك داین، هەڵدەستم و بەدووربینە گچکەکەم لەدووری دووکیلۆمەتر لەدواوە دەبینم کاروان خەریکی حەسانەوەیە و بارەکانیشیان خستووە، تووڕەم و ژووروم ناچار دەکەم بەتیژی بگەڕێتەوە. لێم دەوێ لەمەودوا لەدواوەی کاروانەوە بڕوا. چونکە هێشتا دڵنیانیم لەوەی دەتوانین بەئاسانی و بێزیان بیگۆڕین، دان بەخۆدا دەگرم. ڕێگا تا ماوەیەکی لێك جودای شەش تا هەشت سەد مەتر بەتەنیشت دەریاچەدا دەڕوا: دیمەن دڵتەنگ و هیشکە، گۆمە دابڕەکانی خوێ لەدوورەوە لەکەڤ شەپۆلان دەچن.








زنی ئیرانی لە کەژاوەدا

قووڵایی دەریاچە زۆر کەمە: قووڵاییە مام ناوەندییەکەی دەگاتە چوار مەتر. ئاوی دەریاچە بەتایبەتی لەم وەرزەی ساڵ دا زۆر سوێرە، پێنجیەکی خوێیە لەبارێك دا خوێیە. ئاوی دەریا قەت لەسییەك 30\1 تێناپەڕێ. کانییەکی زۆر لەنێو دەریاچەوە هەڵدەقولێن و لەسەرەوەی چینێکی سیلیسی  جێدێڵی کەزۆر لەمەڕمەڕ دەچێ و مەڕمەڕی تەورێزی پێدەڵێن و ڕەنگی لەنێوان قاوەیی و سپییەکی زەردباودا دەگۆڕێ. دەریاچە وەك ڕێگا بەکار ناهێنن، کەشتی ناتوانێ تێیدا بڕوا  لەبەرئەوەی هیچ جۆرە ماسییەکی تێدا ناژی، خەڵکی بەپێویستی نازانن بەلەمی راوەماسی دروست بکەن. لەئێران گەورە پیاوان ئەوەندە پەرۆشی پلەوپایەن کەیەکێك پلەی دەریاوانی داوەتە خۆی. یەکێك لەمامەکانی شا بەهۆی پیلانێك لەساڵی 1838دا پلەی دەریاوانی دەریاچەی دەست دەکەوێ. هیچ کەس ناتوانێ بەبێ مۆڵەتی ئەو بەلەمێکی هەبێ.



www.pertwk.com




روی جابارخانەی تیسی هوج

ئەمەو لەهەقی ئەم پلەیەوە مووچەیەکی زۆر وەردەگرێ. دوای مردنی ئەم پایەیە هەڵدەوەشێتەوە.چەندان دوورگە لەنێو دەریاچەدا هەن کە هی شازادە یان دەوڵەمەندەکانن. لەیەکێك لەو دوورگانەدا کارێکی گەلێ سەیر قەوماوە. ماخۆی دوورگە کەزۆری حەز لەڕاوبووە، ژمارەیەك بزنە کێوی دەباتە ئەوێ. بزنە کێوییەکان هەرساڵ زاوزێ دەکەن و زۆر دەبن. لەساڵێکی قاتوقڕیدا، ئاوی کانییە کەمەکانی نێو دوورگەکە هیشك دەبن. ئاژەڵەکان کەجگە لەئاوی سوێر ئاوێکی دیکەیان دەست نەدەکەوت، بە رەوە دەست بەمەلە دەکەن و لەدەریاچە دێنە دەرێ و بەنێو چیاکانی کوردستان دا بڵاودەبنەوە.ئەم بەرزاییانە یەکێك لەبڵندترین ناوچەکانی ئێرانن، دەریاچەی ورمێ کەقووڵترین





بەشی دۆڵەکە پێك دێنێ هەزاروچوارسەد مەتر لەئاستی دەریا بەرزترە. هەوای ئەم ناوچەیە زۆر هیشکە: ئاسن و پۆڵا و چەك کەچەندان مانگ بکەونە بەر هەواش کەمترین ژەنگیان لێنادا. دەست و لێومان کە قەڵشیبوون، هێشتاش چاك نەبوونەتەوە.
شاخەکانی تەنیشت دەریاچە گەلێ کانی خوێی تورکییان تێدایەو بەدەگمەن رووبارێك ئاوی شیرین پەیدا دەبێ و زۆربەی ئەو ئاوانەی دەشخورێنەوە ئاوێتەی کانزایی نەخۆشیان تێدایە. هەروەها لێرە شینایی و گیا دیار نییە، ئەم ئاوە روون و زوڵاڵە بەنێو بەستێکی لەوچەودا دەڕواو مۆڵەت نادا هیچ گیایەك شین بێ. ئەگەر بەرێکەوت کانییەکی شیرناو هەڵقوڵێ، دەتوانرێ




یوفان



www.pertwk.com

بەهۆی ئەو داروبارەی لەدەوروبەریدا شین دەبێ، ببینرێ. بەزۆری لەنك كانی وا كەونە كۆلیتێك دروست كراوەو هەركاتێ لەوێ راوەستی، ریبوارێك دەبینی تێنوێتیی خۆی شكاندووەو خەریكی حەسانەوەیە.

ئەم قۆناغە زۆر دوورو درێژەو ئەسپەكانمان ماندوون، لەنیوەی دووەمی ریگادا دەگەینە كاولە كاروانسەرایەكی گەورە كە كاسبێك چایو شفتیو تریێی بۆ فرۆشتن لێداناوە. ئێمە ئەوەندەمان حەز لەشامی نییە، لەبارێك دا خەڵكی ئەم ناوچانە بۆی دەمرنو زۆربەیان لەباتی خواردن قەناعەتی پێدەكەن. نزیكەی نیو سەعات دەحەسێینەوە.

پیاوەكان لەبەر سێبەر دانیشتوونو زەحمەتی ئەوە ناكێشن سەر لەئەسپەكان بدەن كە بەزینو بارەوە دەگەوزن. دیسان ماوەیەكی زۆر بەنێو دەشتێكی رووتو زۆنگاوی شۆرەكی نیوە هیشك دا تێدەپەڕین: دەگەینە چەند سوارێكی كورد كە رمی درێژییان پێیە، دوای سەعاتێك دەگەینە تیسی هوچ. هەتاو گەرمە، بەڵام چاپارخانە كەوتۆتە جێگایەكی باشو جۆگەیەكو چەند داربییەكی لەبەرامبەر دایە. لەوێ خەریكی پشووودانو نانخواردن دەبین. پێش سواربوونەوەو رۆیشتن، چەند وێنەیەك دەگرین.

سەعات دوو، وەڕێدەكەوینەوە. **دیلیمان** كەدەبێ شەوێ لەوێ بین (56) كیلۆمەتر دوورەو لەبەرهەندێ نابێ كات لەدەست بدەین.

ئەو شاخانەی ئێمە بەبناریان دا رەت دەبین، دیمەنێكی سرنج راكێشیان هەیەو چینی گەورە پێك دێنن كەبەئاشكرا بە رەنگی قاوەییوسەوز دەركەوتوون. تەواوی ئەم چینانە لەبەردی بوركانینو






دەبێ پڕ لەكان بن، بەڵام ئەم كانزایانە دەرنەهێنراونو سوودیان لێوەرنەگیراوە. رۆژهەڵاتییەكان تەنیا بەتەنگ بەرژەوەندییە مسۆگەرو ئامادەكانەوەن.

هامیلینو من وەك هەمیشە پێش قەرەوڵی كاروانین. خزمەتچییەكەمان پێدەچێ پیاوێكی ئیماندارو وردبێو ژورومیش دوای سەرزەنشت كردنەكەی زیاتر بەتەنگ شتەكانەوەیە. لەبەر ئەوەی كەس نابینین بێتە سەر رووبارەكە، چاوەڕوانییان دەكەین. هامیلین ناتوانێ لەبەرامبەر ئەو مەیلە توندەی كەدەیەوێ وەك بۆقەكانی نێو ئاو مەلەبكا، راوەستێ، چونكە ئاوەكە دەگاتە پشتینی لەناویا درێژ دەبێ. كاروانمان دەگاتێو دیسان بەهێواشی ریگا دەگرینە بەر. رۆژ دادەكشێو دیمەنەكە بەشكۆیە.

دەریاچەكە تیشكی هەتاو رەنگ دەداتەوە، دەڵیی لەزێڕوزیو دروست كراوە. تارمایی سەیری شاخەكان كەبەشێوەیەكی سەرسووڕهێنەر رۆشن بوونە، لەئاسۆدا، لەئاسمانی شیندا بەرجەستەبووە، هەموو شتێك بێدەنگوئارامە.

سەعات هەشت دەگەینە ئەلماسەرای، ئەو گوندە گچكەیەی مەبەستمانە شەوی تێدا بەسەر ببەین. بەبێ هەتاو، لەبەرچاڵو قۆرتەكانی كەنار ریگا، رۆیشتن مەحاڵە. لەبەرئەوەی كاروانسەراو چاپارخانە لێ نییە داوای جێگاوریگا لەكوێخای ئاوایی دەكەین. ئەو جگە لەكۆگایەكی سەر واڵا كەئەسپو مانگای لێ بەستراوەتەوە، ناتوانێ جێگایەكی دیكەمان بداتێ. بەناچاری لەوێ جێگیر دەبینو ئاوی پاكوشیرین پەیدا دەكەین.



ناو جاپارخانەی تیسی هوج

## 13ی ئەیلوول

چ شەوێکی ناخۆشمان بەسەر بردووە! سێجار ئەو مالاّتانەی بووینەتە هاوسێیانو خەویان لێ حەرام کردین، بەربوونو لەنێو بارو‌هەتا تەختەکانیشمان گیربوون. یۆڤان-ی پیاوچاك بڕیاردەدا نەخەوێ تا ئێمە بەئارامی بخەوین.

سەعات چوار فەرمان دەدەم ئەسپەکان زین بکەنو بەلاّم بەهۆی هێواشی ئاسایی، سەعات شەش وەرێدەکەوین. لەم ماوەیەدا هەلێك دەرەخسێ، یۆڤان بتوانێ شیر برنجێك لێبنێ کە لەروانگەی ئێمەوە زۆر خۆش بوو.

ڕێگا تەختە، کاتێ لەدۆلی رووباری چارچای کە دەرژێتە دەریاچەوە سەردەکەوین، دەریاچەمان لێ ون دەبێ. بەگوندی گولاّن دا





تێدەپەرینو دەگەینە دۆلی سەر سەوزی سەلماس. لەوێ رەوە پۆرێك دەبینین، بەلاّم تا تفەنگ پڕ دەکەین، هەلّدەفڕن.

بەچەندان گوندی بچووکدا تێدەپەرین کە خەلّکەکەی خەریکی ئیش‌وکاری پڕ زەحمەتی کشت‌وکالّن، زەوی زۆر بەپیتە. بۆ گەنم چاندن هەرئەوەندە بەئامورێك زەوییەکە بکێلّن، کۆگاکان پڕ لەگەنم دەبن، بەلاّم لەبەر نەبوونی هۆیەکانی گواستنەوە ئەم سامانانە لەنێو دەچن. ڕێگایەك کەبتوانێ سەرەتاییترین عارەبانەی تێدا بڕوا تا تەورێزیش ناڕوا، ڕێگایەکی پڕ لەتۆزوخۆلّ لەبەر هەتاوو بەنێو کێلّگەکان دا ئێمە دەگەیێنێتە دیلیمان. شار بەدیواری قوڕی سەرگیراو دەورەدراوە، کەم کەم لەبەر باران تواوەتەوەو خشت‌وخالّیشی چالّەکەی ژێری پڕدەکاتەوە. تا شەست کیلۆمەتری دەوروبەر شارێکی لەمەگەورەتر نییە، کۆلاّنو بازاڕ بەهاتوچۆیە، ژمارەی دانیشتوانی کە موسلمانو ئەرمەنو کلدانو جون لەبیست هەزار زیاترە.

بەزەحمەتێکی زۆر لەمەیدانی شار کەزۆر ئاپۆرەیە رەت دەبین. دوای بواردنی چەند بازاڕێك خۆدەگەیەنینە کاروانسەرایەك کەپۆستی تێدایە. ئەسپمان دەوێ، بەلاّم نییە. ئەمڕۆ تەنیا رۆژی یەکی حەفتەیەو هەموو ئەسپەکان بەرێگاوەن، لەبەرهەندێ ئەو نامەیە نیشان دەدەم کەجێنشین پێیداوەو سەرۆکی چاپارخانە لوتفی زیاد دەبێ و گفت دەدا داواکەمان جێبەجێ بکا. بۆ ئەسپ پەیداکردن دەچێتە بازاڕو ئێمەش لەژێر سێبەری یەکێك لەو ژوورە گچکانەی هەر چوارلای کاروانسەرایان گرتووە، لەچاوەڕوانیدا دادەنیشین.



www.pertwk.com




**سواری کورد**

کاروانسەرا بینایەکی گەورەو چوارگۆشەیە کەتەنیا دەرگایەکی هەیەو پەنجەرەی نییەو حەوشەیەکی گەورەی هەیەو دەوری بەبڵندایی یەك مەتر بەرزی بەشێوەیەك دروست کراوە دەڵیی لەنێو دیوارێکی زۆر ئەستووردا هەڵکەنراون. هەموو کاروانسەراکان لەیەك دەچنو هەندێ بەشی یەك نهۆمو ژوورەکانی خوارەوەی دەرگایان هەیەو ئەو رێبوارانەی شتی وەك تەختی نووستنو کەلوپەلی شیو لێنانیان پێیە، لەیەکێك لەو ژوورانە دەحەوێنەوە.

ئارامی لەم ژوورەدا لەگەڵ باشترین ئوتێلی ئەوروپاییدا بەرامبەرە. ولاغەکان لەحەوشە رادەگرنو لەسنگی داریان دەبەستنەوە.








**دەروازەی دیلیمان**

خۆمان بۆ نانی نیوەڕۆ ئامادە دەکەین. یۆڤان هێلکەو رۆنمان بۆ دروست دەکا. ژوروم لەگەڵ شەراب هێنان دا بەترسەوە پێمان دەڵی مەشك لێی دەچێ. بەلام ئەوەی ئەمن تێگەیشتم، ئەوەیە لەو بڕە شەرابەی بەفیڕۆچووە، هەمووان بێبەش نەبوونە. لەحەوشەی سووتێنەردا ولاغەکان کە لەبەر گەرماو چزووی مێشان تووڕەن، هەندێجار لەتووڕەییو هەندێ جاریش لەخۆشەویستی گاز لەیەکتر دەگرن یان خۆ لێك هەڵدەسوون. پیاوێك بەتۆبزێکی گەورە بەولاو ئەولادا رادەکا. سەعات دوو هەواڵمان پێدەدەن کەئەو ئەسپانەی داوامان کردبوون، ئامادەنو زۆری پێناچێ ولاغەکان زینوکورتان دەکەین.

خەڵك وەك شتی عەنتیکە تەماشامان دەکەن. دەبێ دەرگا پێوەدەین تا خەڵکەکە نەڕژێنە کاروانسەراوە. کاتی رۆیشتن بەو گەڕەکەدا تێدەپەڕین کە رووبارێك ئاوی دەدا، دەبێ لەدەرگایەکەوە لەشار



www.pertwk.com

لەناوەڕاستی دەشتێکی گەورەوە کە کۆتاییەکەی دۆڵی سەڵماسە بەرەو خوارووی رۆژهەلات دەچین. پاشان لەدەربەندێك رەت دەبین و دەگەینە گەڵییەکی تەنگتر، لێرە دەگەینە چەند کاروانێکی حوشتران. هەرچەندی هەورازتر دەچین دۆڵەکە تەسکتر دەبێتەوە. ئەو شاخانەی کەوتوونەتە لای چەپی دۆڵەکە کەبەشێوەیەکی جوان خودەنوێنین و رۆژیش لەئاوابوون دایە، هەندەیتر دیمەنەکە سەرسووڕهێنەر دەکا، دۆڵ دەبێتە گەڵییەکی راستەقینەی بەهەڵدێر کەپێدا ڕۆیشتنی ترسناك دێتە بەرچاو. لەبەرهەندێ پاسگەیەکیان لەزارکی دەربەندەکە دروست کردووە تا یاریی ڕێبواران بکا.

ئەفسەرێ کەفەرماندەی ئەم پاسگایەیە بۆ ڕێزلێنانمان هەموو سەربازەکانی بەپیرمانەوە دەنێرێ. شەش سەربازن و بەچەکە جۆراوجۆرەکانیانەوە زۆر شەپرێون. بەدانی چل سکەی گچکە زۆریان خۆشحاڵ دەکەم.شەو دادێ. مانگی حەوت شەوی، ڕێگاکە بەباشی رووناك ناکاتەوە. دوای نیوسەعات رۆیشتن بەگەڵییەکی ترسناك دا دەگەینە سەر زینوێك. دوای ماوەیەکی کەم دەگەینە گوندی ئیسیسو کە بەمانای ئاوی گەرمە. ئەم ئاواییە بەهۆی کانییە گەرمەکانییەوە کە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی پێست سوودی لێوەردەگیرێ، بەناوبانگەو هەربۆیەش ئەم ناوەی لێنراوە. ئەمن پێم وانەبوو لەگەڵ خۆبردنی سەرباز پێویست بێ، لەگەڵ هەندێش تا ویژدانم راحەت بێ رازی بووم، چونکە ژوروم چ لەبەر ترسنۆکی چ بۆ خاتری ئەو بەشە پارەیەی لەبەخشینی ئەوانەوە پێیدەبڕا زۆری پێداگرت، دووانیان





لەگەڵ خۆ دەبەین. بەڵام بوونی ئەوان بێسوود بوو هەریەکێکیان لەوان وای نیشان دەدا کەرێگاکە باشتر شارەزایە. لەدواییدا دیتم خەریکە کاروانەکەمان دەبێتە دوو بەش. دژواری هاتنەخوار لەزینوش لەدژواریی سەرکەوتن کەمتر نییە. دوای رووداووکەوتنی زۆرو ئەو ڕێگایانەی هێشتبوومان غەریزەی ولاغەکان رێنوینیمان بکا، دەگەینە گیاڤیلین-ی گوندی کلدانیانی کاسولیك. قەشە کەمە فەرانسەییەك دەزانێ. خۆی بەسەردا ساغ دەکەینەوە، ئەویش بەوپەڕی میهرەبانییەوە پێشوازیمان دەکا. ئەگەر گوێمان لێدەبێ باسی ژن ومنداڵەکانی دەکا سەرمان سووڕدەمێنێ لەگەڵ ئەو قەشە ئازایەی هەموو ئەو دژوارییانەمان لێناشارێتەوە کە رووبەروویان دەبێتەوە، کەمێ قسان دەکەین: سەرەتا دەربارەی ئەو ئازارە بەردەوامەی لەلایەن موسلمانانەوە دەکرێ کەبۆ ئەزیەتی مەسیحیان سڵی لێناکەنەوە، قسان دەکا. پاشان لەمەڕ تالان و بڕۆی کوردان کەلەساڵی 1883دا گوندەکەیان تالانوویران و سووتاندووە، دەدوێ. لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێ: لەتەنیا ساڵێکدا واتە لەودەمەی ڕا سەرەنجام دەوڵەتی ئێران بۆ دەرکردنی کوردەکان ژمارەیەك سەربازی ناردووە، خەڵکی ئێرە هەست بەکەمە راحەتییەك دەکەن.

## 14ی ئەیلوول

نزیکەی سەعات حەفت، کاتێ خۆمان بۆ سواربوون ئامادە دەکەین هەموو خەڵکی ئاوایی بۆ خوداحافیزیمان لەمەیدانە گچکەکەی دێدا خڕبوونەتەوە. سەرۆکی چاپارخانە بۆ کرێی ئەسپەکانی بۆ دوو



www.pertwk.com

تەنیا بەشی یەکەمی ئەم قۆناغەی ڕێگا سەختو زەحمەتە. لەنیوەی ڕێگا دەگەینە جادەیەکی واقیعی کە دەوروبەری بە درەخت گیراوەو جۆگەی ئاوی بەم دیووئەودیودا دەڕوا. بۆقوکیسەڵ زۆرە. بەسەر پردێکی بەردینی نیمچە وێراندا ڕووباری نازلوچای کەهیشك بووە، دەبوێرین. پاشان جادە درێژ دەبێتەوەو بیوئەسپیندارو گوێز دەوریان گرتووە. خاکی جادە باشەو عارەبانەی پێدا دەڕوا. هەروەها ئەو عارەبانانە دەبینین کە لەدار دروستییان کردوونو گوندییەکان بۆ گواستنەوەی بەروبووم سوودی لێوەردەگرن.





دارەکانی تەلگراف ئەو خەتەی تەورێز لەرێگای دیلیمانو خوییەوە بە ورمێوە دەبەستێتەوە، بێئەوەی بیریان لەدەستوپێ گرییەکەی کردبێتەوە، لەناوەندی جادە چەقاون. لەهەندێ شوێن دارەکان شکاونو تێلەکان کەوتوونەتە خوارێو بەزۆری لەباتی فنجانی شکاو بزماریان داناوە.





ورمی لەسەبانی لازاریتەکان

سەعات پێنج هەتاو کەم کەم ئاوادەبێو سەرەنجام شاری **ورمێ** لەکۆتایی دەشتەکەوە دەبینین. ورمێ شارێکە بەبورجودیوار کەپێشان بایەخێکی زۆری هەبووە. بەڵام ئەمڕۆ بێسوود کەوتوون. دەڵێن ئێرە شوێنی لەدایك بوونی **زەردەشت** بووە. ئێستا ژمارەی دانیشتوانی لەبیست سی هەزار کەس تێناپەڕێ. دیوارەکانی دەوری شارەکە هێشتاش ماون، بەڵام نیمچە وێرانن. تەنیا دەروازەکان کە لەخشتی سوورکراوە دروست کراون تاراددەیەك بەرگەگرن، ئەو چاڵە قووڵانەی بەدەوری دیوارە ددانەدارەکاندا هەڵکەنراون،



www.pertwk.com




ورمێ

کەم کەم پڕدەبنەوەو لەهەندێ شوێن پڕ لەئاوی پیسن. دەگەینە دەروازەی باکوور، بەڵام لەباتی چوونەژوور، بۆ گەیشتنە دەروازەی ڕۆژئاوا بەدەوری شورەی شاردا دەسوڕێینەوەو زۆری پێناچێ لەو دەروازەوە خۆمان لەگەڕەکی مەسیحیان دەبینینەوەو بەرەو خانووی **لازاریستەکان** دەچین‌و خۆمان دەکەینە میوانیان. ئەم ڕێزدارانە دوو ژوری باش کەبەشێوەی ئەوروپایی موبێڵەکراون، دەخەنە بەردەستمان. ئەم باوکە بەڕێزانە لەبەر پێخۆش بوون لەپێشوازیکردنی هاووڵاتییانی خۆیان ماوەیەك لەمەوبەر لەلایەن





کەسێکی زیرەك‌وفێڵبازەوە دەستخەرۆ کراون. ئەوکەسە خۆی ناو ناوە دووفورنو **de Fournoux**، ئارمێکی لەسینگی داوەو کارتی دکتۆری ناوەتە گیرفان‌و ئێران‌وئاسیای گچکە گەڕاوەو لەهەموو شوێنێ دەستی خەڵکی بڕیوە. لەئەنجام دا گیراوەو ئێستا لەژێر چاودێری بالوێزخانەی فەرانسە لەتاران لەزیندان بەسەردەبا.

ئەمن هەوەڵ جار سەرم سووڕما کە بۆچی لەم شارەدا ناتوانین هیچ هەواڵێکی ئەوروپا بزانین. دوایی زانیمان، چونکە تەلگرافخانە بەشێوەیەکی سەرەتایی دامەزراوەو بەدەستی کەسانێکیش بەڕێوەدەچێ زمانی فەرەنسایی نازانن. کەواتە دەبێ دەقی تەلگراف بکرێتە فارسی‌و لەهاتنەوەشدا بکرێتەوە فەرانسەیی، دوای ئەم وەرگێڕانە زۆرانە دەقی تەلگراف یان هەڵە دەردەچێ یان ئاڵۆز دەبێ‌و کەسی لێی تێناگا.

لازاریستەکان تەنیا کەسی ئەوروپایی ئەم شارەن‌و فەرانسەییەکی دیکەش کەئێستا لێرە نییە لە ورمێ دەژی‌و سەیر لەوەدایە یاریدەدەری کۆنسولی تورکیایە.ئەو پێشان بۆ بازرگانی گوێز هاتۆتە ئەم ناوچانە. دارگوێز کەلەم ناوچانەدا زۆرە گرێی زۆر جوانی هەیە کەئەوروپییەکان داوای دەکەن‌و بەرەواجە. کارگەکانی موبێلی پاریس بەزۆری نوێنەر بۆ ئەرمەنستان بەتایبەتی باکووری ڕۆژئاوای وان دەنێرن تا ئەو شتانەیان بۆ بکڕن. گرێی دارگوێز لەشوێنی کراوەوە بەحوشتر بۆ بەندەرەکان ڕەوانە دەکرێ. **مسیو رینارد** دوای ئەوەی ماوەیەك لێرە ژیا، بڕیاری مانەوەی داوە. وادیارە دەیەوێ لە ئیشکردندا لەگەڵ ئەرمەنییەکدا نەشوبهێنن.دوای ئەوەی دەموچاومان دەشۆین‌و سەروسەکۆتمان پاك دەکەینەوە، دەچینە



www.pertwk.com

## 15ی ئەیلوول

یەکەمین دیدارمان سەردانی خوشکانی (**سان ڤنسان دوپل**)ە کە لەبەرامبەر دەزگای قەشەکان دا دەزگایەکیان دامەزراندووە. بەڕێوەبەری دەزگا ماوەیەکی زۆر دایەنگایەکی لەجادەی مورسوی **پاریس** بەڕێوە بردووە، دایکم باش دەناسێ. ئەم دیدارە بۆ هەردوو لامان خۆشە. کەس ناتوانێ مەزەندەی ئەوە بکا کەئەم خوشکانە بەچ حەوسەڵەو قوربانیدانێکی پەرجوو–ئاسا، لەوڵاتێك کەهەر مەسیحییەك بەچاوێکی دوژمنکارانە تەماشا دەکرێ، بۆ فراوان کردن و پەرەپێدانی دەزگاکەیان هەوڵیان داوە. ئەمان بەبێ جودایی لەنێو موسلمان و مەسیحیان دا کاردەکەن و لەکاتی بڵاوبوونەوەی پەتادا، فیداکاری دەکەن. ئەم خوشکە چاکەکەرانە توانیویانە خۆشەویستی هەمووان بۆخۆیان راکێشن. هەتا کوردانی شەڕاوی و سەرکەش خۆشیان دەوێن و لەچاکەی کارەکانیان دا رێزیان لێدەگرن. خوشکان بۆمان دەگێڕنەوە کەیەکێك لەخاتوونە ئەرمەنییەکان کەوای زانیوە ئەوان جل وبەرگی خۆیان لەپاریس دێنن و دوا مۆدیلی جل وبەرگ دەبەردەکەن،داوایان لێدەکا جلێکی وەك هی خۆیان بۆ کیژەکەی رابسپێرن.








زنە مەسیحیەکانی سلماس

دوای ئەم دیدارە دەگەڕێینەوە لای قەشەکان، کەئەوانیش خوێندنگای خۆیانمان پێ‌نیشان دەدەن. هەموو لاوەکان فەرانسەیی دەخوێنن، دەربارەی جوگرافیا چەند پرسیارێکیان لێدەکەم کەزۆرباش وەرام دەدەنەوە. ئەوانەی بیانەوێ ببنە قەشە کەمێك زمانی لاتینی فێردەبن. ئەوان چەند بەشێك کتێبی کورتەی لاتینی بۆ ئێمە بەرەوانی وەردەگێڕن و چەند پارچە شیعرێکی فەرانسەیی لەبەر دەخوێننەوە. قەشەکان جێگای رێزوخۆشەویستی شاگردەکانیانن.

**ئۆسقۆف تۆماس** Mgr Thomas لەسەردانی خوێندنگای ئۆسقۆفی کوسروای دۆڵی سەڵماس دەگەڕێتەوە. هەمووان دەچنە سالۆنی نان خواردن و دوای دوعا خوێندنی رۆژانە قسەی گەرم وخۆمانە دەست



www.pertwk.com



قوشجی حاکمی ئورمیە

کەوتە مێشکمانەوە بۆ سەفەرەکەمان دوو ئەسپ بکڕین. بەڵام زوو پەشیمان دەبینەوە. چونکە ئاگا لێبوونیان شەوان زەحمەتەو کاتێکی زۆریش دەبێ خەریکی ئالیك دانیان بین. ئێستا وام پێباشترە کەسێك پەیدابکەم ئەسپمان بەکرێ بداتێو خۆیشی تاشاری وان لەگەڵمان بێو ئاگای لەولاغەکان بێ. بۆ بەدبەختی، ئەو ڕێگا تایبەتییەی کەدەمانەوێ سەفەری پێدا بکەین سەختوترسناکەو هیچ کەس ئامادە نییە لەگەڵمان بێ. ژوروم جگە لەرێگرێکی هیچوپووچ کەسی دیکەی پەیدا نەکردووە. مسۆگەر لەنێوان خۆیان رێك کەوتوون داوای کرێیەکی زۆرتر بکا، واتە دوولیرەی تورکی بۆ هەر ئەسپێك. دەرگاوانی قەشەکان کەخزمەتکارێکی کۆنو بەوەفایە دەڵی: بەنیوەی





ئەم پارەیە دەتوانێ خەڵك پەیدا بکا. ئێمە ئەم کارە دەخەینە ئەستۆی ئەو..

خەڵکی ئێرە جگە لەرووتاندنەوەمان، بیرێکی دیکەیان بەمێشك دانایە. هەرچەندی لەتورکیا نزیکتر دەبینەوە فەساد زۆرتردەبێ، دەوڵەت هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی نییە. کارمەندان کەدەبوایە شەریفترین کەس بن لەهەمووان بۆگەنترن. کاتێ دزییەك یان تاوانێك روودەدا پەیداکردنی تاوانبار ئاسانە، بەڵام کارمەند بەدزی لەگەڵ تاوانبار یان بکوژدا کە بەرتیلێکی باشی پێدەدا، رێك دەکەوێو ئازادانە دەگەڕێ.

سەرباری هەموو شتێك، بەڕێوەبەرایەتیو کارگێڕی باشو چالاك نییە. بۆ نموونە لەساڵی 1883وە، ئەو دوو ساڵە دەستەیەکی دووسەت کەسی رێگران، وڵاتو دەوروبەری ورمێیان لە زەق زەقە ناوە. ئەنجوومەنێکی گەورە پێك هاتووەو بڕیاریداوە دەست بەکاربێ. لەشکرێکی هەزار کەسی دروست کردووەو وەڕێکەوتوون. سەربازان کەدارە مەیتیان بەسەرشانەوەیە، پێڵاویان دەپێ دانییە. تفەنگوتۆپ گەمەی پێدەکرا. رێگران بزربوون، کەسیان نەکوژرا تەنیا ئەسپێك بریندار ببوو، ئەویش وابزانم بەدەستی تۆپچییەکی نەزان پێکرابوو.

مەلاوپیاوانی ئایینی دەستەڵاتێکی زۆریان هەیە. ئەوان لەنك ئەم خەڵکە دەمار گرژەدا زۆر دەستڕۆیشتوون، هەتا بوونەتە هۆی ئەوەی فەرمانداران بەدەرکردن بدەنو گرفتیش دەخولقێنن. دەوڵەت ئەمە دەزانێ، ئەمما بۆ راحەتی چاوی لێدەپۆشێ.

سەیدێك هاتووە پێشنیار دەکا هاوسەفەرمان بێو پێکەوە کاروانێك پێك بهێنین. سەرباری دیمەنە درۆزنو توندەکەی زۆری نەمابوو



www.pertwk.com

لەئەنجامی ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ دەستەی مژدەهێنەری ئایینیدا کردمان، تێدەگەین ئەم ناوچانە پڕن لەهۆزی ڕێگر. ئەوان ئامۆژگاریمان دەکەن کە دەبێ بەپارێزگارەوە بڕۆین. لەگەڵ هەندێش بۆمان سەلماوە ئەم جۆرە پارێزگارییەش سوودێکی نییە، ئەگەر بکەوینە بەر هەڵمەتی دزان یەکەمین کاری سەربازەکان ئەوەیە خۆیان ڕزگار بکەن یان دەبنە یاری دزەکان تا بەشێکیان لەدەستکەوتەکان پێببڕێ.

ئەمڕۆ لەگەڵ یەکێك لەقەشەکان دەچینە دیداری فەرمانداری شار. ئەو کەمە فەرانسەییەك دەزانێ. پیاوێکی گەنم ڕەنگەو ئەندامەکانی لەشی تارادەیەك ڕێکن، زۆر گەورە نییەو بەتایبەتی چاوگێڕە. ئەم بێحەیاییە لەڕۆژهەڵات دا ئەوەندە گشتییە، دەکرێ لەوەسفی هەر کەسایەتییەکدا بگوترێ.

شازادە بەمیهرەبانی پێشوازیمان دەکا، فەرمان دەدا یەك لەدوای یەك جۆرەها شەربەتو قاوەو چای بهێنن. پاشان بازەکانی خۆیانمان پێنیشان دەدا، ڕاوچییەکی شارەزایەو دەربارەی ڕاوکردن بەباز





زۆرشت ڕوون دەکاتەوە کە من تا ئەودەمە نەمدەزانین. باز لەسەر سەری ئاژەڵێك کەمەبەستی ڕاوکردنی هەیە، دەنیشێو چاوەکانی دەردێنێ. چونکە کوێرە دەبێ، ئاژەڵی بێچارە ئیدی نازانێ بۆ کوێ بڕواو بەئاسانی دەیگرن. کاتێ نێچیر دەکەوێتە بەرچاوی ڕاوچی، سەرپۆش لەسەرچاوی باز لادەبرێو هەموو هونەری ڕاوچی لەمەدایە. ئەگەر بازەکە خراپ هەڵفڕێندرێ نێچیر نابینێو ڕاوەکە بەتاڵ دەبێ. پەروەردەکردنی ئەم باڵندانە زۆر سرنج ڕاکێشە، تا فێری بکەن چۆن لەسەر سەری ئاژەڵەکەدا بنیشێتەوە، ڕۆژانە خواردنی لەجێ چاوی ئاسکێك یان ئاژەڵێکی دیکە کە لەشیان پڕ لەکا کردووە، دەدەنێ.

گەڕەکێك کە لەگەڕانەوەماندا بەناویدا ڕەتدەبین تارادەیەك جوانە، داربییەکان لەسەر جۆگەلەیەکی پڕ لەئاو ڕواون. هەرچەندە لێرە ڕەفتاری خەڵك نەرمترە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جوێنانەمان گوێ لێدەبێ کەلەلایەن منداڵانەوە پێمان دەگوترێن پیاوەکان تەنیا بەنیگای خراپ تەماشامان دەکەنو وەك تاعوون لێدراوان لێمان دوور دەکەونەوە.

هاتوچۆی نێو شار کەمەو ئێرەش وەك هەموو شارەکانی ڕۆژهەڵات لەسیمای خانییەکاندا جوانیو ڕازانەوەیەك نابینرێ، هەموو جوانیو شکۆیەك لەناوەوە دایە. مافووروفەرشو جوانکاریو شتی گرانبەها تایبەت بەحەرەمە، واتە جێگایەك کەتەنیا خاوەن ماڵ دەتوانێ بچێتە ژوورێ. جلوبەرگی نێو ماڵەوەی ژنان هەم زۆر جوانو ڕازاوەیەو هەم سادەیە، جلکی دەرێ جۆرێکە لەپێناوی پاراستنی پاکدامەنیدا زیدەڕۆیی تێدا کراوە.



www.pertwk.com

ئــەو جلكانــەی ژنــان لــەماڵێ دەبــەری دەكــەن، زۆر لەگۆرەوییــە درێــژەكانی ســەماكەری بــاڵی دەچــن، جگــە لەكراســە تەنگەكــەیان، پــێڵاوی ســووك لەگــەڵ گــۆرەوی كــورت و لــەباتی دامــەن چــەندان شــەلیتەی زۆر كــورت دەپــێ دەكــەن و لــەباتی كــەوێ، كراســێكی ئاوریشــمی و چــاكەتێكی وەك چــاكەتی ســەربازانی جــەزائیری كــە رۆخەكەی بەداوی زێڕین و تێزی جوان چنراوە، دەپۆشن. كڵاوێكی گچكەی بێ رۆخی سووریش لەسەر دەنێن. لــەدەرێ، دەرپێیەكی بــەرین كەتــەواوی شــەلیتەكانی تێداویشــترێ، دەپــێ دەكــرێ، ئــەم دەرپێیــە وەك گۆرەوییــەو بــەم شــێوەیە دەچــێتە نــاو پــێڵاوەوە، بــۆ سەریش چارۆگەیەكی لەلوتكە دروستكراوی شین بەسەردادەدەن و دەموچاویشیان بەپارچە قوماشێكی سپی دادەپۆشن،




كاروانچیەك





لەبەرامبــەر چــاویان دا تۆڕێك بەشێوەی ئاوریشم چن، دروواوە. بــەم حیجابە دەڵێن (رووبەند).

كاتمــان لــەخانووی لازاریســتەكان بەســەر دەبــەین و چــەند نامەیــەك دەنووســین. فەرمانــدار رازگــری خــۆی دەنێــرێ و بۆئــەوەی داوای بوردنمــان لــێ بكــا كەنــەیتوانیوە ســەردانمان بكــا و رامــان دەســپێرێ لەســەفەردا بــەپارێز بــین و گفــت دەدا كەچــەند ســەربازێكمان بــۆ پارێزگــاری لەگــەڵ دا بنێــرێ و ئێمــە دەتــوانین متمانــەیان پێبكــەین. دوای شــیوخواردن قەشــەكان بــەپێی رێوشــوێنی خۆیــان خــەریكی رێورەسمی ئایینی دەبن وئێمەش دەچینە ژوورەكانی خۆمان.




زنی ئێرانی بەجلی ناومال



www.pertwk.com

## 16ی ئەیلوول

ئەمڕۆ رۆژی خواپەرستی و رۆژییە. من لەم سەفەرەدا رۆژەکانی هەفتە باش لێك جودا ناکەمەوە. ئەگەر ئاگاداری تایبەتی قەشەکان نەبووایە کەفەرمانیان دابوو دوو جۆرە خواردنی تایبەتیمان بۆ بهێنن و ناچار بەرۆژوگرتن نەبین، هەرگیز داهاتنی رۆژانی خواپەرستی و خۆپاریزیم وەبیر نەدەهاتەوە. نانێك کە لێرە دەیبینین و لەسەرەتای هاتنە ئێرانمانەوە لێی دەخۆین، ناوی لەواشە. جۆرێك نانی Galettی بەبێ هەوێن و مەقەبا ئاسا، لەتەنووری گەورەی نیو زەویدا دەیبرژێنن. ئەو سووتەمەنییەی بەکاری دێنن تەپاڵەی مالاتە کەلەگەڵ کادا تێکەڵی دەکەن و لەبەر هەتاو هیشکی دەکەنەوە. ئەم جۆرە سووتەمەنییە تەنیا سووتەمەنی ئەم ناوچەیەیە کە داری بەشێوەیەکی نادروست تێدا بەکاردێ، لەلایەن ژنانەوە ئامادە دەکرێ و لەچاڵێکی وەك ئاخوڕدا کەلەزەوی هەڵیان دەکەنن. گلۆرەکان وەك نان پان دەکەنەوەو هەر لەوێ هیشك دەبن، پاشان دەیانخەنە سەریەك و گیشەیەکی لێدروست دەکەن.کاتێ تەپاڵەکان دووکەڵیان تەواو دەبێ و دەبنە پەنگر، نان بەدیواری تەندوورەوە دەدەن کەلەچەند دەقیقەیەکدا دەبرژێ.

بەرادەی پێویست دژایەتی دەکرێین، فەرماندار پێمان رادەگەیەنێ کەناتوانێ لەترسی پیاوێکی ئایینی کەزۆر دەمارگرژە، رێگای سەردانی مزگەوتی (**سان جۆرج**)مان بدا. ئەم پیاوە ئایینییە لەشاردا زۆر بەدەسەلاتەو دوژمنی مەسیحیانە، بینای ناوبراو پەرستگایەکی





کۆنی مەسیحیان بووەو بۆتە مزگەوت.کاری خەڵکی رۆژهەلات هەمیشە وایە: بەدەستێك دەدەن و بەدەستەکەی دیکە وەردەگرنەوەو پێت دەڵێن ((ماڵی من، هەموو موڵك وماڵی من هی تۆیە، من نۆکەری تۆم!)). هەر ئەوەندەی لوقمە نانێکیان لێداوا بکەی، هەزار بیانوو دێننەوە تا نەتدەنێ.

دەرگاوانی خانووی مەسیحیان، ئەوکەسەی دەبوایە ئەسپمان بەکرێ بداتێ، دێنێتە لامان. هەرچەندە پیاوێکی باشە، بەلام نەیتوانیوە لەگەڕانیدا بەپێی ئەو گفتەی دابووی، سەرکەوتووبێ. کەسێکی هێناوە، رووێکی بێباکانەی هەیە، جلکێکی دڕاوو پیسی پۆشیوەو بارێکی دڕندانەی هەیەو شەڕوخراپەی لەنێوچاوان دا دەبارێ. کرێیەکی کەداوای دەکا وەك هی خەڵکی دیکە گرانە، لەدواییدا بۆ هەر ئەسپێك بەچل قران پێك دێین و ماوەکەی لەشەش رۆژ زیاتر دانانێین. رێککەوتننامەکە دەداتە مەلایەك بینوسێ و ئێمەش رازی دەبین. قەشەکان وەرگێڕانەکەیمان پێدەدەن و دڵنیامان دەکەن کەجێگای متمانەیە. زۆر بەداخەوەین کەئەو لەرۆیشتن بەخوارووی دەریاچەی ورمێ و رەت بوون بەمەراغەدا رازی نەبوو، لەو شارەدا نەفەرێکی ئەڵمانی گەلێ شتی سەرنج راکێشی دۆزیوەتەوە.

لەکاتی قسەکردنمان لەگەڵ مژدەهێنەرانی لازاریست، چەند روونکردنەوەیەکمان لەمەڕ مەزهەبی نەستووری دەوێ. بۆیان باس دەکەین کەکاتێ گوێمان لەقەشەی گوندی گیاڤیلین بوو لەمنداڵەکانی دەدوا، چەندەمان سەرسوڕما.



www.pertwk.com

کلدانییەکان لەکۆنەوە لەگەڵ نەستوورییەکان دەژمێردران، ئەو دەستەیەی کەهێشتا بەنەستووری ماونەتەوە، دوودڵی و بەدگومانییان لەمەڕ رووی دوو لایەنیی مەسیحەوە نییەو بەچاوی جودایی منداڵانە دەڕواننە ڕێورەسمی ئاییینی. دەستەکەی دیکە، دەستەڵاتی ئاییینی پاپا بەرەسمی دەناسن و جگە لەکەمە ڕێورەسمێکی کۆن، شتێکی دیکەیان نەپاراستووەو یەکێك لەو شتانەی لەلایان ماوەتەوە ژن هێنانی قەشەیە. مژدەهێنەران هێواش هێواش دەیانگێڕنەوە سەر ڕێوشوێنی کلێسای رۆما. نەستوورییەکان کەبە نەسارای مەسیحی یان نەسارای سوری ناودەبرێن، باشتر پێشوازییان لەدەستە مژدەهێنەرە ئینگلیزیو ئەمریکییەکان کردو لەساڵی 1831دا ژمارەیەکی زۆریان مەزهەبی خۆیان گۆڕیوە. ئەم دەستە ئاییینییانە خزمەتی زۆریان کردوون و لەبەرامبەر دەمارگرژی ئاییینی موسلماناندا پارێزگاری لێدەکرێن.

لەساڵی 1842، نەستوورییەکان لەناو شاخەکانیان دا لەناوچەی زابی گەورە، خۆیان بەپارێزراو دەزانی. کاتێ تورکەکان میزۆپۆتامیایان داگیرکرد، رەواجیان بەراوورووتی کوردان داو هەتا بۆ وێران کردنی گوندەکانی نەستوورییانیش هانیان دان، نەستوورییەکان بەرگرییان کرد. تورکەکان دەستیان بەکاری دڕندانە کرد، پیاوانی نەستووری کوژران، منداڵانی ئەوانیان بەدینی ئیسلام پەروەردەکردو فێریان کردن رقیان لەئاییینی باووباپیرانیان بێتەوە.

نەستوورییەکان بەتریکێکیان هەیە کەهەم لەکاروباری دنیاییو هەم لەکاروباری ئاییینیدا حوکمیان دەکا. شوێنی دانیشتنی بەتریك گوندی (کچانیش)ی نزیك جۆلەمێرگە. ئەم بەتریکە نازناوی





(مارشمعون)ی هەیە. جێنشینی بەتریك، میراتیو لەپلەی دووەم دایە، واتە برازا دەبێتە جێنشینی مام، کاتێ دایکی بەتریکی ئایندە زگی هەبێ، دەبێ خواردنی تەنیا میوەو سەوزی بێ تا کۆرپە بەر لەهاتنە دنیا رژێمی قەشایەتی پەیڕەوکردبێ، ئەگەر ئەم دایکە منداڵی ببێ دەبێ بەناچاری بچێتە ژیانی ئاییینییەوە.

پێمان رادەگەیەنن کەبەپێی مەیلی خۆمان دەتوانین ئەم شەو سەعات چوار بڕۆین. فەرمان دەدەین کە بۆ سەفەر ئامادەبن و دەچین خوداحافیزی لەخوشکان بکەین.

لەبەرئەوەی نازانم چۆن قەرەبووی ئەو میواندارییە بەخشندانەییەی قەشەکان بکەمەوە، چونکە سیستەمی ئاییینییان ڕێگا نادا هیچ پاداشتێك وەربگرن، بەناوی ئەوانەوە هەندێ پارە دەدەمە دەست خوشکان تا بۆ خەرجی ئەو نەخۆشخانەیەی هەر ئێستا بەیارمەتی لازاریستەکان دروست دەکرێ، بەکاربهێنرێ. ئەم خوشکانە هەندێ مورەبا و شوکولاتمان بەدیاری دەدەنێ و قەشەکانیش برنجونانو رانەگۆشت و مریشك و شەراب دەخەنە نێو باری هێسترەکانمانو هاووڵاتییە فەرانسەییەکانی خۆیان سوپاسگوزار دەکەن. ئێمەش بەخۆشییەوە دیارییەکانیان قبووڵ دەکەین.



www.pertwk.com




**زنی ئیرانی سواری ولاخ**





## پەراوێزەکانی بەشی چوارەم:

[1] خواجە: دوو مانای هەیە، یەکەم، واتە خاوەن، سەروەر، مەیتەرو دووەمیش واتە، پیاوێکی خەسێنراو کە لەناو حەرەمسەرادا کاردەکا. (و.ك).

[2] ) Silice: ئۆکسیدی سلیسۆم، تەنێکە لەسیلیسیۆمو ئۆکسجین پێك هاتووە. لەسروشت دا هەم خۆیو هەم سیلکات زۆرە. سیلیس دەکرێ بەرجەستە بێو دەکرێ بێ شێوەبێ (بەردەستێ) لەبەشە بێ شێوەکانیەتی. (بڕوانە فەرهەنگی عەمید. و.ك).

[3] ) چەند رێبوارێك بە بەلەم لەدەریاچە پەڕیونەتەوە، بەڵام ئەوان سەوڵیان لێنەدا، بەڵکو داری درێژیان لەبنی دەریاچەکە گیر کردووەو بەلەمەکەیان بۆ پێشەوە پاڵ ناوە. لەناو دەریاچەکەدا پاشماوەی بەنداوێك بینراوە کە بەهی سلێمان–ی دەزانن‌و بەسەریدا پەڕیونەتەوە.

[4] ) ئەم باڵندانە لەرەگەزی کەون‌و ئەوەندەی مریشك دەبن. لەکوردستان‌و میزوپۆتامیادا زۆر راو دەکرێن، گۆشتیان ئەوەندەی کەو بەتام نییە، بەڵام زۆر باشە.

[5] ) زمانی فەرانسی بەرەواجترین زمانی بێگانەیە لەرۆژهەڵات. ئەگەر کاربەدەستێکی دەوڵەت جگە لەزمانی خۆیو تورکی، زمانێکی تر بزانێ، بێگومان ئەو زمانە فەرانسییە.

[6] ) حەرەم، شوێنێکی تایبەتی ماڵە کەهەرگیز بێگانە نایبینێ. ناوماڵ شوێنێکە تایبەتە بە ژنان. (بەرانبەر Gyneceeی یۆنانی کۆن)، ناوماڵی ماڵە ئاساییەکان پێیدەڵێن ژنخانە.

[7] ) شەلیتە: جۆرە دامەنێکی کورت‌و چین چین‌و بەرین کە لەکۆن دا ژنان لەسەر دەرپێ دەبەریان دەکرد .(و.ك).

[8] ) پێچە (و.ك).

[9] ) چوار رۆژی رۆژووگرتن کە کاسولیکەکان بەئەرکی دەزانن.



www.pertwk.com

[10]) لەدەوروبەری ساڵی1260 رەسەدخانەیەك لەلایەن هۆلاکۆی مەغۆل لەمەراغە دروستکرا. نەسرەددینی ئەستێرەناس کە بە بەڕێوەبەری ئەو رەسەدخانەیە دایمەزراندبوو، خشتەیەکی زۆر سرنجراکێشی لێبەجێماوەو لەوکۆشکەدا دۆزیویانەتەوە.

[11] ) دۆزینە نوێکان تایبەت بەمێژووی سروشتیو پاشماوەی ئاژەڵی دوای تۆفانە کەزۆر دەگمەنە. لەشتە وەدەست کەوتووەکان، ددانی ماموتە کەدوومەتر درێژە، دۆزینەوە لەم جۆرە ناوچانەدا، ئەوەندە بەسوودو سرنج راکێشە، کەمەسەلەی تۆفان بەراست دەزانن.

[12] ) بڕوانە: Meimoirsd,im Voyogeuren orient: Eugne Bor.





www.pertwk.com



زنان مسیحی اورمیه با آسک دستی گندم را آرد می‌کنند

زنی مەسیحی ئورمیە گەنم بەدەستار دەهارن

## بەشی پێنجەم
## لە ورمێ تا وان
## لە16 تا 21ی ئەیلوول

**رۆیشتن لەورمێ- پێکهاتی کاروانەکەمان-گوندی ناسی-نێومالّی ئاوایی گوندەروان-ئاوارەکان-نزیك گوندی کورد-ئوسێن گوندی گریگۆری-بە پێچەوانەی مەیلم دەبمە پزیشك-گەڵییەکانی بیریدیك-قەڵای سەخت-چەند وشەیەك دەربارەی کوردان-لەسەر لوتکەی شاخ-سنووری تورك‌وئێران-شەوێك لەماڵی کوردان-درەختێکی پیرۆز-زابی گەورە-دەشتی باش قەڵا-بزربوونی ئاوەکان-قەڵای کرانێ-کاری کشتوکاڵی-باش قەڵا-تەلگرافو تەلگرافچی-ئا.ب.ریتوری-رێگای عارەبانەی نێوان باش قەڵاو وان-دیداری تەندروستی-مەبەستی خرا پی کاروانچییان-مەحمودییە-قەڵا-دۆڵی قەشاب چای-وان.**





ئەسپەکان گەیشتوون‌و لەحەوشەن. کورتان‌و زینیان دەکەن. وەڕێدەکەوین. کاروانەکەمان لەیازدەکەس‌و دوازدە ئەسپ پێك هاتووە، ئەسپی هامیلین‌و من‌وئەسپی چاوساغەکان‌و خزمەتچی، دوو ئەسپ بۆ بارودوو ئەسپی دیکە بۆ کاروانچییەکانە. ئەم ئەسپانە هەریەکەی بەشێك لەئازووقە هەڵدەگرن. سەربار چوار سەربازی سوارمان لەگەڵدان. رۆیشتن بە رێ‌وشوێنێکی باش بەڕێوەدەچێ. هەر لەو رێگایەی پێدا هاتبووینە نێو شارەوە، لەشار وەدەر دەکەوین.

لەدووری نزیکەی سەد مەتری شوورەی شار، جادەی ورمێ بۆ دیلیمان کە رووبارێك دەیبڕێ‌و وەك ساردراوێکیش بەکاردەهێنرێ، بەجێ دێڵین، بەرەو سەرەوەی رۆژهەڵات دەچین. ئەم شەو لە ناسی کە گوندێکی گچکەیەو سێ سەعات لە ورمێ دوورە، دەمینێنەوە. لێرە قەشەیەکی کلدانی لێیە کەدەستەی ئایینی ورمێ پەیکیکیان بۆ لای ناردووە تا ئەم شەو میواندارییمان بکا.

دوای بواردنی چەند شینکێك، بەکۆرە رێگایەکی نادیاردا دەگەینە مێرگێك. هامیلین‌ومن لەدوای هێسترێك کە کەل‌وپەلەکانمانی لێ بارکراوەو کاروانچییەك‌و دوو سەرباز لەپێشەوەو ژوورەو خزمەتچییەکە ئاگاداری ئەسپەکانی دیکەن‌و دوو سەربازەکەیتریش لەدواوە دەڕۆن، بەڕێوەین.

هەوا زۆر ئارامەو بەتێڕوانینمان دەتوانرێ گچکەترین هێمای خەبەردان ببیسترێ، هەر کە دەگەڕێینەوە دەبینین دواوەی کاروان هێشتا دوورە. یەکێك لەبارەکان کەوتبوو، دەبوایە راوەستن. ژووروم بۆ ئاگادارکردنەوەمان گوللەیەکی تەقاندبوو، بەڵام دەنگی نەگەیشتۆتە ئێمە. لەچۆڵەوانیدا ئەوەی باشتر دەبیسترێ، فیکەی



www.pertwk.com

نیو سەعات بەنێو دەشتێکدا دەڕۆین. دەگەینە گوندی ناسی، قەشەی میهرەبان بەپێشوازی لێکردنمان گەلێ خۆشحاڵە، بەڵام جگە لەسەربان ناتوانێ جێگایەکی دیکەمان بداتێ. ئەو هیچ فەرەنسایی نازانێ. هەرچیمان لەدەست هات بۆ حەوانەوە، دەیکەین. بارەکان دەخەینە نێوان دوو قەرەوێڵە سەفەرییەکەوە. قەشە نایەوێ دەست لەئازوقەی خۆمان بدەین، دوومریشك و هەندێك برنج و هێلکەو شیرمان پێدەدا. بەزۆری، خواردن لەهەموو جێگایەکدا وەکو یەکە، پێش ئەوەی خواردن ئامادەبێ سەر لەپیاوەکان دەدەم تا بزانم چییان پێویستە. دوای شیوخواردن خۆمان لەلێفەکانمان وەردەپێچین و نیوەی یەکەمی شەو لەژێر ئەستێرە جوانەکان دا بەسەر دەبەین.





## 17ی ئەیلوول

شەوێ گەرم نەبووینەوە. نزیکی سەعات دوو لەگەڵ بوونی لێفەش سەرما واگای هێناین، بەشێوەیەك بەزەحمەت دەتوانین بخەوینەوە. لە تاریك‌وروونان هەموویان ئامادەی ڕۆیشتن دەکەم. ئێستا هەوا زۆر خۆشەو هەرزوو نارەحەتی شەوێمان لەبیرکرد. سەرم سووڕماوە لەوەی لەباتی چوار سەرباز دوو سەربازمان لەگەڵ دایە. کاتێ دەپرسم وەرام دەدەنەوە کە فەرماندار بۆ ڕێزگرتن لەئێمە، ئەم سەربازانەی خستبووە بەردەستمان، بەڵام فەرمانی دابوو پاشان بگەڕێنەوە. فەرماندار نەیویستووە گیانی پیاوەکانی بخاتە مەترسییەوە. کاتێ زین کردنی ئەسپەکان دەبینین، ئەوان بەو باشییەی کەدوێنێ وام دەزانی، نین‌و کورتانەکان لەسەر پشتی ئەسپەکان برینی گەورەیان دروست کردووەو ئەسپی باری کەل‌وپەلەکانمان چاوێکی کۆرەیە، ئەسپێکی دیکە دەلەنگێ، ئەسپەکانی هامیلین‌ومن تارادەیەك باشن.

گوندی ناسی نزیکەی سەدوپەنجا خانییە، دانیشتوانەکەی نەستوورییە کاسولیکەکانن. ئاو بەزیادەوە لەکوێستانەکانی دەوروبەرەوە دێو کێڵگەکانی دەوروبەری ئاودەدا، لەگەڵ هەندێش خەڵکی گوند هەژار دیارن. خانییەکانیان قوڕەو لەنهۆمێك دا دوو ژووریان دروست کردووە. عاردی ژوورەوە پەستراوەو دەرگاکان دارن‌و درزەکانیان بەباشی نەگرتوون. کەل‌وپەلی نێو ماڵ کەم‌و بەژمارەن: یەك یان دوو حەسیر یان مافوور، چەند جەرەو




www.pertwk.com

لەیەك دوو شوێن دەپەڕینەوەو هەر کەلەدێ ڕەت دەبین، تەواوی سەوزییەکانیش تەواودەبن، دوای تێپەڕبوون بەدەشتێکی پان وبەرین دا، دەگەینە کوێستانێ. چاومان بەچەند خانییەکی لێك دوور دەکەوێ کەچوارگۆشەن و بەچواردیواری ددانەدار کەلەهەر قوژبنێکدا بورجێکی گچکەیان هەیە، دەورەدراوە. ئەم خانییانە لەقەڵا دەچن.

خەڵکی هەندێ کات ناچارن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێگران، خانی قایم بۆخۆیان دروست بکەن. ئەو ڕێگرانەی نزیك ناوچە سنوورییەکانن، جەسوورترن، چونکە هەرکاتێ ڕاوبنرێن دەستبەجێ دەچنە وڵاتەکەی دیکەو لەوێ ئیدی ترسێکیان نییە. بەنێو ڕێگایەکی بەردەڵانیی باریك دا لەبنەی گردێکی ڕەقەنەوە، ڕێگامان درێژە پێ دەدەین. لەلای ڕاست ڕەزی بێ قوەت، لەپشتەوەمان لەلای خوارووی ڕۆژهەڵات هێشتا بۆ دواجار دەریاچەی ورمێ دیارە کەوەك ئاوێنەیەك تیشکی ڕۆژ ڕەنگ دەداتەوە.







تخت خوابهایی بر روی پشت بامهای ناسی

کەبر بۆ نووستن لە ناسی

ڕێگا بەنێو زنجیرە هەورازو نشێوێك دا دەڕوا. ئەسپی هەڵگری کەل وپەلەکان کەیەك چاوە چەند جارێك خەریك بوو بکەوێ. لەماوەی ئەو شەش سەعاتەی بەرێگاوەین هیچ درەخت وشینایییەك نابینرێ، کەم کەم دەگەینە دەشتێکی گەورە. بنەیەك کەلێیەوە دادەبەزین لەلای خوارێیە، بۆیە جێگایەك بۆ حەسانەوە دەست ناکەوێ، دەگەینە جۆگەیەك، لەوێ لەبەرهەتاو نانی نیوەڕۆ دەخۆین. زین وبار لەپشتی ئەسپەکان دەکەینەوەو ئەوان ئازادانە دەلەوەڕێن. هەموو بارەکان خڕ دەکرێنەوە سەریەك و لەگەڵ قەرەوێلەکان پەناگەیەك دروست دەکەین. یۆڤان بەپاکی وئیمانەوە خواردن ئامادە دەکا. ئەم پیاوە خزمەتچییە ئازاو دروستکارو فیداکارە ئامادەی خزمەتە. دوای نان خواردن سەعاتێك دەحەسێینەوەو، ئەسپەکانیش هەندێ جۆ دەخۆن، پاشان وەڕێدەکەوینەوە. هێشتا پێنج سەد یان شەش سەد مەتر

ژوروم کەناتوانێ تورکی بخوێنێتەوە وا نیشان دەدا کە ئەوەی دەیڵێن ڕاستە، ئەم گوندە گچکەیە ناوی **گوندروانە** کە لەناوەڕاستی دەشتی برادۆستی سەرێ هەڵکەوتووەو نزیکەی پازدە ماڵێکە. دەشتەکە بۆ دەغڵودان زۆر بەپیتە، بەڵام بەرهەمێکی دیکەی لێناچێنن، خانییەکان بارێکی هەژارانەیان هەیە، لەتەنیشتیان قۆمەتەکاو تەپاڵەی زۆر هەڵدراونەتەوە.

چەند مانگایەکی گچکەی لاواز لەنزیك گۆماوێکی خەمبارانەدا دەلەوەڕێن. ئەم گۆمە تەنیا سەرچاوەی ئاوی گوندە، خەڵکی گوند بەسەرسووڕمانەوە تەماشامان دەکەن. هەندێکیان قەت کەسانی ئەوروپایان نەدیوە. بۆ دەرچوون لە وان و گەیشتنە ورمێ بەزۆری ڕێگا لەدیلیمانەوە ڕەت دەبێ و لەوێوە دەچینە باش قەڵا.

ڕێگامان بەدەشتەکەدا درێژە پێدەدەین و پاشان لەدامەنەکەی ئەوبەری دۆڵەکەوە سەردەکەوین. دەربارەی ڕێگایەك کەدەبێ پێدا بڕۆین کاروانچیو سەربازەکان یەك قسە نین و لەدواییدا مەسەلە بەسەرگەردانی ئێمە لەنێوان لوتکە شاخان و سەرگردەکان تەواو دەبێ. پووش وپەلاش بڵندن و بەگوڵەکانیان وەك سوسنە کێویو هیتر ڕەنگاوڕەنگن. هیچ نیشانەیەکی ڕێگا دیار نییە، ئەسپەکان نازانن دەچنە کوێ، پیاوەکان پەرت وبڵاوو خەریکی مشت ومڕن:





هامیلین ومن بۆ ئارام کردنەوەیان کەوتووینەتە زەحمەتەوە، بەتایبەتی ئاگادارین نەکا ئەسپە بار هەڵگرەکان هەڵدێرین.

هەتاو لەئاوابوون دایە، تێپەڕبوون لەم جێگایەو لەم کاتەی شەوێ زۆر پڕمەترسییە. سووتەمەنی بۆ ئاگرکردنەوە نییە، پیاوەکان جۆیان بۆ ئەسپەکانیان نەماوە، پارێزگاریکردن لەخۆ زۆر دژوارە، ئەگەر هەڵمەتێك بکرێ بەرگری ئاسان نییە. بۆ خۆشبەختی ئەو سەربازەی وەك دێدەوان بۆ پەیداکردنی ڕێگا ڕەوانم کردبوو، ڕێگا دەدۆزێتەوە، بەڵام ئێمە لەسەر خەتی ڕاست نین، گوندی بیریدێك لەدوورەوە لەگەڵییەکی نزیك ڕووبار دەبینرێ.

هیچ شتێك لەگوندێکی کوردی هیچ وپوچتر نییە، خانییەکان بەشێوەیەکی سادە لەبەرد دروستکراون کەتەنیا لەسەریەك دانراون، جگە لەمستەقوڕێك شتێکی دیکەی تێدا بەکارنەهاتووە.

ئەم خانییانە بەزۆری لەتەلانێکدا دروستدەکرێن و قوونەبانیان لەگەڵ زەویدا یەکسانە، هەموو خانییەکان بەیەکەوە نووساون. ئەگەر لەپێشەوە ڕا تەماشایان نەکەی، دیارنین. هەتا ئەگەر بەسەریان دا تێپەڕن، نازانن ئەمانە خانوون، هەروەك بەسەر ئێمەهات. بەکورتی ئەم خانییانە لە کونە مشك دەچن و تەواوی ئەندامانی خێزانەکانی تێدەخزێن و ماخۆی ماڵ ئاژەڵەکانیشی لەگەڵ خۆی دادەکا.

خەڵکی گوند نایانەوێ میوانداریمان بکەن. یەکەمین کەس کەدەمەوێ پرسیاری لێبکەم پشتمان تێدەکا، هەتا بەدانی پاداشتیش نایانەوێ ڕامان بگرن. دەمانەوێ چادر هەڵدەین. بۆ ئەسپەکان جۆمان پێنادەن، لەدواییدا یەکێك لەقسەی خۆی پەشیمان دەبێتەوەو دەیەوێ جۆمان پێبدا. ئەمن دەچم فەرمان بدەم کە ڕستەی چادر



www.pertwk.com




وینەی کوردان





نزیکەی سەعاتێك بەرەو گوندە گچکەکەی **ئاڤاشین** دەچین، خەڵکی ئەم گوندە مەسیحیانی گریگۆرین. لەو گەڵییە ناخۆشەی سبەینێش دەبێ پێدا تێپەڕین، وەدەردەکەوین. دەگەینە مێگەلە مەڕی گەورە کەلەناویان دا بزنەکان سەرمان سووڕدەهێنن، چونکە مووە ئاوریشمییەکانیان ئەوەندە درێژە دەگاتە سەر زەوی. لەشیان سپی و سەروپێیان رەشە.

هەروەها بەگۆڕستانێکدا رەتدەبین کە دوو گۆڕی بێ هاوتای تێدایە: دیوارێکی بازنەیی بەبڵندایی یەك مەترو چوار دەرگای هەیەو گۆنبەتێکی نیمچەخڕی بەسەرەوەیە، دو گۆڕی نیمچە وێران. ئەگەر دەگەینە ئاڤاشین، سەعات هەشتە. برای قەشە کە ئاسنگەرە دوکانەکەی خۆیمان پێدەدا کەشەو تێدا بخەوین. ئەم پیاوە چاكودلێرە، زۆر خۆش خزمەتەو بەکیژەکانی دوکانەکە پاك دەکاتەوەو لباد لەسەر عاردەکەی رادەخەن، بەدوو تەختە مێزێك دروست دەکەین و قەرەوێلەکانمان وەك کورسی بەکار دەهێنین. نانی ئێوارەمان شیرومیوەیە. لەبەر دەرگا پەنجا کەس تەماشامان دەکەن. خەڵکەکە بەتایبەتی کە دەبینن ئێمە خەریکی پاكوخاوێنی و شوشتنی سەرو سەکۆتمانین، سەریان سووڕدەمینێ. سەرسووڕمانەکەیان زۆرتر لەبەرئەوەیە کەدەبینن کاتێ نان دەخۆین یان خەریکی نووسینین، کەسێك مۆمێك بەدەستەوە دەگرێ.

ئەم دوو نەتەوەیەی بەتەنیشت یەکەوە دەژین، چەندە لێك جودان! باری نەرمو ئارامو چاکەی ئەم جووتیارە هەژارانەی نیوە درندەن لەگەڵ باری سەرکەشی کوردان  کە چەند مێگەلە مەڕێك بەخێو دەکەن و بە راوڕووت دەژین، چەند لێك جودایە!. دەڵیی لەو گۆڕە



www.pertwk.com

## 18ی ئەیلوول

هەوای شەو هێشتا زۆر فێنکە. سەعات چوارونیو پیاوەکان واگادێنم، سەعات شەش وەڕێ دەکەوین، چونکە بەتاقیکردنەوە بۆمان سەلماوە هاوڕێکانمان شارەزای ئەو ڕێگایە نین کەدەبێ پێیدا بڕۆین. لەخانەخوێکەم دەپرسم، ئایا لەگونددا کەسێك نییە بتوانێ تا **باش قەلا** چاوساغمان بێ؟ دە کەس ئامادە دەبن!.

ئێستا بۆ ڕۆیشتن ئامادەین، خزمەتچی هەمیشە وەدوا دەکەوێ، چونکە دەبێ قاپو کەلوپەلەکانی خۆی ڕێك بخا. بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو دەردەسەریو زەحمەتەی بۆ خانەخوێکەمان دروستمان کردووە، هەندێ پارەی دەخەمە بەردەستو سەروقەیچییەکیش بەدیاری دەدەمە کیژەکان کەزۆریان کەیف خۆش دەکا.

کاتی ڕۆیشتن، ماخۆی ماڵ بۆ چارەسەرکردنی منداڵەکەی کەنەخۆشە، داوای تەماشا کردنیم لێدەکا، وا دەزانێ پزیشکم. هەرچەندی پێی دەڵێم بەهەڵەدا چووە، من دوکتۆر نیم، باوەڕ ناکا: بەزۆرو بۆ خاتری ئەو بەقاچاغی دەبمە پزیشك. لەوە خراپتر مسۆگەر





دەبێ شتێك رابسپێرم، دەنا رازی نابێ. منداڵەکە پێی دێشێو زۆر ئەستوورو حەساس بووە. رایدەسپێرم مەرهەمێك لەهەویرو پەلکە گوێزی لەسەردانێو پێی دەڵێم دەمێ کە مەرهەم دەگۆڕێ پێویستە بەخوێاو بیشواو هەرکە چاکیش بۆوە، سوپاسی خودا بکا. لەو ڕێگایەوە کەدوێنێ شەو پێیدا هاتین، دەگەڕێینەوە، چونکە دەبێ بچینە بیریدێك.

لەڕێگا هەڵۆیەك لەسەر بەردێك هەڵنیشت، سێرەم لێگرتو کوشتم. ئەم نیشان پێکانەم لەلای هاوڕێکانمان کاریگەریەکی باشی هەیە، ئەوان دەبینن چەکمان بەکارەو دەتوانین بەباشی بەکاری بهێنین. کوردان کەدۆستی گەورەی چەکن، هەمیشە حیساب بۆ کەسێ دەکەن کەباش چەکداربێ. چەك گرنگترین ئەو شتانەیە کەکوردان دەیانەوێ بیدزن. دەگەینە بیریدێكو بێئەوەی کەسێك شتێك بڵێ، تێدەپەڕین. منوهامیلین تا کاروان تێدەپەڕێ رادەوەستین بۆ ئەوەی دوو وێنەی گەڵییەکە بگرین. لەزارکی گەڵی وێرانەی خانییەکی گچکە دەبینرێ کە بەبەردی رەشوسپیو بەتێکەڵەیەکی سپیورەش دروست کراوە. ئەم بینایە مزگەفتێك بووە لەکاتی هەڵمەتی دوژمن دا وەك قەلا سەنگەری لێگیراوە، لێرە، ئەشکەوت هەبووە کەئازوخەیان تێدا داناوەو بۆ ژنومندالانیش پەناگا بووە. لەودەمەی ڕا ئێرانیانو تورکان بۆ ئاقلّ کردنی کوردان هێزیان نیشان داوە، ئەم قەلا گچکانە خراپ بوونە. ئەم مزگەفتە سەرەتا کلێسایەکی مەسیحی بووەو لەکاتی شەڕی کوردانو مەسیحییەکاندا تالان کراوەو پاشان بۆتە مزگەفت.



www.pertwk.com

ڕێگا جوانتر دەبێ. ئێمە ڕێچکەیەك دەگرینە بەر کە بەشێوەیەکی نادیار بەدرێژایی بەستێك کەدێتەوە سەر ئەم گەڵییە، دەڕوا. لەناو گەڵییەکی هەڵدێر داین، هەرلایەکی بەردی گەورە گەورەیەو هەرچەندی دەڕۆین گەلی تەنگتر دەبێ و پێچی ڕێگای نێو ئەم چیا سەرکەشانە زۆرتر دەبن و، لەهەر پێچێك دا دیمەنێکی چاوەڕوان نەکراو دەبینرێ.

لەپڕ لەسەر ترۆپکی شاخێك کە وادیارە سەختە، کاوڵگەی کۆشکێکی قەڵا-ئاسا دەبینین کەبەشانازییەکی تەواوەوە وەك لانەی هەڵۆیەك بەپێوە راوەستاوە. ئەم پاشماوەیە خووی کەسانێك ئاشکرا دەکا کەجورئەتیان کردووە تێزێکی وا لەزەینی خۆیاندا بکێشن. قەڵا وەك ئەو قەڵا-کۆشکانە نییە کە لەکەناری رووباری راین دروست کراون، واتە لەجێگایەکدا کە سەوزایی درەختان لە رەقیەتی و دڕندەیی ناوچەکە کەم دەکاتەوە. لەنێو بەردەکان، جێگایەك کەسروشت بێ میهرترین و گۆشەگیرترین باری هەیە، قەڵا هەڵکەوتووە. لەکوێستانەکانی کوردستاندا، گەلێ قەڵای لەم جۆرە دەبینین. ئەم قەڵایانە خانی سەرۆکی ڕێگران و گەورەکان بوونە کەبەهۆی رووتکردنەوەی کاروانەکان یان تاڵان کردنی جووتیارانی دەشتەکان ژیاون و پاشان لەسەر دابەش کردنی دەستکەوتەکان بەربوونەتە گیانی یەکدی. نزیکی دە ساڵ لەمەوبەر وێڕای هەبوونی چل سەربازی پارێزگاریش، بەبێ پشتیوانی سەرۆك هۆزەکانی ئێرە، رەتبوون لەم دەربەندەوە زەحمەت بووە. لەم دەربەندو ملانەدا چەند کەسێکی شارەزا لەبەرامبەر لەشکرێکدا بەرگرییان دەکرد. کوردان لەگەڵ هەموو دڕندەییەکەشیان، هەستی شانازییان بەهێزەو








دەربەندەکانی بیردیك

لەبەوەفاییدا بەنێوبانگن. ئەگەر کوردێك گفتت پێ بدا بەساغ وسەلامەتی دەتباتە جێگایەك، دەتوانی بەبێ ترس متمانەی پێ بکەی. بەڵام سبەینێ دوای ئەوەی قسەی خۆی گەیاندەجێ، ئەگەر لەجێگایەك بتبینێتەوە رووتت دەکا و وەکوو سەگ دەتکوژێ.

کوردەکان لەشیان ڕێك وپێکە، کەپووی درێژوباریك و کەمێ چەماوە، دەمی گچکەو چەنەگەی نووك تیژ، چاوەکان تیژبین، زیندوو ئاوێتە بەکەمێ ئاڵۆزی. کوردان سمێڵ دەهێڵنەوەو کلاوێکی خڕی لباد لەسەر دەنێن و چیتێکی گەورەی لێدەپێچن، شەلواریان بێ رادەدە بەرین و قوماشەکەی مەرەزی سورو بەزۆری رەنگی جۆراوجۆر بەکاردەهێنن. لەسەر جلکان شتێك دەپۆشن کە بەزەحمەت دەگاتە خوارێ و بەزۆریش پاڵتۆیەکی لەسەر دەبەر دەکەن کەئەویش لەچۆغەر درێژتر نییەو لە مووی بزن دروست دەکرێ و لەبەر دەمەوە



www.pertwk.com

**تورکان و ئێرانیان وەپێشتر دەکەون** (تەئکیدی وەرگێڕی کوردی).

بـۆ ئـەوەی وێنەیـەکی قەڵاکـە بگـرین، رادەوسـتین و لێدەگـەڕێین ئەسـپەکانیش پشـوویێك بـدەن. سـەرکەوتن زەحمەتـە. کـەو لـەم گەڵییانـەدا زۆرە. ژمارەیـەکیان دەکـوژم تـا تـامی خواردنـە ئاساییەکەمان خـۆش بکـا. کاتـێ، نیـوەڕۆ دەگەینـە دەشـتێکی نزیـك رووبارێـك، هێمـای راوەسـتان دەدەم. ئەسـپەکان لـەبارەکان رزگاردەکـەن. لێـرە جـۆرە گیایـەك هەیـە دەکـرێ بـۆ ئاژەڵـەکان مایـەی لەززەت بێ.

سـەعات دوو وەڕێ دەکەوینـەوەو دوای سـەعاتێك رۆیشـتن بـەنێو بـەردو بزنەرێیـەکان دا دەگەینـە زینوێـك. ئـەمڕۆ بـەیانی بارۆمـەتر بەرزایی 1350 مەتری لەئاستی دەریاوە نیشاندا، ئێستا 2800 مـەتر





نیشـان دەدا، ئـەم 1450 مـەتره کـە وادەزانم بەتـەواوی دروسـت بـێ، راددەی وەسـەرکەوتنمان دەردەخـا. لەسـەر رەوەزە شـاخێك کـەئێران لەتورکیا جودا دەکاتەوە، بایەکی توونـد لێمان دەدا. هـەوا زۆر فێنکـە، هەرچـەندە پیاوەکـان زۆریـان پێخۆشـە لێـرە راوەسـتین، بـەڵام هـەر ئەوەنـدەم بـوار دان تابارەکـان گـورج بکەنـەوەو بەشـێوەیەك بیبەسـتن لەهاتنەخواردا، ئاژەڵەکان هەست بەکەمترین ماندووبوون نەکەن.

کەمێ وەزعی دەوروبەر دەگـۆڕێ، گیـا زۆرتـر دەبـێ، بنچـکی عەرعـەرو سەرووی کێوی بەبڵندی یەك مـەتر یـان زیـاتر رووەاون، بـەڵام سروشـت هیچـی لـەرەقێتیی خـۆی دانەشـکاندووە. ئیـدی رێگایـەك دیارنییـە. ئێسـتا سـەعات سـێیەو دەبـێ پەناگایـەك پەیـدا بکـەین. شـتی کەدەمانـەوێ ئاواییـەکی چـەندماڵەیـە، کـوخێکی گونـدەکی هـەتا چۆلیش، بەسمانە- شتێکی گرنگ کەپێویستە شوێنێکی داخراوە کە بتوانرێ پـەنای تێدا بگیرێ و لـەکاتی هەڵکوتانە سەریشدا بەئاسانی بەرگریمان پێبکرێ. ملی دۆڵێکی سەربەرەو خوار دەگرین. تا ئەگـەر خانییـەکیش بدۆزینـەوە لـەنزیك جێگایـەك بـێ، ئـاوی هـەبێ. کاتێـك لـەقووڵایی دۆڵەکـە، دەمـێ لەگەوەیـەك دا رێگایـەکی دژوار دەگـرین، هامیلین و یەکێك لەکاروانچییەکان لەپێشەوەی هەمووانەوە دەڕۆن تا لەکاتی هەڵمەت دا بۆ سەر کـاروان، بتـوانن پێشەوە بگرن، یـان لەهـەر رووداوێـك دا بـەر لـەلێك دابـڕان و پـەرت بـوون بگـرن. هـەرگیز لـەو باوەڕەدا نەبووم، ئەسپەکان دەتوانن بەو رێگایانەدا بڕۆن. سێجاران، ناچـارین بارەکـان دابگـرین و بـەمل یـان بـەگوریس بیانپەڕێنینـەوەو ئەسـپەکانیش بـەڕەڵا بکـەین تـا بەئومێـدی خـودا دەربـازبن. لـەدوور، چـەند نێرییـە کێوییـەك دەبیـنین، هـەوڵ دەدەم بەتفـەنگی وینچسـتەر



www.pertwk.com

درێژە بەرێگاکەمان دەدەین.

بۆ پەیداکردنی گوندێك کەم کەم نائومێد دەبووم‌و هەتاو خەریکی ئاوابوون بوو، بارانیش هێواش هێواش دەباری. لەوبەری لای چەپی گەڵییەکە (ئێمە بەلای راستی گەڵییەکەدا دەڕۆیشتین) کۆمەڵە خانییەکی کوردان دەبینین. دەپرسم ئایا کەسێ لوتف دەکا میوانداریمان بکا. ئایا کەسێ ئامادەیە بۆ شەوێك خانووی خۆیمان بداتێ. یەکەم جار هەنجەت دەگرن، بەڵام بەهۆی سودێکی لەناکاو کوێخای دێ لەدواییدا رازی دەبێ خانییەکەی چۆل بکا‌و خۆی بچێتە ماڵی دراوسێیان.

لەدەرگایەکی نزم بەبڵندایی مەترێك‌وپەنجا سانتیمەتر لەرێگای دالآنێکی چوار تا پێنج مەتر درێژەوە کە بڵندییەکەی لەبڵندایی دەرگاکە زیاتر نییە، بەرو ژورێك کەهەرلایەکی چوار تا پێنج مەترە، شۆڕدەبینەوە. لەم ژوورەدا کەپیس‌وبۆگەنە، لەلایەك پشیلە‌و سەگ‌ومریشك‌و پیاو‌وژن‌و زیندەوەری جۆراوجۆر پێکەوە دەژین، لەلایەکی دیکەش نیمچە کاولگەیە‌و زستانان جێگای گاوومانگایە.

لەناوەندی ژوور تەندورێکی نان کردنیان هەڵکەندووە‌و لەسەرەوە کونێکیان وەك دووکەڵکێش دروست کردووە. بارەکان دادەگرن‌و دەیانهێننە ژوورێ. نازانم چۆن ئەسپەکان کەپشتیان لەبنمیچ دەدا بە دالآنە گچکەکەدا تێ‌دەپەڕێنن‌و دەیانبەنە تەویلە. ئەگەر هەموو شتێك بۆ جێگیربوون ئامادە‌و رێکخرا، خزمەتچیش خەریکی شیو





ئامادەکردنە. ژووروم بەچاوەدێریکردنی کەل‌وپەلەکان رادەسپێرم‌و لەگەڵ هامیلین بۆ بەسەرکردنەوەی پیاوەکان دەورێك دەدەم. گوندە گچکەکە ناوی کەشکانە. ئەگەر دووگوند بەم ناوەنەبن، گوندی کەشکان کەلەسەر نەخشەی کیپرت دا (KIEPERT) لەدامێنی رۆژهەڵاتی شاخێکی کەناری لکێکی سەرچاوەی چارچای دانراوە، هەڵەیە. چونکە ئەم گوندە کەوتۆتە دامێنی رۆژئاوا‌و لەکەنار لکێکی زابی گەورەدایە.



قەلای کورد

ئەگەر لەسەر هەڵدێریکەوە کە گوندەکەی تێدا هەڵکەوتووە، تێی بڕوانن، وادێتە بەرچاو کەهیچ شتێك دیارنییە. بانی خانییەکان کەقوڕوساف‌و پێکەوە نووساون، وەك رووی زەوی خۆدەنوێنن.

تەنیا بەهۆی بانە رووخاو‌و تێکچووەکانەوە، گوند دیارە. خەڵکانی دێ بەچاوێکی نادۆستانەمان تێ‌دەڕوانن‌و من لەو باوەڕەدام کە شکۆی چەکەکانمان، نابێ بێ‌هودە بووبێ.

دەگەڕێینەوە خانووەکە. هەموو شتێك ئامادەیە. لەدواییدا لەم کونەدا جێگیربووین. لەبارێك دا لەسەر قەرەوێلە سەفەرییەکانی خۆمان



www.pertwk.com

بەدەوروبەرمانـدا

دەسووڕێتەوە. پشیلەکان، مریشکەکان، مشکەکان کە لەهاتنی ئێمە سەرسووڕماون، دەنگە جەهەندەمییەکەی خۆیان بەرزکردۆتەوە. هەرئەوەندە یادداشتەکانی خۆم نووسی، لەپشت دەرگا سەنگەر دەگرم، یۆڤان لەبەردەم ئەوێ، لەسەر کەمەکایەك و هەندێ داری هیشك رادەکشێ. نزیکی ئەو، ژوروموهامیلین ومن دەنووین. دەمانچە لەنێو دەست و تفەنگی پڕمان لەسەر قەرەوێلەیە. مۆمەکە دەکوژێنینەوە. ئێستا لەکونی سەرەوەی ژووردا ئەو سەرانەی بەهۆی تریفەی مانگەوە رووناك بوونەتەوەو تەماشامان دەکەن و بەدزی چاوەدێریمان دەکەن، دەبینین. کاتێ ژوورەکە رووناك نییە، ئاشکرایە ئیدی ئێمە نابینن و بێگومان دەڕۆن. بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەگەر زۆر ماندوو نەباین بەئاسانی خەومان لێنەدەکەوت.

## 19ی ئەیلوول

شەوێکی خۆش نەبوو. سەرەتا پشیلە میاومیاوێکی بەرگەنەگر دەکا، بەراز بەردەوام دەجولاوەو جێگای خۆی دەگۆڕێ. هەرجارەی کەچاوم دەکردەوە، سەرێکم دەدیت لەتاریکیدا خەریکی تەماشاکردنی ئێمەبوو. سەعات دوو، کەڵەبابێك بانگی دەداو دوای چارەکە سەعاتێك بێدەنگ بوو. بەڵام دوای نیو سەعات دەستی پێکردەوە.





زۆرم گوێ لێ ببوو دەیانگوت کەڵەشێر سێجاران دەخوێنێ، بەڵام هەرگیز شتی وام باوەڕ نەدەکرد.

سەعات پێنج، رۆژ دەردەکەوێ. ئەسپەکان دەبەنە دەرێ و زین وکورتانیان دەکەن و ئێمە بۆ رۆیشتن دەچینە دەرێ. لەخانەخوێ دەپرسم کرێی خانییەکەی چەندە؟ دەڵێ چوار قڕان. ئەمن شەش قڕان و کێردێك و قوتبنمایەکی دەدەمێ.

ماوەی سەعاتێك بەستێك دەگرینەبەر. دۆڵەکە بەرینتر دەبێ و خاکەکەی بەپیتەو پاوانی زۆری لێن و چەند کێڵگەیەکی نیمچە کێڵراویش هەن. لەدەوروبەری بەستەکەدا بنچك و تەڕاشێکی زۆر هەیە. لەدوور، ئەسپینداریێك یان دارگوێزێك دەبینرێ . دەگەینە دارێکی پیرۆز کە بەپارچە پەڕۆك داپۆشراوەو هەر پیاوێکی چاك بەوێدا بڕوا، دەبێ پارچەیەك لەجلکی خۆی بکاتەوەو بەلکێکی دارەکەیەوە ببەستێ و دوعایەك بخوێنێ . ئەو گوندییەی رێنیشاندەرمانەو پیاوەکانی هاوڕێگاشمان ئەو رێورەسمە ئەنجام دەدەن. لەلای راستمانەوە دۆڵێك دەگرینەبەر کە بەرەو باکوور دەڕوا. جارێکی دیکە هەوراز دەست پێدەکاتەوە. ئیدی دارێك نابینرێ، گیا کەم دەبێ. ئەگەر دەگەینە سەر ملەکە، دەشتێکی گەورە لەبەر پێمان راکشاوە کە لە کۆتاییەکەیدا ئەگەر چاومان تیژبێ، باش قەڵا دەبینین. بەڵام تائەوێ هێشتا نزیکی بیست کیلۆمەترمان ماوە. لەقووڵایی دۆڵەکەدا، زابی گەورە دەخرۆشێ، بەڵام لێرەوە تەنیا رووبارێکی دوومەتری دیارە.

لەدوور، شاخی زۆر بڵند کە لەباکوورەوە بەرەو خوارێ درێژدەبنەوە، لکی ستوونییان لێ جودا دەبێتەوەو لەنزیك سەرچاوەی زابی گەورە



www.pertwk.com

دیمەنی شاخەکان زۆر جوانە. بەرەو خوارێ، شاخەکان وەك تێکەڵییەکی مەزن خۆدەنوێنن. رێگا بەردەڵانە. رووبار دووسەد مەتر دوورە، وەك بڵێی بەنێو دوو شیوان دا بڕوا، چونکە لەنزیکی پەنجا مەتری هەر لێوارێکدا جۆرە بەردێك بەکەپکێکی نزیکەی سی مەتر بڵند سەری قیت کردۆتەوە. گەڵییەکە زۆر رك نییە. رووبار وەکوو مار پێچان دەکا.کاروانچییەکان بەکەللەرەقییەکی باوەڕ نەکراو، هەرچەندە مەنزڵیش دوورنییە، ئەسپەکان لێدەخوڕن. دەڵێی لەئێمە بەلەزترن. گوێ لەقسان ناگرن. تەنیا قامچی ملیان پێکەچ دەکا.

بەردەکانی کەنار نزیك دەبنەوە. بەرێگایەکی قەدبڕ لەنشێوێکی رك شۆڕدەبینەوەو دەگەینە پردێکی نیوە خراپ، بەڵام دەتوانین بەبێ مەترسی بەسەریدا بپەڕینەوە. شوێنەکە زۆر تەنگە، لەم دەربەندەدا بایەکی وا توونـد هەڵیکردووە کەوێنەگرتنی دیمەنەکە نەکردە دەکا.

چوار مەتر دوورتر لەسەرەوەی رووبار لەکەناری لای راست، جۆگەیەك دەرژێتە ناوییەوە. لەو جۆگەیە دەپەڕینەوەو لەشاخێکی گچکەتر کەدوو رووبارەکە لێك جودا دەکاتەوە، وەسەر دەکەوین.





لەسەر لوتکە کەهاوتای پانکی دووکەناری رووبارە، کاولگەکانی گوندە گچکەو چۆلەکەی قەڵای کرانێ دەبینین. لەرابردوودا، دەبێ ئاو زۆرتر بووبێ و ئەم گوندەی پێشتر بورجوشورەی هەبووە، دەبێ بایەخێکی زۆرتری هەبووبێ.



دەشتی باش قەلا

ئەم ناوچەیە بێهاوتایە، وادێتە بەرچاو ئاوەکان لێرەوە هەڵدەقوڵێن. لەهەموو لایەك رووباری گچکە بەنێو دۆڵی گەورەدا دەڕۆن. ئەم رووبارانە پێچاوپێچ دەکەن و رێڕەو دەگۆڕن. رێڕەوی زابی گەورە نزیك رێژەو یان زیاتر لەکیلۆمەترێك جێدەگۆڕێ. هۆی ئەم دیاردەیە زیادبوونی لەناکاوی ئاو کە بەهۆی توانەوەی بەفر لەبەهاران روودەدا. ئەم بەفرە، خۆڵوبەرد لەگەڵ خۆی دێنێ و رێڕەوی یەکەمی رووبارەکە دەگرێ و هەر کە توانەوەی بەفر تەواودەبێ، رووبار بەناچاری رێڕەوێکی دیکە دەگرێ.

ئەم رێڕەوانە کەوا دێنە بەرچاو رووباری زۆر گەورەیان پێدا بڕوا، دەتوانرێ بەرینییە زۆرەکەی بەهۆی زیادبوونی ئاوەوە لێك بدرێتەوە؟ ئەم دیاردەیە لەدیدی مندا بەو ئەندازەیە چاوەڕوان کراوە، وەك



www.pertwk.com

ئەو زنجیرە شاخانەی بەرامبەر ئێمەن و روویان مەیلەوشینە، بەهۆی تیشکی رۆژ سوور هەڵگەڕاون و بەشکۆن. لەدۆڵەکەی لای چەپ کە لکێکی زابی گەورەیە—واتە هەمان ئەو رووبارەی هەر ئێستا لێی پەڕینەوەو سەرچاوەکەی نزیکی باش قەڵایە—گوندێك دەبینم لەچەند خانوویێك پێك هاتووەو خەڵکەکەی خەریکی گەنم کوتانن. چەند گاو ژمارەیەك ئەسپ کە بەسنگێکی دار بەستراونەتەوە. بەدەوری ئەو سنگەدا دەسووڕێن و ئەو وشییانەی پیاوەکان دەیانخەنە بەر پێیان، ورد دەکەن. ژنان، پشتیان لەبا کردووەو بەسەرەندو بێژینگ وسەبەتە دانەکان لەکای تەواو ورد بوو جودا دەکەنەوە. ئەم ژنانە بێ سەرپۆشن. لەم رووەوە کوردەکان وەکوو موسلمانانی دیکە دەمارگرژ نین.

لەشار نزیك دەبینەوەو لەدوا هەورازی دۆڵەکە کە بەرزاییەکەی دەشتی باش قەڵایە، سەردەکەوین. لەلای راست کاولگەیەکی سرنج راکێشی کلێسایەکی چۆڵ دەبینین.

ئەم یەکەمین گوندەی سنوری تورکیا، بایەخێکی زۆری هەیە. هەڵبەت لەچاوخۆی لەزارکی گوند شتێکی وەك بازاڕو چەند دوکانێك هەن. ئێرە شوێنی دانیشتنی فەرماندارێکە کەمن دەچمە لای. ماڵەکەی خانییەکی خراپی بەگەچ دروست کراوو بەقسڵ سپیکراوە، بەڵام بەلایەنی کەمەوە دەرگاو پەنجەرەی هەیە. بەقادرمەیەکی گچکەی دار دەچنە سەرێ و ئەوێ ژوورێکەو فەرمانداری تێدایە. پیاوێکی قەڵەووتەمبەڵ (وەکوو هەموو کارمەندانی دەوڵەتی تورك) لەسەر





کورسییەك دانیشتووە. مۆڵەتی دانیشتنم پێدەدا، لەبەرئەوەی فەرانسەیی نازانێ، ژوورم قسەکانی منی بۆ وەردەگێڕێ. ئەو نامەیەی پێدەدەم کە کۆنسولی تورك لەتەورێز بۆی نووسیبووم، واپێدەچێ پیاوێکی وردبین و بەئەزموون بێ. هۆومەبەستی سەفەرم لێدەپرسێ و پرسیاردەکا کەبەچ رێگایەکدا تێدەپەڕم. داوای نامەیەکی لێدەکەم بۆ هاوکارەکەی لەشاری وان. کۆنسولی تورك نەیتوانی نامەیەکی وام بداتێ، چونکە فەرمانداارانی ویلایەتەکان ناتوانن جگە لەنامەی فەرمانداری تەنیشتیان راستەوخۆ نامەیتر وەربگرن، یان پەیوەندی بەدەرەوە بکەن، با نزیکترین کۆنسولیش بێ. هەروەها ئەم کۆنسولە ناتوانێ جگە لەنزیکترین فەرمانداری سنووری وڵاتەکەی خۆی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا، سەروکاری هەبێ.

پاشا لوتفی کرد: فەرمانیدا ئەو خانووەی تایبەتە بەو کارمەندانەی جارجار بەسەرردان بۆ ئەوێ دێن، بدرێتە ئێمە. هەروەها ئاسایشمان تا وان دابین دەکا. خەتێکی تەلگرافی ناوخۆ دامەزراوەو لەوەدەمەیدا رێگرەکان زانیویانە گوند بەگوند خەبەریان لێدەدرێ، بۆسەی خۆیان لەشوێنی دیکەدا دەنێنەوە.

لەبەرئەوەی بەبێ قاوە خواردنەوە رۆیشتن بەبێ ئەدەبی دەژمێردرێ، بۆیە دوای خواردنەوەی قاوەیەك دەگەمەوە لای هاملین کەئاگاداری کەلوپەلەکان بوو. سواری ئەسپ دەبم و لەگەڵ دوو سەربازی تورك دەچینە شوێنی حەوانەوەمان. شار پلە بەپلەیەو زۆر نشێوە. دەچینە ژوورێکی بێپەنجەرە، پاشان دەچینە ژوورێکی دیکە کەپەنجەرەی هەیەو لەژووری یەکەم بەرزتر هەڵکەوتووە. پاناییەك کەدەبێ دواتر بیبڕین، بەرامبەرمانە. لەهەموو لاکانی ژوورەکە




www.pertwk.com

هەرکە بارو کەلوپەلەکان جێبەجێکران و قەرەوێڵە سەفەرییەکانمان دانران. لەکاتێکدا خەریکی ئامادەکردنی خواردنن، هامیلین دەست بەخۆشوشتنێکی سەیر دەکا و من لەسەر کۆسپەی دەرگا دادەنیشم و سوود لەدوا دەقیقەکانی رۆژ وەردەگرم. هەموو گوند لەبەرهاتنی بیانییان وروژاون و جۆرەها سیمای تورک دەوروبەرمان دەگرن. دووکەس لەناو خەڵکەکەوە بەرەو لام دێن. ئەوان فەرانسەیی بەباشی دەزانن و قسەی پێدەکەن. یەکێکیان تورکێکی خەڵکی دیاربەکرە و کارمەندی تەلگرافە. بەخۆشییەوە قسەم لەگەڵ دەکا و لەبایەخی خەتی تەلگرافی باش قەڵا ئاگادارم دەکاتەوە. تەلگرافی ئەوروپا کەبۆ ئێران لێدەدرێن دەبێ بێرەدا رەت بن. سەربار باش قەڵا ناوەندی دابەش کردنی سێ خەتی وان و جۆلەمێرگ و دیلیمانە. دەڵێ ئەم خەتەی ئێرە لەرۆژێکدا سەد تەلگراف دەگوازێتەوە. کەسەکەی دی، ئیتالیاییە کە لەباش قەڵا دادەنیشێ و میوانێکی فەرانسەیی هەیە بەناوی ریتۆری کەقەشەی دومینیکانی شاری وانە. داوای لێدەکەم بمباتە لای و لەماوەی کەمتر لەپێنج دەقیقە دەگەینە ماڵەکەیان. رێزوتەقدیرم پێشکەش بەو باوکە رۆحانییە دەکەم و ئێمە هەردووکمان بەم دیدارەی کەدوو هاوڵاتی لەم شوێنە دوورەدا یەکتر دەبینین، خۆشحاڵ دەبین. ئەو ئەندازیارێکی هەنگاری بەناوی مسیو ئەلکساندەر لەگەڵ دایە کەئەرکی راکێشانی جادەی عارەبانەیە لەنێوان وان و باش قەڵا. لەگەڵ قەشە ریتۆری دەربارەی سەفەر،





بەتایبەتی پاریس، دژواری و گلەییەکانی گرووپەکەی لەناوچەیەکی واناخۆش، قسەمان کرد. قەشە پەیامێك بۆ هاوکارەکەی لە وان بەمن رادەسپێرێ و دەڵی ئەو زۆری پێخۆشە لەخزمەتتان دابێ. ئەو کەسە ئیتالییە بەچای وقاوە داوەتمان دەکا، بەڵام لەبەرئەوەی هامیلین چاوەڕوانمە و درەنگیشە، دەڕۆم.




داركويزى كرى دار

کاتێ گەیشتمەوە شوێنەکەمان، ژووروم ئاگادارم دەکاتەوە کە کاروانچییەکان نایانەوێ پێش نیوەڕۆی سبەینێ وەرێبکەون. وەرامیان بۆ دەنێرم کەئەگەر سبەینێ سەعات شەشی بەیانی هەموویان ئامادەنەبن، ئومێدەوارم فەرماندار پەنجا قامچییان لێبدا. چونکە رەعیەتی ئێرانن هەڵبەت فەرماندار داواکەم رەت ناکاتەوە. یۆڤان بۆ شێوی ئێوارە، ئەو کەوانەی لەرێگا راومان کردبوون، ئامادە دەکا.



www.pertwk.com

## 20ی ئەیلوول

کەم کەم خوومان گرتووە بەجلکەوە لەسەر قەرەوێلە سەفەرییەکانمان بنووین. دوێنێ شەو، تاراددەیەك شەوێکی خۆش بوو. کاروانچییەکان سەعات شەش ئامادەن، بەڵام هەر ئەوەندە پێرادەگەین، سەعات هەشت وەڕێ دەکەوین. پزیشك بۆ دیتنی هەموو ئەوانەی دێنە تورکیا، هاتووە. بەڵام تەماشاکردنەکەی بەباجی نەفەرێك بەدوو فرانكونیو تەواو دەبێ.

خەتی تەلگراف بەدرێژایی جادە راکێشراوە. ئێمە درێژایی ئەو شاخانە دەگرین کە بەدرێژایی دۆڵی زابی گەورە هەڵکەوتوون و چاوەڕوانین بگەینە ملەیەك تا لەم دۆڵە دەرچین. ئەو بەشەی جادەکەی لەلایەن ئەندازیاری هەنگارییەوە دەست پێکراوە، دەگرین. مسۆگەر ئەم عەبدوڵلا هیچ‌وپووچە (ئەمە ناوی سەر کاروانچییەکەمانە) سوێندی خواردووە لەگوندێکی گچکە بەناوی چۆك کە بەنزیکیدا رەت دەبین، لابدا. دەبێ هەڕەشەی لێبکەین بەوەی بەسەربازێك دەینرێنە لای فەرماندار تا ناچار بەرۆیشتنی بکا. پیاوەکانیشی هەمان کەمتەرخەمی دەکەن، ژووروم ئیدی حەوسەڵەی نەماوە، دەبوا خۆمان ئەسپە بارهەڵگرەکان لێبخوڕێن.

بەنزیك کاروانێکدا تێدەپەڕین کە لەگەڵی نزیك سەرچاوەکانی رووبار چادریان هەڵداوە. ئەم کاروانە هەڵاتن بۆ میسر وەبیر دێنیتەوە. پیاوێکی ڕێك‌وپێك جڵەوی ئەسپێکی رازاوەی بەدەستەوەیەو ژنەکەی سواربووەو منداڵێکی لەباوەش دایە. ئەملاو ئەولای تێڕی سەرپشتی





ئەسپەکەش دوومنداڵی جوانی تێدایە کە پێدەکەنن. خزمەتکارەکان بەدوایانەوە رێدەکەن.




دەسکی خنجەری کورد لەعاج

بەباسکێکی هیشك‌وسەختی بەردەڵاندا سەردەکەوین. پاشان لەمێرگێکی نزیك رووبارێك دا بۆ نانخواردن وەك هەمیشە لەبەرهەتاو دادەنیشین. ئەسپەکان، کاتی پیاوەکان قەشاوشیان دەکەن، جۆ دەخۆن. قەشاو ئامرازێکی سادەو زۆر وەستایانەیە. پارچە ئاسنێك نزیکی بیست سانتیمەترەو بەسێ بەشدا خواربۆتەوە تا شێوەی (U) بەخۆوە بگرێ. لێوە درێژەکەی قەشاوددانەییە. بۆئەوەی دووسەرەکەی قەشاو لێك دوور نەکەونەوە، بەچەند ئاسنێکی باریك کەبەنێو چەند ئەڵقەیەکی جولاودا تێپەڕبوون، لێك دەبەستنەوە. ئەم



www.pertwk.com

سەعات دوو دەڕۆین و بۆ گەیشتنە زینوەکە زیاتر لە3200مەتر لەئاستی دەریا سەردەکەوین. پلەی گەرما زۆر هاتۆتەخوارێ، بۆیە پاڵتۆ سەنگینەکانی خۆمان دەکەینەبەر. لەسەر زینوەکە دیمەن زۆر دڵفرێنە. لێرەدا مرۆڤ بەسەر ئۆقیانووسە شاخێکدا زاڵەو خەیاڵ دەکا دەریایەك دەبینێ کەتۆفانێکی مەزن سەراوژێری کردووەو لوتکەو کەپکی رەق و رووتە کە هەندێجار بە رەنگی سۆرو دەمێ شین و بۆرو سەوزی کاڵ و وەنەوش، خۆدەنوێنن.

هاتنەخوار لەشاخ کەئەوەندەش ئاسان نییە، مەترسییەکمان رووبەروو ناکاتەوە. گوندێکی گچکە لەلای چەپمانەوە دەردەکەوێ کەدەبێ سیلە بێ. کاتێ بەتەنیشت ئەم گوندەدا تێدەپەڕین، جارێکی دیکە مشت ومڕ لەگەڵ عەبدوللا کە دەیەوێ لێرە لابدا، دەست پێدەکاتەوە. زابتیەکان کەدەزانن ئەوانە بەهۆی خزمەتکردنمانەوە پارەیەکی باشیان دراوەتێ، ئەسپەکان لێدەخوڕن و بارەکان باردەکەنەوە.

ئێستا نیوسەعاتێك تێپەڕیوە. تەماشا دەکەین پیاوەکان بەجێماون..یاغر یاغر دێن و لەمن تووڕەن. هاواریان دەکەمێ کە بێن. سێ چارەکە سەعات تێدەپەڕێ و گوێ لەقسەم ناگرن و زیاتر وەدوا دەکەون. ئۆقرەم لێهەڵدەگیرێ، قامچییە گەورەکە لەژوروم وەردەگرم وپێی دەڵێم کەخۆی لەگەڵ هامیلین رێبکەن. ئەمن بەتیژی دەگەڕێمەوەو لەدواوە پێیان دەگەم. بەفەرانسەیی قسەیان پێدەڵێم و






بەزەبری قامچی پیاوو ئەسپەکان لێدەخوڕم و زۆر نابا دەگەنەوە داروودەستەکەی خۆمان. هامیلین بەهێواشی بەدوامدا هاتۆتەوە نەبادا شتێکم بەسەربێ و ئەگەر دەبینێ ئەم سەرلێشێواوانە خۆیان بەسەر ئەسپەکانیانەوە گرموڵە کردووەو بەبێ مەیلی خۆیان لەهەر جۆگەو قورتێك دەپەڕنەوە، منیش بەدوایانەوە بەجولانەوەی دەستەکانم هاوار دەکەم، قاقا پێدەکەنێ.

رێگامان درێژە پێدەدەین. لەناکاو دەزانم تفەنگم لەزینی ئەسپ جودابۆتەوە. هەر زوو بەو رێگایەدا دەگەڕێمەوە کە لێیەوە هاتووم. دەبینم یەکێك لەمەیتەرەکانی ئێمە کە لەدواوەیە، هەڵیدەگرێتەوە. ئەگەر کەسێك نەیدیتبا لەوانەبوو دەیشاردەوەو لەکاتێکی گونجاودا دەیبرد. بەڵام کەدەبینێ مەبەستەکەی ئاشکرابووە، تفەنگەکەم بۆ دێنیتەوەو ئەمنیش لەبەر دروستکارییە ناچارییەکەی، پاداشتێکی باشی دەدەمێ. ئەو چەند وشەیەك دەبۆڵێنێ کە لەماناکەی ناگەم. پاداشتەکە رەت دەکاتەوەو چونکە سووردەبێ، وەریدەگرمەوەو لەژورومم دەوێ قسەکانیم بۆ وەربگێڕێ. دەڵی گوایە مادام من تفەنگم بزرکردبوو، ئیدی نابێتەوە هی من و چونکە ئەو هەڵیگرتۆتەوە، دەبێتە هی ئەو، لەبەر هەندێیە داوای نرخی تفەنگەکە دەکا.

ئەو رووبارەی بەدۆڵەکەیدا دەپەڕینەوەو دوای رەت بوون بەزینوەکەدا لەجۆگەلەیەك پانتر نەبوو، ئێستا زۆر گەورە بووەو لەچەندان جۆگەوە ئاوی تێدەڕژێ و بۆتە رووبارێکی گەورە. لکە رووبارێك کەئەوەندەی ئەو دەبێ و لەخوارێوە دێ دەڕژێتە ناوی. بەم شێوەیە لەرووبارێك کەلەچاو خۆی بەدۆڵێکی تەنگدا رەت دەبێ، ئێستا بۆتە رووبارێکی گرنگ.



www.pertwk.com



بەستەکی کوردی

لەناکاو لەپێچی ڕێگا، دەبینین لەچوارچێوەیەکدا کە لەدیوارە تەسکەکانی دەرەبەندەکە دروست بووە، قەڵایەکی کۆشك-ئاسای بەشکۆ لەسەر تەنیا قۆپکێك هەڵکەوتووە. ئەمە قەڵای مەحمودییەیە. لەخوار شاخەکە گوندێکی گچکە هەیە کەرووبارێك لەشاخەکەی جودا دەکاتەوە. خانییەکان کاولگەن و ڕەنگە دانیشتوانی لەسەد کەسیش زیاترنەبن، لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتی تورکیا نوێنەرێکی لێداناوەو چەند سەربازێکیشی خستۆتە ژێر فەرمانی. دەچینە لای ئەم کاربەدەستەی تورکونامەی پاشای باش قەڵای پێ نیشان دەدەین.

ئەو دەرگای خانی فەرماندارمان بۆ دەکاتەوە کە کەوتۆتە سەر ڕووبارو نزیکی پردە گچکە لەبەرد دروست کراوەکە. سەرۆکی پاسگا کەدەبینێ ژمارەیەك بیانی هاتوون و هەندێ سەربازیشمان لەگەڵ دان و چونکە کەسانی گرنگین، بۆ حەوانەوەمان زۆر دۆستانە ڕەفتار دەکا. ئەسپەکان دەباتە ژوورێکی خوارێ و ئێمە بەقادرمەیەك دەچینە ژوورێك کەلەسەرەوەیە.





## 21ی ئەیلوول

دەست بەجێ هەڵدەستین و بەپێ دەچینە سەردانی قەڵا و دەوروبەری کە بەشوورەیەکی چوارگۆشە دەورەدراوە. هەر لایەکی شوورەکە نزیکەی پازدە مەترە. ئەم قەڵا-کۆشك ئاسایە لەسەر کەپکێکی حەفتا هەشتا مەتر بڵند هەڵکەوتووە، قوژبنی خوارووی ڕۆژهەڵاتی شوورەکەی گرتووەو بەسەر ئەو گەڵییەدا دەڕوانێ کەپێیدا هاتین. ناوەندی شوورەکە، بینایەکی گچکەی کاولگەیە، کەدەبێ بەرێگایەکی ژێرزەمینی و نهێنییەوە بچینە ناوی، بەڵام ئێمە نەماندیتەوە. لەگەڕانەکەمان دا لەنك دیواری ڕۆژهەڵات، لەگۆشەیەکی کۆشکدا بورجێکی گەورە دەبینین. دیواری شوورەکە درێژبۆتەوە، سەرەوەی فراوانەو جاربەجار لەپاناییدا بورجی گچکە گچکە دروست کراوە. بەڵام لەباتی ئەوەی بەدەوری شاخە گچکەکەدا بسووڕێتەوە، لەترۆپکی گردەکەی تەنیشت کە لەوێش قەڵایەکی گچکە دروستکراوە، سەردەکەوێ. لەناو ئەم دیوارەدا، لەبەشە داڕوخاوەکەی نێوان گردەکەو کەپکە گەورەکەدا، کاولگەی ژمارەیەك خانی لەبەرد دروست کراو هەن کە لەکاتی هەڵمەتدا گوندییەکان سەنگەریان تێدا دەگرن، دەگەڕێینەوە جێگای دەستپێکی گەڕانەکەمان و لەو سەربازەی لەگەڵمان دایە داوا دەکەین، ناو قەڵاکەمان پێ نیشان بدا.

لەلای ڕۆژئاوا، پێشتر دەرگایەکی گەورە هەبووەو ئێستا کونێکە، بەو قادرمەیەدا سەردەکەوین کەلەشاخەکە هەڵکەنراوە. ئەم پلیکانەیە



www.pertwk.com

لەبەرئەوەی ناتوانین لەم دەرگایەوە بچینە ژوورێ، بەنێو کاولگەکاندا، بەناوەندی ڕێگایەکی بەپێچ‌وپەنای بەشە جۆراوجۆرەکانی بینایەکە کەدیتنی زەحمەت دەبێ، وەسەردەکەوین.

دیوانی خانییە گەورەکە کەدەبێ خاوەنەکەی لەوێ دانیشتبێ، ژوورێکی جوانی زارك گەورەیەو لەسەر لوتکەی شاخ دا هەڵکەوتووە،دیمەنێکی بەشکۆی نەخش‌ونیگارێکی درشت بەسەر دیوارەکانەوە دیارە. هەموو ئەمانە، نەتەنیا زیانیان پێگەیشتووە،





بەڵکو خراپ بوونە، دیوارەکان ماون، بەلام بانەکان رووخاون‌و راڕەوەکان گیراون‌وزارکی ژێر زەمینەکان بەستراوە.

لەبەرئەوەی هەموو جێگاکانمان بەسەر کردەوە، هەتا جێگا زۆر دژوارەکانیش تا بتوانین تێزەکانی هەموو بەشەکان لەزەینی خۆمان دا بەرجەستە بکەین. ناچار دەبین زۆر بەپارێزەوە بجولێینەوە نەبادا بکەوینە قۆرتێکەوە. لەجێگایەکی لەگێران نەهاتووی وادا، هەست بەشانازی‌و جوامێری ئەو خاوەنە بەهێزوجەسوورانە دەکرێ کەماخۆی ئەم قەلا-کۆشك ئاسایانەن‌و فەرمانڕەوای ناوچەکە بوون.




نسخه بدل یک تذکرهٔ ایرانی

**بسولەی ئێرانی**



www.pertwk.com

کوردان هەرگیز ئومێدی گەڕانەوەی سەربەخۆیی رەهای لەم شێوەیان نییە، ئەوان هێشتا لەژێر دەسەڵاتی تورکان رادەکەن. ئەمانیش بەرژەوەندییان وا دەخوازێ کەئەم نەتەوە چالاک و هۆشمەندەیان لەژێر دەستاندابێ تا نەتوانن جارێکیتر ئەو ئازادیوسەربەخۆییەی لەرۆژی رۆشندا بوویانە، وەدەست بخەنەوە.





قەلای مەحمودیە





کاتێ دەگەڕێینەوە نزیکی سەعات دەیە. هەموو شتێك ئامادەیەو ئیدی جگە لەسواربوون کارێکی دیکەمان نییە. رێگا هەمان ناوچەی چۆڵ وهیشکە، بەنێو بەرد وگردە رووتەکاندا تێدەپەڕین.




دەرکای قەلای مەحمودیە

واپێدەچێ لەم نێوەدا کێروشك و مامزو کەووپڵینگ زۆربن. گەلێ خۆشحاڵ دەبووین ئەگەر بتوانین ئەم دووەی دواییان راوبکەین و بۆ ئەم کارەش تەواو چەکدارین، بەڵام نەماندیون. تەنیا کەو زۆرە کەجاربەجار، راوکردنیان خۆشە. دۆڵەکە بەرینتر دەبێ، چەند جۆگەیەکی دیکە دەڕژێنە رووبارەوە کەلەزۆربەی جێگاکاندا نزیکی پێنج شەش مەتر پانە. لەشوێنێکی دوورتر رووبارەکە قووڵایی نییە. لەپانایییەکی زۆردا دەبێتە چەند جۆگەیەك. لێرە گیا زۆروبۆرە.

و ناوەکــەی لــەناوی گونــدێکی بنــاری قــەڵا وەرگیراوە. ئەم رووبارە دەڕژێتە دەریاچەی وانەوە. لەرێگا دەگەینە یەکێك کەجلکی ئەوروپایی دەبەردایەو دەیەوێ پشوبداو بەزمانی فەرانسەیی سلاومان لێدەکا. ئەم تورکە، خەڵکی قوستەنتینەیەو بەپلەی نوێنەری حکومەت لەئامێدی لە ویلایەتی هەکاری دامەزراوە. زۆر دەترسێ لەرێگا هەڵمەتی بکرێتەسەر، بۆیە مەبەستیەتی داوای پازدە سەرباز بکا بۆ پارێزگاری. ئەو بەهاتوچۆترین رێگا لەرێی باش قەڵاوە دەگرێتە بەرو سەری سووڕدەمینێ لەوەی ئێمە بەرێگایەکی وادا دەڕۆین. بەمیهرەبانی داوامان لێدەکا لەگەڵیدا بحەسێینەوەو سیگار بکێشین، بەڵام لەبەرئەوەی دەمانەوێ ئەم شەو بگەینە وان لەئەسپ دانابەزین. خودا حافیزی لەیەکتر دەکەین و ئومێد دەخوازین لەئامێدی بەدیداری یەکتر شاد بینەوە.

دۆڵەکە جارێکی دیکە لەنێوان دوو شاخدا کە لوتکەی بەرزیان هەیە، تەسك دەبێتەوەو تەنیا رووبارێکی پێدا دەڕوا. پردێکی گچکە لەسەر رووبارەکە هەیە، بەڵام ئەوەندە خراپە کە پێمان باشترە لەئاوەکە بدەین. ئەم دۆڵە کەدەگاتە دەریاچەی وان، بەپیتەو ئەگەر سوودی لێوەربگیرێ، بەرهەمێکی زیاد دەدا. کەمێ دوورتر گوندە گچکەکانی زەرناك و هیندستان دەبینین. ژمارەی دانیشتوانی هەریەکێك لەو گوندانە لەسەد کەس تێناپەڕێ.

لەناکاو هەور بەری ئاسمان دەگرێ و رێژنەیەکی زۆر توند دادەکا. باران وەك تاڤگە دێتە خوارێ. دوای نیوسەعات جارێکی دیکە ئاسمان ساف وساماڵ دەبێتەوە. ئەمن هەرگیز نەمدیوە دیاردەی وا






بەم خێراییە دەرکەوێ و بەم زووەش نەمێنێ. بەگوندە گچکەکەی نورکییك دا تێدەپەڕین وخۆمان بۆ سەرکەوتن لەشاخێ کە ئێمە لەوان جودا دەکاتەوە، ئامادەدەکەین. بێئەوەی شتێك لەئاوی رووبارەکان زیادبێ، ئیدی رێژنە تۆفان–ئاساکە نامێنێ، بەڵام لەسەرەتای سەرکەوتندا، زەوی کە زۆر لیچەو قوڕەکەی لەقوڕی گۆزەگەری دەچێ، زۆر خلیسکە.

لەدواییدا گەیشتووینەتە زینوەکە. لەسەر پێچی رێگا، دیمەنێکی زۆر جوانمان لەبەرامبەر دایەو هەموو دۆڵی وان لەبەر چاومان ئاوەڵایە. لەناوەند قەڵاو شاخی وان بەسەر شارو تارمایی سەوز رەنگی خانییەکاندا زاڵە. رووبەرووومان لەلای باکوور لوتکەی سیپان لەوبەری دەریاچە، لەلای راست چیای ڤاراش، لای چەپ دەریاچەی مەیلەوشین کەئاوەکەی تا ئاستی خانییەکانی شار دەگا، دەبینرێن. شاخی وان زۆر سرنج راکێشە. بەتەنیا لەناوەڕاستی دەشتێك دا راوەستاوە. دەڵێی بەئەنقەست لەوێیان داناوە. وەبیرمە، شتێکی وام لە (تری شینوپولی)ی هیندی خواروودا دیوە.

دوای دووسەعات دەگەینە یەکەمین باغەکانی شار. بەناوەندی کێڵگە باشەکان دا تێدەپەڕین و چاومان بەعارەبانەی سەیر سەیر دەکەوێ کەچەرخەدارەکانیان لەژێر بارە زۆرەکانی کادا قرچ قرچ دەکەن. پێشتر یۆڤان لەگەڵ نامەیەك بۆ لای رۆحیانیانی دومنییکان دەنێرم تا هەواڵی هاتنمانیان پێرابگەیەنن و لێیان بپرسێ ئایا دەتوانن میواندارییمان لێبکەن.



www.pertwk.com



خەنجەری کوردی





## پەراوێزەکان:``

[1] ) لێرەدا، قسە لەکوردەکانی باکوورە، چونکە کوردەکانی خواروو، واتە کوردستانی ئێران، میهرەبان و مێواندۆستن، ئەوەندەی کوردەکانی باکوور شەڕانی و رێگر نین.

[2] ) لەو باوەڕەدانیم بەراز بووبێ. چونکە موسلمانان بەراز بەخێوناکەن. ئەگەر بەراستی بەراز بووبێ، دەبێ خەڵکی گوند مەسیحی بن (و.ك).

[3] ) لەکوردەواریدا، خەڵك کەبە نزیك پیاوچاکێك دا رەت دەبێ، تیلمە پەڕۆیەك لەپەڕۆی سەر چاکەکە دەکەنەوە و وەك شتێکی پیرۆز (موتەبەریك) هەڵیدەگرن. (و.ك).

[4] ) نووسەر باسی گێرەکردن دەکا. (و.ك).

[5] ) نووسەر لەبیری چووە کە بەناوچەیەکی کوردستاندا سەفەر دەکا. رەنگە گەلێ گوندی ئەرمەنی و ئاسووری و کلدانی لەکوردستاندا هەبن، بەڵام گوندی تورك لەو ناوچانەدا نین. (و.ك).

[6] ) ئاماژەیە بۆ بابەتی هەڵاتن لەمیسر کە لەئینجیلی پیرۆزدا باس کراوە. کاتێ (هرود)ی پاشای جووان لەهاتنەدنیای حەزرەتی عیسا ئاگادارکرایەوە، هەوڵیدا لەناوی ببا. خودا لەخەودا فەرمانی بە (یوسف)ی دەزگیرانی مریەم دا تا منداڵەکەو دایکی بباتە میسر. یوسف لەخەو هەستا. هەر بەشەو منداڵ و دایکەکەی هەڵگرت و رایکرد بۆ میسر.

[7] ) نووسەر جارێك بەسەرباز ناویان دەبا و جارێکیتر دەڵی زابتیەو پێشانیش لەکوردەواری پێیان دەگوتن زەفتیە. جەندرمە (و.ك).

[8] ) کۆشاب نییە، خۆشابە. ئەو قەڵایەش کە لەلاپەڕەکانی پێشوودا نووسەر ناوی بە (مەحموودییە) هێنا، قەڵای خۆشابە. (و.ك).



www.pertwk.com



وان خانوی دومنیکنەکان

# بەشی شەشەم

## وان

## لە21تا 26ی ئەیلوول

چوونە ناو وان-جێگیربوون لـەخانووی پیـاوە ئایینییـەکانی دومینیکـان-دیـداری کۆنسولی رووس-گەڕان و پشکنینی قەڵای تۆپراق -ئـەو خۆپارێزییـەی فەرمانـدار دەرهـەق بەئێمـە دەیکـا-وان، بـاغ، شـار، پیشەسـازییەکانی-دانیشـتوان وکۆلۆنی ئـەوروپایی-شـاخی وان، تـاتەبـەردە نووسـراوەکان-نەخشـە وبناغەی وان-سـەمیرئەمیس-شـیوخواردن لـەماڵی کۆنسـولی رووس-گرفـت لـەڕێی وێنـەگرتن-سەردانی قەڵای تۆپراق -کاولگـەکان-عارەبانـەی کۆلۆبـاکین، قۆنتەراتچـییەکی تورك-بابامەگیان-دەریاچەی وان-ماسییەکانی، زیـادبوونی ئـاو-دوورگـەکان-ئەرمەنستان و کوردستان-دەرکردنی ژوروم-شیوخواردن لەماڵی کۆنسولی ئینگلیـز-تـاڵانی کـوردان-چاوپۆشـینی دەوڵـەت لـەرێگران-بـەدگومانی وئازار دەرهـەق بەبێگانان-سیمۆن، وەرگێڕە نوێکـەمان-خانمـە ئەمریکاییـەکان، دەزگاکانیـان-گەشت بەرەو دێری ڤاراش، کتێبخانە-رۆیشتن لەوان.





پیـاوە ئایینییـەکانی دۆمنیکـان لەوبـەری باغـەکان دادەنیشـن. بـۆ گەیشتنە ئەوێ دەبێ زیاتر لەنیو سەعات بەنێو کۆڵانە تەنگەکاندا ڕێ بکـەی کـە دیـواری قـوڕی باغـەکان ئەملاوئـەولایان گرتـوون و دوو جۆگەی پڕ لەئاوی بەدارودرەخت، بەتەنیشتیدا دەڕۆن.

یۆڤانی دلێـر کە گێل و فیداکاریشـە بزربووە، ئەو دوو دەقیقـە دوای من، خۆشبەختانە دەگاتە جێ وئەو نامەیەم پێدەداتەوە کەپێم دابوو. بابا دوپلان تەنیایە. ئێمە لەکاتێکی خراپ هاتووین. ئەمانە خانوویان گۆڕیـوە و گواسـتویانەتەوە خانییـەك کـە خۆیـان دروسـتیان کـردووە، بەڵام هێشتا ناتەواوە. بابا دوپلان ناتوانێ جگـە لـەژوورێك کەهێشتا چوارچێوەی پەنجەرەکـەی دانەمـەزراوە، ژوورێکـی دیکـەمان بـداتێ. پێشـنیار دەکا بەکەسێکی ئەرمـەنیمان بناسـێنێ، رەنگـە ئـەو بتوانـێ شوێنێکی باشترمان پێبدا، بەڵام ئێمە ئەوەمان پێباشترە، خۆشیمان کـــەمتربێ، بـــەس لـــەکن هاووڵاتیـــانی خۆمـــان بـــین. قەرەوێڵـــە ســـەفەرییەکانمان ئامادەدەکـــەین، لێفـــەکانمان دەتـــوانن لەبەرامبـــەر هەوای دەرێ بمانپارێزن. هەرکە جێگیربووین کەوتینە پاککردنـەوەی خۆمان. بۆ نـانخواردن دەچینە خوارێ. خواردن، خـواردنی کەسـێکی ئایینییـە کـەکاروباری دیکـە مۆڵـەت نـادا، بایـەخ بـەخواردن بـدا، بـەڵام لـەناو قاپـدا دەخـۆین و خواردنـەوە لەپـەرداغ دەخۆینـەوە و لەسـەر کورسـی دادەنیشـین و مێزیشـمان لەبـەردەم دایـە. دوای نـانخواردن دەچـینە سـەردانی جێگـری کۆنسـولی روسـیا کـەناوی رێـزدار کولوباکینـە. لەبەرئـەوەی فەرانسـە لێـرە کۆنسـولی نییـە، لەگـەڵ پەیـدابوونی هەرگرفتێکـدا دەبـێ داوای پارێزگـاری لـەو بکـەین. زۆر



www.pertwk.com

زۆر وروژاوە، ساڵی رابردوو لەدوا سەفەریدا بۆ روسیا، ژنی هێناوەو خانمەکەی تەنیا ژنی ئەوروپییە لەشارو تازە منداڵێکی هێناوەتە دنیا. ئەم رووداوە بۆ کۆنسولی رووس ئاسایی نەبووە، چونکە لەم ناوچەیەدا جگە لەنۆشدارێکی عەسکەریی تورك کەئەویش زۆر بێزانیاری‌و کەم ئەزموونە، هیچ پزیشکێك نییە، لەگەڵ هەندێش هەموو شتێك بەخۆشی تەواو بووە.

دەربارەی گەڕان‌و پشکن کەلە تەفلیس کراون، لەبارەیەوە زۆریان باس لێوە دەکرد، پرسیار لەکۆنسول دەکەم. لەم گەڕانەدا، شتی کەم دۆزراوەتەوە، بۆیە زیاتر لەپێنج ساڵە وەستاوە. گردێك کە ئەودیوی دەشتێکەو لەسەریدا پاشماوەی کۆشکێکی کۆنیان دۆزیوەتەوە، بەهەڵکەندنی شوێنەکە توانیان تێزی کۆشك دروست بکەنەوە. چەند دەفرو پەیکەری گچکەی لەقوڕ دروستکراوو عاج بەسەری زێڕوزیو وەدەست کەوت، درێژیی ئەم پەیکەرانە بیست تا سی سانتیمەتر دەبوون. ئینگلیزەکان دوای خەرجکردنی پارەیەکی زۆر بۆ دۆزینەوەی ئەم پاشماوە بێ بایەخانە، کاتی لێکیان دایەوە زەحمەتەکەیان بێ سوود بووە، وازیان لەپشکنین هێنا.





## 22ی ئەیلوول

کاروانچییەکان بەیانی بۆ کرێکەیان هاتن. پاشان بابا دوپلان دەمانباتە تەماشای ئەنجوومەنی رۆحانی‌و باغێك کە بەشێکیەتی. مەبەستیانە بەزوویی لەم باغەدا سەوزەو دانەوێڵەی فەرانسەیی بچێنن.


دەوڵەت لەهاتنی ئێمە شڵەژاوە. تا ئێستا دووجار کەسێکیان بەهەنجەتی دیتنی ئێمە، لەراستیدا بۆ جاسووسی، ناردووە.لەگەڵ کۆنسولی ئێران کە بۆ دیدەنی بابا رۆحانییەکان هاتووە، ئاشنا دەبین. بۆتە دۆستیان‌و ئێستا نێوانیان خۆشە. بەباشی فەرانسەیی دەزانێ‌و تارادەیەکیش خوێندوویەتی. ئیشەکەی زۆر بایەخدارە، چونکە لەم ناوچەیەدا پەیوەندییەکی زۆر لەنێوان دوو وڵاتی ئێران‌وتورکیادا هەیە.

نزیکی سەعات دوو بەسواری، هاوڕێ لەگەڵ جەنابی دوپلان دەچینە دەرێ. ناوبراو وێڕای ئیش‌وکاری زۆر، حەزدەکا لەگەڕانی شاردا رێنوێنیمان بکا. کۆنسولی رووسیا ئەسپەکەیم وێدەدا، هامیلینیش ئەسپی بابە ریتوری وەردەگرێ.

کۆڵانی باغەکانی شاری وان سەرنج راکێش‌ودڵگیرن. خاکی ئەم کۆڵانانە توونەو پەستراون، بەڵام زەوییەکە بێهاوتایە. دوو لای جۆگەن، کەباغ‌ومولکەکان ئاو دەدەن‌و لەدەوروبەریاندا دار رووان‌و لەژێریان هەست بەفێنکایەتییەکی خۆش دەکرێ. لەهەر جێگایەکدا ئەم کۆڵانانە بەرین بن، جادەش هەمان پانایی هەیە،



www.pertwk.com



کولانیکی دروان

بەلام ڕیزی درەختەکان سێ ئەوەندەو چوار ئەوەندەش دەبن. دارەکان وەك شتڵ بۆڕن، شەوان دەبێ باش سرنج بدرێ تا نەکەونە نێو جۆگەو گۆماوەکان. زەحمەتە بتوانن شەوان بەبێ فانۆس لەماڵ وەدەرکەون. بە ڕۆژ، ئەو ڕێگایەی دەچێتە شار جۆرە سەیرانگایەکی جوانی بیست دەقیقەییە. ماوەیەکی زۆری بێداروبار بە پانایی سێسەد تا چوارسەد مەتر باغەکان لەشار جودادەکاتەوە، ئەم شوێنە چۆلە بۆ ئەوەیە لەکاتی گەمارۆدانی شار بۆ تەقەکردن لەهێرشکەران تەگەرەیەك دروست نەبێ. شار بەبورج و شوورەودیواری بەرد دەورەدراوە کەتەنیا لەبەرانبەر دەرگاکان دا چاڵیان هەڵکەندووە. ئەو کۆلانانەی دەچنەوە دەروازەکان زۆر تەنگ و پێچاوپێچ و پیسن. بازاڕەکان گچکەن و هاتووچۆ بەناویان دا زۆر ئاسان نییەو ئەم بارە





بەهۆی جۆگەی پڕ لەپیسایی دروست بووە، کە بەناوەندی کۆلان دا دەڕوا.

لەشاری وان جۆرە پارچەیەکی دڕ لەمووی بزن دەچنن کەئاو ناداو زۆر قایمەو هەروەها دروست کردنی شتی گچکەی زیو لەم شارەدا ڕەواجی هەیە. کرێکارانی وان وەستان، بەلام دەستکارەکانیان دڕوتێژەکانیان بێجوانکارین. ئەم شتانە بریتین لەدارجگارەو گوارەو قۆدی گچکەوشتی دیکە.

دانیشتوانی شارو ناو باغەکانی نزیکی بیست و پێنج هەزار کەسە لەگەڵ دە دوازدە کەسی ئەوروپایی:


دووبابای ڕۆحانی دۆمینیکان، چەند مژدەهێنەرێکی ئەمریکایی، کۆنسولی رووسیا و کۆنسولی ئینگلیزو سکرتێرەکانیان، پزیشکێکی یۆنانی، ژنانی ئەوروپایی تەنیا بریتین لەخانمی کولوباکین ژنی کۆنسولی رووس ودووخانمی ئەمریکایی.

ژیانی ئەم رێزدارانە زۆر ناخۆشە. کاربەدەستانی دەوڵەتی تورکیا بەئاشکرا رێگا لەپەیوەندی دۆستایەتی بازرگانە پارەدارەکان وپیاو ماقوولانی شار لەگەڵ ئەوان ناگرن، بەلام ئەم پەیوەندییە هۆی بەدناوییە. بەهەرحاڵ کارمەندی رەسمی دەوڵەت لەم بارەیەوە بەتووندی جێگای گومانە، شایەدیش ئەم ڕووداوەیە:

نوێنەرێکی دەوڵەتی تورك دەیەوێ بچێتە سەردانی دۆستە ئەرمەنییەکەی کە ماڵی لەبەرانبەر خانووی کۆنسولی رووسیایە. خزمەتچی ئەم نوێنەرە، ئەگەر ئاغاکەی لەماڵی ئەرمەنییەکە دادەنیشێ ئەویش لەژێر




www.pertwk.com




نەخشەی کوردستان








قەڵای وان



www.pertwk.com

سێبەری دارێکی نزیک ماڵی کۆنسولی رووسیا، ئەسپەکەی رادەگرێ. سەرۆکی پۆلیس کەبەوێدا تێپەڕێو خزمەتچیو ئەسپەکەی نوێنەر دەبینێ، دەستبەجێ دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی. راپۆرتێک ئامادەدەکاو دەڵێ نوێنەر لەگەڵ کۆنسولی رووسیا کەینوبەینی هەیە. فەرماندار، خۆیشی بەبێ لێکۆڵینەوەو سۆراغ، راپۆرتێک لەسەر نوێنەرەکە کە لەهەموو شتێک بێئاگابوو، دەداو دەبێتەهۆی لەسەرکار لاچوونی. نوێنەری بێچارە نارەزایی دەردەبڕێو بێگوناهی خۆی دەسەلمێنێ، بەڵام نایگێڕنەوە سەر کاری پێشووی.

لەلای دەریاچەکە بۆ سەردانی قەڵا لەشار دەردەچین. شاخی وان کەپکێکی بایەخدارە کەپێنج سەد تا شەش سەد مەتر درێژەو هەشتا مەتر بەرزەو پانایییەکەشی هەمان ئەندازەو درێژاییەکەی لەرۆژهەڵاتەوە تا رۆژئاوایە (مەبەستی رۆژهەڵاتورۆژئاوای شارە و.ك) لەچەند جێگایەکیدا، بەخەتی بزماری لەسەری نووسراوە. ئەم نووسراوانە ئەوەندە بەرزن کەدەستیان ناگاتێ. شوڵتز یەکەمین جار بەیارمەتی دووربین لەسەر منارەیەکی تەنیشتیدا دانەیەکی لەبەر گرتۆتەوەو پاشان مسیو دیرۆل **Deyrolle** بەهۆی ئەو کەپرانەی لەسەر گوریس دروستیان کردبوون، وێنەی گرتوون.

نووسراوەکانی وان بریتین لەنووسراوێك کەبە سێ زمان نووسراون و لەکاری توێژینەوەی زاناکان بۆ خوێندنەوەی خەتی بزماری، یارمەتی داون. ئەم نووسراوە باس لەکارە گرنگەکانی داریوشی کوڕی هیستاپس دەکا. ئەم نووسراوانە هەرچەندە لەرووی خەتەوە لێك دەچن، بەڵام لەجۆری نووسراوەکانی نەینەواو کاولگەکانی ئاشووری





نین. کاتێ پاشاکانی ئاشوور دەیانویست تێپەڕینی سەرکەوتوانەی خۆیان بەیادگار بهێڵنەوە، لەکاتی هەڵکەندنی نووسراوە یادگارییەکانیاندا چەند گۆڕینێکیان لەخەتی بزماری کرد تالەگەڵ زاری نەتەوەی ئەرمەنیدا بیگونجێنن. بۆیە ناوی ئەرمەنی لەم نووسراوانە نراوە، ئەم نووسراوانە هێشتا بەتەواوی نەخوێنراونەتەوە.

ئەگەر ناوی وان کە لەم شارە نراوە لەناوی یەکێك لەپاشاکانی ئاشووری وەرگیراوەو دووەمین دامەزرێنەریەتی، بنیاتی راستەقینەی وان دەگاتەوە سەردەمی سەمیر ئەمیس کە بەپێی گوتەی موسا خەوەرنی (30) هەزار کرێکاری لەئاشوورەوە بۆ ئێرە نارد تا باغو کۆشك دروست بکەن، هەرچەندە شوێنەوارێکیان دیارنییە، بەڵام ناوبانگیان بۆ ئەم سەردەمە ماوەتەوە. سەمیر ئەمیس کە شەیدای جوانی دیمەنی دەریاچەی ئەگەشەمەر (دەریاچەی وان) بووە، دەستیکرد بەدروستکردنی هاوینەهەوارێك. موسا خەوەرنی بەحەزێکی زۆرەوە لە(مێژووی ئەرمەنی)ی خۆیدا هەموو ئەو ژێرزەمینوهەیوانو نووسراوانەی وەسف کردووە کە بەشێك لەکۆشکەکانیان پێکهێناوە.

لەلای باکووری شاخەکە کە بەنووسراوەکان داپۆشراوە، دیواری بەرگریو سەنگەری شاریان دروستکردووە. زۆر دوورتر لێرە، چەند نووسراوێك لەسەر شاخەکە هەڵکەنراوە کە زۆربەیان وەکو یەك سافن، بە بەرینایی مەترێکی چوارگۆشە پیتەکانیان هەڵکەندووەو وەك مۆرێك خۆ دەنوێنێ.



www.pertwk.com




بازاری شهروان

لەلای باکووری شاخەکە کە بەنووسراوەکان داپۆشراوە، دیواری بەرگریو سەنگەری شاریان دروستکردووە. زۆر دوورتر لێرە، چەند نووسراوێك لەسەر شاخەکە هەڵکەنراوە کە زۆربەیان وەکو یەك سافن، بە بەرینایی مەترێکی چوارگۆشە پیتەکانیان هەڵکەندووەو وەك مۆرێك خۆ دەنوێنێ.

هەرکە سەردانەکەمان تەواوبوو دەگەڕێینەوە ماڵ تا خۆمان بۆ شیو خواردن لەماڵی کۆنسولی رووسیا کەبەلوتفی خۆی بانگهێشتی کردووین، ئامادەبکەین. لەم میوانداریییەدا، ئۆسقوفی ئەرمەنییەکان، کۆنسولی ئینگلیز مستەر لم، بابا دوپلان، سکرتێری کۆنسول، هامیلینو من، ئامادەین. دەبینین ئێمە نۆ کەس دوازدە زمان دەزانین: فەرانسەیی، ئەلمانی، ئینگلیزی، رووسی، ئیسپانی، یۆنانی، عەرەبی، تورکی، ئەرمەنی، فارسی، کوردیو کلدانی،





بەڵام هەر بەفەرانسەیی دەدوێین.نازانم کۆنسولی ئینگلیز بۆچی قسەیەکی نەکرد. رێزدار کولوباکین زۆر میهرەبان بوو، ئەو لەتورکستان بووەو ماوەیەکیش لەخێوە وەك کۆنسول کاریکردووە. کاتێ بارون بنوئامیشن لەچین دەگەڕاوە، لەوێ لەگەڵیدا ئاشنابووە. کۆنسول لەسەفەرەکانیدا گەلێ شتی سرنجراکێشی دەست کەوتووەو بۆ یادگاری دەیەوێ پارچەیەکی بەگوڵچنراوی ئەرمەنی کە ئەمڕۆ زۆر نایابە پێشکەش بەمن بکا. هەندێ لەقسەکان دەربارەی لاوازی دەوڵەتی تورك، بێئاگاییو بێمتمانەیی لەنێو کاربەدەستانی ئەو دەوڵەتەدا بوون، هەر لەگچکەترین کارمەندەوە بگرە تادەگاتە سولتان. سەعات یازدە دەگەڕێینەوە ماڵ، ژوورەکە تاریك دەکەینو وێنەی چەند دیمەنێکی قەڵا دەگرین، کۆنسولی رووسیا رایسپاردووین کە خۆنیشان نەدەین، چونکە ئەگەر پێبزانن، لێناگەڕێن کارەکەمان ئەنجام بدەین.

## 23ی ئەیلوول

بەتەواوی خۆمان پاراستووەو هامیلینومن هەموو جولانەوەکانی خۆمان رێکخستووە. تەنیا حەفت دەقیقەمان پێویستە تا دەزگاکە دەربهێنینو بیخەنە سەرپشتو وێنە بگرینو جارێکی دیکە بیهێنینە خوارو لەسەر پشتی ئەو کەسەی دانێینەوە کەبۆی هەڵگرتووین. لەگەڵ هەندێش، خەڵکەکە دەتوانن بێن. دەڵێی پیاوو منداڵە بەڕەڵاکان لەزەوی دێنە دەرێ. کاتێ دەچینە شوێنەکە بەتەنیاین، کاتی گەڕانەوە بیست کەس دەورەیان گرتووینو قەتیش دۆستانە



www.pertwk.com

ئایەنە بەرچاو. لەدە لاوە وێنەی قەڵاکە دەگرین و دەگەڕێینەوە.
دوای نان خواردن، نزیکەی دووسەعات پشوو دەدەین. پاشان بۆ دیتنی شوێنی پشکنینی قەڵای تۆپراق سوار دەبین. ئەم پشکنینانە ئاشکراکردنی کاولگەی قەڵایەکی کۆنە کە بەخشتی سوورکراوە دروست کراوە (تۆپرا واتە خشتی سوورکراوە)، ئەم قەڵایە لەسەر گردێکی سێ کیلۆمەتر دووری باکووری رۆژئاوای وان هەڵکەوتووە. بۆ گەیشتنە ئەوێ بەنێو باغان دا دەڕۆین ئینجا دەگەینە سەر گردەکە. وەسەرکەوتن سێچارەکە سەعاتی دەوێ. لەسەر ئەم گردەدا دیمەنی جوانی شارو دەریاچە دیارە. کاولگە کۆنەکان شوونێکی وایان نەماوەو پارچەی بەجێماوی دیوارەکان، بەزەحمەت باری بەشە جۆراوجۆرەکانی، روون دەکەنەوە.
شوێنێك کە لێیەوە دەچینە ژوورێ (باڵی باکوور) دەبێ گرنگترین بەشی بێ. ئەم بەشە بەلایەنی کەمەوە باشتر پارێزراوە. گۆزەیەکی دەسکداری گەورە دەبینینەوە کەنیوەی لەنێو زەویدایەو خۆڵەمێش و هێسكوپرووسكو خۆڵ دەبینرێ. دەڵێن ئەم شتانە پاشماوەی ئاگر کەوتنەوەیەکی گەورەن. لەترۆپکی شاخ، سەکۆی گەورە گەورە لەدەرەوەی بیناکە دەبینین کەپلیکانێکی زۆر گەورە پێك دێنن. لەو پلیکانەوە دەچینە خوارێ و لەکونێکەوە دەچینە ناو چاخەکەو بەهۆی پلیکانێکی تر لەژوورێ دەگەینە تەلارێکی گەورە کەئەویش بەردە. دیوارەکانی ئەم تەلارە لەگەڵ شڵەقانێکی کەمی ئاوی نێو حەوزەکە، دەلەرنەوەو دەڵێی بەکاری ریكوپێك، بەمەکینە هەڵکەنراوە. پاشماوەی چەند لەگەنێکی خشتی سوورکراوە، هێشتا لەسەر زەوی کەوتوون. ئەمن دوودڵم لەوەی شتی سرنج راکێشی





ئایابی گەورە بدۆزینەوە. بەلایەنی کەمەوە تا ئەو دەمەی دەستیان بەپشکنینێکی بەرفراوان نەکردووە یان تا لەرێگەی نهێنی-زەوییەوە نەچنە ژوورەکانی تر، شتێك وەدەست ناکەوێ.
لەگەڕانماندا تووشی کۆنسولی ئینگلیز دەبین. ئایا ئەمە رێکەوتێکی سادەیە یان ئاگاداری کاتی سەردانەکەمان بووەو بۆ چاوەدێریمان هاتووە؟.




خانووی دۆمنیکانەکان

سەعات پێنج دووبارە سوار دەبین و بەکوێدا هاتبووین، هەر بەوێشدا دەگەڕێینەوە. بە بەردەمی خانی کۆنسولی رووسیادا تێدەپەڕین. عارەبانەکەی کەتەنیا عارەبانەی شاری وانە بەزەحمەتێکی زۆرەوە لەرووسیاوە بۆ ژنەکەی هێناوە، لەپێش ماڵەکەیەتی و ناتوانرێ ببرێتە حەوشەکە.
پێش وەدەست خستنی عارەبانە، رێزدار کولوباکین بەهۆی قۆنتەراتچییەکی تورك، فەرمانی دابوو شوێنێك بۆ راگرتنی



www.pertwk.com

سێ یان چوار ڕۆژی دیکە شاری وان بەجێدێڵێن، هەر لەئێستاوە دەبێ خەریکی ئامادەکردنی کاروانی خۆمان بین کە بمانگەیەنێتە موسڵ. پەیداکردنی کەسانێك حەزبکەن لەگەڵ ئێمە بەرێگایەکی تارادەیەك دژواردا بڕۆن، ئەوەندەش ئاسان نییە. بابا دوپلان دوای نان خواردن دەمانباتە لای بازرگانێکی ئەرمەنی بەناوی پاپامەگیان. ئەم کەسە پێناوی ئەوانو خەڵکی شارە. پاپامەگیان بەزمانێکی خۆشو میهرەبانو ڕێزێکی زۆرەوە گفت دەدا ئیشەکەمان بگرێتە ئەستۆو وەکوو تورکانیش قاوەو چایمان بۆدێنێ. ڕێك لەو چەند دەقیقەیەی ئێمە لەماڵی پاپامەگیان دانیشتووین، کۆنسولی ئینگلیزیش داوای دیتنی دەکا.






## 24ی ئەیلوول

سەعات شەش، دوای ئەوەی چەند نامەیەکم نووسیو هامیلین پێی باشترە تادرەنگ بخەوێ، من بەتەنێ بەسواری دەچمە تۆپراقەڵا تا چەند وێنەیەکی بگرم. سەرکەوتن سەختەو هەتاو سووتێنەرەو تاتە بەردەکان گەرمایی دەدەنەوە.

ئەمڕۆ هەموو کاتمان بۆ ئامادەکردنی کاروان تەرخان دەکەین. هیچ کەس نایەوێ بەو ڕێگایەدا بڕوا کەئێمە دیارمان کردووە. کاروانچییەکان دەیانەوێ لەرێگای



دورنمای شهر وان: دریاچه، باغها و قلعه (منظره از طرا قلعه گرفته شده)

شاری وان



www.pertwk.com

سێرت وبتلیسەوە بڕۆن و ئامادەنین لەنێو هۆزە کوردەکانی دەوروبەری شاری جوڵەمێرگ دا، خۆیان بخەنە مەترسییەوە.

لەبەرئەوەی پێمان سەیرە دوای چوار ڕۆژی تەواو، وەرامی ئەو تەلگرافانەمان وەرنەگرتۆتەوە کە کردوومانن، دەچمە تەلگرافخانەو گەڕانەکەم لە نزیکی دەریاچە تەواو دەکەم. قووڵایی ئەم دەریاچەیە لەدەریاچەی ورمێ زۆرترەو سوێراییەکەی کەمترەو 1650 مەتر لەئاستی دەریاوە بەرزە. تەنیا یەك جۆرە ماسی تێدا دەژی و ئەویش تەنیا لەبەهاران




کردی گبراقەلا

دەتوانرێ راوبکرێ، چونکە لە وەرزەکانی دیکەی ساڵدا بزردەبن. هۆی ئەمە بێگومان ئەوەیە: ئەم ماسییە ماسی شیرناوەو ناتوانێ جگە لەمانگەکانی نیسان وئایار لەدەریاچەدا بژی، چونکە لەم دوومانگەدا ئاوی ئەو رووبارانەی دەڕژێنە دەریاچەوە پڕ لەبەفراو






دەبن و توێژێك شیرناو بەسەر ئاوە سوێرەکەی دەریاچەوە دروست دەکەن .

دیاردەیەکی زۆر سەرسووڕهێنەر ئەمەیە کە بەپێچەوانەی دەریاچەکانی ئاسیا، هەموو ساڵی بەرین دەبێ و کەناری خۆی دەخواتەوە. ئەم فراوان بوونە نیو سەدە هێروەتر بەرچاوبووە، تەواوی کەنداوی باکووری رۆژهەڵات پێشتر جگە لەدەشتێکی زۆنگاو شتێکی دیکە نەبووەو ئەو دوورگانەی ئێستا هەن پێشان نیمچەدوورگە بوونە، وەك دوورگەکانی لیم و گدوتزو لەهەمووان بەنێوبانگتر ئاق سەمەر کەئێستا چوار کیلۆمەتر کەوتۆتە نێو دەریاچەوە. خودی شاری وان دەبێ لەبەرامبەر هاتنە پێشی ئاوی دەریاچەدا بکشێتەوە. خەڵکی دەڵێن شارەکە پێشان بەتەواوی کەوتۆتە بەر شالاوی ئاووئێستا شار کشاوەتەوە. هەرکاتێ کونەکانی ژێرەوە کەئاوێکی زۆر دەدەنە لکەکانی رووباری دیجلە (بتلیس چای لەدووری کیلۆمەترێك لەخوارووی رۆژئاوای دەریاچەوە هەڵدەقوڵێ) ببەسترێن، دەریاچە جارێکی دیکە هەڵدەستێ.

دوورگەی ئاق سەمەر سەبارەت بەدێری رەبەنانی ئەرمەنی کەهێشتا ماوە، بەنێوبانگە. ئەم کلێسایە لەساڵی (928) لەلایەن شای ئەرمەنی **(Kagik)**وە دروستکراوە. ئەو ئۆسقۆفانەی لێرە دەژیان، گەلێ بەدەسەلات بوون و ژمارەیەکیان دەیانویست لەگەڵ ئیچمیازیندا رکابەری بکەن. دەڵێن پێشان لەم دێرەدا دادگایەکی ئایینی دامەزرابوو کە رەبەنە تاوانبارەکانیان تێدا دادگایی دەکرد و هەر لەزیندانێکی تەنیشت دێریشدا، ئەشکەنجەو ئازار دەدران.وان ناوەندی ئەرمەنستانە، دەتوانرێ وەك پایتەختی ئەم سەر زەمینە



www.pertwk.com



ماسی دەریاجەی وان

راوەستاوە، تەواوی وڵاتی ئەرمەنستانیان لەژێر ناوی کوردستاندا کۆکردۆتەوە. هەرچەندە ئاکارو رێورەسمو رەگەزی خەڵکی ئەرمەنی بەتەواوی لەگەڵ کوردان جودایە. ناوی کورد، لەراستیدا نابێ جگە لەخەڵکی تورك نەژادو ئێرانی کە لەناوچە کوێستانییەکانی خوراووی رۆژهەڵات تا باکووری رۆژئاوای نێوان 33و40ی پانی باکورو 46پلەی درێژی رۆژهەڵاتی پاریس دادەنیشن، بەشوێنێکی دیکە بگوترێ.

هامیلین‌ومن بڕیارێکی سەختمان داوە، ژورومممان مەرەخەس کردووە! کاتێ بەهۆی کەمتەرخەمییەکەی لەرێکخستنی کاتی رۆیشتنمان سەرزەنشتم کرد، لەوەرامی مندا گوتی ئەو پەلەی نییەو هەرکاتێ لەدیدی ئەودا باش بێ، وەڕێ دەکەوین. بێگومان وای دەزانی بوونی پێویستەو وازلێهێنانی نەکردەیە. لەراستیدا زۆر لەوە خۆشحاڵ بووم کە ئەو هەنجەتێکی بۆ دەرکردنی خۆی بەدەستەوەدا. زۆری لەدەست نارازی بووین، هەرگیز ئەرکەکانی خۆی بەباشی ئەنجام نەدەدا، سەرباری ئەوەش، پارەیەکی باشمان دەدایێ کەهەتا





لەهەقی خۆشی زۆرتربوو. دوێنێ شەو بە مەستی گەڕایەوە خانووی بابا دوپلان. بەیانی کە داوام لێکرد دەزگای وێنەگرتن لەگەڵ خۆی ببا، گوتی ئێمە وەك ئاژەڵی بارهەڵگر لەگەڵیا دەجولێینەوە.

کەواتە تەنیا خەریکی پەیداکردنی کاروانچی نین، بەڵکو دەبێ بەدوای وەرگێڕێکیشدا بگەڕێین. کۆنسولی ئینگلیز ئێمەی لەگەڵ بابا دوپلان بۆ شێوخواردن بانگ کردووە. رێزدار کولوباکین کۆنسولی رووسیا، کۆنسولی ئێران موساخان کەپێشتر وەسفم کردووە، بانگ کراون. موساخان پیاوێکی ماقووڵ، زۆر دروستکارو سادەو بێفیز، هۆشمەندو خوێندەوارە. هەرچەندە ئەم کونسولانە بۆ چاودێری یەکتر بۆ وان نێردراون، کەچی کۆنسولی ئینگلیزو رووسیا نێوانیان زۆر خۆشە. لەنێو مێوانانندا، رێزدار کراموڤولو دوکتۆری تەندروستی کەخەڵکی یۆنانەو سکرتێری رێزدار کولوباکینیش دەبینرێن.

مستەر لم لەنێو قسانندا لەبێدەنگی و تەماشاکردنە هەمیشەییەکەی بەردەوامە. رێزدار کولوباکین کەئاگاداری بڕیاری سەفەرەکەمانە کە دوو سبەیە، لەو دانیشتنەدا چاپارەکەی خۆی دەنێرێ تا کەسێك زمانی فەرانسەیی بزانێ بۆ سەفەری ناوچە کوردنشینەکان، پەیدابکا.

لەو مێوانداریەدا رێزدار منیر پاشای فەرماندەی گشتی هێزەکانی ناوچەی وان‌و پارێزگارانی قەڵاش لەوێبوون. ئەم دەستە سەربازییانە چ جۆرە خزمەتێك دەکەن؟ ئەوان هەتا گوندەکانیش لەرێگران ناپارێزن. هەموو ساڵێك کوردان هێرش دێنن‌و گوندییەکان تاڵان دەکەن، بێئەوەی ئەم لەشکرە سزایان بدەن. ساڵێك کوردان هاتبوون مەڕ لەخەڵکی دەشت بکڕن. خەڵکەکە پێیان خۆش نەبوو



www.pertwk.com

تەگبیرێکی زۆر دەکەن و وەك جاسووسان دەیانخەنە ژێر چاوەدێرییەوە. موڵەتی سەردانی قەڵامان پێنادەن. وەك بڵێی ئاسایشی هەموو وڵاتی تورك بەنهێنییەکانی ئەم قەڵایەوە پەیوەست بێ و ئەگەر کەسێ نەخشەکەی دەست کەوێ، دەتوانێ تەواوی وڵات وێران بکا.

میوانداری، بەعەسرانەیەك تەواو دەبێ. بۆ گەڕان دەچینە دێری ڤاراش: ئەم دێرە هی ڕەبەنانی ئەرمەنییە.

## 25ی ئەیلوول


بەیانی بابا دوپلان، سیمون–ی مامۆستای قوتابخانە کە کەمێ فەرانسەیی دەزانێ، بانگ دەکا و لێی دەپرسێ، ئایا حەزدەکا تا موسڵ لەگەڵمان بێ؟ مامۆستای ئازا سەرەتا کەمێ دەشڵەژێ، بەڵام بیستنی پێشنیارەکە دەیگەشێنێتەوە. جەنابی دوپلان پێی دەڵی، کاری خوێندن ڕێك بخە. ئەو وەرام دەداتەوە کە زیرەکترین شاگرد دەکەمە جێنشینی خۆم، ئەگەر قبوڵی نەکرد، دوومانگ مۆڵەت بەهەموویان دەدەم. لەهەمان دانیشتندا وەك وەرگێڕ پەیماننامەیەکی لەگەڵدا مۆردەکەین. ئەم پیاوە، ئازاو سادەو شەریفە.





دوای چەند دەقیقەیەك ئەو کاروانچییانەی چاپاری کۆنسولی ڕووسیا ناردوونی، دێن. سەروسەکۆتیان لەرێگرانی ڕاستەقینە دەچێ. بۆ هەر ئەسپێك لەرۆژێکدا بەمەجیدییەك پێکدێین. ئەوان تاریکوڕوونی بەیانیان وەڕێ دەکەون تا یەکەمین گوند کە دوای ڕۆژئاوابوون دەیگەنێ، لادەدەن، بەرۆژە ڕێیەکی دەژمێرن. داوایان لێدەکەین سبەینێ لەکاتی دیاریکراودا ئامادەبن. دەچینە کۆنسولخانەی ئینگلستان کەبەیانی قەرارمان داناوە لەوێوە بەکۆمەڵ بچینە گەڕان. ماوەیەك لەچاوەڕوانی کۆنسولی ڕووسیا دادەنیشین. پاشان دێ. ئەو دەڵی دەزانن بۆچی درەنگ هاتم؟ ژورومی کۆنە وەرگێڕتان هاتۆتە لام و داوای لێکردووم هەقی ئەوتان لێوەربگرم. ئەمن وەرامم داوە کەلایەنگیری کەسێکم لەسەر هەق بێ. ئەو باسی خۆی بۆ کردم. گوتم ئەو هەڵەیەو بەپێچەوانەوە ئێوە چاکەتان دەرهەقی کردووە. لەوەرام دا گوتی: باشە! ئەگەر وایە تۆڵەی خۆم دەکەمەوە. هەواڵ دەگەیەنمە والی کەئەوان جاسوسن و خەریکی نەخشەکێشان و وێنەگرتنن. بێئەوەی چیتر گوێ لەقسەکانی بگرم لەبەردەرگام بەجێهێشت و هاتم. کۆنسول هەروەها گوتی: سکرتێرەکەم ژوورروم دەناسێتەوە. ئەو دووساڵ پێشتر لەگەڵ چەند ئینگلیزێکدا هاتۆتە ئێرەوئەوانیش و لێی نارازی بوون.

لەدواییدا وەڕێدەکەوین. هەرکە لەوان وەدەردەکەوین و دەگەینە لای خانی ژنانی ئەمریکایی، بۆ سەردانیان دەچینە ژوورێ. بەتەنگەوە هاتن و دڵسۆزیمان دەبێتەهۆی دڵخۆشییان. ئەم خاتوونانە لەچاو سادەیی و لەخۆبووردویی خوشکە چاکەکەرەکانی ئێمەدا، لەخانوویەکی زۆر خۆش دەژین. خوێندنگاکەیان بەباشی چاوەدێری




**شاخی وان**

لەواقیع دا، ئەم دێرە تەنیا دووسێ پیاوی ئاییني ناکەسی هەیە. لەوجۆرە هیچ‌وپووچ‌و تەنبەڵانەی خەوخەیاڵ بەخواپەرستی‌و خەو بەتەماشاکردن‌و چاودێری بەهەڵەو کاتی خۆیان بەخواردن‌و سیگار کێشان بەسەر دەبەن. لەبارێکی خەواڵو، بێباکیدا پێشوازییان کردین، چونکە ئێمە بێکارییە شیرینەکەی ئەوانمان تێك دابوو. ئەوان هەموو بەروبوومەکانی شیریان بۆ هێنایـن: سەرتوێژ، ماست، دۆ، ماست‌و پەنیر. هەرکە عەسرانە تەواوبوو، بۆ سەردانی دێرەکەمان دەبەن. سەرەتا سەردانی کتێبخانە دەکەین. کتێبخانە ژمارەیەك دەستنووسی ئەرمەنی زۆر کۆن‌و نایابی تێدایەو لەناویاندا کتێبێکم دیت‌و پەڕەکانیم هەڵدایەوە. ئاشکرابوو مێژووی ئەسکەندەری گەورەیەو پێش شەڕی خاچ پەرستان نووسراوە. کەسێکی کتێب



www.pertwk.com

کلێسا بەهۆی دیوارێکی بەرد کەلەناوەندیدا دەرگایەکی دار هەیەو بەعاج رازاوەتەوە، دەبێتە دووبەش. ئەم دەرگا پتەوە کارێکی زۆر جوانە. لەبەشی یەکەمیدا کە نزیکەی دە تا دوازدە مەتر درێژەو ئەوەندەش پانە، نۆ ئەستووندەی چوارگۆشەی بەنەخشی پیاوچاکانو نموونەی کتێبی پیرۆز رازاوە هەیەو ئەم نۆ ئەستووندەیە گۆمبەتیان راگرتووە. لەلای چەپ، نزیکی دەرگای نێوان، گۆڕی یەکێك لەپاشاکانە. تابلۆیەکی تاراددەیەك ناسکی سەری مەسیح لەسەر دەرگا هەڵواسراوە. لەبەشی دووەم کەزۆر گچکەترە، میحرابێکی دار بەجوانکارییەکی تەواوەوە بەگوڵ نەخشێنراوەو جێگایەکی لەهەمان جۆری ئۆسقوف تێدایە. جارێکی دیکەش سەردانی خوێندنگا دەکەینو پاشان سواری ئەسپ دەبینو رێگای وان دەگرینە بەر.


لەگەڵ گەڕانەوەماندا،خەریکی خۆ ئامادەکردن دەبین. یۆڤان، لەگەڵ خزمەتچی رۆحانییەکان چەند جوجکەیەك یەکی بەچوار سو ، چەند رانەگۆشتی مەڕ بایی دە سو دەکڕێ. کەمێ دڵتەنگین، چونکە ئەومیرزایەی کەنامەی پاشای باش قەڵامان پێدابوو، وەدەبوایە نامەیەکی دیکە بۆ پاشای جولەمێرگ بنێرێ، هێشتا نەیناردووە.





## 26ی ئەیلوول

سەعات پێنجونیو لەخەو هەستاوین. کاروانچییەکان لەکاتی خۆیدا ئامادەن. سەعات حەفتەو هێشتا زابیتەکان نەهاتوون. لەشەیتانیی ژوروم دەترسێین، بەڵام خۆشبەختانە شتێکی وامان بەخۆ شك نایە. لەدواییدا سەربازەکانمان دێن، بەڵام فەرمانیان پێیە لەرێگای باش قەڵاوە لەگەڵمان بێن. وا دەزانین ئەمەیان هەڵەیەکی سادەیەو دەتوانرێ روون بکرێتەوە. حیساب دەکەین، بەبێ لەبەرچاوگرتنی هێواشیو تەنبەڵی کارمەندانی تورك، دەبێ هەزار دەستپێشخەری بکەین. لەبەرەکەتی لوتفی جەنابی بابا دوپلان کەقسەکانی ئێمەی دەکردە عەرەبیو پاپامەگیان جارێکی دیکەی لەعارەبییەوە دەکردە توركی، نزیکی نیوەڕۆو فەرمانێکی یاسایی وەدەست دەخەین کەبەهۆیەوە دەتوانین بەهەر رێگایەك دا بمانەوێ، بڕۆین.




بیلاوی کوردی



www.pertwk.com

## پەراوێزەکانی بەشی شەشەم:

[1]) پێش ئەوەی میسروپ خەتوئەلفوبێی ئەرمەنی دابهێنێ، هێمای وێنەیی هەبووە کەنوێنەرەوەی وشەومانا بووەو لەناو نووسراوە کۆنەکان دا هەن. ئەم کارە دەبێتە خۆی ئەوەی وابزانین کەئەم جۆرە خەتە وێنەییە هاوکاتی خەتی بزماری بەکارهێنراوەو بە پەیداکردنیان لەناو خەتە کۆنەکانی ئەرمەنیو گورجیدا لەوانەیە بتوانرێ کلیلێك بۆ خوێندنەوەی نووسراوەکانی وان پەیدا بکرێ.

[2]) (سترابۆن)یش دەربارەی ماسییەکان دواوەو دەڵی: بەئاسایی لەکاتی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاو وەدیار دەکەون. هەروەها دەڵی: دیجلە کاتێ بەدەریاچەی (وان)دا تێدەپەڕێ، تێپەڕبوونەکەی بەسەر ئاوەوە دەبینرێو پاشان لەودیوی دەریاچەوە، دەردەکەوێتەوە وەك بڵێی تازە هەڵبقوڵێ. (نووسەر بەهەڵەداچووە، چونکە دیجلە لەوانەوە دوورە و.ك).

[3]) بوار دۆزینەوەکانی کۆنسوڵی ئینگلیز کەچەندان جار پێشوازی لێکردووم، لەمەڕ چاوەدێرییەکانی کەمن مەبەست بووم، نامۆ نایەتە بەرچاو، دۆستە باشە ئینگلیزەکانمان بەتایبەتی لەناوچە دوورەکان هەرگیز لەدەرخستنی جۆرە دڵسۆزییەکی حەسوودانە، دانامێنن.

[4]) بەرێز کلوباکین داوای پیانۆیەکی کردبوو بۆی بنێرن. یەك ساڵ بەهەنجەتی ئەوەی دەترسن نەکا تۆپی تێدابێ، دەستیان بەسەردا گرتبوو، وگوتبوویان شتێ کە گومانەکەی زیاتر دەکردن، بوونی سندووقێکی گچکەتر بووە کەوایان لێك داوەتەوە، گوللەی تێدابێ.

[5]) Sou ناوی خوردە فرانکێکی کۆنە کەنزیکەی (5) دیناری پارەی ئێرانییە.



www.pertwk.com



قفە لە بەغدا

## بەشی دەیەم
## بەغدا
## لە24 تا 30ی تشرینی یەکەم

**چونە کۆنسولخانە-ئوتێلی ئەوروپا-نەنۆ نوری-حەنا-ئەوروپاییەکانی بەغدا-باوکە کەرمەلییەکان-دەنگی زەنگوقورئان-بورجی بابل-بەغدا-دەوروبەری شار- بورجوشوورەو دیوار- گۆڕستانو مزگەفتی گەورە-سەردانێکی کازمێن-تراموای- مزگەفتی ئیمام موسا-دەمارگرژی خەڵك-شیو خواردن لەماڵی ئەسغەر-پێك لەرێگای بیابان-عارەبی شەمەرو حەماوان-ناردنی شتەکان: گرفت-سەردانی شای ئێران بۆ بەغدا-نەدانی زابتیە لەلایەن فەرمانداروە-شتە دزراوەکانمان-وەرێکەوتن لەبەغدا.**

کەڵەك دەخەینە ژێر چاوەدێری یۆڤانوکەڵەکچیو سەربازانو خۆمان بەرەو کۆنسولخانە دەچین. یەکێك لەزابتیەکانو پەترۆسمان لەگەڵ





دێن. رێگاکە کەمێك دوورودرێژە-سەرەتا بەمەیدانێکی قەرەبالغ دا تێدەپەڕین. بەشێك لەکاسبکاران دەوروبەری مەیدانیان گرتووە. پاشان بەتێپەڕبوون لەتۆپخانە کە بەجۆرە تۆپێکی گەورەی برۆنزی کۆن رازاوەتەوە، کۆڵانەکانی بازاڕ بەسەر دەکەینەوەو دەگەینە گەڕەکی مەسیحییانو بۆ گەیشتنە ئەم گەڕەکە بەچەند کۆڵانێکی خواروخێچی سەر زێدا تێدەپەڕین.

دەچینە کۆنسولخانە. مسیۆ سارزەك وادیارە پەلەیەتی بۆ هاوینەهەوار. مۆڵەتی وەرگرتووەو لەدەرەوەی شار بەسەر دەبا. بەڵام هاتنی جەنابی ئالتامایەر ناچاری کردووە چەند رۆژێك هاوینەهەوار جێبهێڵێ. ناوبراو نەیتوانیوە مشوری بەکرێگرتنی خانییەکمان بۆ بخواو پێمان دەڵی لێرە ئۆتێلێك هەیە، یۆنانییەك بەڕێوەی دەبا. فەرمان دەدەم ئێوە بۆ ئەوێ ببەن. ئەو نامانەمان پێدەدا کە بۆ ئێمە هاتوونو پاشان خەریکی خۆئامادەکردن دەبێ. بۆئەوەی رێگای لێنەگرین، دوای چەند دەقیقەیەك دیدار، خوداحافیزی دەکەین. داوا لەسەربازێکی تایبەتی دەکەم لەگەڵمان بێو لەکاتی رۆیشتن، کۆنسول دەڵی: (ئەگەر کارێکتان بە لێپرسراوانی حکوومەت هەیە، من هیچ هەوڵێکم پێنادرێ، نێوان منوفەرماندارو جێگرو کارمەندانی حکوومەت باش نییە، هەوڵ بدەن کارو گرفتەکانتان بە بەرتیل چارەسەر بکەن). ئێستا بێ پێداگرتن دەگەڕێینەوە. بەڵام سەرمان لەو پێشوازییە سووڕماوە. لەهیچ شارو وڵاتێك دا تا ئێستا بەو ساردییە رووبەرووی هاووڵاتیانی خۆمان نەببوومەوە.

خۆمان دەگەیەنینە ئوتێلی بەنێوبانگ کە بەشێوەیەکی سروشتی

ناوونیشانی ئوتێلی ئەوروپای لەخۆناوە. خاوەن ئوتێل جگە لەیۆنانیو عەرەبی، زمانێکی تر نازانێ. ئەوەی توانیمان تێی بگەیەنین ئەوەیە سەعات یەکەو برسیمانە، ئەویش بەوپەڕی خۆشەویستییەوە پێشوازیمان دەکاو باشترین ژوورمان دەداتێ.

کلدانییەك دێتە لامانو داوامان لێدەکا تا تاران ڕێنوێنو وەرگێڕمان بێ و وکارتی کۆنسولمان بۆ دێنیٚ کەئەم چەند وشەیەی لیٚ نووسراوە (مسیۆ سارزەك، هەڵگری کارت نەنو نوری بۆ لای مسیۆ بێندەرو هامیلین دەنێرێ. ئەگەر پێویستیان بەوەرگێڕێك هەبێ). لەو گفتوگۆ کورتەی لەگەڵ مسیۆ سارزەکمان کردبوو، لەراستیدا لەمەڕ ئەم پیاوە کە ئیدیعا دەکا لەخزمەتی مسیۆ گوتێ دابووە، قسە کرابوو. مسیۆ گوتێ گەشتیارێکی لاوی خەڵکی لیۆنە کە دۆمینکناکانی موسڵ دەربارەی ئەو قسەیان بۆ کردبووین. مسیۆ گوتێ بەدڵی بووەو هەتا وەختێ بەجێی هێشتووە ئەسپێکی بەدیاری داوەتێ. تەنیا خاڵێك کەجێگای گومانە، ئەوەیە بۆچی ئەو گەشتیارە کە بەردەوام لەو ناوەدا خەریکی گەشت بووە، ئەم وەرگێڕە باشەی رانەگرتووە؟ نەنۆ دەڵی: نەخۆش بووە. مرۆ، لەبەغدا نابێ زۆر توند بێ، بۆیە لەمڕۆوە نەنۆ دادەمەزرێنینو بۆ دەربازکردنی شتەکانمان لەگومرگی بەغدا، سوودی لێوەردەگرین. دوای نانخواردن دەچینە سەردانی ئەلتمایەرو باوکانی تری هاوڕێی. سەفەری ئەمانە تا بەغدا دوو رۆژی زیاتر لەسەفەرەکەی ئێمە خایاندووە. ماوەی سیوشەش سەعات گرفتاری بایەکی توونд بوونو ناچاری کردبوون لەچاوەڕوانی هێور بوونەوەیدا لەکەنار راوەستن. پاشان دەچینەماڵی مسیۆ کۆری بەڕێوەبەری کۆنسولخانە. ئەو زۆر بە باشیمان بەخێر دێنێ. ئەو





لەدیمەشق لەدایك بووەو خزمی مسیۆ سیوفییە. تازە لەپلەی نوێنەرایەتی فەرانسە لە زەنگبار، لەوێ لەلایەن سوڵتانەوە رێزی لێگیراوە.بەرەو کەڵەکەکەمان دەگەڕێینەوە، بە بازاڕدا تێدەپەڕینو دەورێك دەدەین.




بەغدا

پەیوەندی بەئەسغەری پارە گۆڕەوە دەکەینو ئاگاداری دەکەینەوە کە سبەینێ بۆ وەرگرتنی بەشێك لەپارەکەمان سەردانی دەکەین. ئەو ماوەیە بەسواری وڵاغی سپی تەی دەکەین کە لەشیان بەخەنە نەخش کردووە. ئەم جۆرە وڵاغانە بەپارەیەکی کەم بەکرێ دەگرن. ئەم ئاژەڵانە بۆ شاری بەغدا حوکمی عارەبانەیان هەیە. وڵاغەکان بەململانێوە ئێمە دەگەیەننە لای کەڵەك. لەوێ بەنرخترین شتەکان



www.pertwk.com

سواری ولاغەکان دەبینەوەو بەنێو ئۆردووەکان دا کە دەستە دەستە عەسکەر بەشێوازی فەرانسە مەشق دەکەن، تێدەپەڕین. ئەم ئۆردووانە گەورەن‌و باش دروستکراون‌و بەسەر دیجلەدا دەڕوانن، خەستەخانەی عەسکەریشیان لەتەنیشتەوەیە. وادیێتە بەرچاو بیناکان وەستایانە دامەزراون. لەکاتی دیاریکراودا خۆ دەگەیەنینە کەڵەك، چەند کۆڵێ هەڵگرێك کەل‌وپەلەکانمان بۆ ئوتێل هەڵدەگرن. ئێمەش هاوکاتی نانخواردنی بەڕێوەبەرو موشتەرییە هەمیشەییەکانیان،نان دەخۆین. ئەمانە دووسێ کەسی ئەوروپایی کلۆڵن، بەڵام کەس نازانێ خەڵکی کوێن. لێرە، ژیانێکی ناخۆش بەسەر دەبەن، تەنیا سێ فەرانسەیی لەبەغدان کەیەکێك لەوان مسیۆ موژل–ی ئەندازیاری کانەو لەخزمەتی دەوڵەتی تورك دایە. ئەوی تر کارگەی قوماشی عەسکەری بەڕێوەدەباو سێیەمیش کۆنە فەرمانەدەیەکی کەشتییە.





## 25ی تشرینی یەکەم

بەمسۆگەری پەیوەندییە ئاکارییەکانی نێو ئوتێل ئەوروپا جێی دڵخۆشییە. بەدرێژایی شەوێ، خەریکی قومارن. سەعات شەش لەکاتی هاتنە دەرەوەم، لەدرزی پەردەی نیوەکراوەی پەنجەرەیەکدا کەبەسەر باڵەکۆندا دەکرێتەوە، شەش کەس دەبینین: ڕووناکایی چرایەك دەریان دەخا کە لەدەوری مافوورێکی کەسك، لەسەر مێزێك دانیشتوون. بەڕێوەبەری ئوتێلیش لەنێوان یاریکەران دایە، خەڵکی یۆنانە.

پێش نیوەڕۆ بۆ سەردانی باوکە پیرۆزەکانی گرووپی کارمەکان کە جێنشینی چەند کاپۆسنیکی ئیتالیاین، دەچین. ئەم باوکە ڕۆحانییانە لەمەڕ ئەو گرفتانەی لەکاتی دروست کردنی کلێسایەك بەتایبەتی لەو دەمەیدا ویستوویانە زەنگێك لەمنارەی کلێسادا دانێن، تووشی هاتوون، قسەمان بۆ دەکەن. لەقورئان دا گوتراوە: هەر کاتێ لەبەغدا زەنگ لێبدرێت، دوا دەمی ئیسلام دەگا.

دوای دەرچوون لەخانی کارمەکان، دەچینە کلێساکەیان کەخەڵك خەریکی نوێژن. تا پشت میحراب کورسی نییە. بەشی زۆری کلێسا تا بەردەمی سەکۆی میحراب حەسیر راخراوەو خواپەرستان لەسەریدا چۆکیان داداوە، پیاو لەلای ڕاست‌و ژن لەلای چەپ. ژنەکان بە ڕێك‌وپێکی دانیشتوون‌و دیتنیان دیمەنێکی سرنج ڕاکێشە. چارۆگەی گەورەی ڕەنگاورەنگیان پۆشیوەو ئەگەر هەتاو لەپەنجەرەکان دا بەریان دەکەوێ، زیاتریان دەدرەوشێنێتەوە.لەنێو



www.pertwk.com




**نەخشیکی بەرجەستەی قفەیەك**

دەگێڕنەوە، یەکێك لەوان کە لەکلێسای نۆتردام-دویکتوار قسەی دەکرد وا بەشایستەیی دەربارەی تێکەڵاوی زمان‌وئایینی ئەو خەڵکانەی لەنزیك بورجی بابل دا دەژین، قسەی کرد، دەستەی قەشەکان پەیکەرێکی حەزرەتی مریەمیان پێشکەش کرد. ئەو باوکە رۆحانییە نەزری کرد ئەم پەیکەرە لەسەر گردێك کەوا دەزانن بنچینەی بورجی بابلی لەسەرە، دامەزرێنێ. دوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا، دەستبەجێ بە زەحمەتێکی زۆرو هەتا بەخۆخستنە مەترسیشەوە، کەوتە جێبەجێکردنی نەزرەکەی.دوای چەند ساڵێك، خەڵکی ئەوان دەوروبەران، دێنە لای کۆنسولی فەرانسەو پێی





رادەگەیەنن: شتێکی زۆر سرنج ڕاکێش‌و سەیریان لەسەر گردی بورجی بابل دۆزیوەتەوە. کۆنسول گفتیدا، هەر کەسێك ئەو شتە بهێنێ، دیارییەکی پێبدا. پەیکەریان هێنا. کاتێ چاوی پێکەوت، یەکسەر سەرگوزەشتەکەی وەبیرهاتەوە. ئەو، قەشەی رۆحانی، کەهێشتا لەبەغدا دەژیا بانگ دەکا بۆ نانخواردن‌و پێی دەڵێ: دوای نانخواردن شتێ کە لەرووی ئایینییەوە سرنج ڕاکێشەو لەسەر گردی بورجی بابل دۆزراوەتەوە، نیشانت دەدەم. بێچارە، پەیکەرەکەی خۆی دەناسێتەوە، بەڵام ئیدی توانای جارانی نەمابوو بتوانێ جارێکی دیکە لەو شوێنە دایمەزرێنێتەوە.

لەوەسفی بەغدا پێداناگرم. ئەم کارە لەساڵی 1884 لەلایەن مسیۆ دی ریڤوارەوە بەتەواوی کراوەو هەر لەو ساڵەدا وەسفێکی ئەم شارە بەقەڵەمی مادام دیلاڤوا کە دوو ساڵ پێش من سەردانی ئەم شارەی کردبوو، لەبڵاوکراوەی (سەفەر بەدەوری دنیادا) **tour du monde** چاپ کراوە. خاتوو دیلاڤوا ئەو خۆشبەختییەی پێبڕاوە کەلەکاتی کۆنسولایەتی مسیۆ پێریتێ کە لەگەڵ ژن‌و کیژەکانی لەبەغدا دەژیا، لەم شارەبووبێ‌و بەهۆی ئەوانەوە زانیاریی پێویستی بۆخۆی وەدەست خستووە، من لێرەدا، تەنیا بەکورتی باس لەگەڕانەکانی خۆم دەکەم.

بەغدا، لەرووی شارو فراوانی‌و دەوروبەرو شارستانییەتەوە لەگەڵ ئاستانەدا قابیلی بەراورد نییە. ئێرە، مێرگێکی گەورەو لێڕێکی بەشکۆی دارخورمایە کە بیابانی هەردوو لای دیجلەی گرتۆتەوە. بەماوەی چەندان رۆژەڕێ، دەوروبەری لمە، لەباکوورو رۆژئاوایدا بیابانە ، لەخوارێ زۆنگاوەکانی (شگ العرب)ەو لای رۆژهەڵاتیشی



www.pertwk.com

مەودایەکی زۆر شاخەکانی لورستانە.دوای بواردنی دیوارە قوڕەکان کە باغی دارخورماو هەنارومیوەی دیکەی پاراستووە، بەدەرگایەکی گچکەی ئۆردوویەك کەلەلایەن چەند سەربازێکەوە دەپارێزرێ، لەشوورەو سەنگەربەندییەکانی شار دەردەچین. هەر کە ئاوڕ لەلای چەپ دەدەینەوە، لەبەردەم دیواری شورەی دەرەوەی شار داین. ئەم شوورانە بۆ بەرگری لەشار دروست کراون. دیواری قوڕوخشت رژاوەتە نێو خەندەکە نیوە پڕبۆوەکەوە. بەڵام ئەوەی ماوە، حیکایەت لەگەورەیی و شکۆی شار دەکا. گۆشە گەورەکانی شوورە بورجی بەرزیان لێدروست کردووە کە گەلێکیان بەتابلۆی ئایەتی قورئان رازاونەتەوە. شوێنێکی گەورەی چۆل وەك مەیدانێکی گەورە بۆ چەك لەودیوی ئەم شوورەو کەلاوانەدا هەیە. لێرەو لەوێ، لەنێو چەند دارخورمایەك دا مزگەفتێکی گچکە یان گۆڕستانێك دەردەکەوێ. گۆڕستانەکان لەدەرەوەی شارن. کاتی دەرچوون لەشار، بەنێو یەکێك لەو گۆڕستانە گەورانەدا تێپەڕبووین.

دەگەینە بەردەم دەروازە بەنێوبانگەکەی (تەلەس، تەلەسم و.ك) کە موڕادی چوارەم سەرکەوتووانە لێیەوە هاتە ناو بەغدا. ئەم دەروازەیەیان بەخشت بەرزکردۆتەوە. ڕێورەسم وابووە، سوڵتانی سەرکەوتوو لەهەر دەروازەیەکەوە هاتبێتە ناو شارێکی قایم کراو، ئەو دەرواوزەیەیان داخستووە.

لەدوورەوە، لەنێو شار گونبەتە نزمەکەی گۆڕستانی عەبدولقادر کە موڕادی چوارەم دوای گرتنی بەغدا، چاکی کردۆتەوە، دەبینرێ. دوورتریش، مزگەفتی شێخ عومەرو مزگەفتی زوبێدە خاتوون—ی





ژنی هارون ئەلرەشید کەدەسەڵاتێکی زۆری بەسەر ئەم خەلیفە بەدەستەڵاتەدا هەبووە،دەبینرێن.

لەگەڵ بواردنی شوورەی شار، بەلای ئۆردویەکی گەورەی سوارە نیزامدا تێدەپەڕین و لەدەروازەی باکوورەوە دەگەڕێینەوە. ئێستا حەز دەکەین سەردانی مزگەفتەکان بکەین یان بەلایەنی کەمەوە لەدەرگای ژووری




دیجلە لەنێوان کاچمیە و بەغدا

تەماشایەکیان بکەین، چونکە چوونە ژوور بۆ ئێمە قەدەغەیە. بەم شێوەیە سەر لەمزگەفتەکانی عەبدولقادرو عەبدولرەحمان و شێخ یوسف خوار دەکەینەوە.

ئەم مزگەفتانەیان بەخشت دروست کردووەو ڕوویان بەکاشی چوارگۆشەی شین ورەش و زەردوسپی کە بەزۆری جوان نەخشێنراون، داپۆشیوە. ئەم نەخشانە دیمەنێکی جوان ودڵڕفێن دەدەنە منارەکان.



www.pertwk.com

## 26ی تشرینی یەکەم

چاو لەسەردانی بابل دەپۆشین. بۆ ئەم کارە دەبێ کاروانێکی تایبەتی رێکبخەین‌و ئەو ماوەیەی لەوێی بەسەردەبەین، ناچارمان دەکا بەشێك لەسەفەری کوردستانمان کورت بکەینەوە. بەنێو بازاڕدا دەگەڕێین، بەڵام شتەکانمان ئەوەندە گران پێدەفرۆشن، لەبەر هەندێ تەنیا بەتەماشاکردنیان وازدێنین. حەزمان لێبوو شتەکان بەسێیەکی نرخی ئێستایان بکڕین‌و ڕەوانەیان بکەین. لەموسڵ جولەکەیەك کەدەربارەی جل‌وبەرگێکی گوڵچن کراو مامەڵەم لەگەڵ دەکرد، بەم شێوەیە وەرامی وەرگێڕەکەمانی دابووە: (ئەمن دەزانم ئەم جل‌وبەرگە ئەو نرخە ناهێنێ کە داوای دەکەم، بەڵام لەبەرئەوەی ئەمانە شتەکانیان دەوێ‌و خوازیارین..دوو ئەوەندەی نرخی خۆی دەخوازم).

لەکاتی گەڕانەوە بۆ ئوتێل خاوەن ئوتێل تووڕە دەبینم. ئەمڕۆ بەیانی هەر کە بۆ هەڵگرتنی شتێك کەلەبیرم چووبوو، گەڕامەوە ژوورەکەم، دوو خزمەتچیم دیت خەریکی هەڵگێڕووەرگێڕی شتەکانمان بوون. لە رقان بەپێڵەقە وەدەرم نان، ئەوان لەلای بەڕێوەبەریان شکایەتیان کردبوو کە من لەخۆڕا لێم داون. خۆشبەختانە مسیۆ کۆری کە بۆ سەردانمان هاتبوو، لەدەمی گەڕانەوەمان دا ئامادەبوو، وتوانی راستییەکە روون بکاتەوە. ئێستا ئیدی نۆرەی ئێمەبوو بەزەییمان هەبێ‌و بۆ ئەو شەیتانە هەژارانە بپاڕێینەوە.ئەم شەو دەبێ بۆ نانخواردن بچینە ماڵی ئەسغەری پارە گۆڕەوەکەی خۆمان، دوای





نیوەڕۆمان بۆ دیتنی کازمێن‌و گۆڕستانی ئیمام موسا تەرخان دەکەین.



جادەیەکی بەغدا

دوای نانی نیوەڕۆ، لەگەڵ نەنۆ بەهۆی پردەکەڵەکێك لەزێ دەپەڕینەوەو دوای چەند هەنگاوێك لەناوەندی کۆڵانە پیسەکانی کەناری لای راستەوە، دەگەینە مەیدانێکی گچکە کە تراموای هەیە. ئەم ئامرازە هەژارانەیە، لەو ڤارگۆنە کۆنانە دەچێ کەدوای دەرچوون لەخەت کەوتۆنەتە تەنیشت جادەو چەند کلۆڵێك ماڵی خۆیان لێداناوە. دەرگاو پەنجەرە دیار نین. تیشکی هەتاو بەنێو تەختە شکاوی پەنجەرەکانەوە لەژووری دەدا. سپرینگەکان نیوە شکاون.

هەر نیوسەعات جارێك دوو ئەسپ بەعارەبانەوە دەبەستن‌و عارەبانچییەك کەباش شارەزانییە، ئەسپەکان لێدەخوڕێ. بلیت فرۆش دەیەوێ پارەیەکی قەڵپمان بداتێ. خەتی تراموای ماوەیەك



www.pertwk.com

ئێستا لەبەغدا دەچینەدەرێو دەگەینە دەشتێکی سووتێنەر کە دەستپێکی بیابانێکەو تا چاو بڕدەکا، درێژبۆتەوە. دووجار داوامان لێدەکەن دابەزین، چونکە خەتەکان لەماوەیەکی دەمەتریدا شکاون‌و عارەبانە بەشێوەیەك بەنێو جێگای چەرخەکاندا رووچووە کەتەوەری چەرخەکان لەزەوی دەخشێ. ئەوە ماوەی شەش مانگە واتە لەکاتی لافاوی مانگی ئاياری رابردووەوە،جادە وای لێهاتووە. دەزگای بەڕێوەبەرایەتی، دابەزاندنی خەڵکی لەشوێنە دژوارەکانی پێ لەچاككردنەوەی جادە، ئاسانترە. دوورتر ئەم جارە خەتەکە لایەکی بەنێو قوڕدا رووچووەو چەند کەسێکیان لەوێ داناوە تا تراموا لەوەرگەران بپارێزن.

درێژی خەت چوار کیلۆمەترەو رێگا لەگەڵ ئەو دوو راوەستانەش، لەماوەی بیست‌وپێنج دەقیقەدا تەواو دەبێ. چونکە لەکاتی دیکەدا بەبێ کەمترین نیگەرانی، عارەبانچی بەهەموو هێزی خۆی ئەسپەکان دەداتە بەر زەبری قامچی. کەمێك پێش گەیشتن بەکازمێن لەکەنار دیجلە دەپەڕنەوەو بەنێو باغی دارخورمای جواندا تێدەپەڕن‌و لەوێ چەرخەدارەکان بەناڵەی جەهەندەمیی خۆیان لەلایەن عارەبانچی‌و ئەسپەکانەوە دەجولێن. تراموای هەر کە دەگاتە دەروازەی دێ، رادەوەستێ. ئێمە لەلای گۆڕستانی پیرۆز دێینە خوارێ. ئیمام موسا کەلەو باوەڕەدان لێرە نێژراوە، یەکەمین ئیمامە لەلایەن شیعەکانەوە، باوەڕی پێکراوە. دوازدە ئیمامی پێشوو لەلایەن سوننییەکانەوە پیرۆزن. کازمێن یەکێك لەو شوێنە پیرۆزانەیە کە ئێرانیان دێنە





زیارەتی. دانیشتوانی ئەم دێیە، نزیکەی، زۆربەی ئێرانین، لێرە چەند جووێکیش هەن. هیچ ئێرانییەك تازیارەتی کازمێن نەکا، بەرەو کەربەلا ناڕوا.

مزگەفت گەورەترین رێزوپیرۆزی هەیەو بەباوەڕی شیعەکان هەتا بەیەك نیگای ئەوروپییان پیس دەبێ. هەر ئەوەندە لەدەرگا راوەستاین‌و وەسفی بیناکەمان کرد. لەبەرئەوەی لەدەرگا نزیك بوین قسەی ناخۆش دەبیستین. بەئاسانی ئاشکرابوو، ئەم قسانە روویان لەئێمەبوو. دوای کەمێك، هەراوهۆریا زیاتر دەبێ‌و چەند کەسێك لەدەوروبەرمان خڕدەبنەوە، لەودەمیدا بەدوای نەنۆدا دەگەڕێم، ئەو رایکردووە. هەرکە زانیمان لەوانەیە دەمارگرژی هەندێ موسلمان لەرادەدە تێپەڕینێ خۆمان دەرباز دەکەین‌و بەزەحمەت دەردەچین.

بینای مزگەفت زۆر دڵگیرو جوانە، هەمووی بەکاشی رەنگاورەنگی شین‌و رەش‌و سپی‌و پەمبە رازاوەتەوەو گوڵچن کراوە. بە گونبەت‌و منارەی زێڕین بیناکەیان رازاندۆتەوە. بیناکە چوارگۆشەیەو کەوتۆتە بەشی دواوەی. حەوشەو چەند دالآنێك دەورەیان گرتووەو دیوارەکانی حەوشە یان زیارەتگا لەگەڵ دیوارەکانی بیناکە لەوسەر تێك دەکەنەوە. لەسەرەوە دوو گونبەتە زێڕینە گەورەکە لەدوو کوارگ دەچن. لەهەر چوار گۆشەی بیناکە چوار منارە هەیە کەبەشی سەرەوەیان زێڕینە. ئەم شتانە جوان‌و رازاوەو رەنگاورەنگ‌و گونجاوودڵگرن‌و هەر ئەو کاریگەرییەیان هەیە کەپاشماوەکانی هیند لەلایان بەجێ‌هێشتووم.

دەمێ دەگەینە تراموای، شەمەندەفەر وەڕێ کەوتووەو سەعاتێکی پێدەچێ تا شەمەندەفەرێکی دیکە لەکازمیەوە دێ. لەبەرئەوەی



www.pertwk.com

لەبەرە

دروست کراوەو بەبێ رکێبە، لەبارێك دا پێیەکان شۆڕبوونەتەوە، ئەوەندەش ناخۆش نییە. هەرکە دەگەینە دەروازەی دێ، لەکەرەکان دادەبەزین. پاسەوانە گچکەو هەژارەکانی ئەم بەستەزمانانە بەدرێژایی رێگا بەزەوقەوە بەدوامان دا رادەکەن. بۆ پەڕینەوە لەزێو گەیشتنە ئەوبەری کەنار کەنزیکی ئوتێلەکەمانە، سواری قفە دەبین.

لەبەرئەوەی جلوبەرگی زۆرمان نییە، دوای کەمێ خۆ رێکخستن دەچینە ماڵی ئەسغەر. تەنیا کوڕەکەی بەفەرانسەیی قسان دەکا، ئەو بەهۆی خۆشەویستیو لوتفی لازار-ی پزیشکی نەمسایی کە کەمێ ئاشنای زمانەکەمانە، داوەتمان دەکا. شیویان بەشێوازی ئەوروپایی ئامادەکردبوو. خواردنی بێژمارە یەك بەدوای یەك دەهاتنو شەرابی بۆردۆو شامپانی یان بیرەیان لەگەڵ دابوو. ماوەیەك هامیلینو من لەوەی کەدەبوایە خۆمان گرانو سەنگین راگرینو بجوڵێینەوە، ناراحەت بووین. خزمەتچی بەهۆی کەمتەرخەمی، هەندێ شەرابی رژاندە نێو جامەکەم کەهەندێ بیرەی تێدامابوو. هەر کەدیتی هەڵەی کردووە، ئەوەی نێو جامەکەی منی رژاندەوە نێو شووشەی شەرابو دوای کەمێك بۆ میوانانی تێکرد. شیو بەخواردنێکی تایبەتی دەستی پێکردو دوای ئەویش گۆشتاوو سێجۆرە کەباب (مریشكو کەو وقەتێ)یان هێنا. پاشان نۆرەی شفتەو ساردین هات، کاتی خواردنی (دیسرت) هەر کەس قاپێکی گەورەی پڕ لە شیرینییەکی سپی کە تامی (موحەلەبی) دەداو لەسەرەتای نانخواردن دا





لەبەردەمیان دانابووین، خوارد. میوە بریتییە لە گندۆرەو شامیو خەیارو هەنارو سێو، بەڵام خورما کەمیوەیەکی ئاسایی ناوچەکەیە، دیار نەبوو. لەگەڵ هەندێش بەهیوا بووین کەمە خورمایەکی باش بخۆین. دوای ئەم میواندارییە گەورەیە، دەچینە دیوەخان و لەوێ قاوە دەخۆینەوە.

ئەسغەر بۆی باس کردین چۆن لەلایەن مسیۆ دوفورتۆی بەنێوبانگەوە فێڵی لێکراوەو لەئاسیای بچوك (تورکیا و.ك)و ئێرانیشدا دەستی گەلێ ئەوروپایی بڕیوە. هەروەها گوتی: بەقسەی کۆنسول کە خانووی پێدابوو، قەرزی داوەتێ.

## 27ی تشرینی یەکەم

پێش نیوەڕۆ دەچینە پۆستەخانەو لەبەرئەوەی وەرامی ئەو تەلگرافانەی پێش چوار رۆژ ناردبوومان نەهاتۆتەوە، سەرمان سووڕماوە. بۆ نامە ناردنە ئەوروپا دوو رێگا هەیە: پەیکی تورکو پەیکی ئینگلیزی، هەریەکەیان رێگای بیابان دەگرنەبەر. ئەوان دەچنە هیت-ی سەر زێی فوراتو لەوێوە بەسواری حوشتری رەوان بیابان دەبوێرنو لەماوەی دوازدە رۆژاندا دەگەنە دیمەشق. ئەم دوو پەیکە کە لەهەمووان خێراترن، هەواڵی تاراددەیەك تازە لەگەڵ خۆیان دەبەن، بەڵام رێگا ترسناکەو پەیك کەلوپەلی بەنرخ زامن ناکا. سەرکوت کردنی رێگران نەکردەیەو لەلایەکی دیکەوە دەوڵەت بەهیچ شێوەیەك خۆی لەبەرامبەر پاراستنی دەزگایەکی ئەوروپاییدا بەرپرس نازانێ، لەگەڵ کیسەی هەواڵونامەدا، ئاژەڵ ئازوخەی



www.pertwk.com

پەیکێکی تر لەبەغدا وەرێدەکەوێو لەموسڵەوە بەرێگای دیاربەکرو موش دا دەچێتە ئەرزرۆمو تەرابوزان. ئەم پەیکە نێوخۆییە. دەمینێتەوە رێگای چوارەم: کەشتییەکانی ئینگلیز کە لەهەموو رێگاکانی دیکە بۆ ناردنی کەل‌وپەلی بەنرخ دڵنیاترە، بەڵام کرێکەی دوو ئەوەندەی کرێی پۆستەی تورکن، چونکە دەبێ باجی پەیماننامەی پۆستە بدا.

دوای نانخواردنی نانی نیوەڕۆ، سەرباری هەوای ناخۆش جارێکی دیکەش بەنێو شارو بازاڕدا دەگەڕێین. مسیۆ موژل–ی ئەندازیاری فەرانسەیی لەبەغدا نییە، بۆیە بەداخەوەین. لەباتی ئەوە، بەدیداری ئیبرهارت–ی کۆنسولی رووسیا، دڵخۆشین. ئەو لەگەڵ دکتۆرێكو بەرپرسی کاروباری نێوخۆی، لەدیوانەکەی خۆیەتی. ئەو راماندەسپێرێ کە لە هەوەڵێن قۆناغەکانی سەفەرمان لەکاتی دەرچوون لەبەغدا ئاگامان لەخۆمان بێ. هۆزەکانی عەرەبی شەممەرو حەماوان بەردەوام خەریکی جەردەیی‌و راووڕووتن‌و هەڵمەت دەکەنە سەر کاروانەکان‌و رێبواران دەبێ لەناوچەکانیاندا بەپارێزەوە لەدەوروبەری خۆیان بڕوانن. سەرۆکەکانی ئەم دەستە رێگرانە لەشارەکانی سنوور–خانەقین‌و قەسری شیرین ئامادەن تا لەگەڵ دەرکەوتنی مەترسیدا لەئێرانەوە بچنە تورکیا. برای بەرپرسی کاروباری نێوخۆ کەناچاربووە بەناوچەی ئەو هۆزانەدا (کرماشان، سلێمانی‌وکەرکوك) دا هاتۆچۆبکا، لەگەڵ یەکێك لەسەرۆکەکان ئاشنایەتی پەیدا دەکا.





ئەو، ئەو مەترسییانەی لێنەشاردۆتەوە کە لەوانەبوو لەرێگا رووبەروویان بێتەوە، بۆیە وەك خزمەتچی کوڕێژگەیەکی چواردە ساڵانی وەگەڵ دابوو تا پەیامی سەرۆکەکەی خۆی لەلابێ. ئەو کوڕێژگەیە بەرێگادا ناڕوا، بەڵکو بەتیژی بەنێو گردۆڵکەکانی دەوروبەری رێگادا رێ‌دەکا، بەم شێوەیە کاروان تووشی شڵەژان نابێ، رێزداران پێمان دەڵێن: بەمەرجی ئەوەی ژمارەی رێگران گەلێ زۆر نەبێ، ئەگەر تەقە بکەین، رێگرەکان هەڵدێن.

وەختێ دەمانەوێ لەخزمەت ئیبرهارت تەواوبین، لێمان دەپرسێ کەی دەتوانێ لەکۆنسولخانە سەردانمان بکا. دوای ئەوەی دەزانێ لەئوتێل دابەزیوین، سەری سووڕ دەمینێ. لەبەرامبەر خەڵکی ئێمە، هیچ شتێك لەوە خراپتر نییە کە رێبوار لەژێر سایەی پارێزگاری نوێنەری دەوڵەتی خۆیدا نەبێ. ئەوان بەگومانەوە تەماشای دەکەن‌و نابێتە جێگای بڕوایان.لەبەغدا، شەوان کارێك نییە پیاو بیکا. لەماڵ دەمێننەوە، قسان دەکەن‌و دووکەڵ بەبا دەدەن.

## 28ی تشرینی یەکەم

ئەم شەو بەدەنگێکی جەهەندەمی لەخەو رادەپەڕین، یەکێك لەو مشکە بێ ژمارانەی کە وەك هەموو خانییەکانی بەغدا، لەئوتێلیشدا دەسووڕێنەوە، دەکەوێتە تەڵەکەیەوە کەلەسەر موبێلێك دانراوە. مشك بەهەموو هێزییەوە، تەڵەکەی خستۆتە خوارێ‌و دەستوپێ دەکوتێ. پێش نیوەڕۆ کاتمان لەلای دارتاشێك بەسەر دەبەین کەبۆ هەڵگرتنی ئەو شتانەی وەدەستمان خستوون چەند سندوقێکمان بۆ دروست



www.pertwk.com

بەڵام لەمەڕ ئەو سندووقانەی کەللەسەری دۆڵی زابی گەورەو نووسراوەکانی نەمرودیان تێدایە، دەبێ بڵێم: بەیانی ڕۆژی دوای گەیشتنمان بۆ بەغدا لەگەڵ سندووقەکان دەچمە گومرگ. یەکەمین دەرگاوانی ئەوێ بەوەرگرتنی بەرتیل دڵنیام دەکا. سەرۆکەکەی کە ئاگاداری بەرتیلەکەی ئێمە ببوو، سندووقەکان ڕادەگرێ تا ئەویش قازانجێکی پێ ببڕێ، دوای ئەوەی دڵنیام دەکا سبەینێ سندووقەکان دەنێریتە ناو کەشتی، ئەویش دیارییەك وەردەگرێ. سبەینێ، هەر ئەو کارمەندە پێم ڕادەگەیەنێ- بێئەوەی بتوانم شتێك لەقسە بێسەروبەرەکانی تێبگەم-دەوڵەت سندووقەکانی ڕاگرتووەو دەیانەوێ تەماشایان بکەن. لەگەڵ هەندێ بەهۆی قسەکانییەوە کەپڕن لە بێ دەنگیوگومان، تێدەگەم کە بەبەرتێلێکی دیکە دەتوانم سندووقەکان لەسەر کەشتی ببینم. گفتی دەدەمێ ئەگەر سندووقەکان لەسەر کەشتی ببینم، پاداشتێکی باشی پێدەدەم .سبەینێی ئەوێ





ڕۆژێو ڕۆژەکانی دواییش نەچوومە گومرگو نەزانینی زمان دەبێتەهۆی سەرگەردانییەکی گەورە بۆمن.

ڕۆژی ڕۆیشتنمان، ئەو کارمەندەی گومرگ هاتە لام کە گفتی پاداشتێکی باشم پێدابوو، کە لەچوونی سندووقەکان بۆ سەر کەشتی ئاگادارم بکاتەوە. بۆ دڵنیابوون دەچمە ئەوێ. ئەوانە بەراستی سندووقەکانی منن. کاتێ دەمویست پاداشتەکەی بدەمێ، بەفیکرم داهات فەرمانی کردنەوەیان بدەم. دەبینم خەریکی خۆدزینەوەیە، قۆڵی توووند دەگرم، وەك بی دەلەرزێ-سندووقەکان دەکرێنەوە. دەبینم تەواوی کەللەسەرو بەردو هەموو شتە بەنرخەکانی من بوونەتە وردە گەچ. لەو باوەڕەدام ئەگەر هامیلین لەوێ نەیگرتبام، ئەو دزەم کوشتبوو.

هیچ بەرپرسێك نەبوو. هەر جۆرە ئیدیعایەك، تەگەرەیەکی نوێو فڕوفێڵی تازەی بەبێ هیوای سەرکەوتن، ڕووبەڕوو دەکردمەوە. کۆنسول بەمنی گوتبوو کە لەهیچ شتێکدا پشتی پێ نەبەستم. باشتربوو وازی لێبهێنین. هامیلین دەیگوت: ویستی خودایە، نابێ ململانێی لەدژدا بکرێ.

کاتێ نەنۆ خەریکی ئامادەکردنی کاروانەکەمانە، کۆنسولی ڕووسووەرگێڕەکەی دێنە سەردانمان. ئەو کەسەی دوایی (وەرگێڕی کۆنسولی ڕووس) لەکاتی سەفەری شای ئێران بۆ بەغدا لەخزمەتی ئەو دانراوە. بەتایبەتی بەرپرسی تەلگرافی ئەوێی پێسپێردراوە. دەمێ شا خۆی بۆ بەجێهێشتنی بەغدا ئامادە دەکرد، ئەو لیستی خزمەتگوزارییە پۆستییەکانی پێشکەش کرد، بەڵام شا پارەکەی نەدا.



www.pertwk.com




بازاری بەغدا

هەرچەندەی سوور دەبن، ئەو نارەزایی دەردەبڕێ کە سندووقەکانی پێشتر ڕەوانەکراون‌و دەبێ تا سنوور لەگەڵیدا بن‌و لەوێ حیساب‌و کیتابیان یەکلا بکەنەوە. نوێنەری دەوڵەت جانتاکانی شا رادەگرێ. نوێنەر دەڵێ: (ئەعلا حەزرەت، ناکرێ بەپێی مەیلی ئێوە رەفتار بکەین. لەوێ هیچ هێزێکم نییە ناچارتان بکەم، پارەکە بدەن). شا چەکێکی حەواڵەکراوی تاران، دەدا. نوێنەر قبووڵی ناکا. لەودەمیدا شا بڕیاردەدا چەکێکی تر حەواڵەکراوی بەغدا بدا. کاتێ چەکەکە دەبەنە لای ئەو بازرگانە ئێرانییەی چەکەکەی حەواڵەکراوە، ئەویش نایەوێ وەری بگرێ‌و دەڵێ: من تا ئێستا پارەیەکی زۆرم وەك یارمەتی داوەتە شا، ئیدی لەدانی پارەی وا ماندوو بووم.وەرگێڕ لەلای دەوڵەت شکایەتی کرد. بازرگانیان بانگ کرد، بەڵام رازی نەبوو





پارەکە بدا. دوای ماوەیەك بازرگان دوای لێکدانەوەیەکی قووڵ، سێ‌سەد لیرەی تورکیدا، ئەو وای پێباش بوو پارە لەدەست بدا بەڵام نەکەوێتە بەر رق. وادیارە شا خووی وایە کە لەوڵاتانی بێگانە پارە لە دەوڵەمەندەکانی خۆی وەربگرێ. ئەوان ناچارن مل کەچ بکەن، چونکە دەترسن لەگەڕانەوەدا، تۆڵەیان لێبکرێتەوە.

## 29ی تشرینی یەکەم

وامان دانابوو، ئەمڕۆ وەڕێ دەکەوین، لەدوا دەم دا، کاروانچییەکان کەوا پێدەچوو لەگەڵیان دا ڕێکەوتن کرابێ، بەردەوام خۆ دەگنخێنن. سەرەتا ئەسپێکی زیادیان بۆ هەڵگرتنی کورتانی ئەو ئەسپانەی زینەکانی ئێمەیان لەسەر پشتە، دەوێ. سەربار، ناشتوانن خەرجی گەڕانەوەیان بگرنە ئەستۆ. ئەم مەرجانە قبووڵ دەکەم،




دامەنی شازادەیەکی کلدانی



www.pertwk.com

پاشان داوای لیرەیەکی پێشەکی و پاشان دوو لیرە دەکەن. ئەمەشیان قبووڵ دەکەم. ئێستا دەیانەوێ نرخی پێك هاتن بۆ هەر ئەسپێك لە(30)سی قڕانەوە بکەنە سی وپێنج کەجوداییەکەی دەبێتە لەسەتا 33٪. ئەم جارە رێکەوتننامەکە هەڵدەوەشێنمەوەو یارمەتییەکان وەردەگرمەوەو یەکسەر نەنۆ دەنێرمە بازاڕ تا پێش ئەوەی ئەم نارەزایانە مەسەلەکە بگەیەننە هاوکارەکانیان، کاروانچی دیکە پەیدا بکا.

لەو ماوەیەدا نانی نیوەڕۆ دەخۆین و نەنۆش بەوەرامێکی گونجاو دێتەوە. نەنۆ دەنێرمە لای فەرماندار بۆ هێنانی چەند زابتییەیەك تا سنوور لەگەڵمان بێن، بەڵام دوای دوو سەعات دێتەوە. فەرماندار سەربازمان ناداتێ و دەڵێ:

(رێگا زۆر ترسناکەو رێگران هەڵمەتی دەکەنە سەر، هۆزی حەماوان یاخی بوون. ئەگەر بەرپرسیی ئەم سەربازانە بگرمە ئەستۆ، خۆم کردۆتە بەرپرسی ئاسایشیان.باشترە بەرێگایەکی دیکەدا بڕۆن!). ئەم رێگایە کامەیە؟ لەگەڵ ئەمانەش دا، ناتوانین لەرێگای بەسراو بوشەهرو شیرازەوە بڕۆین! ئەم رێگایە گەلێ زۆر لەمەبەستمان دوور دەکەوێتەوە. بڕیار دەدەین بەبیری خۆمان کاربکەین. چونکە فەرماندار نایەوێ سەربازمان بداتێ، تەنیا بەو رێگایەدا دەڕۆین کە بڕیارمان داوە. سەربار، رەنگە ئەو قسانەی فەرماندار بەئێمەی گوتوە: درۆبن. رەنگە هەوڵ بدا دژی ئێمەبێ و تەگەرە بخاتە بەردەم نەخشەکەمان.


دوور دەکەوینەوەو لەدواییدا لەقەڵەمڕەوی دەوڵەتی تورك کەهەزاران جار لەئێران خراپتروتەمبەڵترو بۆگەنترە، دەچینەدەرێ.





دەچینە سەردانی مسیۆ کۆری وەرگێڕی کۆنسولخانە، ناراحەتییەکانی خۆمانی بۆ باس دەکەین و لەبڕیاری سەفەرکردنیشمان ئاگاداری دەکەینەوە. ئەویش بڕیارەکەی پێباشەو پێی وایە نابێ بەکاریگەریی قسەی خەڵکی دیکە بجولێینەوە. لەکاتی سەردانمان دا، نێزەو قەڵغان و ئەو چەکە جۆراوجۆرانەمان پێنیشان دەدا کە لەزەنگبار کۆی کردۆتەوە. هەروەها پێناخۆشی خۆی لەمەڕ گواستنەوەی بۆ ئێرە، ناشارێتەوە.

کاتێ دەگەڕێینەوە ئوتێل، وادێتە بەرچاو هەموو شتێك بۆ سەفەر ئامادەو رێکە، لەگەڵ دیمیتری فیروس، حیسابی ئوتێل یەکلا دەکەینەوە. ئوتێلەکەی بەشێوەیەکی گشتی ئەوەندە جێگای رێزو راحەت نییە، بەڵام خودی خۆی پیاوێکی باشەو باشی بەخێر هێناوین.مسیۆ کۆری بەلوتفی خۆی دوای نانی ئێوارە دێتە سەردانمان، لەبەرئەوەی هەموو شتێکی سەفەر ئامادەیە، لەچاوەڕوانی سەعاتی وەڕێکەوتن دا، دەخەوین.




جویکی بغدادی



www.pertwk.com

## پەراوێزەکانی بەشی دەیەم

[1] ) مسیۆ سارزەك لەپلەی کۆنسۆلی بەغدا جێی مسیۆ پیرێتێی گرتۆتەوە. ئەو لەنزیك بابل لە( تەل حو) خەریکی پشکنینە. لەم پشکنینانەدا، شتی زۆر سرنج راکێش دۆزراونەتەوە، لەوانە نووسراوی هیروگلۆفی کەزۆر لەخەتی بزماری کۆنترە.

[2] ) جۆرە ماددەیەکی رەنگدەرەوەی رۆژهەڵاتییانە. ژنان دەستیانی پێ رەنگ دەکەن‌و دەموچاوو لەشیان پێ نەخش دەکەن. پیاویش بەخەنە مووی سەروریش‌ونینۆکەکانیان رەنگ دەکەن. هەتا ئاژەڵیش خەنەی لێدەدرێ‌و نەخشی سەیرو سەمەرە دەکرێن.

[3] ) کارمەك Carmc گرووپێکی ئایینی سەر بە Cormel کە رێوشوێنەکەی لەساڵی 1215ی زایینی پەسندکراو لەلایەن **سان جۆن دولاکروا** لەساڵی 1593دا چاکسازی تێدا کرا. (و.ف).

[4] ) کاپۆسنەکان گرووپێکی ئایینی مەسیحیین‌و پێڕەوی سان فرانسوان. (و.ف).

[5] ) مەبەستی کۆپان–کورتانە، کە تەنیا جلێکە (و.ك).

[6] ) شیرینی یان میوەیەك کەدوای نانخواردن بدرێتە میوانان، وشەیەکی فەرانسییە . (و.ك).

[7] ) ئەم سندووقانە دوای شەش مانگ دەگەنە فەرانسە، بەڵام بەشێوەیەك بێسەروبەر کراوە، پیاو بە بینیان، تەریق دەبێتەوە.



www.pertwk.com




ڕەشماڵی عەرەب

## بەشی یازدە
## لەبەغداوە تا کرماشان
## 30ی تشرینی یەکەم تا 5 ی تشرینی دووەم

**ڕۆیشتن لەبەغدا-بیابان-سەراب-خانی بەنی سەعد-دیالە-بەعقوبە-قاوەخانە-کاروانسەرا-ڕۆیشتن لەبەعقوبە-سەراباد-نەنۆ دەگەڕێتەوە بەغدا-خانەوادەیەکی ئێرانی لەسەفەر-ڕۆیشتنی شەوەکی-شەوڕۆین-قزل ڕەبات-گوتاردان بەزمانی تورکی-قایممەقام-ئاگادارکردنەوەیەکی هەڵە-خانەقین-کەناری زێ-دکتۆر سەعد-سنووری ئێران-کاروانی مردووان-قەسری شیرین-فەرماندار-سەردانی-تووڕەیی کاروانچی-شاخوسرەو-ئەفسانەی شیرین‌وفەرهاد-سەرپێڵ-نێو ماڵی کوردان-کاروانی گەورە-دەروازەکانی زاگرۆس-کرند-هارون ئاباد-ملەی چادزوار-ماهیدەشت.**

لەنەنۆم ویستبوو سەعات سێی بەیانی لەئوتێل ئامادەبێ، چونکە دەبوایە هەر لەوکاتەدا لەگەڵ کاروانێکی دیکەدا وەڕێکەوین. سەعات





پێنج‌ونیوەو هێشتا نەهاتووەو ماوەیەکیشە کاروانچییەکان لێرەن، ناچاربووم کەسێکی بەدوادا بنێرم. ئەمەش یەکێك لەو کەسانەیە کەئاسایشی خۆیان دەوێ‌و دەخوازێ کەی ویستی‌و بەبێ پەلەکردن، سەفەر بکا. ئایا لەم ڕۆژانەی دواییدا لەو بیرەدانەبووە پێمان بسەلمێنێ تا یۆڤانی بەوەفای خۆمان ڕەوانەبکەین؟ لەو باوەڕەدام مەبەستی ڕاستەقینەی لەم کارەدا ئەمەبوو، ئەوی زۆر سەرڕاست دیوەو ئەمەش ئازاری داوە.

سەعات شەشە کەدەست بەبارکردنی ئەسپەکان دەکەن‌و ئەم کارەش لەم کووچە تەنگەدا، ئەوەندە ئاسان نییە. نەنۆ بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕ کەل‌وپەلەکانی سەفەری هەڵگرتووە. بەبێ هەڵگرتنی ئەو بارانەی هەیەتی، تەنیا بۆ هەڵگرتنی خۆی هێسترێك پێویستە. ئەو نایەوێ کەل‌وپەلی ئەورووپیی ئێمە بەکاربهێنێ. تەختێکی بەلێفەکان دروست کردووەو لەسەری سواربووە. لەخۆم دەپرسم: چۆن لەسەر ئەم هەموو شتانە خۆی ڕێ‌رادەگیرێ؟.

سەرەنجام، سەعات حەفت کاروان جولا. مسیۆ کۆری لوتفی ناندووە دوو سەربازی تایبەتی کۆنسولخانەی بۆ ئاسان کردنی تێپەڕبوونمان بەنێو بازاڕدا ناردووە. هەر ئەو ڕێگا بەرینە دەگرین کە پێیدا هاتبووین. بەپێش ئۆردوی سەربازی پیادە نیزام دا تێ‌دەپەڕین‌و دیواری بینایەی تۆپخانە دەبوێرین. پاشان لەباتی ئەوەی بەرەو لای چەپ، بەرەو زێ بچین، لای ڕاستی کووچەیەکی تارادەیەك پان‌وبەرین کەهەردوو لای دوکانی کاسبکارانە، دەگرین‌و دەگەینە دەروازەی شار کەدوو سەرباز پاسی دەکەن.



www.pertwk.com

سەربازانی کۆنسولخانە لێرە لێمان جودادەبنەوەو ئێمە دەگەینە بیابان. دەشتێکی مەزن تاچاوبڕ دەکا درێژبۆتەوە. کارێك ناکەین جگە لەوەی بەدرێژایی ئەو دارانەی تەلگراف کەبەخەتێکی راست درێژبوونەتەوەو لەئاسۆدا بزردەبن، ڕێبکەین.

دوای سەعاتێك تەماشادەکەین زابتییەیەك بەدوامانەوەیە، مسۆگەر بۆ جاسوسیکردن نێردراوە. والی، دەبێ بەهۆی ئەوەی گوێمان بەئامۆژگارییەکانی نەداوەو بەبێ ئاگاداری ئەو لەقەڵەمڕەوی دەستەڵاتی وەدەرکەوتووین، نارازی بێ.

دوای سێ سەعات ڕێکردن، لەپازدە یان شازدە کیلۆمەتری بەغدا دەگەینە کاولە کاروانسەرایەکی کۆن کەچەند شوانێکی تێدا نیشتەجێن. نەئەوەندە دوور لەم جێگایە، جۆگەیەك هەیە، چەند عارەبێکی تێدا کاردەکەن. پانایی ئەم جۆگەیە دوو مەترو قوڵاییەکەی نزیکەی بیست سانتیمەترە. وادێتە بەرچاو ئەم جۆگەیە لەلای چەپو راست روو دەچێتە نێو لم. ئێستا بیابان بەوپەڕی هیشکیو بەیاریی خۆی، دەردەکەوێ. سرنج راکێشترین پاشماوەی سەراب بەچاوی خۆمان دەبینین. لەدوو سەدمەتری پێشەوەمان وادیارە بەغدا لەئاو دەردەچێ، ئەم باغە دارخورمایانە لەسەراب دا رەنگ دەدەنەوە. دەڵیی داروبیناکان لەنێو دەریاچەیەك دان کەئاوەکانی،وێنەکانیان پێچەوانە دەردەخا. ڕێگا هێشتا لمە. جاربەجار رەوە قەلەرەشکەیەك لەسەر لاشەوهێسکی ئاژەڵە مرداربووەکان بەشەڕدێن.


نیو سەعات دوای نیوەڕۆ دەگەینە کاروانسەرایەکی گەورە بەناوی بەنی سەعد کەزۆربەی کاروانەکان، شەوێ لەسەر ڕێگای نێوان بەعقوبەوبەغدای تێدا بەسەر دەبەن. چەند شفتی فرۆشوقاوەچییەك





دوکانی خۆیان لەوان دەوروبەراندا داناوە. لەبەرئەوەی دەمانەوێ، ئەمشەو بگەینە بەعقوبە، لەنیو سەعات زیاتری لێنامینێنەوە.

کاروانێ کەئەمڕۆ بەیانی دەمانویست بیگەینێ راوەستاوەو لەوێ بۆ شەو مانەوە کارەکانیان رێك خستووە. ژمارەی ئەم کاروانە زۆرەو زیاتر لەدووسەد ئەسپ دەبێ. کەلوپەلەکانی سەفەر لەناوەندی خان بەسەریەك دا کەڵەکەکراون. ئەسپەکان بەشێوەی چوارگۆشەی رێكوپێك بەتەنیشت یەکەوەن. روویان بەرەو دەرێیەو لەبەردەمیان کاوجۆڕکی جۆیان داناوە. بێدوودڵی، بەهۆی خێرانەبوونی کاروان وەك هۆی گواستنەوە، گلەیی دەکرێ. کاروانەکان هێواشنو



خان بنی سعد

خانی بەنی سعد



www.pertwk.com

پەلەیان نییەو بەڵام بەڕێوەبردنی کاروان کارێکی زەحمەتو مایەی ماندبوونە.

بەزۆری نەفەرێك ئاگاداری دەدوازدە ئەسپ دەبێو ڕێنوێنییان دەکا. کاروانی وام دیوە لەچل حوشتر پێکهاتووەو تەنیا سێ کەس ڕێنوێنییان دەکەن. ئەمانە لەکاتی چوونە هەر کاروانسەرایەك، باری هەموو ئاژەڵەکانیان دادەگرنو، خەریکی ئالیك دانیان دەبن. تەنیا لەدوا دەمەکان دا خەریکی خۆیان دەبن. پاشان بەدرێژایی ڕۆژ کە گەرمای هەتاو دەگاتە پەنجا پلە یان باران یان بەفر دەبارێ یان دەبێتە شەختە، ئەم بێچارانە هەربەو جلکەوە ڕێدەکەن. جاری واش هەیە خواردنیان تەنیا نانوشفتی یان نانوچایە.

هەوا ئەگەرچی گەرمە، بەڵام زۆر خۆشە. ڕووی ڕۆیشتنمان بەرەو باکووری ڕۆژهەڵاتە. بایەك لەلای سەرێ هەڵیکردووە کە تەڕوتازەمان دەکاتەوەو بێئەوەی دواوەی کاروان ناراحەت بکا تۆزوخۆڵ بەرەو لایەك دەبا.

ناکرێ بزانرێ مرۆڤـ لەمەزەندەکردنی ماوەی ڕێگاکاندا چەندە تووشی هەڵەدەبێ. دوای سەعاتێكو دوای دەمێك کە بەنی سەعدمان جێهێشتووە، بەعقوبە لەدوورەوە دەبینراو وامان دانابوو کە سێ سەعاتەڕی زیاتر نییە، بەڵام دوای حەفت سەعات ئینجا گەیشتینە دەروازەی دێ. ماوەی نێوان بەغداو بەعقوبە دەبێ بەلایەنی کەمەوە، نزیکی شەست تا حەفتا کیلۆمەتر بێ□.

پێش گەیشتن بە بەعقوبە، ماوەیەك لەکەنار دیالە□ کە لکێکی دیجلەیەو باغێکی زۆری دارخورماو هەناری بەنێوبانگ ئاودەدا، ڕێدەکەین. ئەم باغانە لەکەنارەکەی بەرانبەرمان دا هەر درێژدەبنەوە.





لەرێگا تووشی گەلێ کاروانی وڵاغان بووین کەباریان میوەی ئەم مێرگەیەو بۆ بەغدای دەبەن.

دوای بڕینی ماوەیەکی دووردرێژ لەنێو لمدا، دیتنی ئەم کەنارە سەوزە هۆی خۆشحاڵییە. ڕووبار لەم وەرزەی ساڵدا، ئاوێکی زۆری تێدا نییە. کەناری بڵندو بەرزبۆوە نیشانەی ڕووخانوکەوتنی تێدایەو بەهۆی بارانی بەلافاووتوانەوەی بەفری بەهاران، درزی قووڵی لەزەویدا دروست کردووە. کاتێ دەگەینە پردەکەڵەکێ کە بەمەبەستی پەڕینەوە لەڕووبار دروست کراوە، شەو داهاتووە. لەوبەری ڕووبار، خانییەکی گچکەی لەبەرد دروست کراو هەیە کە بۆ درێژەدان بەرێگا دەبێ لەبەرانبەرییەوە تێپەڕین. ئەم خانییە شوێنی وەرگرتنی باجی ڕێگایە. لێپرسراوەکەی سێجار سکەی باش ڕەت دەکاتەوە. بەڵام هەوڵ دەدا پارەی خراپمان لەباتی خوردە بداتێ. کۆڵانێك کە بەنێو دیواری باغەکاندا ڕەتدەبێ، دەگرینەبەر. مانگ کە لەنێو دارخورماکاندا دەدرەوشێتەوە کاریگەرییەکی سرنج ڕاکێش دەداتە دیمەنەکە. لەدواییدا، بەدەنگی زەنگی ئەسپو هێسترەکانی خۆمان دەگەینە شارو دەچینە نێو بازاڕ، کاروانچییەکان ئەم زەنگولانە لەکورتان یان زینی وڵاغەکان دەبەستن. دەنگیان بۆ ئێمە قابیلی بەرگەگرتن نییە، بەڵام ئەوان پێیان خۆشەو واهەست دەکەن لای لایەیان بۆ دەڵێ.

لەو باوەڕەدا نەبووم بازاڕەکانی شار□ بەم گەورەییە بن. شاری بەعقوبە بایەخێکی تایبەتی هەیەو ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی چوار تا پێنج هەزار کەسە. زۆربەی دوکانەکان داخراون. لەگەڵ هەندێش، دوکانەکانی بازرگانو میوەفرۆشەکان کە دوکانەکانیان بەمۆمی



www.pertwk.com



حوشتری خیلی حماوان





چەند منداڵێکمان وەدوا کەوتوون.ماوەیەك بەنێو ئەم شوێنە بێگانەیەدا، دەگەڕێین، چونکە پێش ئەوەی بتوانین کاروانسەرایەك پەیدابکەین بمانحەوێنێتەوە، دەرگای چەند کاروانسەرایەك دەکوتین. یەکێك جێگای نییەو ئەوی دیکە مەسیحییان قبووڵ ناکا.سەرەنجام کاروانسەرایەك دەدۆزینەوەو دەتوانین لەنهۆمی یەکەمیدا ژوورێکی گەورەو تاراددەیەك راحەت وەدەست بخەین. کلاورۆژنەیەکی گەورە کەپەنجەرەیەکی داری هەیە، رووەو کۆڵان دەکرێتەوە. دەرگاکەی دادەخرێو حەسیرێکی باشی لێڕاخراوە.

ماخۆی کاروانسەرا خۆش مەشرەبە. ئەو لەدابەزاندنی زینی ئەسپەکانو بردنە ژوورەوەی ئەو شتانەی لەوانەیە لەحەوشە بکەونە مەترسییەوە، یاریمان دەکا، قاوەچی دراوسێ بانگ دەکاو ئەویش سەماوەر دێنێ، چایمان بۆ لێدەنێ. لەو دەمیش دا، یۆڤان بە پەتاتەو مریشکێكو هەندێ هەنار کە وەدەستی خستووە، شیومان بۆ دروست دەکا.

نەفەرێك کە ساقۆیەکی قۆپچە زێڕینی دەبەردایە، هاتووە. ئەو لەلایەن قایممەقامەوە نێردراوە تا دەربارەی رێبوارانی ئەوروپایی کە لەبازاڕدا بینراون، زانیاری وەدەست بخا. دوای وەدەست خستنی ئەم زانیارییانە دەکەوێتە نۆڕینی کەلوپەلەکان. دەست بەجێو بەتووندی دەریدەکەینو من خەریکی تیمارکردنی پێی هامیلین دەبم کەزۆر بەئازارە، گۆزینگی پێی ئەستوور بووەو بەزەحمەت دەتوانێ رێبکا. ئایا ئەم ئەستوورییە بەهۆی گەستنە یان لەجێچووە؟ دوێنێ بێئەنجام شێلاومانە ئێستاش مەرهەمی دەخەینەسەر.قۆپچە زێڕین دەگەڕێتەوەو دەڵێ قایممەقام دەیەوێ ئێمەو پاسپۆرتمان ببینێ.



www.pertwk.com

## 31ی تشرینی یەکەم

ئەمڕۆو سبەینێ دەبێ ترسناکترین دووبەشی ڕێگای بەغدا بۆکرماشان ببڕین. ئەم دوو بەشە، نێوان بەعقوبەوسنووری تورکیایە (ئێران و.ك) کەهۆزەکانی شەممەرو حەماوان بەزۆری هێرش دەکەنە سەر دواوەی کاروانەکانو ڕوویان تێدەکەن.

ئەنۆم ڕاسپردووە لەگەڵ یۆڤان لەیەکێك لەژوورەکانی نهۆمی خوارێ، بخەوێ تالەو دەمەی بازرگانانی ئێرانی –کە شەوێ لێرە دەمێننەوە– وەڕێدەکەون، واگامان بێنن تا بتوانین لەگەڵیان وەڕێ بکەوین. ئەو کە لەنێو ئەو لێفودۆشەكو بالیفانەی لەگەڵ خۆی هێناون، خۆی گرمۆڵە کردووە، واگانایە. منیش تەنیا لەگەڵ دەنگەدەنگی بازرگانەکان واگادێم، یەکسەر دەچمە خوارێ. بەڵام لەسەعاتێك زیاترمان کات پێویستە تاخۆمان ئامادەبکەین. هێشتا شەوەو تاریکە، تریفەی مانگو ئەستێرەکان کە لەئاسمان دەدرەوشێنەوە، ئەوەندە بەردەممان ڕووناك ناکەنەوە. هەموو کارەکان دەبێ بە سێرەی دەستان بکرێن. پێی هامیلین زۆر دێشێو ئەو بەسەختی دەتوانێ تەنیا کاری خۆی بکا، وەختێ لەکاروانسەرا دەردەچین، سەعات چوارە. تەنیا وەرێ دەکەوین.مانگەشەوەو وەك دوێنێ





نزیکەی چارەکە سەعاتێك بەدرێژایی دیواری باغەکانی بەعقوبە بەرەو ئەوسەری شار ڕێدەکەین. پێش نیوەڕۆ، هەوا فێنکە، ماوەیەك جڵەوی ئەسپەکانمان بەدەستەوە دەگرینو پیادە دەڕۆین. نزیکی سەعات دە، دوای ئەوەی لەبەرانبەر کاولگەکانی قەرەستیل ڕەت بووین، تووشی کاروانێکی گەورە دەبین کە قاڵیو شەتلەلۆکەو شتی تریان بارکردووە. لەدوور، چەند گوندێك دەبینرێنو زەوییەکانیان کێڵراو دێنە بەرچاو، ژمارەیەك جووتیار بەهەوجاڕی دار کێڵگەیەك دەکێڵن.

لە کەناری جۆگەیەك کەگردی بەرز دەورەیان گرتووەو بەگیاو درکودار داپۆشراوە، ڕێدەکەین. جۆگەی قووڵ کە ئاو دەگەیەننە کێڵگەکان، بەردەوام ڕێگا دەبڕنو قوڕاو دروست دەکەن. پەڕینەوە، مەترسی کەوتنە چاڵی هەیە. ئەم مەترسییە، یەکێك لە ئەسپە بارهەڵگرەکانی تووشکرد.

شێراباد، کە دەبێ شەو لەوێ ڕاوەستین، دەبینین. ڕێگا لێرە لۆفەیەکی گەورەی هەیە. زەوی بەرزیونزمییەکی وای هەیە بەزەحمەت هەستی پێدەکرێ. دارەکانی تەلگراف خەتێکی ڕاست دەگرنەبەر. ناتوانم وەزعی زەوی، جگە لەوەزعە سروشتییەکەی ڕوون بکەمەوە، چونکە سیمای ڕەشی خاك ناچارم دەکا وابزانم لەبەهارانو لەکاتی باران دا هەموو ئەو ناوچانە دەبنە زەنەکی ترسناك. لەدوور زنجیرە چیای حەمرین دیارە کەلە نزیك کەلات شەرکەت ( شەرقات.و.ك) دیجلە، دەبڕێ. ئەنۆ لە ولاغ دەکەوێ، ئەم ڕووداوە دەبوایە ڕووبدا.




www.pertwk.com

ئەو کەلەسەر دۆشەکێك‌و هەگبەو لێفەکانی دانیشتبوو، نەیدەتوانی هاوسەنگیی خۆی بپارێزێ. مەگەر لەسەر ولاغێك کە بەهێواشی بڕوا. بەڵام لەپڕ مارێکی گەورە لەژێر دڕکێکی نزیك پێی ولاغ هاتەدەرێ‌و ولاغ کە ترسابوو دەڕەوێتەوە و نەنۆ بەهەگبەو کورتانەوە کەوتە سەر زەوی. لەو کاتەی کاروانچی بەدوای ولاغە ترساوەکەیدا رادەکا، منیش بەپەلە بۆ یاری ئەو شەیتانە بێچارەیە، دەچم. خراپ کەوتووە. قۆنداغی دەمانچەکەی بەزگی کەوتووەو دەڵێ گەلێکی ئازار هەیە، سەری لەچەند جێگایەکەوە رووشاوە. سواری ولاغەکەی دەبێتەوەو ئێمە درێژە بە رێگاکەمان دەدەین. سەعاتێك تێ‌پەڕیوەو هەوا زۆر گەرمەو پەلەمانە زوتر بگەین.

سەرەنجام دەگەینە شێراباد کەپێشان بەباغی دڵڕفێن دەورەدراوە، بەڵام ئێستا بەهۆی هێرشی کلۆ وێران بووە. کاروانسەرا بەتەواوی پڕ بووەو هەموو ئەو بازرگانانەی بەر لەئێمە وەرێ‌کەوتبوون، جێگای خۆیان گرتووە. جگە لەژوورێکی مام ناوەندی کە لەناویدا جێگیر دەبین، جێگایەك نادۆزینەوە. هامیلین هەر لەگەڵ گەیشتندا پاڵ دەکەوێ. نەنۆ وەك منداڵ دەگریێت‌و ئیدی تێنی لەبەردا نەماوە. تەواوی دەوروبەرمان بە بازرگانی جوو، عەرەب، تورك‌و ئێرانی گیراوە. وادێتە بەرچاو کە گەلێکیان خۆشگوزەرانن. لەسەر قاڵی جوان دانیشتوون‌و بەقلیانی بەنرخ دووکەڵ بەبا دەکەن. لەگەڵ کەیفکردندا، بەدڵنیاییەوە تەماشامان دەکەن. چەند نەفەرێکیان ئەنگوستیلەی بەنرخیان لەدەست دایە، بەڵام فیزیان نییەو بەسەر ژێر دەستەکانیاندا نا نازن‌و بەئەدەبەوە رەفتار لەگەڵ جل پەلاس‌و دەوڵەمەندان دەکەن.






نمای بیرونی یک کاروانسرا (اقتباس از طرح فلاندن)

سیمای کاروانسەرایەك

لەتەنیشتمان جووێکە، ردێن‌ومووئەبرۆکانی بەسورێکی خۆش رەنگ خەنەکراوە. لەگەڵ هەندێش چەند داوێکی خۆڵەمێشی لەنێو ریشەکەیدا دەبینرێ. ئەو پیرو ناشیرینەو ژنەکەی هەر چەندە دەیەوێ رووی خۆی داپۆشێ، لەدواییدا بینیم، لاوو زۆرجوانە. رەنگێکی جوان‌و گەنمڕەنگ‌و چاوێکی رەشی بزوزی هەیە، ددانەکانی جوان‌و رێك‌وپێکن. دەم بەپێکەنین‌و لەهەڵس‌وکەوتیدا بەلوتفە. لەبارێکدا رووبەدیوار دانیشتووە، خەریکی قلیان کێشان‌و شیو دروستکردنە بۆ ئاغاو گەورەی خۆی.

هامیلین هەر بەئازارە. وەرگێڕ حاڵی باش نییەو لەناو جێگای خۆیدا دەناڵێنێ، سەعات پێنج بەمن دەڵێ کە پێی باشترە بگەڕێتەوە بۆ بەغدا نەك لەگەڵمان بێ. ئەمە تاراددەیەك ناراحەتم دەکا، بەڵام



www.pertwk.com

## يەكى تشرينى دووەم

ئەمڕۆ جەژنى يەكى مانگى نۆڤەمبەرە□، چ ڕۆژێكى سەختو دژوارە! نەنۆ دوێنێ ڕۆيشتووە. دواى سەعات نۆونيوى شەو بۆ ئێمە نووستن، نەكردەيە. كەوتوينەتە بەر هەڵمەتى ڕەوە پشيلەيەك كە بۆ بردنى ئازوخەمان تا ژێر تەختى نوستنمان هاتوونو هەموو كەلوپەلو شمەكەكانيان تێكوپێك داوە.

وامان بڕيارداوە نيوەى شەو جۆ بەئەسپەكانمان بدەينو سەعاتێك دواتر وەڕێكەوين. نيوەى شەو كاروانچييەكان لەخەوێكى قووڵ دان. دەمانەوێ وائاگايان بهێنم. ئەوان لەمەبەستى من ناگەن يان وانيشان دەدەن كە تێناگەن. يۆڤان بۆ دەرك كردنى مەبەستى من بەپەرۆشترە. بەلاّم ئەويش شتێك تێناگا. ماوەى سێ چارەگە سەعات لەبەرامبەر ڕووناكاييەكى خەمبارانەى فانۆسێكدا خەرج دەكەم تا لەفەرهەنگى فەرانسە–توركييەكەى خۆمدا چەند رستەيەك كە بتوانێ پێداويستييەكانم دەربڕێ، پەيدابكەم. وەرگێڕان بۆ زمانى توركى لەبارێكى وادا دواى دوو ڕۆژ سەفەرو سوارى ئەسپ بوون، چۆن دەبێ! يۆڤان كەمێك باشتر لەقسەكەم دەگا. دواى يەك سەعات





تێدەگەم كە كاروانچييەكان هەستاونو جۆ بە ولاّغەكان دەدەن. سەعات دوو هێشتا لەكاروانسەرا جوولەيەك نييە. كەم كەم خەريكين ئامادە دەبين. لەناكاو وەك بڵێى جولەيەك هەموو جێگايەك بگرێتەوە، لەهەر ژوورێك دا ڕێبواران هەستاونو ولاّغەكان ئامادەدەن، بارەكە گۆڕاوە. هەموو لەماوەى پێنج دەقيقەدا ئامادەنو ئەم حەوشە بێدەنگە كەجگە لە جوولانەوەى ولاّغەكان شتێكى ديكەى لێنەدەبيسترا، پڕبووە لەدەنگە دەنگو هەراوهۆرياى وەڕێ كەوتن.

ئەم شەو لەدوێنێ شەو تاريك ترە. بەڕووناكايى فانۆس دەبێ ئەسپەكان زينوكورتان بكەين. هەرچەندە لەهەمووان زووتر دەستمان پێكردووە، بەلاّم لەكەسانى هەوەڵ نين كەئامادەبووبين. لەگەڵ هەندێش تا لەتۆزوخۆڵى خەڵكى دى خۆلادەين، وەپێش كاروان دەكەوين. ئێستا بەتەواوى لەبيابان داين. كاتێ تاريكە كەمتر قسەدەكەن، جگە لەدەنگى پێى ولاّغو چرپەچرپ، شتێكى ديكە نابيسترێ.

هەوا فێنكەو بۆئەوەى خۆم گەرم بكەمەوە، ماوەيەك بەپێ دەڕۆم. بەلاّم لەبەرئەوەى خەوم دێ جارێكى ديكە سوار دەبمەوە، چونكە بێخەوى شەوان بڕستى لێبڕيوم. ئەم ئەشكەنجەيە ماوەى سێ سەعات درێژە دەكێشێو هەركە لەلاى ڕۆژهەلاّت ئاسمان ڕەنگين دەبێ: گێژبوونەكەم نامێنێ. ڕووناكايى هەوا بێدارم دەكاتەوەو ماندوويێتيم نامينێ.

سەعات حەفت لە چياى حەمرين – بەرزاييە بێ بايەخەكانى ئەم



www.pertwk.com

ناوچەیە ڕەت دەبین کەبەیاروچۆلە. پاشان دەشتێکی دوورودرێژو بەردەلآن وەدەردەکەوێو دوای هەندێ چۆلەوانییەکی کێلراوە. کاروان دەگاتە گوندی قزل ڕەبات. ڕووبارێك بەناوەندی گونددا تێدەپەڕێو لەبیاباندا بزردەبێ. دوای تێپەڕبوون بەتەنیشت شاردا، لەدەروازەیەکی بەردین کەلەناوەندی بازاڕێکی سەد مەتر درێژونیمچە بازنەییدا هەڵکەوتووە، دەچینە نێو گوندەوە، دوای پێنج دەقیقە دەگەینە کاروانسەرا کە کەوتۆتە ئەوسەری گوند.

سەعات نۆونیوەو پێمان باشترە لێرە ڕەت بین‌و ماوەیەکی دیکەش بڕۆین، نەك ڕۆژێکی خۆمان لەم کۆڵیتە گەورە بێهودانەدا بەسەر ببەین. کاروانچییەکان حەزناکەن بڕۆن. دەڵێن ڕێگا ناخۆش‌و ترسناکە. دەپرسم ئایا کەسێك لەدێ هەیە زمانێکی ئەوروپایی بزانێ. بۆ تەلەگرافخانەم دەبەن‌و لەودەمی دا هامیلین چاوەدێری پاشماوەی کاروان دەبێ.

تەلگرافچی جگە لەئەلف‌وبێ شتێکی دیکە لەزمانی ئێمە نازانێ، بەزەبری فەرهەنگی زمان چەند پرسیارێکی لێدەکەم. ئەویش تەنیا بەوشەی بەڵی یان نە وەرام دەداتەوە، ئەنجامی ئەم پرسیارو وەرامە ئەوەیە کە ڕێگا ئەوەندە بەئاسایش نییە. بەڵام دەمباتە لای قایممەقام تا سەربازم وەگەڵ بدا.

بەپێ لەگەڵ شاگردی ڤلتا تا خانییە لەقوڕ دروست کراوەکەی قایممەقام دەچم. ئەو لەژێر تاقی دەرگای دەرەوەدا کە کردوویەتییە دیوەخان دانیشتووە، تەواوی پیاو ماقووڵانی دێ کە نزیکەی پازدە کەسن، لەدەوراوپشتی دانیشتوون.ئامادەبوونم، لەو کۆڕەدا سەرسوورمانێکی وا دەوروژێنێ کە لەو پیاهەڵدان‌و کەیف پێهاتنە





کەمتر نییە کە فڕینێ لەبەرامبەر دادگای تاوانی ئەسینادا وروژاندی. ئەوان دەستم لێدەدەن‌و لێم وردەبنەوە، یەکێك تەماشای کلآوەکەم‌و ئەوی دیکە لەچەکمەکەم دەڕوانێ‌و سێیەمیش لەتفەنگەکەم ورد دەبێتەوە. قایممەقام داوا دەکا دانیشم‌و فەرمان دەدا قاوەم بۆ بهێنن. دانیشتنەکە گەرمەو تارادەیەك درێژە دەکێشێ. بەیارمەتی فەرهەنگەکەی خۆم، دەمەوێ ڕوونی بکەمەوەو بەئاماژەی دەستم قسەی دڵم دەردەبڕم، کە وەرگێڕ لەڕێگا بەجێماوە، ئەمن دەگەڕێمەوە ئێران‌و ژمارەیەك سەربازم دەوێ تا بەهۆی پڕمەترسی بوونی ڕێگا، لەگەڵم بێن. تەلگرافچی لەفەرهەنگدا بەدوای وشەیەکی تورکیدا دەگەڕێ تا وەرامێکم بداتەوە. ئەو وشەیەم بەئەنگوست پێنیشان دەدا، تێدەگەم کە نەتەنیا چەند زابتییەیەکم دەدەنێ، بەڵکو سەربازانی راستەقینەم دەدەنێ. بەدەرخستنی سوپاسم، ڕێگادەدەم ماوەیەك لێم ورد ببنەوەو تەماشام بکەن. چەکی وینچستەری خۆم نیشان دەدەم کەشێوەی کاروخێرایی گوللە دەرکردنی دەبێتەهۆی سەرسووڕمانی ئامادەبووان. سەر کاروانچییەکی خۆمان کە دەترسێ نەکا شکایەتێکی لێبکەم، بەرووێکی خۆشەوە هاتووە، چۆك‌وپێیەکانم دەگرێتە باوەش. قایممەقام کەدەبینێ پەلەمە، تا ئۆردو لەگەڵم دێ تا فەرمانی دەستبەجێ ناردنی سەربازان دەربکا.

وەختی وەڕێدەکەوین، سەعات یازدەیە. تەڕایی جۆگەی ئاو، سێبەری دارخورماکان بەجێدێڵین. هەتاو سوتێنەرەو زەوی گەرماییەك کەدەم‌وچاوو دەستەکان دەبرژێنێ، بەرووماندا ڕەنگی داوەتەوە. ئەسپەکان جۆیان نەخواردووە. خۆمانیش لەسەعات یەکی



www.pertwk.com

بەگەیشتنە یەکەمین ترۆپکی شاخ بەترسەوە لەبەرینی ئەم دەشتە هیشك‌و بێبەرە دەڕوانین. لەنیوەی ڕێ، دەگەینە دوو کەسی ئێرانی کەلەگەڵ چەند ولاغێك لەتەنیشت ڕێگا دانیشتوون. ئەوان پیاوێکیان بەسواری ئەسپ‌وچەند کەسێکی پیادەیان لەزارکی دەربەندێك کە لێیەوە دەهاتین، دیتبوو کە بەولاوئەولادا دەگەڕان‌و چاوەڕوانی کاروانێك بوون تا لەگەڵیان بڕۆن، چونکە لەم ڕێگا کوێستانی‌و گردۆلکانەدا مەترسی تالانکردن زۆرە. هێشتا نەگەیشتوینەتە خوار گردەکە کە لەنزیك پێنج سەد مەتری خوارەوەیدا پیاوێك بەسەر ئەسپێکەوە دەبینین کە بەمەبەستی پاسەوانی، پیاسە دەکا. سەربازەکان تفەنگەکان پڕدەکەن‌و بەغار بەرەو لای دەچن. منیش دەچمە بەردەمی کاروانەکەی خۆمان، بەڵام هەر زوو دڵنیا دەبین، زابتیەکە لەگەڵ کاروانێك دایە کەلەو دیوەوە دێ‌و لەسەر بەرزاییەکانی دەوروبەری جادەدا خەریکی دێدەوانییە.

کاتێ دەگەینە بەرزایی ملەکە، تەواوی دۆڵی پڕ لەئاوی ئەڵوەندی لکێکی دیالە لەبەرانبەرمان دایە. گوندی خانەقین لەکەنار ڕووبار وەدەردەکەوێ. بەڵام هەرچەندی لەبەرازاییەکە شۆڕدەبینەوە، گوند





لەپشت گردەکەی تەنیشتی ڕووبار بزردەبێ‌و دووسەعات‌و نیوی پێدەچێ تا دەگەینە خوارێ، لەوسەرەوە گوند دەبینین کەلەبەر پێمان ڕاخراوە. هەروەها دەڕۆین‌و زۆری پێناچێ دەگەینە باغی هەناروخانیی خەڵك. گوند کە لە هەردوو لای ڕووباردا بڵاوبۆتەوە، بەدوا تیشکی هەتاو ڕووناك بۆتەوە. لەلای ڕاستمان ڕووبارێکی لافاوی‌وبەگوڕی ئاوی ئەلوەند کەنزیکەی سیمەتر پانە، بەشێوەی لێڕێك لەنێو دارخورماکان دا لەنێوان دوو کەناری بەرزدا، دەڕوا. دارخورما ئاڵۆزەکاوەکان، کاکۆڵە زێڕینە جوانەکانی خۆیان لەسەر ئاوی ڕووبار بەرزکردۆتەوەو لەنێوانیان دا وشییە خورما وەك وشییە زێڕ هەڵواسراون. کاولگەکانی پردێکی گچکە کەپێگەکانی لەڕووباردا ڕووچون، دەڵیی لەگەڵ گێژەن دا ململانێیانە. ڕووبەڕوومان ئاوی ئەلوەند، لەناکاو پان دەبێ‌و ئاوەخرۆشاوەکەی، ئارام بۆتەوە. لەکەنارەکانی ئەوبەر، داری جۆرەبەجۆری وەك هەنارو هەنجیرو لیمۆو پرتەقاڵ لەگەڵ گیاکان دا بەتایبەتی توتڕکە کێویلکە تا نزیکی ئاوەکانی ڕووبار هاتوون. لەلای چەپمان کەمێ دوورتر هەر لەسەر ئەو کەنارە، دیمەنێکی دڵگیر لەسەر کەناری ڕووبار هەیە. خانوی چین چین لەسەر نشێوێکی گونجاو ریزە ئەستوندەیەك کەئاوی ڕووبار گرتونیەتەخۆ، پاشماوەی پەرستگایەکی گچکە دەبینرێ. بەرەبەری ئێوارەیەو هەرکەس خەریکی ئەنجام دانی کاری خۆیەتی، چەند ژنێك ئاو دەبەن، هەندێکی دیکە خەریکی جل شوشتنن، منداڵەکانیش لەتەنیشتیانەوە مەلەدەکەن. چەند پیاوێك ئەسپ‌و مانگاو کەرو حوشتریان بۆ ئاوەدان هێناوە، هەموو دوای گەرمای ڕۆژانە، لەنزیکی ڕووبار خڕبوونەتەوە.




www.pertwk.com

دەبێ لەرووبار بپەڕینەوە. شوێنی پەڕینەوە زۆر قووڵە. نامانەوێ کەل‌وپەلی سەفەرمان کە دەمانەوێ سوودیان لێوەربگرین، تەڕبن. لەبەرئەوەی ناکرێ لەکەناری رووبار بپەڕینەوە، بەنێو یەکێك لەکۆڵانەکانی دێدا تێدەپەڕین‌و دەگەینە سەر رووبار، بەڵکو شوێنێکی ئاسانتر بدۆزینەوە. خەڵك لێرە حەزیان لەفەرەنگییان نییە. ژنەکان جوێنمان پێدەدەن. منداڵەکان لممان بۆ داوێن. شوێنێکی پەڕینەوە پەیداناکەین، دووبارە دەگەڕێینەوە شوێنی گۆڕین. لەوێ قفەیەك کاری گواستنەوە جێبەجێدەکا. تەواوی شتەکانمانی تێدەخەین. ئەسپەکان لەئاو دەپەڕنەوە، ئاو دەگاتە سینگیان. لەوبەر، جارێکی دیکە هەگبەکان باردەکەینەوە. لەماوەی چەند دەقیقەیەك دا دەگەینە کاروانسەرا. هامیلین هەتادێ ئازاری زیاتر دەبێ. هەواڵ وەردەگرم کە لێرەش وەك هەموو شارەکانی سەر سنوور دوکتۆرێکی فەرەنگی هەیە. ئەم دوکتۆرە ئەلمانییەو خوێندنی لەدۆك نشینی ئولدنبورگ تەواو کردووەو ناوی مسیو (ساب)ـە. دەبێ لەگەڵ باس کردنی چاکەکانیدا بڵێم کە هاوڕێیەتییەکی تەواوی کردوین‌و لەخزمەتمان دابووە، بەشێوەیەك هەتا لەوە زیاتر بۆ هاوولاتییەکانی خۆیشی ناکا. پیاوێکی میهرەبان بوو، کاتێ گەیشتمە لای، سەعات هەشت بوو، شیوی خواردبوو. فەرمووی ژوورەوەی لێکردم‌و سەرەتا جامە شەرابێکی دامێ. ماوەی پازدە سەعات بوو سواری ئەسپ بووین‌و جگە لە پارچە گەزۆیەك‌وجامە ئاوێك، خواردنێکم نەخواردبوو، بۆیە ئەم جامە شەرابە بۆمن لەحوکمی سفرەی ئاسمانی دابوو.








ناوەوەی کاروانسەرایەك

پێکەوە دەگەڕێینەوە کاروانسەراو لەوێ تەماشای هامیلین دەکا، دەڵی لەوانەیە، لەگۆزینگی پێی دوومەڵێك دەرچێ. بڕیار لەبەردەوامی بەکارهێنانی مەرهەم دەداو رادەسپێرێ تادەکرێ خۆ لەرۆیشتن بپارێزێ. لەکاتی رۆیشتن دا باشترە بەپارچەی ئەستوور ببەسترێتەوە.

دوکتۆر ماوەی ساڵێکە لە خانەقینەو زۆر هەست بەتەنیایی دەکا. خەڵکەکە لەرادەبەدەر دەمارگرژن. سەرباری کۆششی تەندروستی کەبەزۆری بەخۆڕایی پێشکەشی دەکا، هێشتا نەیتوانیوە خۆشەویستی وان راکێشێ. ناتوانێ بەبێ چەك بەتەنیا بگەڕێ، چەندان جار لەکاتی گەڕانەوەی لەسەردانی نەخۆشان، نزیك بووە بکوژرێ. وەختێ شەو دادێ، ناتوانێ بچێتەدەرێ. مەگەر بەسواری ئەسپ‌و هاوڕێیەتی دوو خزمەتچی. ئەگەر دەچێتە راو، جگە لەخزمەتچییەکان دوو سەربازیشی لەگەڵ دەچن.



www.pertwk.com

## 2ی تشرینی دووەم

سەعات سێ لەخەو رادەبین‌و سەعات پێنج وەڕێ دەکەوین. چوار سەرباز کەیەکێکیان سەر دەستەیە لەژێر فەرمانی ئێمەدان. دوکتۆر، ساب بەلوتفی خۆی کاری پێویست بۆ ئامادەکردنی پارێزگارانمان دەکاو تا دڵنیابێ کەم‌وکورتییەکمان نییە، یەکێك لەخزمەتچییەکانیمان لەگەڵدا دەنێرێ. شەو زوو تەواودەبێ، دیمەنی دەوروبەر شتێکی تایبەتی نیشان نادا. هەروەها چۆڵەوانییە، بەڵام زەوی دەشت نییە. لەیەکەمین بەرزاییەکی گەورەی کوردستانی ئێران رەت دەبین.

سەعات هەشت لەسنوورین. سنور لەلایەن زابتیەو کارمەندانی گومرکەوە دەپارێزرێ. ئەم شوێنە لەناو قەڵایەکی گچکەدایە. ئەم جۆرە شوێنە سنووریانە لەسەر زەوییەکی پان‌وپۆری دیاریکراو بە رووبەری دوو هەزاروپێنج سەد مەتر بۆ رێگاگرتن لەقاچاخچییەکان دروست کراوە. لێرە، پاسەوانەکانمان دەگەڕێنەوەو ئێمە بەتەنیایی رێگای خۆمان درێژە پێ‌دەدەین. زەوی بەیاروبێ بەرو زورگ‌ورێگا بەردەڵانە. لەدوور، شاخەکان دیمەنێکی سرنج راکێشیان هەیە کە لەچینی وەك یەك پێك هاتوون‌و بەرەنگی جۆراوجۆر لەقاوەییەوە تا سەوز. دەگەینە ئاوی ئەڵوەند کە لەبەرانبەریدا چەند گوندێکی گچکە هەڵکەوتوون.

لەناکاو بۆنێکی ناخۆشی سەرسووڕهێنەر بەربینگمان دەگرێ‌و هەرچەندی بەرەو پێشەوە دەچین زۆرتر دەبێ. زۆری پێ‌ناچێ





دەکەوینە ناوەندی کاروانێکی گەورەی مردووانەوە. ئێرانییەکان وادەزانن کە بۆچوونە بەهەشت ئەوەندە بەسە لەنزیك گۆڕی یەکێك لەئیمامەکان، حسێن یان عەلی بنێژرێن. خراپترین خەڵك، ئەگەر بتوانێ دوای مردنی خەرجی سەفەری دابین بکا، وەك شەریفترین مرۆڤێ کە لەوڵاتی خۆی بەخاك سپێردراوە، بەدڵنیاییەکی تەواوەوە دەچێتە بەهەشت. بەمەبەستی گواستنەوەی جەنازەکان هەزاران کاروان لەدوورترین شوێنی ئێرانەوە دێن. جەستەکان دەخەنە نێو تابووتی داری گچکەوە یان تەنیا دایدەپۆشن یان دەیخەنە نێو فەرش‌و هەردوو یان سێ یان چوار پێکەوە دەبەستن‌و لە وڵاغێك باری دەکەن. لەژێر ئەم هەتاوە سووتێنەرەدا بۆنێکی بەرگەنەگر کە لەو جەستانەوە دێ لەماوەی سەفەرێکی چەند هەفتەییدا، پەخش دەبێ. لەبەرئەوەی باری ئەم وڵاغانە لەهەر مەنزڵێك دادەگرن‌و جارێکی دیکەیان باردەکەنەوە،ئەم کاروانانە لەدووری پێنج یان شەش کیلۆمەتری گوندەکان لادەدەن. سەرباری ئەوەی هەواکەیان ژەهراوی دەکەن، لەهەر جێگایەکدا رادەوەستن ئەو شوێنە تا شەوێ بۆگەن دەبێ.سەعات یازدە دەچینە نێو قەسری شیرینەوە. ئەگەر کاروانسەرا پیس نەبوایە تیایدا دەحەواینەوە. لەبەرئەوەی هێشتا زووبوو، بڕیارماندا مەنزڵێکی دیکەش برۆین.

ئێستا لەناو خاکی ئێران داین‌و ئەگەرچی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە کوردن، بەڵام وڵات تارادەیەك بە ئاسایشە. خەڵکەکە ئاکارێکی توندوبارێکی شەڕانییان هەیە. بەڵام دروستکارن. چەندە کوردەکانی باکووری رۆژئاوا واتە کوردەکانی وڵاتی تورکیا توندوستەمکارن،



www.pertwk.com

ئەوەندەش کوردەکانی ئێران گونجاووبەحەوسەڵەن. زۆربەی کوردەکانی ئێران لەتایفەی عەلی ئیلاهین. ئەگەر ئەوان کارەکانیاندا ئازاد بکەن، ئەوانیش خۆ لەکاروباری خەڵکی دیکە ناگەیەنن. ڕێزێکی زۆری بیروباوەڕی ئایینی خەڵکی دیکەیان لەلا هەیە. لەگەڵ هەندێش، لەفەرەنگییان بەدگومانن. لەم شارە سنوورییەی نزیکی دەوڵەتی تورک هێشتاش زیاتر لەناوچەکانی دیکەی ئێران، کینەی قووڵیان لەدڵ دایە. خەڵکەکە بەچاوی بەزەیی تەماشامان ناکەن. بارێکی گاڵتەجاڕییان هەیە کەمرۆڤـ تووڕەدەکا.

لەودەمەیدا هامیلین لەکاروانسەرا واتە جێگایەك کە وڵاغی تێدا دەحەسێتەوە، ماوەتەوە، من دەچمە ماڵی فەرماندار کە لەسەر بەرزاییەکی خوارووی ڕۆژهەڵاتی شار کە بەسەر شاردا دەڕوانێ، خانووێکی تازەی دروست کردووە. ئەم خانییە لەڕووی شێوەوکەرەستەی دروست کردنەوەوە واتە بەردی خۆڵەمیشی وەك هەمان ئەو جۆرە خانییانەیە کەتا ئێستا لەکوردستانی تورکیا لەنێو هەکارییەکان دا بینیومانە. ئەو خانییە، بینایەکی چوارگۆشەیە، نزیکی بیست مەتر درێژوتا پازدە مەتر پانە. تەنیا یەك دەرگای چوونە ژووری هەیەو لەباتی پەنجەرە ژمارەیەك کلاوڕۆژنەی نێو دیواری هەیە. بەم قەڵاو خانییانە دەڵێن خان. خانووی فەرماندار بۆ بەرگریکردن لەبەرامبەر ڕێگران، شوێنێکی باش‌وستراتیژی هەیە. بەشێوەیەکی پتەو لەسەر کەمە بەرزاییەکی سەر گەڵییەك کە بۆ پەڕینەوە دژوارە، دروستکراوە.

فەرماندار بەدیتنی نامەکانی من، کە لەو باوەڕەدام نەیتوانیوە بیانخوێنێتەوەو تەنیا مۆرە دەوڵەتییەکانی ناسیوەتەوە،





پێشوازییەکی گەرمی کردووم‌و هەرچییەکی بەهۆی یۆڤان‌و یارمەتی فەرهەنگی زمانی فەرانسەیی–تورکی لێی داوا دەکەم، ڕەزامەندی نیشان دەدا. دەبێ ئەمە دیمەنێکی سرنج ڕاکێش بێ، کەدەمبینن لەبارێك دا جڵەوی ئەسپم بەدەستەوەیەو چەك‌وقامچی دەست‌وپێیان گرتووم، پەڕەکانی فەرهەنگ هەڵدەدەمەوە تا وشەیەك پەیدابکەم‌و بەزۆریش مانای ویستراوی نەگەیاندووە.

دەگەڕێمەوە کاروانسەرا. دوای دەمێك سینییەکی پڕ لەمیوەو پەنیری سپی‌و شیرو چەند نانێك وەردەگرم کەفەرماندار ڕەوانەی کردووە. بەدەربرینی سوپاس، دەستبەجێ ناسنامەی خۆم‌و چەند دیارییەکی بۆ دەنێرم: کێردێك‌و قوتب نومایەك‌و چەند وێنەیەکی کلێسای ئەپینال. فەرماندار سەربازێکمان دەخاتە بەردەست تا لەگەڵمان دابێ.

فەرمانی ڕۆیشتن دەدەم، سەر کاروانچی خۆ لەزین کردنی ئەسپەکەم دەگرێ‌و دەیەوێ لەوێ بمێنێتەوە. باشە! بە یۆڤان دەڵێم وڵاغ زین بکا. ئەو بەزەحمەت زینەکە دەخاتە سەر پشتی ئەسپ. کاروانچی زینەکە لادەداو بەتووڕەیی لەزەوی دەکوتێ. پاشان وەك ئاژەڵێکی دڕندە خەنجەرەکەی هەڵدەکێشێ‌و دەیەوێ زگی ئەسپەکەی بدڕێنێ تا نەتوانین بڕۆین. ئیدی بوارێکم نییە بێجگە لەوەی یەکسەر پەلاماری بدەم‌و ڕێگای ئەم کارە گەوجانەیەی نەدەم. بە مستێك دەیخەمە سەر زەوی، دیمەنێکی ناشیرین دەخولقێ. خەڵکمان لێ خڕدەبنەوە. قۆڵی کابرا دەگرم‌و بەرەو ماڵی فەرمانداری ڕادەکێشم، بێچارەیە وەك پەلکە بی دەلەرزێ، چونکە دەزانێ بەهۆی ئەم ڕووداوەوە لەبیست‌وپێنج داری کەمتر پێنابڕێ. سەد هەنگاو



www.pertwk.com

لەكاتی تێپەڕبوونمان بەكۆڵانەكانی دێدا، ئەسپێكی رێك دەبینین كەتابووتێكی جوانیان بەپانی لێ بار كردووە. چەند سوارێك جلكی بەنرخیان دەبەردایەو چەند سەربازێك كەپارێزگارییان دەكەن. ئەم مەیتە مەیتی كەسایەتییەكی پایە بەرزەو دۆستەكانی بۆ كەربەلای دەبەن تا بەپێی وەسیەتی خۆی لەوێ بینێژن. لەفەرەنسا دەتوانرێ چەند دۆستێك ببینی كەهاوڕێیەكی خۆیان تا گۆڕستان دەبەن، بەڵام بۆ گەیشتنە ئەو گۆڕستانەی دەبێ سەفەرێكی دووورودرێژی یەك مانگی بۆ بكەی، زەحمەتە.

قەسری شیرین گوندێكی نابوتی سنووری ئێرانە، هەرچەندە ئاوی ئەلوەندی پێدا دەڕوا، بەڵام خەمبارانەو بێبەرە. لەوێ هیچ جۆرە گیایەك نابینرێ. لەكاتی دەرچوون لەشار، ئەو پاشماوە كۆنانە دەبینین كە شیرین–ی شازادەی جوانو ژنی خوسرەوی پەرویزی شای ساسانی فەرمانی دروست كردنی داوە. خوسرەو لە 590 تا 628ی زایینی حوكمی گێڕاوە، ئەم كۆشكە دەبێ رووبەرێكی زۆر بەرینو بەشكۆیەكی زۆرەوە دروست كرابێ. تێكەڵەیەك لەبەردی مەیلەوشین كە لەشاخەكانی دەوروبەردا زۆرنو خشتو بەردی رەشوسپی، خەسڵەتێكی تایبەتییان پێبەخشیوە، تاقودیوارەكانی داڕماونو بەدەگمەن دەتوانرێ نەخشەو پێكهاتی تاقو بەشە سەرەكییەكانی لێك جودابكرێتەوە. كاولگەكانی شار، كەمێ دوورترو هەمووی تا نیوەی رووچوتە نێو زەوی. گیاودڕكو دار تاشەبەردو





دیوارە داڕووخاوەكانیان داپۆشیوە. پاشماوەی پێشەوەی دوو دیوار دەبینم كە لە دیوارەكانی تر بەرزترو پتەوترن. بەلایەنی زۆرەوە ئەم پاشماوەیە دەروازەی شار بووە. لەلای راستوچەپ پاشماوەی حەساری شاری كۆن هەڵكەوتووە، بەشی سەرەكی كاروانەكەم رەوانە دەكەم، هامیلینومن بۆ ئەوەی تەماشایەكی كاولگەی جۆگەیەكی كۆن بكەین كەئاوی ئەڵوەندی دەگەیاندە شار، رادەوستین. شتێكی زۆر لەم بینایە نەماوەتەوە. لەسەر دیوارێكی دوومەتر ئەستوور كە بانێكی مەیلەو تەلانە لەسەر زەوییەكی ناهەمواردا، جۆگەیەكی چوارگۆشەیی درێژیان بە تاتە بەردی گەورەی هەر لە بەردی شین كە لەبینایەی كۆشكدا بەكارهاتووە، هەڵكەندووە. تەواوی تاتە بەردەكان بەلێزانییەكی تەواوەوە تێك هەڵكێش كراونو پێك هاتێكی سەرسووڕهێنەریان دروست كردووە. یەكێك لەدژواترین كارەكانی ئەم پرۆژە گەورەیە هەڵكەندنی شاخ بووە كەدەبوایە لەناوەندیدا جۆگەیەك تێپەڕێ. دەربارەی ئەم كارە، ئەفسانەیەكی سەرسووڕهێنەر دەگێڕنەوە.

بەرد تاشێكی بەنێوبانگ بەناوی فەرهاد مەفتونو شەیدای شیرین بووە. لەمیعماریو بەردتاشیندا نێوبانگێكی دنیاگیری هەبووە. ئەمرۆكەش سەیر نییە كەئەم سیفەتەی دەدەنەپاڵ. ناوی فەرهاد لەئێران وەك ئەفسانەی لێهاتووەو ماوەتەوە. ئەو هەموو رۆژێ دەهاتە كۆشك تا بۆ شتێكی نوێ پێشنیارێك بكا. لەوێ شیرینی جوان– دڵبەری شای دیوەو هۆشی لەدەست داوەو ئاشقی بووە. خوسرەو بۆ ئەوەی فەرهاد دووربخاتەوە، دروست كردنی جۆگەی قەسری شیرینی پێسپارد. وەستای بەخت رەشی دڵتەنگ چونكە خۆی بۆ هەمیشە



www.pertwk.com




کوندیەکی دەوروبەری کرماشان

گفتی پێبدا دوای تەواوبوونی کارەکە، شیرینی بداتێ. شا گفتیدا، خوسرەو دووهەزار کرێکاری خستە بەردەستی ئەندازیار، ژمارەیەکیان زەوییان هەڵدەکەندو ئەوانی دیکە کەوتنە تاشینی بەردەشینەکان. فەرهادی ئاشقی شیرین لەسەر شاخێکی بەرزی زاڵ بەسەر شوێنەکەی، وێنەی شیرینو خۆی لەسەر تاتەبەردێك هەڵکەندبوو. جۆگە دروست دەکرا، بەڵام کونێك کەدەبوایە ئاوی پێدا بڕوا، هەڵنەدەکرا. وادەهاتە بەرچاو شاخ لەبەردی خارابێ و لەبەرانبەر






کۆششەکانیدا بەرگری بکا. فەرهاد کە لەکار دادەما، چاوێکی لەوێنەی شیرین دەکرد، وزەی لەدەست چووی وەدەست دەخستەوە. لەگەڵ ئەوەش، بەهێزی سەبرو شکۆ کارەکەی لەئەنجام نزیك دەخستەوە. خوسرەو کە بیری لەدەست دانی دڵبەرەکەی، خەمباری کردبوو، هەموو وەزیرو موبدەکانی کۆکردەوە تا بۆ پەشیمان بوونەوە لەو گفتەی دابووی، ڕێگاچارەیەك بدۆزێتەوە. یەکێك لەژنەکانی کە حەسودی بەجوانی شیرین دەبرد، ئامۆژگاری کرد تا پڕۆپاگندەی مەرگی شیرین بڵاوبکاتەوە. زۆری نەخایاند، هەموویان لەپرسەی شیرین دانیشتن، وەهەتا خۆڵەمێشی پرسەشیان بەسەر ئاژەڵەکاندا پەخش کرد. فەرهاد هەر کەدیتی هومای خۆشبەختی لەچنگی دەرچووەو لەسەر خاکی ملکەچی دانیشتووە، تەپشووەکەی بۆ سەرەوە هەڵدا. کوڵینگەکەی بەسەر سەریدا کەوت و کوشتی.

کاتێ لە قەسری شیرین دەردەچین، سەعات دووی دوای نیوەڕۆیە. چەند ڕێبوارێك بۆ ئەوەی بەتەنیا سەفەر نەکەن، وەگەڵمان دەکەون. لەبەیانییەوە تا ئێستا گەلێ باغی دارخورما دەبینرێن، بەڵام ئێستا چاومان بەهیچ ناکەوێ. ڕێگا خۆڵە. کزەبایەك کە لەدوامانەوە هەڵی کردووە، زیاد دەکاو هەورێکی ئەستووری تۆزوخۆڵ کەلەبەر پێی ئەسپەکانەوە هەڵدەستێ، لەسەر سەرمان دروست دەبێ. ئیدی جێگایەك نابینرێو هەناسەمان تەنگ دەبێ. ئاوێك کە لەکاروانسەراوە بۆیان هێناوین ئەوەندە خراپە (سەگ نایەوێ بیخواتەوە). یۆڤان رادەسپێرێ نەیخۆینەوە. چەند دەمێك لەکەناری ئەڵوەند رادەوەستینو بەلەزەتێکی بێپایانەوە تێنوێتیی خۆمان دەشکێنین. لە ڕێگا



www.pertwk.com




کاروانی مردوان

تووشی ژمارەیەك كەروگا دەبین كە باریان ئەو قامیشانەیە كەتازە لەكەناری رووبار براون. ئەم قامیشانە بۆ دروست كردنی كۆڵیت بەكاردێنن. خۆش خولقی كاروانچییەكان كزدەبێ‌و دوا دەكەون. بەپێچەوانەوە سەربازان خۆش خزمەتن‌و بەدوای ئەوان دەكەون، وەك تاژی بەراست‌و چەپ دا رادەكەن. لەسەر گردەكە هەورازو نشێودەكەن‌و بەفیشەكی دەوڵەتی تەقەدەكەن. ئەمانە ئەسپی باشیان هەیەو كەل‌وپەلەكانیان لە سەربازانی دەوروبەری تەورێز باشترە.

سەعات حەفت‌ونیو دەگەینە سەرپێل. بۆ پەڕینەوە لەو رووبارانەی لەشاخەكانی لای چەپی رێگا دێنەخوارێ، تووشی زەحمەت دەبین.دێی سەرپێل گچكەیە، بەڵام كاروانسەرایەكی گەورەی باشی





هەیە. دەروازەكەیمان بۆ ئاوەڵادەكەن. پڕە لەخەڵك. ژوورێكی بەتاڵ نییە. وڵاغەكان لەحەوشەی خان خڕبوونەتەوە. لەسەربازەكان دەپرسم ئایا كەسێك دەناسن جێگایەكمان پێبدا. یەكێك لەوان لێرە خزمێكی نزیكی هەیە. ئەو بەنێو خانییە شڕەكان دا دەمانباتە خانییەكەیان. ماڵیان، خانییەكی لەقوڕ دروست كراوی سێ ژوورە. ژووری یەكەم كە ئەندامانی خێزانەكەی لێ دانیشتوون، بۆ ئێمە چۆل دەكەن. كاریتەیەك لەناوەڕاستی ژوور، ئەو بانەی كەسەریان بەقوڕ سواخ داوە، راگرتووە، لانكی منداڵێك كە لەدار دروست كراوەو بەپەڕو ئاوریشم رازاوەتەوە. بەهۆی دوو تەناف لەلایەك بەدیوارو لەلایەكی دیكە بەكاریتەكەوە بەستراوەتەوە، بەم شێوەیە لەنزیك دەستی دایكیەتی كە لەبەرامبەر ئاگر هەڵتروشكاوە. بوخاری لەناوەندی ژوورەكە دانراوەو لەسەرەوەش كونێك لەبان كراوەتەوە بۆ ئەوەی دوكەڵی پێدا دەرچێ. لەلای راست، ژوورێكی دیكە هەیە كەئەندامانی خێزانەكە لەباتی ژوورەكەی خۆیان–كە بۆ ئێمەیان بەجێهێشت–چوونەتە ناوییەوە. لەوسەری ئەو ژوورەی ئێمەی تێداین لەبەرانبەر دەرگا سەرەكییەكەی، دەرگایەك دەچێتە ژووری سێیەم كەتەویلەیە: سەربازو ئەسپەكان لەوێن. لەو دەمەی ئێمە جێی خۆمان دەكەینەوەو رێك دەخەین، كابانی ماڵ خەریكی نان كردنە، لەماوەی چەند دەقیقەیەك دا هەویر دەكاو ئەنگوتك دەخاتە سەر ساجی داغ.



www.pertwk.com

## 3ی تشرینی دووەم

ئەو سەربازانەی لەگەڵمان دابوون ئەمڕۆ بەیانی دەگەڕێنەوە قەسری شیرین. ئەوان لە وەڕێخستنی كاروانچییەكان كەهەمیشە پەلەیان نییە، یاریمان دەكەن. سەعات حەفت سەرپێڵ جێدێڵین. گوند لە سەربانییەكی نزم لەتەك گردێكی رووتو لێژ هەڵكەوتووە. كاتی دەرچوون، لەسەر پردێكی گچكەی سەر روبارێك كە لەبەرانبەریدا كاروانەكان لادەدەن، تێدەپەڕین. ژنەكان بێسەرپۆشن. خەتی سیمای گەلێكیان جوانە. رێگامان بەپەنا گردێكی بەنشێودا دەڕوا كەدامێنی راستی رووبارە. ئەم بەرزاییە قەڵشیوە، دەربەندێكی دروستكردووە كەوەك كونێكی گەورە، بەتەپشوو تاشراوەو رێگای بەدۆڵی تەنیشت داوە،ئاوی ئەڵوەندی پێدا بڕوا. تووشی كاروانێكی گەورەی حەفت سەد هەشت سەد نەفەری هۆزەكان دەبین كەبەخۆیانو رەشماڵو ولاغو كەلوپەلەكانیان كۆچ دەكەن. ئەمانە لەسەرمای زستان رادەكەنو بەدوای ئاووهەوایەكی خۆشترو لەوەڕگایەكی تازە بۆ پەزەكانیان دەگەڕێن.

چەند كاروانێكی دیكە هی ئەو زیارەتكەرانەیە كە بەباری مردووەكانیان كە لەنێو تابووتی خراپ بەستراو یان لەسەفەردا شكاون، بۆگەنییەك لەدوای خۆیانەوە جێدێڵن.

سەعات نۆ خۆمان لەجێگایەك دەبینین كەدەبێ وەسەر شاخ كەوین. وادێتە بەرچاو بناری شاخ بەچنگاڵێكی گەورە پارچە پارچەبووەو لەكۆرە رێگایەكی سەر بەرەوخواری خوار هەڵدێرەكان، لەنێو تاشە





بەردەكان دا ئەم هەورازە سەختە دەست پێدەكا. ئەم دەربەندانە، دەروازە بەنێو بانگەكانی زنجیرە چیای زاگرۆسن. لێرەوە، لەدەشتەكانی عارەبانەوە دێنو دەگەنە بانە بەرزەكانی ئێران. گوندێك كە ئەم شەو دەیگەینێ، هەزار مەتر لەو گوندە بەرزترە كە ئەمڕۆ بەیانی لیی دەرچووین. لەخوار بەرزاییەكە گوندێكەو لەدەوروبەریدا چەند كاولگەیەك هەیە. كاروانسەراكەی لەقەڵایەكی گچكە دەچێ، ئەم گوندە، گوندی پای تاقە.بە رێگایەكی باریكی دژواردا هەورازێكی سەخت دەست پێدەكەین. رێڕەومان پڕ لەو بەردانەیە كە لەژێر پێدا دەخزنو دەبنەهۆی كەوتنی ئەسپەكان. چەندجار دەبێ دابەزینو جڵەوی ئەسپمان بەدەستەوە بگرینو تێپەڕین، توتڕكو گابەردەكان كە باری ولاغەكانیان پێدەكەوێ، رۆیشتن زەحمەتتر دەكەن. لەقەدپاڵی شاخ، لەجێگایەك كە رێگا هەموار دەبێ، بینایەكی گچكە وەدەردەكەوێو پێدەچێ پەرستگایەكی یۆنانی بێ. هەرچەندە شتێكی تایبەتی لایەنی ئایینی نیشان نادا، بەڵام وا پێدەچێ بۆ ئامانجێكی ئایینی بنیات نرابێ. جێگای سەرسووڕمانە كە لەسەر دوو یان سێ تاتەبەرد كەبەشی دواوەی بیناكە پێك دێنن هیچ جۆرە میحرابێك یان قوربانیگایەك، تاقچە یان نیشانەیەك نابینرێ. ئەم پەرستگایە تەنیا لەتاقێكی سادە پێك هاتووەو لەو بەردانە دروست كراوە كە تاشراون. لەنێو تاقەكەدا ریزە بەردێك هەیە كەلەسەریدا گوڵكارییەكی سادە كەدەربڕی زەوقی هونەرمەندەكەیەتی، دیارە.



www.pertwk.com



شوینەواریك لەشیوەی یۆنانی لە زاکرۆس

لەم شوێنەدا، مرۆڤـ بەسەر تەواوی دەربەندو دۆڵەکەدا زاڵە. دوای نیو سەعات رۆیشتن، دەگەینە لێڕێکی گچکەی دار بەرووی وەك ئەو دارستانەی لەنێوان جۆلەمێرگو ئامێدیو موسڵ دا دیومانە. ئەسپی راهاتوو بەرۆیشتن لەدەشتێ، لەژێر داران بەراستوچەپ دا سەرگەردان دەبێ، چەند جار بەو هۆیەوە لکەدار دەشکێن.

نزیکی سەعات دو دەگەینە گوندێکی گچکە کەناوی میان تەنگە. خانییەکانی لەنێو دارەکاندا بلاّون. بەردەوام بەنێو دۆڵی ئاوی ئەڵوەند لەنێو داربەڕووو هەنجیرەکان دا رێ‌دەکەین. رەوە کەوێکی زۆر لەبەر دەممان هەڵدەفڕن. تووشی چەند گورگێکیش دەبین، بەلاّم ئەوان جورئەتی نزیك بوونەوەیان نییە.

چەند سەد مەتری دیکەش دەچینە پێش‌و دەگەینە زینوێك کەلەوێدا لەدۆڵی ئاوی ئەڵوەند تێ‌دەپەڕین‌و دەگەینە دۆڵی رووباری کرند. لێڕ تەواو دەبێ‌و دەشتێکی فراوانی لەجۆری زەوییەکی زۆنگاوی بەگیا،





دەست پێ‌دەکا. هەوا فێنکە، لەئاستێکی زۆر بەرز رێ‌دەکەین، تەرمۆمەتر بەرزی 1700 مەتر لەسەر ئاستی دەریا نیشان دەدا. لەلای چەپمان چەند گوندێکی گچکە لەبناری شاخ، لەزارکی دۆڵی گچکە گچکە دروست کراون. بەگرتنەبەری نشێوێك، لەدواییدا دەگەینە کرند. لێرە بەتەواوی لەوەرزی پایزداین. دارەکان بێ‌گەلاّن، پەلکە مردووەکان رژاونەتە سەر زەوی. لکی دار مێوەکان باریك‌ورووتن. لەباغە دارخورماکانی خانەقین چەند دوورین. باغە گچکەکانی ئێرە، کەدیوارەکانیان بە وشکە کەڵەك دروست کراون، لەباغەکانی ولاّتی خۆمان دەچن. دانیشتوانەکانیان میهرەبان‌و خزمەتگوزار دێنە بەرچاو، رێگای گوندمان پێ‌نیشان دەدەن.

لەگەڵ گەیشتنمان، یەکەم ئەرکی ئێمە ئەوەیە بچینە لای قایممەقام، بەلاّم کەسێك لەقسەکانمان ناگا. قایممەقام زاراوەیەکی تورکییە، پلەیەکی وا لەئێران نییە. لەبەرئەوەی نازانم چۆن قسەی خۆم رابگەیەنم، نامەی والی تەورێز نیشان دەدەم. یەکێك لەئامادەبووان ئاماژە دەکا، کە لەمەبەستم گەیشتووە. هامیلین لەحەوشەی خانییەك کەخاوەنەکەی پێشوازی لێکردووم، رادەوەستێ‌و ئەمن دەچمە سەردانی ئاغای گوند، تاکاتێ خەریکی خوێندنەوەی ئەو نامانەیە کەمن هێناومن، لەسەر ولاّغ لەخانییەکەیان دەمێنمەوە، پاشان فەرمووی ژوورەوەم لێدەکا. ئەو لەسەرەوەی ژوورێك لەسەر حەسیر دانیشتووەو دەست‌وپێوەندەکانی دەورەیان گرتووە. داوام لێدەکا لەلای دانیشم، چونکە بەتەنێ ناتوانم چەکمەکانم داکەنم، دوو سەرباز یاریم دەکەن، بەیارمەتی فەرهەنگ دەمەوێ چەند قسەیەکی لەگەڵ دا بکەم. چونکە ئەو بەتەواوی گوێ‌ی گرتووە. فەرمان دەدا سێ کەوو



www.pertwk.com

کوردێك کەپێشوازی کردووین، ئەوپەڕی میهرەبانی دەنوێنێ‌و لەدامەزراندنمان دا یارمەتیمان دەدا. لەدەوروبەری حەوشە گچکەکە تەویلەیەك هەیە. لەلای ڕاستی ئەوسەری حەوشە، پلیکانێك وەسەربان دەکەوێ. لەسەر ئەم بانە، جێگای دانیشتن دروست کراوە. ئێرە ژوورەو پێشەوەی دیواری نییە، لەپشتەوەی ژوورەکە لەم لاو ئەولایدا دوو دەرگا بەرەو دوو ژووری تاریکی گچکە دەکرێنەوە. لەناوەندی ژوور، لەلای ڕاست سۆپایەك دامەزراوە. عاردی ژووری بەقوڕ سواخ دراوە. پاك‌و خاوێنەو تۆزوخۆڵ‌و تەونی داپیۆوچکەی تێدا نابینرێ. هەموو ئەندامانی خێزان تا ژوورەکەی خویانمان بدەنێ، لەسەر بان دەنوون، شاری کرند تارادەیەك بایەخ دارە. نزیکی هەزارودووسەد خانییەو بە ریزی لێك جودای هەردوو بەری دەربەندێك وەك بڵێی بەتەورێکی گەورە دوو لەتیان کردبێ، بەیەکەوە نووساون. بەردی قەدپاڵ چەپی شاخ خۆڵەمێشییەکی سادەیەو دیمەنێکی دڵڕفێنی هەیە. لەسەر ترۆپکی شاخ کانییەکی ڕۆشن‌و زوڵاڵ هەڵدەقووڵێ، دەڕژێتە گۆمێکەوەو بەگەڵییەکی نێوان دوو شاخ دا بۆ ئاودانی شار دێتە خوارێ. لێژایی شاخ زۆر ڕکە، بنچینەی خانی سەرەوە، هاو ئاستی خانی خوارێیە. یەکێك لەبەرزترین ئەو خانییانەی کەلەدامێنی بەرانبەر، لەخانییەکەی خۆمانڕا دیارەو بەگەچ‌و قسڵ سپی کراوە، ریزێك کەوتۆتە سەرەوەی کەلەسەر چەند





پێگەو شەش تاق دامەزراوە، بەردەم پەنجەرەکانی باڵەکۆنی سەوز هەیە.

## 4ی تشرینی دووەم

سەعات شەش گوند جێ‌دێڵێن. ئەو سەربازانەی داوامان کردبوون، هێشتا نەهاتوون. بەدوایان دا دەنێرم، هەر نایەن. ڕەنگە لەمەبەستم نەگەن. بەتەنیا وەڕێ دەکەوین. ڕێگا، سەرەتا بەنێو دەشت‌ومێرگان دا تێ‌دەپەڕێ. سەعات نۆ دەگەینە گوندی خوسرەو ئاباد کەژمارەی خانییەکانی بەزەحمەت خۆ لەدە دوازدە خانی دەدا. دەوروبەری خانییەکان بەباغی گچکە گیراوەو پەلکە زەردەکانیان ڕژاونەتە سەر زەوی. بۆنی پایز پەخش دەکەن. ئێستا لەناوەندی زەوییەکی بەردەڵان دا ڕێ‌دەکەین. چەند گوندییەك لەنێو تاتەبەردەکان دا دەڕۆن‌و لەناکاو خۆ مات دەکەن. بەم شێوەیە ئەو کەوانە ڕاودەکەن کەلە نزیکیانەوە دەڕۆن. نیوەڕۆ دەگەینە هارون ئاباد. گوند بەزەحمەت لەدووڕڕا دیارە. خانییە شڕەکان لەسەر بەردە بۆرەکان‌و هەر بەهەمان بەرد دروست کراون. بورجێك لەسەر گردێکی دەستکردی دە مەتر بەرز، دروست کراوە. سەربازێك بۆ پاسەوانی چۆتە سەر بورج یان باشتر بڵێم بێ‌دەنگ پاڵتۆکەی لەخۆی وەرپێچاوەو لەچاوەڕوانی سەربازێکی دیکە کەدەبێ جێگای بگرێتەوە، نووستووە. خانییەکی سپی کەلە خانییەکانی دیکە دابڕ کراوە شوێنی دانیشتنی فەرمانداری شارە. تاقەکانی خوارێ کەیەك یا دوو پێ لەزەوی بەرزترن پێگەی بینایەکە کە پەنجەرەکانی ڕووەو



www.pertwk.com

بەدرێژایی داری تەلگراف کەخەتەکەی هاوشانی ڕێگایە، ڕێ‌دەکەین. بەهەر حاڵ ئەم ڕێگایە بەدڵنیاییەوە دەچێتە کرماشان. دوای دەرچوون لەگوندی هارون ئاباد، ڕێگا دەبێتە ڕێگایەکی دژواری نێو تاشەبەردو وردکە بەردان. هەر دەگەینە ترۆپکی شاخ، دەبێ بەرێگایەکی سەخت تردا شۆڕبینەوە، بچینە دۆڵێکی پڕ لەگابەردی بەسەریەکدا کەوتوو. لەسەر چیاوە، دیمەن بەسەر چاڵاییەکی مەزن دا دەڕوانێ کە وەك مەیدانێکی زۆر گەورە ئاوەڵایەو دەبێ ببڕێ. پاش ئەوەی ڕێگای کاروانەکانی پێشوو سەوزایی مێرگەکانیان خۆڵەمێشی کردووە، لەکۆتایی ئەم بەشەی شاخەکە، گەڵییەکی گەورە کەزۆر بەرێك‌وپێکی شاخەکەی بڕیوە، دەڵیی بەدەستی مرۆڤـ داتاشراوە. دابەزین، لەبەرزاییەوە زۆر زەحمەتەو ماوەی سێ‌چارەگی پێ‌دەچێ. لەناوەندی دەشتەکە ڕووبارێك دەڕواو لەتەنیشتییەوە گوندێکی چەند ماڵی هەڵکەوتووە. بواردنی ئەم دەشتە دوو سەعات دەخایەنێ. سەربار، ڕێگایەك کەلەنێو تاتەبەردەکان دا ڕەت دەبێ لەسەرکەوتنی ئێستا دژوارترە. لەبەرزایی زینووەکە (زینوی چادزوار) دەشتی





گەورەی ماهیدەشت دەردەکەوێ. ئەم گوندە گچکەیە کە دوا مەنزڵی ئەمڕۆمانە، لەدوور تەنیا وەك خاڵێکی سپی دیارە. شەو دادێ. لەم شەوە تاریکە بێ مانگە شەوەدا، دەترسم بزربین. نازانین چی بەسەر ئەو کاروانچییانەدا هاتووە کە وەدواکەوتوون. کاتی تێ‌پەڕین لەنزیك ڕیزەخانییەك کە کەوتوونەتە دەرەوەی دەربەندەکە، دەپرسم ئایا کەسێك هەیە بتوانێ ڕێنوێنیمان بکا. هەر کە وشەی پاداشت دێنم، دوو یان سێ‌کەس ئامادەدەبن. لەنێو ئەواندا کوێخای دێ یەکێکمان بۆ هەڵدەبژێرێ. هاتنەخوار لەچیا زۆر زەحمەتە. سەعات شەش‌و نیوی شەو ئەوەندە تاریکە ناتوانم سوارێك کەبە بەردەممانەوە بڕوا بناسین. ڕێگا هەموارە. زەوی دەشت‌وشێ‌دارو زۆنگاوییە. لەگۆماوو چاڵێکی گەورەی شین دەپەڕینەوە. ئەسپە ماندووەکان، دوو سێ‌جار ساتمە دەکەن‌و لەقوڕدا دەچەقن. بۆ بەرزکردنەوەو ڕاست کردنەوەی بارەکان دەبێ فانۆس داگیرسێنین، باران بەردەوام دەبارێ‌و کاتێ دەگەینە ماهیدەشت لەوپەڕی توندیدایە. لەکاروانسەرا جێگا نییە. لەماڵێك داوای میوانداری دەکەین. ئەوان کۆگایەکمان دەدەنێ کە ڕاڕەوی تەویلەکەیە، بەبێ بانێکی نیمچە تەڕی وا کەچەند کەلێنێکیشی تێدایە، وەزعمان لەوە گەلێ خراپتر نەدەبوو. بەداری قەڵاشکەری ئاگرێکی گەورە بۆ گەرم بوونەوەو خۆ وشك کردنەوە دادەگیرسێنین. یۆڤان ئەو کەوانەی من لەڕێگا ڕاوم کردوون‌و ئەویش هەر بەڕێوە پاکی کردبوون، بەشیشەی تفەنگەوە دەکا و دەیخاتە سەر ئاگرو دەیان برژێنێ. خانەخوێ‌یەکەشمان میوەمان بۆ دێنێ. سبەینێ لەکرماشانین.



www.pertwk.com

## پەراوێزەکانی بەشی یازدەهەم

1) ئەم ماوەیە بە هەشت فرسەخ دەزانن. ئەگەر هەر فرسەخێك بەلایەنی کەمەوە بە هەشت کیلۆمەتر مەزەندە بکەن، ئەم هەشت فرسەخە، هەڵەیە. ئێمە ئەم ماوەیەمان بەهەنگاوی باش‌و بەئەسپی تازە نەفەس لەماوەی پازدە سەعات دا بڕیوە. ڕێگا زۆر خۆش‌و ڕاستەرێبوو. زۆریش گەرما نەبوو، بەلایەنی کەمەوە، نابێ ڕۆیشتنی ئێمە لەشەش کیلۆمەتر لەسەعاتێکدا، کەمتر بووبێ.

2) واتە ڕووباری سیروان (و.ك).

3) نووسەر گەلێ جار لەباتی شار (دێ) بەکاردێنێ بۆ نموونە لەجێگایەك دا دەڵێ: دوای ڕۆیشتنی حەفت سەعات گەیشتینە دەروازەی (دێ)، کەچی دوای ئەوە باسی بایەخی شارو بازاڕەکانی دەکا. وەك لەمەڕ بەعقوبە وا دەڵێ. (و.ك).

4) مەسیحییەکان بەخاتری گشت پیاوچاکان، جەژن دەکەن. (و.ف).

5) ئاماژە بۆ ئیلیساندەر ڤلتا (1745–1837) فیزیکزانی ئیتالی (و.ف).

6) Phryne کردوویەتیە مۆدێلی پەیکەری ئەفرۆدیتی خۆی. ئەو بەناپاکی تۆمەتبار کرابوو، بەڵام قازییەکانی دادگا لەبەرخاتری جوانییەکەی، بێگوناهیان زانی (و.ف).

7) پارێزگاریی سەرباز لەپارێزگاریی زەفتیە بەنرخترە. سەرباری ئەوە، چەکی سەرباز لەهی زەفتیە باشترەو لەگەڵ هەڵمەتدا تفەنگیان بەکاردێنن، بەڵام زەفتیەکان تەنیا بەچەکێکی وەك هی هێرشبەران وەڵام دەدەنەوە، وەك تۆبز، بەرد یان چەقۆ. زەفتیە ناتوانێ چەکەکەی بەکاربهێنێ، تەنیا لەوکاتەدا نەبێ کەدوژمنیش چەکی پێبێ.

8) ڕەنگە ئەم قسەیە لەمەڕ دانیشتوانی ناوچەکانی کرماشان ڕاست بێ، بەڵام تایفەی عەلی ئیلاهی لەچاو تێکڕای دانیشتوانی کوردستانی ئێران، زۆر کەمن. (و.ك).





9) بەپێی حیکایەتە باوەکان: خەسرەو شایەکی بەشکۆوسامانێکی زۆری هەبووە. لەسەراپەردەی ئەودا دوازدە هەزار ژن هەبووە. نزیکەی پازدە هەزار مۆسیقا ژەنی لابوو. لەسەرووی هەموویانەوە (باربەد)ی بەناوبانگ. ژمارەی ئەسپەکانی خۆی لەپەنجا هەزار دەدا. هەزارو دووسەد فیلی هەبووە. بەسواری نەدەچووە دەرێ تا دووسەد کەس بەخۆو بەئاگردان بۆ سووتاندنی بخوور، ئامادەنەبان. شیعری ڕۆژهەڵات بەردەوام وەسفی جوانییەکانی شیرینە کە خوسرەو دێوانەی ئەشقی ئەوبووە–یان کردووە. ئەو، بۆ دڵبەرەکەی خۆی جوانکارییەکی بێوێنەی دروست کردووەو تا ئەو شوێنەی، هەوەسبازییەکەی مۆڵەتی دەدا، کۆشکی دروستکردووە. سەفەر لەئێران Delyck Tama. Voyage enperse.

10 ) وادیارە شاخەکە زۆر سەخت بووەو سەمیرئەمیس یەکەم کەس بووە ئەم ڕێگایەی بۆ تێپەڕبوونی سپاکەی دروست کردووە. (دیودور سیسیل، بەرگی دووەم، 13).



www.pertwk.com




دیمەنی کشتی هەمەدان

## بەشی دوازدە
## لەکرماشانەوە بۆ تاران
## لە5 تا 13ی تشرینی دووەم

**چوونە کرماشان-دوکتۆر ڤۆم-خانی ئێرانی- کرماشان،مێژووەکەی- مەیدانی نوێ-دەنگی کەرەنای رۆژانە- سەعاتی رۆژهەلاتی-ئاغا حەسەن-ژیان وئاکاری جوتیارانی کورد- سەردانی تاقەکان، تاقی بۆستان- کۆشکی عەمادیە- شیوخواردن لەماڵی ئاغا حەسەن-رۆیشتن لەکرماشان- بێستوون-بەردە نووسراوەکان-سەحنە-کەنگاوەر-ئەسەد ئاباد-چونە هەمەدان- هەڵمەت-چاپار خانە-مسیۆ کاراپێت-هەمەدان، مێژووەکەی-گۆڕی ستێرو مردەخای- گۆڕی ئەبو عەلی سینا-بازاڕ-پەڕەچییەکان-جەژنی پوریم-رۆیشتن لەهەمەدان- کاروانسەرای مەلا گیرد-زەررە-میریك-نوبەران-رەزا چای-سەمەبە-ساوە-خان ئاباد-رەبات کەریم-گەیشتنە تاران.**ئەگەر لەماهیدەشت دەردەچین، لەدەشتێکی زۆنگاو تێدەپەڕین کەگوندێکی کەوتۆتە





ناوەڕاستەوە.دوای دوو سەعات رێکردن، دەگەینە ژمارەیەك زوورگ کە ئەودیویان دۆڵێکی بەپیتەو لەوسەریدا یەکەمین باغەکانی کرماشان دەبینرێ.

لەدەروازەی شارین، دەمزانی کەسێکی فەرانسەیی بەناوی ڤوم وەك دوکتۆری تەندروستی دەوڵەتی لە کرماشان دا دەژی. لەچەند کەسێك دەپرسم ئایا ئەوان ناونیشانی دوکتۆری فەرەنگی دەزانن. هیچ کەس ناتوانێ وەرام بداتەوە. بڕیار دەدەم بچمە تەلگرافخانە، لەوێ دەتوانن شوێنی ئەوم نیشان بدەن.

شمس العلوم– هەروەك ئێرانییەکان پێی دەڵێن– لەبەرئەوەی فەرانسەییەکی بەسەر وەختەوە چووە بەتەواوی سەری سوڕماوەو ئەمن خۆشحاڵی لەسەر گۆناکانی دا دەبینم. ئەو نایەوێ جگە لەماڵی ئەو بچینە جێگایەکی تر. خزمەتچییەکەی دەنێرێ تا ئەو کاروانەی لەتەلگرافخانەم راگرتووە، بدۆزێتەوەو لەگەڵ خۆیدا بهێنێ. دوکتۆر خانوویەکی گەورەی بەتاڵمان دەداتێ تا کەل‌وپەلەکانمانی لێدابنێین‌و لەبەرئەوەی قەرەوێلەی نوستنی نییە، لەسەری بخەوین، شەوێ لەسەر فەرش بەسەر دەبەین. ئەم خانییە نموونەیەکی تەواوی خانی ئێرانییە. مۆڵەت لەدوکتۆر وەردەگرم تا نەخشەیەکی بکێشم.

کرماشان لەگەڵ شاری سنە کە کەوتۆتە باکوورییەوە، ناونیشانی فەرماندارنشینی کوردستانی ئێرانیان هەیە. شار کەوتۆتە دامێنی گردێکەوەو بەهۆی چەند رووبارێکی ئاوی قەراسووەوە ئاو دەدرێ، ناوەندی ناوچەیەکی زۆر بەپیتە، هەم دەشتەکان‌و هەم ناوچە شاخاوییەکان سەرچاوەی سامانن. لەدەشتەکان دەغڵ‌ودان‌و خەشخاش‌و پەمۆ دەچێنرێ. پاوانی شاخەکانیش بۆ مێگەلە



www.pertwk.com

شار نزیکەی سی هەزار کەسی تێدا دەژی. لەم شارەدا پیشەی زێرینگەری‌و مسگەری بە ڕەواجەو شتی زێرینگەری جوان دروست دەکەن. لەبازاڕ پاڵتۆی زۆر جوانی بەنەخش دروست دەکەن، لێرانە هەزاران شتی مسی گچکە کە لە نێو کەل‌وپەلی ئەوروپایی وەك شەلواری بیرمنگام‌و قەندەشەکری مارسیلیدا دەخرێتە بەرچاوان، دروست دەکەن.





دوکتۆر دەمانباتە کۆشکی والی کەبەسەر مەیدانی نوێدا دەڕوانێ. تەلگرافخانەش هەر لەوێیە. کارمەندی تەلگرافخانە کە بەئینگلیزی دەدوێ، ئێمە دەباتە سەربان کە لەوێ دیمەنی تەواوی شارو دەوروبەری دیارە. مەیدان زۆر ئاپۆڕەو بەهەراو هۆریایە. قاوەخانەکانی دەوراوپشتی مەیدان بەتابلۆی دەستکرد کەدیوارەکانی ڕەنگاورەنگ کردووە، ڕازاندۆنەتەوە.

لەلای چەپمانەوە، لەدوورەوە، شاخی بێستوون ڕاکشاوەو بەتاقی بێستون کۆتایی دێ. ئەم شاخە بەشکۆیە کە هەتاوی بەرلە ئاوابوون بەتیشکەکانی، بەرەنگێکی وەك گوڵ ڕۆشنی کردۆتەوە، کەوتۆتە ئەوپەڕی دەشتێکی مەزن کە قەراسوو، بەراوی دەکا.

لەڕووی خواروی مەیداندا، خانییەکی گچکە بەسەر بانەکەدا دەڕوانێ کەبە نەخشکارییەکی جوان ڕازاوەتەوە. هەر ئێوارەیەك لەکاتی ڕۆژئاوابووندا پێنج یان شەش کەسی مۆزیقەچی وەسەردەکەون تا خەمی خەڵك لەرۆژئاوابوون و ئارەزووی دیتنەوەی لەبەیانی، دەربخەن. مۆزیقا لەگەڵ لێدانی یەك دەهۆڵ دەست پێدەکەن، پاشان دەهۆڵێکی گەورە لەگەڵیا خۆی دەگونجێنێ. پاشان ئامێرەکانی مۆزیقا سەرەتا ئاوازی ئارام لێدەدەن، پاشان زوڕنا ئاوازی بێڕادە فانتزی دەژەنێ. سەرەنجام هەموو ئەم ئامێرانە وەدەنگ دێن. چەند شەیپوڕێکی درێژی ڕاست دەنگەکانیان کەلە هاوار دەچێت، لەگەڵ ئەم کۆنسێرتە جەهەنمیەدا ئاوێتە دەبن. مۆزیقا دەوەستێ. شەیپوڕ دواناڵەی خۆی دەکا. بەتەقاندنی تۆپێك، خۆر بزر دەبێ. شەیپوڕەکانی سوپا ئاوازی عەسکەری حکومەتی لێدەدەن. ڕۆژێکی نوێ دەست پێدەکا. ئەگەر ئێمەی ئەوروپایی ئەمڕۆ هێشتا



www.pertwk.com

بۆ سەردانی ئاغا حەسەن–کەسایەتی گرنگ‌و دەوڵەمەندی کرماشان کە فەرماندارەکانی ئەم ناوچانە زۆری ڕێز لێدەگرن، زۆر درەنگ بوو. ئەم کەسە پێداویستی‌و بەرژەوەندییەکانی ئەو دەوڵەتانەی لێرە کۆنسولیان نییە، بەئەستۆوە دەگرێ. مسیۆ برنای لوتفی کردووە، پەیامێکی بۆ ناردبوو، ئەگەر مسیۆ ڤوم بەوپەڕی خۆشەویستی خۆی حەزی لێنەبا، جێگایەك بداتە هاووڵاتییەکانی، ئاغا حەسەن ئەو کەسە بوو کەپێشوازی لێدەکردین. وەك هەموو ئەو ئەوروپاییانەمان بەخێر دێنێ، کەدێنە کرماشان.

دوای گەڕانەوە، ئەو ناراحەتییانەی لەگەڵ نەنۆ بۆمان دروست ببوو، بۆ دکتۆری دەگێڕینەوە. لەبەر ئەوەی ئەو بواری سەردانی مسیۆ گوتێی هەبووە، لێی دەپرسم کەئایا ئەو هاووڵاتییەی ئێمە وەك ئەوەی نەنۆ ئیدیعای دەکرد لێی رازی بووە. ئاشکرا دەبێ مسیۆ گوتی بەپێچەوانەوە ئەوەندەی پێ‌خۆشحاڵ نەبووەو دوای ئەوەی چەند کردەوەیەکی ناراستی لێدیوە، مەرەخەسی کردووە.

کوردانی ویلایەتی کرماشان خەڵکێکی ئارام‌و خۆش خولقن، ئەوانە پێڕەوی کۆمەڵەی (عەلی ئیلاهی)دەکەن کە لەخۆبوردوترین کۆمەڵەی ئایینین. لەهەندێ گوند پێڕەوانی ئەم کۆمەڵەیە لەگەڵ مەسیحییان کە لێبوردنیان کەمترە، تێکەڵن.لەچەندان سەرداندا کە مسیۆ ڤوم لەگەڵ خزمەتچییەکانیدا کردوویەتی، دیویەتی ژنانی مەسیحی خۆیان





دادەپۆشن. لەکاتێکدا کوردان، ژنەکانیان ئازادن. ژنان سەرپۆشیان نییە. جل‌وبەرگێك دەبەر دەکەن زۆر سەیرو سەمەرەیە. هەندێکیان کراسێکیان دەبەردایە، ئەڵقەی قامیشیان پێوەیە. کراسێکی سۆرو کورتەکێك، ناشزانم لەژێرەوە چی دەکەنەبەر.

شەوێ وەك سەرگەرمی دکتۆر هەندێ زانیاری پێشکەش کردم کەزۆر سرنج راکێشەو یادداشتەکانمی لەمەڕ ژیانی جووتیارانی کورد تەواوکرد. پوختەی زانیارییەکانی بەم شێوەیە:

گوندی هۆمەرمل–ی سەر ڕێگای شاری سنە، باشترین نموونەی گوندەکانی کوردستانە کەدەتوانرێ وەك نموونە چاوی لێبکرێ.

ئەم گوندە  نزیکەی دووسەدوپەنجا ماڵ‌و دانیشتوانی هەزارو دووسەد کەسن. زۆربەیان کوردن‌و پێڕەوی مەزهەبی شیعەن‌و لەهۆزی کرندو گۆران‌و کەلهوور، هۆزی کۆنن.

سامانی گوند بریتییە لەسێ‌سەد رەشەولاغ، هەزارو سێ‌سەدو پەنجا مەڕوبزن‌و سێ‌سەد ولاغ. ئاژەڵەکانیان لەسەر زەوی دەحەسێنەوە یان لەبەرزاییەکان کەموڵکی تایبەتی دەوڵەتە، دەلەوەڕێن. لەرووی زەوی کشتوکاڵییەوە، تەواوی زەوییەکانی گوند کەدادەچێنرێن بریتیین لە (4یان 5هیکتار بەهۆی جۆتە گایەك). پێنج خەروار گەنم واتە پێنج سەد مەن (هەر مەنێك 30کیلۆو 130 گرام)و کەمە تریاکیك‌و جۆو هەندێ‌جاریش پەمۆ دەچێنن.

گەنم هەر سەد مەنێك  پێنج سەد مەن دەبڕێ. خەروارە گەنمێك بەدوازە قڕان‌و خەروارە جۆێك بەپازدە قڕان دەفرۆشرێ. ساڵی رابردوو چل‌وپێنج مەن تریاك–یان بەرهەم هێناوەو هەر مەنێك بەهەشت تومان فرۆشراوە .



www.pertwk.com

گوندەکە باغی میوەشی هەیە کە زەردەلو، ئاڵوباڵو، سێو، بادەم، هەڵوی لێوەدەست دەکەوێ. لەکێڵگەکان پەتاتە دەچێنرێ (بەڵام نایخۆن)، نۆكو پیوازو پاقڵەو سیرو باینجانو کاڵەكو کودیو شفتی بەرهەم دێنن. گوێزو بەڕووشیان هەیە.

ئەم گوندە هی حاجی محەمەد عەلییە کە هاووڵاتییەکی عوسمانییە. ئاغا لەو کوردانەی لەزەوییەکانیدا کاردەکەن وەك مافی موڵکایەتی، سێیەکی بەرهەمیان لێدەستێنێ. ئەم نرخە لەرادده بەدەرە. گوندی بەهەژاریو نەخۆشی بێتوانا کردووەو خەریکە وێرانی دەکا. ئەم جۆرە موڵکایەتیو تیۆڵدارییەی گەورەو دەوڵەمەندەکان کەدڕندانە زوڵموستەم لەخەڵك دەکەن، شتێکی ترسناکە. لەباتی ئەوەی کاری جووتیارە هەژارەکان ئاسان بکەن، بەستاندنی باجی بێرادەو نادادپەروەرانە تێکی دەشکێنن.

کاری هەندێ لەموڵکدارە پارەدارەکان دەگاتە ئاستێك کەبەهۆیەوە بەشی زۆری بەرهەمی ویلایەت دەخەنە ژێر دەستی خۆیان.




مەیدانی کەورەی کرماشان





لەویلایەتی کرماشان کەدووسەدو پەنجا گوندی هەیە، ئاغا حەسەن سەد پارچە موڵکی هەیە. ئەمە بۆ دەوڵەت، دەتوانێ جۆرە پاوان کردنێکی مەترسیدار بێ.

بگەڕێینەوە سەر ژیانی تایبەتی خەڵك. خانییەکان لەقوڕ بەدەوری حەوشەیەك دروست کراونو لەدووبەش پێك هاتوون: لەیەك کاتدا هەم بۆ دانیشتنو هەم بۆ گەوڕی ئاژەڵەکانیان بەکار دەهێنرێ. تەنیا کونێك کەلەباتی دەرگا سوودی لێوەردەگیرێ رووناکایی بۆ ژووری دەنێرێو رۆشنی دەکاتەوە. کونێك لەعاردی ناوەندی ژوور کاری تەندورو ئاگردان، جێبەجێ دەکا کلاورۆژنەیەك لەبانی ژوور کە لە لکەدار کەسەریان سواخ داوە، دروست کراوە، لەسەرەوەی قۆرتی ئاگردان، رێك خراوە. لەم ژوورەدا چەند قاپێکی لەقوڕ دروست کراو، لانکێکی سەرەتاییو خەڕەکێکی گچکەی ئاسنودار بۆ خوری رێستنو قەرەوێلەیەك لە لبادی زوور هەیە. رووبەرووی دەرگای ژوور، کونێکی دیکە هەیە کەدەچێتە تەویلە. لەزستانان خەڵكو ئاژەڵەکانیان پێکەوە لەوێ دەژین. عاردی تەویلە راستانەو بەهۆی میزی ئاژەڵان تەڕە. ئەمن دوو ژوورم لەوانە پێوانە کردووە، لەیەکێکیاندا کە 3.5مەترو نیو درێژو سێمەتر پانو دوومەتر بەرزە، پیاوێكو ژنەکەیو زاواو کیژەکەیو دوو منداڵو جووتە گایەكو دوو ولاغو چوار مەڕی تێدا دەژین. ئەوان لەنێو بێزراوترین پیسیدا دەژینو لەم رووەوە خۆیان بە بەدبەخت نازانن. سووتەمەنییان لە تەپاڵەی رەشەولاغ پێك هاتووە کە ژنو منداڵەکان لەگەڵ کادا تێکەڵی دەکەن. ئازوخەی خێزان لەقوژبنێك لەسەر یەك کەڵەکە دەکەن یان لەبەردەم دەرگای ژوورێی دادەنێن.



www.pertwk.com

ئاو بەهۆی نۆینەوە لەشاخەوە دەهێنرێ. كۆكردنەوەی زبڵو خشتەو خاڵ هەر ناكرێ، ئەو ئاژەڵانەی دەمرن، هەر سێ هەنگاوی لە گوند دوور دەخەنەوەو دەستبەجێ سەگو چەقەڵو قەلەرەشەكان تەواویان دەكەن. پاشماوەی كوشتنەوەی ئاژەڵان لەبەردەم خانییەكان دەمینێتەوەو دەرزێ.

نان بنچینەی خۆراك پێك دێنێو لەگەنمو گەنمەشامیو بەروو دروست دەكرێ. ئارد دەكەنە هەویر و لەسەر تاوەیەكی ئاسن (ساج، و.ك) پانی دەكەنەوە و دەیبرژێنن، بەڵام هەویرێك كە باش نەشێلرابێت و هەڵنەهاتبێ لەئاكامدا گرانە و باش هەزم نابێ. پیاوەكان لەرۆژێكدا لە حەفت سەدو پەنجا گرام زیاتر، نان ناخۆن. شیری مانگا و بزن لەنێوقاپی مسدا كۆدەكەنەوە. شیر دەكەنە ماست، پاشان كەرەی لێدەگرن، جوتیاران ماست دەخۆن، ئەوەی دەمێنێتەوە دەیفرۆشن.

ئەوان مریشك و هێلكەكانیان كە خۆیان بەدەگمەن دەیخۆن، دەفرۆشن. لەگەڵ ناندا، ئاروو، كودی، پیواز و سیریش دەخۆن. برنج وەك پلاو خواردنێكی زەریفە و تەنها لەجەژناندا دەیخۆن، لە گونددا هەموو رۆژێك، مەڕێكی نزیك بیست و دوو كیلۆگرام دەكوژنەوە. هەر خێزانێك لە هەفتەیەكدا، دووسەد گرام گۆشتی تازە دەكڕن.

جلوبەرگی پیاوان لەكراسێك كە دەگاتە سەر ناوك و شەلوارێكی بەرین كە هەندێ جار قۆڵی پێ تەنگ دەكا و پێیەوە دەچەسپێ، عەبایەكی گەورەی خاچ شێوە لەلۆكە دروستكراوی ڕێڕێ سپی و شین یان سۆر كە لەناوقەدەوە بەپشتێندێك دەبەسترێ، پێك هاتووە.





پێڵاوەكانیان سۆل و كلاوێكی لبادی نوك تیژ و یان گونبەت–ئاسا دەخەنەسەرودەسماڵێكی لێدەبەستن.

ژنان كراسێكی ژێرەوەیان دەبەردایەو سەربار كراسیكی درێژی وەك جوتیارانی میسری دەبەردەكەن. پارچەیەكی گەورە كە بەتوندی بەسەریانەوە بەستراوە، سەرپۆشیانە وەك چارۆكەیەك بەسەر شان و ملیاندا دێتەخوارێ.

هەموو ئەم بوونەوەرانە بێگومان پیس و پەلاس و بۆگەنن. هەموو ئەمانە مانای بەدبەختییە. سەربار، لەرووی نەژادەوە جوانن، پیاو و ژنەكان هەرچەندە لەخراپترین باری تەندروستیدا دەژین، لەشێكی باش، بەهێز و توانایان هەیە. خەتی سیمای ژنەكان جوان و ماسولكەكانیان ئاڵۆز و خودی ئەوان فریودەر و سرنج راكێشن. پیاوان لەتەمەنی بیست، بیست و پێنج ساڵیدا ژن دێنن و كیژەكان لەتەمەنی نزیكەی دوانزە ساڵیدا مێرد دەكەن.لەدوو گوند، ژمارەی مردنی منداڵانم بەم شێوەیەی خوارەوە تۆمار كردووە:

لەگوندی فەتا لەهەر حەفت منداڵ كە بەزیندوویەتی لەدایك بوون، شەشیان پێش پێنج مانگی مردوون. لەگوندی شەراگوڵیدا لەهەر شەش منداڵ، چواریان پێش دەساڵی، مردون.

دوو ساڵە قوتابخانە لە گوندە گچكە جۆراوجۆرەكان دامەزراوە. لەهەر سەدوپەنجا منداڵ چواردەكەس (كەمێك كەمتر لەدەیەك) دەچنە مەكتەب، نەخوێندەوارییەكی تەواو لەنێو خەڵكیدا بڵاوە. لەهەر گوندێكدا دوانزە كەس خوێندەوارنو دووكەس دەتوانن كاغەز بنووسن.



www.pertwk.com

دەربارەی شارە گەورەكانی ئێران نابێ بەپێی باری خەمبارانەی گوندەكان، حوكمیان بەسەردا بدرێ. لەشارە گەورەكاندا، كەسانی هۆشمەند و دانا دەبینین كە ئاستی دەرككردنیان لەرادەی مامناوەندی بەرزترە، بەڵام تا ئێستا تەنیا رادەی مامناوەندی شارەكانیان لەبەرچاو گرتووە. بەبڕوای من ئێرانییەكان بەمسۆگەری لەلایەنی هۆش و خۆشخولقیدا لەتوركان باشترن، ئەگەر ئێرانییەكان لەرووی جوگرافییەوە ئەو شوێنەیان هەبوایە كە توركان لەسەر گۆی زەوی هەیانە، رۆشنبیری و شارستانیەتی ئێمەی ئەوروپایی ئاسانتر لەلایان بڵاودەبۆوە. عوسمانییەكان بەپیسی و دەمارگرژی توندی خۆیان دژی هەرچییەكی بتوانێ لەم بارەیەوە لەمەڕ بیری تازە سوودێكی هەبێ، تێدەكۆشن.

## 6ی تشرینی یەكەم

پێش نیوەڕۆ دەچینە سەردانی ئاغا حەسەن. ئەو وشەیەك فەرەنسایی یان ئینگلیزی نازانێ. گفتوگۆ زۆر دژوارە، چونكە مسیۆ ڤومیش فارسی لەئێمە باشتر نازانێ، بەڵام كارمەندە بولغارییەكە زمانی توركی دەزانێ. میسیو ڤوم قسەكانی ئێمە بۆ كارمەندەكە دەكاتە بولغاری و ئەویش دەیكاتە فارسی.

ئاغا حەسەن بەلوتفی خۆی عەرەبانەكەی خۆیمان دەخاتە خزمەت تا دوای نیوەڕۆ بمانگەیەنەتە تاقی بۆستان و هەروەها بۆ شێوخواردنیش لێمان دەگێڕێتەوە.ئەمڕۆ هەینیە واتە رۆژی پشوی






موسولمانانە، تەواوی بازاڕ بەستراوەو ناتوانرێ شتێكی تێدا ببینرێ.

سەعات یەكی دوای نیوەڕۆ وەڕێ دەكەوین. بۆ پەیداكردنی عەرەبانەی ئاغا حەسەن دەچینە دەروازەی شار، چونكە عارەبانە بەهۆی تەنگی كۆڵانەكان ناتوانێ بێتە ناوشارن، ئەمە عەرەبانەیەكی بێرمنگامییە. دەپرسم چۆنیان بۆ ئێران هێناوە؟ چوار ئەسپان بەم عەرەبانەوە دەبەستن. لەبەر ئەوەی ئێرانییەكان ناتوانن لەجێگای عارەبانچی دانیشن و لێیان خوڕن، دوو سوار لەپێشەوە لەراست و چەپمانەوە رێدەكەن. رێگا لەدەشتێكدا بەنێو باغی میوەدا دەڕوا، عارەبانچییەكان باش ناتوانن عەرەبانەكە لێخوڕن. كاتێ دەگەینە نزیك رووبارێك، ئەسپەكان لەعەرەبانەكە دەكەنەوە، لە ئاویان دەپەڕێننەوە، پاشان عەرەبانەكە دەرباز دەكەن و جارێكی تر ئەسپەكان بەعەرەبانەكەوە دەبەستنەوە.

دەگەینە رووباری قەراسو كەدەبێ لەئاو بدەین و بپەڕینەوە. رووبار پان و بەرینە و تەوژمی ئاو تارادەیەك خێرایە. لەكاتی بەهاران پەڕینەوە ئەگەر نەكردە نەبێ، زۆر دژوارە. دەچینە ناو ئاو، هەركە دەبینین ئاو دێتە ناو عەرەبانەكەوە، ئەوەندە خاترجەم نین. ئاو دەگاتە ئاستی ئەو كورسیانەی لەسەری دانیشتووین. لەكەناری رووبار كۆشكێكی بەشكۆ لەلایەن فەرمانداری كرماشان عیمادئەلدەولە (نەوەی فەتحعەلیشا) دروستكراوە و ناوی لێناوە عیمادیە. باغ كە درەختی جوانی تێدا نێژراوە بەحەسارێكی پارێزگاری، دەورەدراوە.



www.pertwk.com




نەخشەی خانوی د.ورم

دوو خانی قوژبنەكانی ئەو بەشەیان رازاندۆتەوە كە كەوتۆتە درێژایی رووبار. ئەم بینایە زۆر بایەخدارە و سیمای ئەو كۆشكە قەڵائاسایانەی هەیە كە چوار بورج لەهەرچوار گۆشەكەیدا هەن. باش پارێزگاری لەبیناكە دەكرێ، ئەستەبڵەكانی جوان و بەرینن. ئەم كۆشكە نارنجستانێكی گەورە و گەرماو و بەشی جۆراوجۆری بۆ ژنان و هەتا مزگەفتێكی گچكەشی هەیە. كۆشك ئێستا چۆڵە و باغەكەی بۆتە سەیرانگای خەڵكی كرماشان.







زنان لرستان

زنی لورستان

لەم كۆشكەوە جادەیەكی زۆرباشی عەرەبانە لەكەناری گوندی شائابادەوە تا بناری تاقی بوستان راكێشراوە. ئەویش هەر لەلایەن عیمادئەلدەولەوە دروستكراوە. هەروەها فەرمانیدا هاوینەهەوارێك لەتاقی بوستان بۆ دروست بكەن. پێشان لەباغی عیمادییەوە تا ئێرە لەهەردوو بەری جادەدا درەخت نێژرابوون. ئێستا دارەكانی بەشی پێشەوەی جادە نەماون، بەڵام لەبەشی دووەمدا هێشتا دووریزە داربی لەهەردووبەری رێگا ماوە.



www.pertwk.com

لەکۆتایی جادەکە، لەعەرەبانە دادەبەزین و دەگەینە حەوزێکی گەورە کە هەرلایەکی نزیکەی (50مەتر) دەبێت، ئەم حەوزە لەخوار شاخێکی بەرزدا لەبەرد و خشت دروستکراوە، ئەو ئاوانەی لەژێر شاخەکەوە دێن، دەرژێنە ناوییەوە. کاتێ حەوزەکە بەتەواوی پڕدەبێ ئاوەکە بەچەند جۆگەلەیەکدا دەرژێتە ناو رووبارەوە.

دیوارەکانی حەوز نیمچە شکاون بنەوەی کە پڕبووە لەبەردی دیوارە داڕوخاوەکانی، کەمە ئاوێکی تێدایە و بۆتە زۆنگاو. لەتەنیشت حەوزەکە کەبەرانبەر شاخەکەیە، ئەشکەوت و بەردە دەستکارەکان دەبینرێن، دوولای بەدرەخت گیراوە، سەرەستوونێکی یۆنانی و پەیکەرێکی شکاوی نیوەی سەرەوەی پیاوێك لەهەرلایەکی سەکۆیەکی بەردین کەوتۆتە سەرزەوی. لێرەیە کە وێنەی دیمەنەکە دەگرین.

وەسفی هونەری ئەشکەوتەکان لە راپۆرتی بەڕێزان فلاندك و کوستەوە وەردەگرم. ئەم وەسفکردنە زۆر وردەو من ناتوانم وەك ئەوان ورد بم. لەو باوەڕەدام وێنەکانم یارمەتی تێگەیشتنی بابەتەکە دەدەن:

((هەردوو ئەشکەوت، بەقەوارەی نایەکسان، بەتەواوی لەناو شاخ کە لە جۆرە بەردێکی قسڵ–ئاسای خۆڵەمێشیوهیچ گیایەکی لێناڕوێ، هەڵکەنراون. رووی ئەشکەوتە گەورەکە بە نەخشونیگاری بەردین، رازاوەتەوە. ئەم نەخشکارییەی تێیدا نیشاندراوە، بەگۆتیك لەلك و گەڵا دەورەدراوە و کۆتایی ئەم کۆتە بەشریتێکی پێچاوپێچ تەواودەبێ. لە ترۆپکی ئەم ریزەدا، لێوارەکان ددانەداری مانگ ئاسانو کە لەوەش چەند ریزێك جودا دەبنەوە. لەپێشەوەی تاق،





باڵی لێك بۆوەی دوو فریشتە کە باڵەکانیان بەرەو مانگ درێژکراوە بەدەستێك تاجێکی مرواریيان هەڵگرتووە کە شریتی گرێ لێدراوی هەیە و بەدەستەکەی دیکە جامێکیان پێیەو کە وادێتە بەرچاو پڕە لەمرواری. ئەم پەیکەرانە کە رووبەڕوو دەبینرێن عەبایەکی بەکوریکشکیان دەبەردایە. شریتێك، پرچە بەگروازەکەی راگرتوون. ئارایش و باری ئەوان لێکچوونێکی زۆر بەوێنەی بەنێوبانگی یۆنانی ئاشکرادەکا، لەلای چەپ، تاقی شاخ رماوە و لەکاتی کەوتندا، بەشێکی بەرچاوی نەخشکارییە ددانەدارەکەو قەوارەی ئەم لایەی لەگەڵ خۆی هێناوەتە خوارێ.




حەسەن ئاغا



www.pertwk.com

لەبەشی خوارێ، هەرلایەکی دەروازەکە، نەخشکارییەکی پێچاوپێچ هەیە کە کۆتاییەکەی بەچەند گوڵێك تەواو دەبێ، لەبەشی سەرەوەی ئەم رووەدا ئەو لێوارە ددانەدارانەن کە بانێکە و پێشتر بەهۆی پلیکانێکەوە بۆی سەرکەوتوون.

بەشەکانی ناوەوەی ئەم ئەشکەوتە کەهەڵکەنراون، لە چوارچێوەیەکدایە کەلە دوو ستوونی درزبردووی بێ پێگەی سەرەستوونی رازاوە بەگەڵا و گوڵ کە بانێکی تەختە ئاسایان بەسەرەوەیە، بە ڕوو هاتۆتەپێش، پێکهاتووە. پەیکەری سوارێك لەسەر پێگەیەکی گچکە دانراوە،ئەم پەیکەرە بەسیمایەکی تەواو بەرجەستە، بەڵام بەدیواری پشتەوە چەسپاوەوهەڵکەنراوە. سەری سوار بەخودەیەك داپۆشراوە و زرێیەکی پێوە بەندە کە دەموچاو و کورتەکەکەی دەشارێتەوە. لەژێر ئەم زرێیەدا کراسێك تاخوار چۆکی هاتۆتە خوارێ و خشڵی زۆرجوانی پێوەیە. نێزەیەك لەسەرشانی راستی ئەم جەنگاوەرە دانراوە. بەشێك لەو نێزەیە و هەروەها ئەو باسکەی هەڵیگرتووە، شکاوە. باسکی چەپ، سوپەرێك هەڵدەگرێ لەلای چەپ هەگبەیەکی پڕلەتیر بەدارەوەیە. ئەسپ گەورەو نزمەو سەرومل‌و سینەی بەسوپەرێکی ئاسنی گچکەی بەبزمار و بەئەڵقە پارێزراوە. تەرۆکی ئەسپ رووتە و تەنیا لەسەر پێی چەپ راوەستاوە، لەکاتێکدا لاقی راستی هەروەها کۆتایی ژێرەوەی سەری ئەسپ و خوارەوەی لاقی سوارەکە، شکاوە)).

سیفەتی زۆر نایابی ئەم هەڵکەنراوە بەردینە –وەك تەواوی ئەو هەڵکەنراوانەی لەئێراندا بەرچاو دەکەون– لە گەورەیی قەوارەو سادەییان دایە کە لەبەرانبەر بەشە زۆر رازاوەکەیاندا وەستاوە. ئەم






کارەش پوختەیی و کارامەیی کاری داتاشین دەیگەیەنێ. لەم هونەرەدا دەبینرێ کە بە چ وردبینی‌و جوانکارییەك کلکی ئەسپ دروستکراوە، بەشێوەیەك ئەم وردکاری‌و جوانییە لەهەر داوە موویەکداو زرێ‌و سوپەرەکاندا کە ئەو هەموو ئەڵقانەی تێدا کراوەو پەڕەی تیردان‌و خشڵی جل‌و شتە وردەکانی زرێکە بەشی پێشەوەی ئەسپ دادەپۆشێ، دەبینرێ. لەبارێکدا بەپێچەوانەی خشڵ، شتە وردەکانی تەرۆك‌و لاقی ئەسپ بەسادەترین شێواز هەڵکەنراون.

ئەم پەیکەری سوارە، بۆتە هۆی ئەوەی ناوی ئەم جێگایە بنێن تەختی رۆستەم. لەسەرووی ئەم پەیکەرە، لەسەر مەیدانێ دا کە بەسەر چوارچێوەی خوارەوەدا دەڕوانێ، سێ پەیکەر کەلە رووی بەرزییەوە لێك جودان، دانراون، پەیکەری ناوەڕاست کە هەم لەرووی بەژن‌و باڵا و هەم لەڕووی دەوڵەمەندیی ئارایشەوە لەدوو پەیکەرەکەی دیکە وەپێش کەوتووە، شایەك نیشان دەدا هیلالی سەروکڵاو کە لەژێریدا دوو شریت کە بەمسۆگەری نیشانەی پاشایەتییەو دەشەکێتەوە، پشتگیری ئەو روانگەیە دەکا، پرچی درێژو لولی بەسەر شاندا بڵاوبۆتەوە، عەباکەی بەمرواری گەورە نەخشاوەو ناوقەدی بەهۆی پشتێنێك کە لەمرواری زۆر گچکە پێکهاتووە، بەستراوەتەوە. پشتیشی شمشێرێك کە لەکەمەربەند دەچێ، شمشێرێکی هەڵگرتووە کەدەستی لەلای چەپ دایە. کالانی شمشێریش بە مرواری‌و گەوهەری بەنرخ نەخشاوە. پێیەکان لەشەلوارێکی بەرینەوە هاتونەتە دەرێ‌و دەستی راست بڵند بووە، پاڵی بەتاجێك لەمرواری داوە کە کەسێك لەلای چەپ راوەستاوەو گرتوویەتی. ئەم کەسە جلێکی زۆر سادەی پۆشیوە، رووپۆشێك



www.pertwk.com



غارهای طاق بستان





### ئەشکەوتەکانی تاقی بویستان


بەم شێوەیە: لەلای چەپیدا پارکێکی گەورە دەبینرێ کە بە زۆنگاوێکی پڕلە قامیش و ماسی و مرواری دەورەدراوە. ژمارەیەکی زۆری بەراز لەلایەن سوار فیلەکانەوە کەوتوونەتە ئەلقەی گەمارۆ، بەلێدانی کەسێکی چەکدار بەکەوان، دەکەون. ئەم دیمەنە لەناوەڕاستی تابلۆ نیشاندراوە. لەچەندان بەلەمدا کەسانی دیکە دەبینرێن کە پێدەچێ ژن بن. گچکەترین بەشی گیانلەبەرو کەسەکان بەجوانکارییەکی بێوێنە کراوە، ئەگەر رەقێتی بەرد یاری هونەرمەندی کردووە کە وردەکارییە بێڕادەکان بەجوانی ئەنجام بدا، سەبر و حەوسەڵە و پلەی کامڵ بوونی ئەو کەرەستانەی لە دروستکردنی ئەو کارەدا بەکارهاتوون کە رۆژگاری نالەباری ئاووهەوا ئەوەندەی نەگۆڕیون، هۆی تەواو سەرسووڕمانە.

دیمەنێك کە رووبەڕووی دیمەنەکەی ترە، نیشاندەری راوی ئاسکە. هەموو بەشەکانی ئەم نەخشە گەورەیە کاری کەسێك نییەو بەباشی کۆتایی نەهاتووە. چەند بەشێك بەنیوەچڵی ماونەتەوە. دەڵێی روودانی چەند رووداوێك بۆتە هۆی تەواو نەبوونی کارەکە.

بەگوتەی ئێرانییەکان ئەم بەردتاشینە هی سەردەمی خوسرەوی پەروێزی ساسانییە. لەنێو کۆمەڵێکدا کە لەسەرووی پەیکەرە سوارەکەوە دەبینرێن بەپێی قسەی ئەوان، خوسرەوو شازادە شیرین و فەرهادی وەزیری دەبینرێن. نەخشە دیارەکان و هەڵکەندنەکانی ئەم ئەشکەفتە دەبێ قەرزاری کوڵنگی فەرهادی وەزیر بن. بەهۆی ئەو شتە گوناه ئامێزەی لەمەڕ دڵبەری شایەکەی خۆی دەری بڕی، ویستبووی لێرەدا هەوارێك بۆ کاتی راو دروست



www.pertwk.com



غاربزرگ طاق بستان





### تاقی کەورە

ئاگادارمان دەکاتەوە کە پەیکەری لای ڕێگا، شاپووری دووەمی کوڕی هورمزدو پەیکەری لای چەپ شا بەهرام–ی کوڕی شاپوور نیشان دەدا. نزیکی ئەم ژوورە لەسەر هەڵدێری سەختی بەردێك، بانێکی دیکەیە کە تیایدا سێ پەیکەری راوەستاو دروست کراون‌و پەیکەرێکی دیکە لەژێر پێی ئەوان دا، کەوتۆتە سەرزەوی. ئەم وێنانە وادیارە دوو شا نیشان دەدەن کەدەستەکانیان وەك نیشانەی یەکێتی لەسەر جەستەی دوژمنێکی تێشکاودا، خستۆتە ناو دەستی یەکدی. کەسی لای چەپ وا پێدەچێ لایەنی رەمزی (سمبولیکی) هەبێ، سەری لەناوەندی خۆرێکی گەورەدایەو بەدوو دەستەکانی لەلای پەیکەری ناوەڕاست دا، ئامرازێکی نادیاری هەڵگرتووە. ئەم کەسە وەك ئەوەی زەردەشتییەکان دەڵێن، دەبێ زەردەشت بێ، پارسیان کەهەر وەفاداری ڕێورەسم‌و ئاکاری وڵاتی خۆیانن، دەڵێن زەردەشت هەمیشە بەتاجە تیشکێك نیشان دراوە. ئەم کارانە زۆر دیار نییەو لەتەواوی کارەکانی دیکەی تاقی بۆستان، ناتەواوترە.

لەتەنیشت ئەم ئەشکەفتانە، کۆشکێکی گچکە لەلایەن عیماد ئەلدولە–ی فەرمانڕەوای بەفیز دروست کراوە، ئەم هەوارە دەبێ بۆ کەسێ کە لەکاتی گەرمای هاوین لێرە بووبێ، زۆر خۆش بووبێ. یەکەم شوێنەکە دڵرفێنەو ژوور باش ڕێکخراوەو هەواگرەو لەبەردێك کە قووڵایی ڕاڕەوەکەیە، کانییەك بەئاوێکی زۆرەوە هەڵدەقووڵێ‌و لەشاخ دەردەچێ.

هەر بەو ڕێگایەی پێیدا هاتبووین، دەگەڕێینەوە. عارەبانەکە ئێمە بەنێو ئەو کۆڵانانەی بەزەحمەت بەناویان دا تێدەپەڕێ تا مەیدانی




www.pertwk.com

بەهۆی پلیکانێکی گچکەوە دەچینە نێو ئەو ژوورەی لەسەر ئەو ژووره هەڵکەوتووە کە تیایا دانیشتووین. سفرە راخراوە، کورسیی ئێرەش وەك کورسییەکانی دیکەن، هەمان جۆر کە لە شانزەلیزەو دارستانی بۆلۆنی[4] دا هەن. لەماڵی موسڵمانانین، لەئەنجامدا ژنان لەکۆڕی ئێمە دانانیشن. ئەمە بۆ ئێمە جۆرە سوکایەتییەکە. گفتوگۆمان بەهۆی زنجیرە وەرگێڕانێکەوە کەپێشتر روونکرایەوە، بەڕێوەدەچێ. ژمارەو جۆری ئەو خواردنانەی بۆیان داناوین، ناڵێم: شۆربایەکی سەیر کە دەمتوانی هێلکەی تێدا ببینم، پاشان برنجی جۆراوجۆر لەبرنجی برژاو، برنجی سۆرکراوە، برنجی کولاو. گۆشتی کەروێشك بەبرنج، شفتە بە برنج، گۆشتی مریشك لەگەڵ برنج وهیتر. وەك خواردنەوەش، شەربەتو شیر، لەبەرخاتری ئێمە هەندێ





شەرابی بێزەوەر کە موسڵمانانی دەمارگرژ دەستی پێوە نادەن. نیوەی شەو دەگەڕێینەوە ماڵ. ئاغا حەسەن دەبوو فەرمان بدا بەچاپەرخانە تا بتوانین سبەینێ بەیانی ئەسپەکانی چاپارخانەمان لەخزمەت دابن. ئێمە حسابی کاروانچییەکانمان یەکلاکردۆتەوەو وامان پێباشترە بەهۆی ئەم ئامرازە بەلەزە-هەرچەند بەماندووبوونترو گرانتریش-سەفەر بکەین.




شاهزادهٔ ایرانی




www.pertwk.com

شازادەیەکی ئێرانی

## 7ی تشرینی دووەم

کەل‌وپەلی سەفەرمان تادەکرێ کەم کردۆتەوە، تا هەرچی زووە بگەینە تاران. تەنیا ئەسپێکی بارهەڵگرمان پێویستە. دەستە گچکەکەمان لەپێنج ئەسپ، چوار سوار واتە هامیلین‌و منو یۆڤان‌و کاروانچی پێکهاتووە. رێکخستنی کەرەستەکان ئاسانە. لەماوەی سێ سەعات‌و نیودا، مەنزڵێکی حەفت فرسەخی (42کم) دەبڕین.



کتیبه های بیستون





### نووسراوەکانی بیستون

کاتێ‌دەگەینە بێستون، ئەسپەکان کەمێك ماندوون، بەڵام ئێمە دەمانەوێ زۆرتر ڕێ‌بکەین. دەبێ سەرۆکی چاپارخانە ناچار بکرێ. لەگەڵ هەندێ بەنیشاندانی نامەکانمان، ئەو لوتف پەیدا دەکا. یۆڤان سەرپەرشتی گۆڕینی ئەسپەکان دەکا، لەگەڵ هامیلین بۆ لێکۆڵینەوەی نووسراوەکان‌و نەخشی بەرجەستەی بەنێوبانگی بەغستان (ناوی کۆنی بێستوون یان بەهستوون) دەچین.

ئەمە (راولنسون)ـە کە یەکەمین جار جورئەتی کردو پاشماوەی بەردە نووسراوەکانی هەڵگرت، ئەم نووسراوانە لەبەرزاییەکی وای تاقەکە هەڵکەنراون، کە زۆربەی گەشتیاران بیری سەردانیان لەمێشك دەرکرد. بەردە نووسراو لەبەشێکی تاقەکەو بەدرێژی چل مەترو سی مەتر هەڵکەنراوە. ناهەموارییەکانی سەر شاخ–یان بەساروج گرتوەو سەرەوەیان بەچینێکی سیلیسی بۆ پاراستنی سواخ داوە. ئەم بەردە نووسراوە بریتییە لەهەزار دێری سێ ستوونی کە کارە گرنگەکانی داریوش–ی کوڕی ویستاشب دەردەخا. داریوش ئەم بەردە نووسراوەی لەکاتی گەڕانەوەیدا لەبابل بەخەتی بزماری بەسێ زمانی جودا هەڵکەندووە.

ئەمە ئەو خاڵەیە کە گروتفندو بورنوف–ی لەرێگای دۆزینەوەی پیتی شێوەکانی بزماریدا رێنوێنی کرد. دەقی بەردە نووسراوەکان هەموو گوتە مێژووییەکانی هیرودوت تەئکید دەکەنەوە. بەردە نووسراوێکی تر کە یۆنانییە، لەژێریدا چەند نەخشێکی بەرجەستە هەیە کە لەلایەن یەکێك لەفەرمانڕەواکان بەناوی حاجی عەلی خان بەشەرمەزارییەوە شکێنراوەو لەنێوچووە، بەشێوەیەك نەخشەکانی بەزەحمەت



www.pertwk.com

بەڵام لەمەڕ بەردە نووسراوی سەمیرئەمیس کە دەیڤیدۆر سیلیسی باسی کردووەو بەخەتی ئاشووری نووسراوە، شوێنەوارێکی لێ بەجێ نەماوە[5].

نەخشی بەرجەستە کە لەبارێکی خراپ دایە: نەخشێك کە لەهەمووان گرنگترە، شایەك نیشان دەداو نۆ کەسی لەپشت راوەستاون. دەستیان لەپشتڕا بەستراوەو ملی هەر یەکێکیان بەملی ئەوی دیکەوە بەستووە.



فروشندگان دوره گرد





## فرۆشیارە کەرۆکەکان

لەسەر سەری هەر یەکێکیان، نووسراوێکی گچکە بەپیتی بزماری هەڵکەنراوەو لەخوارێش گەلێ دێری تر نووسراوە.

دەگەڕێینەوە چاپارخانە. هیچ شتێك جێبەجێ نەبووە، وەك بڵێی دەبێ تووڕەبین تا ئەسپمان بۆ ئامادە بکرێ. لەو باوەڕەدام سەرۆکی چاپارخانە ئەسپی تەواوی لەبەردەست دا نەبووە، چونکە دەبوایە بۆ یۆڤان و بۆ هەڵگرتنی کەل‌وپەلی سەفەریش ئەسپمان بۆ پەیدا بکا.

هەر ئەوەندە لەو شاخە بەرزە رەت بووین و بەنێو وێرانەکانی شارێکی گەورە کە لەکۆن دا لێرە دروست کراوە تێپەڕین، لەسەر پردێکی سێ کۆنیی کەوانەیی، لەرووباری گاماساب دەپەڕینەوە. ئەم پردە کەوانەییە وەك زۆربەی پردەکانی رۆژهەڵات بۆ ئەسپەکان ئەوەندە ئاسان نییە. دەوروبەری رووبار بەقامیشەڵان و گژوگیا گیراوە کە لەنێوانیان دا لەقلەقێکی زۆر دەبینرێ.

تا حسێن قەڵا هەر دەشتە. لەسەر گردێکی بەرزو تەنیا لەدەشتی سەردەری بەشکۆ کاروانسەرایەکی گەورە دروست کراوە. هەتاوکە روناکی کردۆتەوە، سێبەرەکەی دەخاتە سەر شێوێکی قووڵ. رۆیشتنمان پەلەیە، لەکەنار رووبار کە بەشێوەیەکی پەناوپێچ بەناو ئەو دەشتە گەورەیەدا، تێدەپەڕێ، دەڕۆین. رووبارەکە بەرینەو چەوەکانی کەناری حیکایەت لەگەورەییەکەی لەزستانان دەکەن، ئاسۆ تەنگەو بەشاخی گەورەی بە بەفر داپۆشراو گیراوە: ئەم شاخانە لکی جودا جودای ئەلوەندن.

رۆیشتنمان هێواش دەبێ. دەوروبەری رووبار پڕە لەو بەردانەی دەبێ بەزەحمەت بەسەریاندا تێپەڕین. لەگەڵ هەندێ، ئەم شاڕێیە



www.pertwk.com

دەروازەی (سەحنە) بارێکی زۆر گوندەکی هەیە. هەردوو لای ڕێگا، باغی پڕ لەدرەختی میوەیە: هەموو جۆرە میوەیەك‌و دار گوێزی گەورەو بەشکۆ بەسەر هەموو دارەکان دا زاڵن. جۆگەلەکان بەسەر وردە چەوەکان دا دەڕۆن‌و دڵگیریی هەوا زیاتر دەکەن.

دەگەینە خودی گوند. یەکەمین بینا کاروانسەرایەکی گەورەیە کە تیایدا ڕەوە ئەسپ‌و کەرو هێستر بەرەڵلاکراون‌و دێنە دەرێ، هێشتا تۆزوخۆڵی ڕێگایەکی دووریان پێوەیەو لەگەڵ منداڵان دەچنە سەر ئاو.

چاپارخانە لەوسەری شارە، وێرانەکان لەوبەر هەڵکەوتوون. چاپارخانە لەگەڵ باڵاخانەکەیدا لەنهۆمی یەکەم کە بەسەر بیناکانی تردا دەڕوانێ، لەدوور ڕا دەبینرێ. شەوێ لێرە بەسەر دەبەین.

**8ی تشرینی دووەم**

ئێستا ڕۆژگار کورتە. سەعات شەش، لەدەمێکدا کە تازە تاریك و روونە سەحنە بەجێدەهیلێن. یەکەمین بەشی مەنزڵی یەکەم، وا پێدەچێ دژوارتر و ترسناك بێ. دەبێ بەناو دەربەندو ملەو





گردۆلکەکاندا کە ڕێگران بەئاسانی دەتوانن بۆسە دابنێن و لەسەر ڕێگای کاروانەکان دانیشن، تێدەپەڕین. هەڵمەتمان نەکرایە سەر، بەڵام نیوسەعات پێش گەیشتنە مەنزڵ، ئەسپی بارهەڵگر لەسەر بەردێکەوە هەڵدەدێرێتە نیو قۆرتێکی قووڵ‌و هەزار جێگای گوریس و کەژییەکانی کە بارییان پێ بەسترابوو، پساند. شتەکانی نێوبار لەناو نەچووبوون، بەڵام توانای بارکردنەوە نەبوو. کاروانچی و یۆڤان تەواوی هەوڵی خۆیان بەکارهێنا، کەلوپەلەکانیان خستە سەر پشتی وڵاغ و خۆیان بەپێ لەملاوئەولادا بارەکەیان بەدەستەوە دەگرت. بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم دواکەوتنە ناچارییە، هامیلین بەغار بەرەو چاپارخانە دەچێ تا ئەسپەکان ئامادە بکا. هەرکە گەیشتینەجێ، یۆڤان بۆ کڕینی گوریس و کەژی تازە بۆ بارکردنەوەی شتەکان دەچێتە بازاڕ.

حەزمان لێیە پاشماوەکانی پەرستگای دیان کە مسیۆ فلاندن باسیکردووە، ببینین. لەکاتی سەفەری فلاندندا، ئەم پەرستگایە تا نیوەی کەوتبووە ژێر داروبەردی داورووخاو. ئەمڕۆ پاشماوەیەکی وا سرنج ڕاکێشی لێنەماوە. خەڵکی لەشوێنەکەیدا بنچینەیەکی ئاسانیان بۆ خانووەکانیان پەیداکردووە و ئەستونەکانیان کردۆتە پاڵپشتێکی باش بۆ خانووەکانیان. ئێستا پەرستگا لەژێر چەند گەڕەکێکدایە.


سەعات نۆ و نیو کەنگاوەر جێدەهێڵین، لەتەنیشت دەشتێك، لەبنەی خواروی ڕۆژهەڵاتی گردێکی هیشك ڕێگامان درێژە پێدەدەین. پاشان بەبواردنی دەربەندێکی بەردەڵان دەگەینە دۆڵێکی دیکە کە ئەسەدئاباد لەو سەریدا دەبینرێ.چەندان ڕووبار بەنێو ئەم دەشتە



www.pertwk.com

سەعات سێونیو لە ئەسەدئابادین. ئەسپی دیکە داوادەکەین، بیستوشەش کیلۆمەترمان بۆ هەمەدان ماوە و دەمانەوێ شەو بگەینە ئەوێ.

دوای سەعات چوار ئەسەدئاباد بەجێدێڵین. مەنزڵی داهاتوومان زۆر دورودرێژ نییە، بەڵام دژوارە. دەبێ لەزنجیرە شاخەکانی ئەڵوەند تێپەڕین.







## بازاری هەمەدان

ترۆپکی شاخ بەسەر شاردا دەڕوانێ، رێگا زۆر بەهەوراز و نشێوە. ترۆپکی شاخ نیوەی مەنزڵە. لەوێ تاچاو بڕەکا دەوروبەر دیارە. لەهەوایەکی سافدا هەتا دەتوانرێ کەنگاوەریش ببینرێ. بەڵام هەوا لەکاتی بەڕێکەوتندا بەرەو خراپی چووبوو. ئێستا زۆر ناخۆشە، باران و باو تاریکی شەو کەم کەم زۆرتر دەبێ، هەموویان بینین زەحمەت دەکەن و رۆیشتن دژوار دەکەن، یۆڤان مەستە، چونکە نایبینم، رەنگە بزر بووبێ. هاملین و کاروانچی بەدوایدا دەگەڕێن، منیش ئاگاداری کەلوپەلەکانی سەفەرم، فانۆس وەك هێماو نیشانەی جێگاکەم، دادەگیرسێنم. سەرەنجام دەیدۆزنەوە. وەڕێ دەکەوینەوە. هاملین ئاگاداری یۆڤانو منیش چاوەدێری ئەسپە بارهەڵگرەکەم.

سەعات دەونیو دەگەینە دەروازەی هەمەدان، دەبێ لەدەروازەی رۆژهەڵاتەوە بچینە ناوشار، بەڵام ئێمە لەرۆژئاواوە دەچین. کاروانچییەکەمان هەڵەی کردبوو، لەهەموو شارەکە هەر گەڕەکێك بەدەرگایەك داخراوە و بەپێگەیەکی پارێزگاری، دەپارێزرێ. تێپەڕین لەبەردەم هەر دەروازەیەك بۆ چوونەژوور، دژوارییەکی تازە دەردەکەوێ، لەیەکێك لەو دەروازانەدا، پارێزگارێك بەبێ وەرگرتنی بەخشیشێك لێناگەڕێ تێپەڕین. کاتێك بەخششی پێدەدرێ، دووئەوەندەی دەوێ. هەموو بەخششەکەی لێوەردەگرمەوە و داوا لەیەکێك لە خەڵکەکە دەکەم تا چاپارخانەمان ببا کەلە دەرەوەی شاردایە.

وەختێ خەریکبوو لەشار دەرچین نزیکی دواخانووەکانی شار، دەمانویست لەسەر پردێك بپەڕینەوە، کاروانچی لەپێشەوە بەدوای



www.pertwk.com



دكان كباب‌پزی (اقتباس ازفلاندن)

**کەبابخانە**

گرژ دەبێ‌و دەکەوێ. لەو هەراو زەنایەدا سێ کەسی دیکە دەست بەکێرد هەوڵ دەدەن تەنگەی ئەسپە بارهەڵگرەکە بپسێنن، منو هاملین خۆمان بەسەریاندا دەدەین، بەڵام ڕێگرەکان کە زۆرمان بەرەنگار و بێباك دەبینن، رادەکەن. یۆڤان بەجێماوە، ئەو ئەوەندە سەرخۆشە ئاگای لەهیچ نییە. هەرکە دەگەڕێمەوە تا بزانم چی بەسەرهاتووە، دەبینم دووکەس دەیانەوێ وەریگێڕن. بەرەولای





دەچم، ئەوان هەڵدێن، لەنێو ئەو گەڕەکە خراپانەدا بەپارێزێکی زۆرەوە رەت دەبین و سەرەنجام نیوەی شەو دەگەینە چاپارخانە. سەرۆکی چاپارخانە کە ئاغا حەسەن پەیامێکی بۆ براکەی ناردووە، بەگەرمی پێشوازیمان دەکا. تەواوی کەلوپەلەکانم دەبەنە ژووری سەرەوە. لەوێ ئاگرێکی باش دەکەینەوە. ئەمڕۆ نەوەدو هەشت کیلۆمەتر رێمانکردووە.

**9ی تشرینی دووەم**

سەعات حەفت بەدەنگی چەند چۆلەکەیەك بەئاگادێین. ئەم کێشکانە راهاتوون هێلانەیان لەم ژوورەدا چێ بکەن و ئێستا کە ئێمەی تێدا دەبینن، سەرسوڕماو دێنە بەرچاو. چەند وشەیەك بۆ ئاغای کاراپت برای سەرۆکی چاپارخانە کە ئینگلیزی دەزانێ دەنووسم. لێی دەپرسم ئایا کەس دەناسێ فەرانسەیی یان ئینگلیزی بزانێ و لەشاردا هاوەڵمان بێ، ئاغای کاراپت بێجگە لە کارە بەقازانجەکانی خۆی، بەڕێوەبەرێتی قوتابخانەشی زیادکردووە و لەبەرانبەر دەرس گوتنەوەی زمانی وڵاتی بەریتانیای گەورە و پیاهەڵدانی ئیجابیەتەکانی، پاداشت لەدەوڵەتی بەریتانیا وەردەگرێ.

دروستکرانی شاری هەمەدان زۆر کۆنە. شار، جێگای ئەکباتانی گرتۆتەوە کە مێژووەکەی دەگاتەوە سەرەتا و دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی ماد. نزیك ساڵی78ی پێش زایین، فەرمانڕەوای وڵاتی ماد ئارباسیس ئەم ناوچەیەی لەدژی کۆتی شاکانی ئاشوور بۆ یاخیبوون هاندا. ئەو، ساردانا‌پالی بەزاند کە لەئاگرکەوتنەوەی پایتەخت و کۆشکدا لەنێوچوو، وناوی (شا)ی لەخۆی نا. دوای مردنی ئارباسیس، خەڵکی ماد ویستیان حکومەتی شێوە کۆماری




www.pertwk.com

لەمە بەدوا، مێژوونووسی دیکە، ئەکباتان وەك هاوینەهەواری شاهانە باس ناکەن. سلوکیدەکان بەشی زۆری سامانەکەیان بەفیڕۆداو





پاشماوەکانیان وێرانکرد. لە حەوت دیوارەکەی پەرستگا بەشکۆکەی هەتاو جگەلە لەپاشماوە تێکەڵ و پێکەڵەکان شتێك نەماوەتەوە. لەراستیدا شاری هەمەدان کە لەسەردەمی حکومەتی سەفەوییدا ئاوەدان بۆتەوە، شارێکی پلە دووە. دانیشتوانی نزیکەی سی هەزار کەسە و زۆربەیان جوون. سەیرترین شتی ئەم شارە ئارامگایەکە دەڵێن گۆڕی (سترۆ مردوخای)ی تێدایە. ئەم بینایە کە نازانم هی چ سەردەمێکە، سادەترین بینایە و کۆنییەکەی لە 11 یان 12 سەدە زیاترنابێ. بینای ناوبراو لەلایەن ئیسرائیلییەك بەناوی ئیسماعیل دروستکراوە تا پاشماوەی سترۆمردوخای کەلە شوشەوە بۆ هەمەدانیان گواستبۆوە، لەوێ بنێژن. ناو بیناکە لەدوو ژوور پێکهاتووە، پەنجەرەکانی رووەو دەرێن. لەدەرگایەکی گچکەوە کەلە بەردێك هەڵکەنراوە، دەچنە ژوورەوە. ئەمسەرو ئەوسەری ئەم بەردە بەشێوەیەك تاشراون کە پاشنەی دەرگابن، لەناوەندی دەرگادا کونێك کراوەتەوە تا بتوانن بەهۆیەوە دەست درێژبکەن و بیکەنەوە.




کۆری استرومردوخای



www.pertwk.com

زاركی دەرگا زۆر نزمە، لەگەڵ چوونەژووردا دەبێ پشت بچەمێننەوە. لەژووری یەكەمدا كە دەچنە ناوی، لەسەر چەند تەختەیەك ژمارەیەك مۆم دانراون، رۆژانی جەژن دادەگیرسێن. بۆ پەیداكردنی دەرگای ژوورەكەی تەنیشت دەبێ لەدەرویەكی زۆر نزم و باریكتر تێپەڕن. تەنها لەسەر ئەژنۆ و بە خزین دەتوانرێ بۆی بچن. گۆڕەكان لەوێن، دوو گلكۆ بەداری رەش و بەدرێژی دوومەتر و یەك مەتر پان و مەترێك و پەنجا سانتیمەتر بەرز، كە بەنووسراوی خەتی عەرەبی داپۆشراون، لەسەر گۆڕەكانە.

هەمەدان گۆڕی ئەبوعەلی سینای لێیە. ئەم پزیشكو فەیلەسوفە زۆربەنێوبانگە، لای ئێمە بەئاڤیسین بەنێوبانگە، لەسەرەتای سەدەی یازدەی زاینیدا ژیاوە. هەروەها گۆڕی شاعیری عارف فەرید بن عەصار[6] (عەتتار و.ك)(سەدەی دوازدەی زایینی) لەهەمەدانە.

هەمەدان بۆ جووانی رۆژهەلات شارێكی پیرۆزە. لەدەورووپشتی گۆڕی ستردا رێوڕەسمی جەژنی پوریم بەڕێوە دەبەن. ئەم جەژنە وەك هەندێ كەس دەگێڕنەوە، بەیادی سەربەخۆییەكە كە لەسەردەمی ماكابەدا وەدەستیان كەوتووە، یان بەپێی قسەیەكی دیكە یادەوەری ستەمی ئامانە كە ستر بەشیرین زمانی و جوانی خۆی، بەزەیی و خۆشەویستی ئاسیو روسی وروژاند و هاوڕەگەزەكانی خۆی لەبەلا دوورخستەوە.

دوای تەماشای ئەم بینا جۆراوجۆرانە، لەبازاڕەكان كە زۆر بەجۆش و خرۆش و پڕ كەل‌وپەلی هەمەجۆرن، دەگەڕێین و لەوێ گەلێ شتی دەستكاری نێوخۆ دەكرم، كلاو و پێڵاو كە خۆمان جۆری





دروستكردنەكەیمان بینی. هەندێ كەس بەنێو قەرەباڵغیدا دەگەڕێن، میوەو شیرینی دەفرۆشن، شتەكانیان خستۆتەناو سینی سپیكراوە كە بەنەخش و نیگاری هەڵكەنراو، رازاونەتەوە. لێرەش وەكو هەموو بازاڕەكانی رۆژهەلات كۆلانێك هی پەڕەچییانە كە ئامرازە غەریبەكانیان دەنگی سەیری لێوەدێ. لەسەر پارچە دارێكی چەماوە لەشێوەی كەوان یان لەواقیعدا



وەستای قلیان لەبازار

چەنگ كە داوێكیان لێبەستووە و لۆكەی بەدەوردا دەسوڕێتەوە. پەرەچی بەكوتكێك لەداوەكە دەدا و لەرینەوەكەی پەمۆكان بەتەواوەتی لێك جودادەكاتەوە.

بەسەردانێكی قوتابخانەی ئاغا كاراپت گەشتەكەمان تەواو دەكەین. ئاغای كاراپت تەلگرافەكەمان كە دەمانەوێ چونمان بۆ تاران رابگەیەنین، دەكاتە فارسی. لەوێوە دەچینە ماڵی والی كە بەبۆنەی رێوڕەسمی وەرگرتنی پێگەكەی ئێمەی بانگهێشت كردووە. ئەو



www.pertwk.com

ئەم خواردنە وەك رشتەی کەتانە.سەعات شەش دەگەڕێینەوە چاپارخانە.

## 10ی تشرینی دووەم

سەعات پێنج و نیو لەهەمەدان دەردەچین. هێشتا رۆژ نەبۆتەوەو هەوا زۆر ساردە. لەسەر شاخی ئەڵوەند بەفرێکی زۆر باریوە. سەعات شەش لەگوندی شیورین–ی نزیك هەمەدان کە بەرزاییەکەی کەمێك لەشار زیاترە رەت دەبین. لەوێ تەواوی بەرینایی دۆڵەکە وەدەردەکەوێ. کێوی مەزنی ئەڵوەند لەلای خواروی رۆژئاوای شار هەڵکەوتووە و بەسەر شاردا دەڕوانێ. سورخ ئاباد کە زوو دەیگەینێ، رووە بەپێکەنینەکەی لەگەڵ هیشکایی ناوچەکانی دەوروبەریدا، ناکۆکە. ئەم گوندە سەدماڵ دەبێ. سەعات یازدە دەگەینە مەنزڵی مەلاگیرد. سەرۆکی چاپارخانە هەندێ نان و ترێ و جۆرە مورەبایەکی ترێ یان هەنگوینێکی تاراددەیەك بەتامی داینێ. کاتی رۆیشتن، ئەگەر حیسابەکەم لەگەڵ چاپاری مەنزڵی پێشوو کە قەرزاری بووم، یەکلا دەکەمەوە، ئەو سکەی کە زێڕی روسیە وەرناگرێ. ئەم جۆرە سکەیە لەتاران‌و هەمەدان‌و کرماشان‌و تەواوی ناوچەکاندا رەواجی هەیە. لەبەرئەوەی هیچ جۆرە پارەیەکی دیکەم پێ نییە، دەبێ رازی بێ. ئەسپەکانیان زین کردووەو ئێمە ئامادەی رۆیشتنین. دەرگای چاپارخانە ناکەنەوە و بەردەوام ئەو سکەیەمان پێ‌نیشان دەدا، کە





حەزی پێناکا. دەستبەردار نابێ. دەبێ کارەکە بڕێنینەوە.دەرگا دەشکێنم، قفڵە دارە خراپەکەی، هە رچەندە گەورەیە، لەبەر زەبری لێدانی



بەرجی هەلاج

مندا خۆڕاناگرێ. هەموومان بەغار دەردەچین.ڕێگا لەناوەندی مێرگێکی گەورەدا کە چەند رانەمەڕێك تێیدا دەلەوڕێن، تێدەپەڕێ. لەنێو مێرگەکەدا لەکەی سپی گەورەی پاشماوەی خوێ هەیە. دەگەینە هەمیکیسە کە گوندێکی خەمبارانەیە. نزیك ئەم گوندە، لەسەر گردێك و کاولگەی قەڵایەکی لەقوڕ دروستکراو ماوەتەوە، روبارێکی گچکە کە کەنارەکەی دوومەتر بەرزە، بەناوەڕاستی گوندەکەدا رەت دەبێ. دوای سەعاتێك غاردان بەدەشتەکەدا دەگەینە گوندێکی نوێ بەناوی خوشناباد کە چەند باغێکی پڕلە دارهەنار و



www.pertwk.com

سەعات دوو ونیو دەچینە گوندی زیرە. ئەم گوندە کەوتۆتە نزیك دۆڵێکەوە و ئێمە تەنیا لەو دەمەی دەگەینە سەر دوڵەکە بینومانە، دەشت تاماوەیەکی ئاوەڵابوو، بۆیە وامانزانی هێشتا زۆر لەمەنزڵ دوورین.

لەمەیدانە گچکەکەی ئەم دێیە بێفەڕە (نزیکی سەد ماڵ)، چەند کەسێك خەریکی جۆرە یارییەکن. ئەم گەمەیە وەك یارییەکی ئێمە وایە کە پێی دەڵێن (Bouchon). سەعاتێك دوای گەیشتنمان بەو گوندە، وەڕێ دەکەوینەوە. بێ دوودڵی، کاروانچییەکەمان پەلەیەتی، چونکە ئەو ئەسپەکانی –کە ئەسپی رەوهانیشن– بە نەقیزە بۆ پێشەوە رادەنێ. قەت وا بەخێرایی نەڕۆیشتووین. لەماوەی یەك سەعاتو سێ چارەکدا پێنج فرسەخ (32کیلۆمەتر) رۆیشتین. ئێستا سەعات پێنج و نیوە. لەبەرەبەیانەوە تا ئێستا هەشتاوپێنج کیلۆمەتر رێمان کردووە. ئێستا لە میریکین. هەرچەندە ئەم مەنزڵە خراپ و ناخۆشە، بەڵام شەو لێرە رادەوەستین. گوندی میریك یان موریاکین (کە بەمانای دێی مردوانە) تەواو چۆڵە. لە شەست یان هەشتا خانوودا، کەسێك زیندوو نییە، تەنیا سەرۆکی چاپارخانە بەپێی رێککەوتنامەیەك لەوێ نیشتەجێیە.

ئەم گوندە لەناوەندی بەردەڵان و زورگاکاندا هەڵکەوتووە. کەمترین سەوزایی و گیا نابینرێ. هیچ جێگایەکم بەو رادەیە خەمبار و چۆڵ نەدیوە. هەوا ساردەو نهۆمی سەرێ، قابیلی حەوانەوە نییە. لەیەکێك





لە ژوورە بێ پەنجەرەکان کە کەوتوونەتە هەردوولای دالانەکەوە، دادەنیشین. ئاوردویەك بۆ ئاگر کردنەوە پەیدانابێ.

گفت بەیەکێك کە لەوێیە دەدەم، ئەگەر داروبارێك بۆ ئاگر پەیدا بکا، پاداشتی دەدەمێ. دوای چارەکە سەعاتێك، دارێکی تەلگراف دێنێ.بەزەحمەت خەوم لێکەوتبوو کە تەختەکەم دەشکێ. دارەکانمان کەم کەم تەواو دەبێ.

## 11ی تشرینی دووەم

سەعات شەش وەڕێ دەکەوین. دۆڵی وشکەڵاتووی پڕ کەلەش و لاشەی ئاژەڵان، دیمەنە شوم و خەمبارانەییەکەی ئەم شوێنە، تەواو دەکا. ئەسپێك کە چەند رۆژێکە مردووە، کەوتۆتە نێو دۆڵەکە و بەهۆی قەل‌وداڵ تا نیوەی ریشاڵ ریشاڵ بووە.

ئەسپەکانمان ئەسپی خراپن، ساتمە دەکەن و دەکەون. دووچاران زەحمەتمان کێشاوە، ئەسپی بارهەڵگر لەزەوی بەرز بکەینەوە. رێگا شتێکی سرنج ڕاکێش نییە، جاربەجار کاولە کاروانسەرایەك دەبینین کە نازانرێ بۆچی لەنێو ئەم بیابانەدا دروستکراون. کاروانی حوشتر و ولاغ بەزەنگ و زەنگوڵ لەم کاروانسەرایەدان، دەنگیان گوێیان کەڕدەکەن.

سەعات دەونیو دەگەینە گوندی نوبەران کە باخی میوە دەوریانداوە و رووبارێکی گەورە بەناوی رەزاچای بەناویدا رەت دەبێ. رەزاچای لکێکی قەراچایەکە کە لە بیابان و زەوییە شۆرەکەکانی خواروی تاراندا بزر دەبێ. وەزعی ئەسپەکان لەرۆژی پێشوو خراپترە.



www.pertwk.com

لەچاپارخانە بەزەحمەت شوێنێك پەیدا دەکرێ. ژوورەکانی لەبەر باران تەڕبووە. سەرۆکی چاپارخانە، ژوورەکەی خۆی کە دوو حەسیرو هەندێ شتی لێ دانراوە، دەخاتە خزمەتمان. هۆڵی بنمیچ لەگەڵ باران بەسەر سەرماندا دێتەخوارێ، ئێوارە خەریکی دوورینەوەی جلوبەرگمان دەبین.

## 12ی تشرینی دووەم

بەدرێژایی شەو باران باریوە، واپێدەچێ ئەمڕۆ بەیانی هەوا ساف بێ. ڕێگا دیارنییە، لەماوەی دوو سەعاتدا بەغار دەگەینە ساوە. لەوەدەچێ شار ساماندارو لەهەبوونیدا بژی. ساوە، هەرچەندە کەوتۆتە ناوەڕاستی بیابان، بەڵام باخەکانی گەشاوەن. دارهەنار گەلێ زۆرە و میوەکەی بەنێوبانگە. لەگەڵ هەندێش ئێمە هەناری بەعقوبەمان پێ باشترە. دیمەنی ساوە، دیمەنێکی تایبەتی هەیە. یەکەمین ڕیزەخانوو کە کەوتۆتە ناوەندی دارە بۆرەکان، هەر خانییەك





یەك نهۆمە و لەبینای چاپارخانەکان دەچن کە بەئەستوندەی گچکە ڕازاونەتەوە. ئەم جۆرە ڕازاندنەوەیە لەهەموو خانییەکان وەك یەك نییە گۆڕستانیش بارێکی تایبەتی هەیە، چەندین گونبەدی لەخشت دروستکراو لەسەر چوار ئەستووندە روونراوە. لێرە




حەوزی ئاو لەساوە

لەباتی کێل و تاتەبەردی گۆڕەکانی گۆڕستانەکانی ئێمە، هەیوانی لەخشت دروستکراو هەیە.

توشی بینایەکی سرنج ڕاکێش دەبین. لەدوور تەنیا دەرگایەکی گەورە دەبینرێ. لەناویدا پلیکانەیەك بەرەو ژێرزەوی کە سەرچاوەی ئاوە، دوو گومبەدی گچکە و گونبەدێکی گەورەتر لە ڕیزی دەرگا هەیە. ئەمانە هی گەرماو و ئاوزێلەکانە.



www.pertwk.com

چاپارخانەی ساوە گەلێ گەورەیە. بۆ سەدوپەنجا ئەسپ جێگا هەیە. بەڵام سەرۆكی چاپارخانە لە دوازدە ئەسپ زیاتری نییە. لەكاتێكدا یۆڤان بۆ كڕینی هەندێ ئازوخە دەچێتە بازاڕ، ئێمە بەنێو خواروی شاردا كە كاولگە و وێرانەیە دەگەڕێین. لەم بەشەی شاردا، هێشتا پاشماوەی مزگەفتێكی زۆر جوان و سرنجڕاكێش هەیە. منارەی نیوەشكاو هێشتا پاشماوەی كاشییە زۆر جوانەكانی پاراستووە، هەروەها گونبەتەكان بەكاشی زۆر جوان رازاونەتەوە. ساوە لەرابردوودا دەبێ بایەخێكی تاراددەیەك زیادی هەبووبێ. تەواوی ئەم بەشەی شار نیشانەی شكۆیەكی لەنێوچووی پاراستووە. ماوەی دووسەدە پێش كە شاردن سەردانی ئەم شارەی كردووە، باسی كاولە كۆنەكانی كردووە.




منارەی كۆن لەساوە





نیوەڕۆ لەساوە دەردەچین. هەوا گران و هەتاو زۆر گەرمە. لەماوەی زیاتر لە سەعاتێك بەگورگەلۆقە بەهەورازێكی ئاسایی دۆڵێكی گەورەدا سەردەكەوین. لەسەر رووبارێك تێنویتیی خۆمان دەشكێنین. سەرگەرمی تەماشای شەڕی قەل و داڵ و سەگەكان دەبین كە لە رێگا لەسەر لاشەی كەرێكی نیمچە تۆپیو بەشەڕدێن. دوای سەعاتێك غاردان لەملەیەك بەنێو گردۆڵكەی دەشتی گەورە (هەزاردەرە) دەچینەخوارێ. وا دێتە بەرچاو كە گوندەكانمان لەبەردەم رادەكەن. ئەم گوندانە زەرەند و مەئمونیەن. لەدوور ڕا وەك مەنزڵگایەك دێنە پێش چاو. پاشان لێیان تێدەپەڕین و كاروانچی هەردەڕوا. سەعات چوار دەگەینە چاپارخانە. مەنزڵی داهاتوو دووردرێژە. ئەمشەو ناتوانین رەتبین، لەباڵاخانەدا جێگیر دەبین. دیوارەكانی پڕن لەوێنەی دەستكردو گاڵتەی خۆش خۆش بەزمانەكانی فارسی و ئینگلیزی و فەرەنسایی.

لەساوە بەولاوە رێگا زۆر بەهاتوچۆیە. ئەمە رێگای تاران بۆ ئەسفەهانە و رەتبوون تاراددیەك ئاسانە. كەم گەشتیار هەیە چ پیاو چ ژن هاتبێتە تاران و نەچووبێتە ئەسفەهان. سەرۆكی چاپارخانە لەهەركەس باشتر دەزانێ كە ئەوروپاییەكان چییان دەوێ. ئاوی ئەم ناوچەیە ناتەندروسترین ئاوە.

لەدوور، شاخەكانی ئەلبورز كە گەیلانو مازندەران لە فەلاتی هیشكی ئێران جودا دەكاتەوەو لوتكەی بە بەفر داپۆشراوە و قوچەكە رێكەكەی دەماوەند كە ترۆپكی (فوجی یاما) وەبیر دێنێتەوە، جێگای پیاهەڵدانن.



www.pertwk.com

## 13ی تشرینی دووەم

سەعات پێنجی بەیانی چاپارخانەی خان ئاباد جێدێڵین. لەنزیك گوند کێڵگەی گەورەی پەمۆو گەرچەك ئەملاوئەولای ڕێگاکەیان گرتووە. دوای دەشتێکی بەرینی چۆڵ و دانەچێنراو، بیابانێکی زۆر نالەبار دەردەکەوێ کە لەنێویدا بەڕێکەوت تووشی ئەبهەرچای دەبین و دەپەڕینەوە. لەوێ دەگەینە ڕێبوارێکی دیکە و چاپارەکەی شاگردی، سەرباری ڕواڵەتە ئەوروپییەکەی، ئەو بە ئەوروپایی نازانین، هیچ ئەوروپاییەك بەم شێوەیە سەفەر ناکا. تەواوی کەلوپەلی سەفەری، بریتییە لەو هەگبانەی بە ئەم لاوئەولای ئەسپەکەی خۆی و ئەسپی چاپاردا شۆڕبوونەتەوە.

ئەسپەکانمان کە لەیەکەمین قۆناغی ڕێگا غارمان پێداون، ئیدی ناتوان توند بڕۆن. بارهەڵگر بە ڕاددەیەك ماندووە کە بۆ ڕاکێشانی، جڵەوی لەزینەکەی خۆم دەبەستم.

ڕێگا زۆرباشە. دەشتێکی گەورە کە کەمێ لماوی بووە، بەدۆڵێکی زۆر ئاسایی سەربەرەوخوار دەبێتەوە. ڕەبات کەریم لەدواییدا دەردەکەوێ. ئەم گوندە بەو گوندانە ناچێ کە لێرانە دیومانن. لەباتی سەوزایی دیمەنی ئەم گوندە، ڕەنگێکی قاوەیی زەرداوی زێڕینی پایزی دەبینرێ. ئاو زۆرە، ڕووبارێکی گەورە لە زارك‌و ژمارەیەك جۆگا لەنێو کۆڵانەکانیدا دەڕۆن. بەجادەیەکدا کەپێیدا دەڕۆین. ڕووباراوێك بەپانی زیاتر لە دوو مەتر دەڕوا و لەهەردوولای، هەنجیرو





ئەفرای جوان ڕواوە. پردێکی گچکە کە بەدار و گەڵا و خۆڵ دروستکراوە ڕووبەڕووی چاپارخانەیە. بەوێدا دەچینە پۆستخانەیەك کە باری لەخانووەکانی دەوروبەری باشتر نییە. تا ئەودەمەی ئەسپی دیکەمان بۆ ئامادە دەکەن، سەعاتێك لێرە دەحەسێینەوە. هەرچەندی لەتاران نزیك دەبینەوە، لەوێش ژنانی موسڵمان لەوانەیە توندتر لەتورکیا خۆ دادەپۆشن‌وحیجاب دەپۆشن. ژنانی جلك شۆڕ کە لەسەر ڕووبار هەڵتروشکاون، لەکاتی ڕەتبوونمان بەهێواشی چارۆکەی خۆیان بەسەر چاواندا دەدەن. ئەمما لەمەڕ لەش، ئەوەندە بەتەنگەوەنین قۆڵ و لاق، یان شانی خۆیان بشارنەوە. ئەم ژنانە زۆر جوانن.

ڕێبوارێکی دیکە کە ئەمڕۆ بەیانی توشی بووین، هاوکاتی ئێمە دەگاتەجێ. ئەو لەتەنیشتمان نانی نیوەڕۆ دەخوا و قلیان دەکێشێ. مسۆگەر ئێرانییە. ئەو قسەیەك ناکا تا بەو هۆیەوە تێبگەین، بۆیە جارێکی دیکە وەڕێ دەکەوین بێ ئەوەی بزانین لەکوێوە دێت و بۆ کوێ دەچێ. لەکاتی دەرچوونمان لەدێ، ئەو جۆگانەی ئاودێری کەبەنێو کێڵگەکاندا ڕەت دەبن، بوونەتە زۆنگاو. لەدەشتەکەدا گەلێ گوند هەن کە دەوریان بەکێڵگە و باخ گیراوە، کشتوکاڵ بەچالاکی پێشکەوتووە. بە گوندەکانی نەسرئابادو سالون‌و چەبردون تێدەپەڕین. ئیدی هەیکەل و جلکمان جێگای سەرسوڕمانی خەڵك نییە, مرۆڤ خۆی لەنزیك پایتەختدا دەبینێ. بەسەر پردێك، کە باش نەپارێزراوە، ئەمەش کارێکی نائاساییە، بەکەرەجدا ڕەتدەبین. کاتێ لەتاران نزیك دەبینەوە، باران دەست پێدەکا. سەعات سێ دەگەینە تاران.



www.pertwk.com

لەدەروازەیەك كە بەكاشی شینو زەردو رەشو سپی بەوێنەی دەستكردی سەیر و سەمەرە رازاوەتەوە، بەنێو دەرگایەكدا دەچینە نێو شار. جادەكان بەرینو لەدەوروپشتیان خانی نزمی یەك نهۆم دروستكراون.




جادەی جابارخانە لەرباگ كریم

بەمەیدانێكی گەورەدا رەتدەبین كە دەرگای كۆشكی شا لەوێدا دەكرێتەوە. هەموو گوزەرگاكان دەرگایان هەیە. ئێستا ئێمە لەگەڕەكی ئەوروپاییەكانداین. دەچینە ئوتێلی پرەڤو. سەرەنجام گەیشتوینەتە كۆتایی سەفەرێك كە زۆر دژوار و پڕمەترسی دەهاتەپێش چاو. بەبێ رێنوێن و بەبێ وەرگێڕ و بێئاگا لەزمانی ناوخۆ لەبەغداوە تا تاران هاتووین.








كەرەستەی تەویلە



www.pertwk.com

## پەراوێزەكانی بەشی دوانزە:

[1]) مـەن لەناوچـە جۆراوجۆرەكـانی ئێـران دا، جودایـە. لەشـارەكانی تـاران‌و ئەسفەهان‌و بوشەهر لێك جودان، مەنی تەورێزی شەش كیلۆیە.

[2]) هەر قڕانێك لەراستیدا بەرانبەر هەشت سانتیم‌و هەر تومانێك هەشت فرانكە.

[3]) تیول: ئەو موڵكەیە وەك پاداشت‌و دیاری لەلایەن شاوسولتان‌و پاشاكانەوە دەدرێتە هەندێ كەس كە بە بەرهەمەكەیەوە بژین (و.ك).

[4])ناوی پاركێكی شاری پاریسە.

[5])بەپێی قسەی ئەم مێژوونووسە، سەمیرئەمیس كە بە سوپایەكی گەورەوە هاتبووە وڵاتی ماد ماوەیەك لەنزیك شاخێكی گەورە بەناوی بەغستان، وەستاوە و فەرمانیداوە بەشێك لەشاخەكە ساف بكەن و وێنەكەی كە بە سەدكەس لە پارێزەرەكانی دەورەدراوە، نیشان بدەن. لەژێریدا فەرمانیدا ئەم وتەیە بە خەتی ئاشووری هەڵكەنن: سەمیرئەمیس بە كەڵكردنی باری ئاژەڵەكان، لەم شاخە سەركەوت. (دیڤیدوەر سیسیلی).

[6])بابا تاهیری عوریان، ناوی عەتتاری نووسیوە. گۆڕی فەریدەددین عەتتار لە نەیشابوورە و ناوەكەشی بەهەڵە بە فەرید بن عەسار نووسیوە.







www.pertwk.com




دەروازەیەکی تاران

## بەشی سێزدە

## تاران

## 13 تا 21ی تشرینی دووەم

ئوتێلی پرەڤو- مسیو دوڤیویر- باڵوێزخانەی فەرانسە- دکتۆرتولوزان- ڕێورەسمی سڵاو -شەووڕۆژی ئوتێل- باڵوێزخانە - کاروانەکانی تورکستان – سوسمانلییەکانو هەڵپەڕکێیان - تاعوونوکۆلێرا - کەرەنتینەکراوەکان- میوانداریشا - بەڕێوەبەرایەتی کاری نێوخۆ - خوێندنگای عەسکەری - کوڕانی شا:موزەفەرەدین میرزا، زیلۆ سوڵتان - مسیو لۆمەر، مۆسیقای شا - شاڕێی تاران، ڕەشتوقەزوین بۆ تەورێز-مستۆفی ئەلمەمالیك- ئەرك یان کۆشکی شا-سەردانی کۆشکی شا-گاردی پارێزگار-بازاڕەکانی تاران-سەنگەر بەندییەکان-دەوروبەری تاران-دوشان تەپە-عەشرەت ئاباد-کۆشکی قاجار-تەجریش-ڕۆیشتن لەتاران.مەدام پرەڤو پێشوازی لێکردین. بەوەخت تەلگرافەکەمانی





لەهەمەدانەوە پێی گەیشتبوو. لەبەرئەوەی بیری لێنەکردبۆوە پێشتر ژوورمان بۆ ئامادە بکا، ئێستاش چونکە ناچاربووە پەلە بکا، لەبارێکی باشدا نییە. مسیۆ پرەڤۆ کە گەورەترین خاوەن ئوتێلە، تاکە شیرینی دروستکەری تارانیشە، بەهۆی ئەوەی بە شیرینی پاقڵاوە وێنەی شای دروست کردووە، لەلایەن شاوە وەك شانازی نیشانەی (شێروخورشید)ی پێدراوە. ئەو زۆر لەخانمەکەی میهرەبانترە. ئێستا ئەو نەخۆشە، لەبەرئەوەی پێشتر ژوورمان بۆ ئامادە نەکراوە، داوای لێبوردنمان لێدەکا. ژوورێکی باشمان هەیە. نوێنەری زیگلەر کە سندووقە زیادەکانی ئێمەی لەتەورێزەوە بۆ تاران ناردووە، دەسبەجێ بۆمان دەنێرێ. ئێستا دەتوانین جلکە دڕاوەکانی خۆمان داکەنینو خۆمان پۆشتە بکەینەوە.

هەرئەوەندە جێی خۆمان کردەوە، هەواڵمان پێدەدەن کە مسیۆ ڤویلێر دێتە سەردانمان. ئەم دۆستە تەورێزییەمان، لەبیری نەکردووین. ئەوکە دەیزانی هاتنمان بۆ تاران نزیکە، ویستوویەتی یەکەمین کەس بێ بەخێر هاتنمان بکا.

یەکەمین سەردانمان، سەردانی باڵوێزخانەی فەرانسەیە. مسیو دوبالوا ئێستا لەپاریسەو لەکاتی ئامادەنەبوونیدا، مسیۆ ف.سوهارت–ی جێنشینی باڵوێزخانە لەجێگای دانیشتووە. وەك چاوەڕوان دەکرا، پێشوازیی هاووڵاتییەکەمان زۆر دۆستانەو خۆشەویستانەیە. ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئەوو مسیۆ ئودێبەری سەرۆکی بەشی وەرگێڕانی باڵوێزخانە گفتوگۆمان کرد. ئەم بەرێزانە ئێمەیان بۆ شیوخواردن لەلای خۆیان هێشتەوە.



www.pertwk.com

لەم كاتەدا مسیۆ روكفریی وەرگێڕی یەكەمی باڵوێزخانە، دێ.چەندە جێگای سەرسوورمانمانە كە دەزانین ئەو هەر ئەو رێبوارەیە كەئەمڕۆ بەیانی تا ئەو رادەیە دوودڵی كردبووین. ئەو، لەسەفەرێكی ئەسفەهان دەگەڕێتەوە. بەزوویی ئاشنای یەكتربووین. ئەم بەرێزانە گەلێ لەو نامە زۆرانەمان دەخەنە بەردەست كە چاوەڕوانیان بووین. لەوكاتەی ئەوان خەریكی كاری خۆیان بوون، بەگشتی چاوێك بەنامەكاندا دەگێڕین.

## 14ی تشرینی دووەم

ئەمڕۆ بەیانی بۆ سەردانی دوكتۆر تولوزان كە دوێنێ نەمانتوانیبوو ببینین، دەچین. دوكتۆر لەماڵ نییە، چونكە پزیشكەوجێگای بڕوای شایە. ناسرەددین شا بانگی كردووە.

تەواوی شار لەجۆش‌وخرۆش دایە. ئەمڕۆ رۆژی لەدایك بوونی شایە كە بەو بۆنەیەوە رێورەسمی سڵاو یان پێشوازی رەسمی بەڕێوە دەچێ. مسیو سۆهارت ئەم مەسەلەیەی پێشتر-دوێنێ- پێ‌راگەیاندبووین. ئەو بەداخەوە دەیگوت ئەگەر زووتر هاتباین، دەمانتوانی بەشێوەیەكی رەسمی لەم جەژنەدا بەشداری بكەین. سەرباری ئەوەش هەوڵ دەدەین، هەر بۆ زانین لەم رێورەسمە نزیك بینەوە.

بەجادەی ئوتێلدا بەرەو خوار دەچین. لەمەیدانی تۆپخانەدا سەر دەردێنین. لەبەرانبەرماندا دەروازەیەكی گەورەی رازاوە بەنەخشی ئەسلیمی، بورجی گەورەو گچكەی گەچی كە بەكاشی‌و نەخشكاری





رازاوەتەوە، دەچێتە جادەی ئەلماسیەو بەئەرك یان كۆشكی شا كۆتایی دێ. دەوروبەری كۆشك پڕە لەخەڵك، تەماشای ئەندامانی باڵوێزخانەكان دەكەین كەدوای سڵاوكردن لەشای گەورە، دێنەدەرێ. تووشی بەڕێزان سوهارت‌و روكفرتی‌و ئودێبەر دەبین كە لوتفی كردووە یەكێك لەخزمەتكارەكانی خۆیانمان دەخەنە بەردەست. ئەو لەكۆشكدا دەمانباتە جێگایەك كە جگە لەخودی شا، بەلایەنی كەمەوە دەتوانین رێپێوانی ئەفسەران ببینین.

بەنێو چەند حەوشەیەكی بەردڕێژكراو كە لە پەراوێزەكانیاندا درەخت‌و گوڵیان رواندووە، لەحەوزە گەورەكاندا، نافوورەكان ئاو پرژێنی دەكەن، رەت دەبین‌و دەچینە ژوورێكی نهۆمی یەكەم كە لەوێوە دەتوانرێ رێپێوانی شاهانە ببینرێ.

تیپی عەسكەری ئۆنیفۆرمی سەیروسەمەرەیان دەبەردایە. چ كۆمەڵە رەنگێكی سەرسووڕهێنەر! كورتەكێكی سەوزی مەیلەوشین لەگەڵ شەلواری نارنجی، رازاوە بەشریتی وەنەوش، نەخشاو بەداوو ئاوریشم‌و قەیتانی زۆرو سەرشانی گەورە. ئەم جۆرە ئۆنیفۆرمانە چاولێكەرییەكی ناشیانەی جل‌وبەرگی عەسكەریی ئەوروپاییانە. تەنیا قۆزاقەكان جلێكی گونجاویان دەبەردایە. لەتەواوی رێپێواندا، مۆسیقا ئاوازی ئۆپەرێتی ئۆفنباخ‌و لوكوك لێدەدا.

دوای بەشداری لەبەشێكی رێورەسمدا، بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ دەگەڕێینەوە ئوتێل. لەسەر مێزی نانخواردن تەنیا ئێمەین‌و هەواڵنێرێكی رۆژنامەی نیویۆرك هیرالد كە بۆ ناردنی هەواڵی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نێردراوە.



www.pertwk.com

کەسێکی فەرانسەیی دیکەش لەم ئوتێلەدایە. ئەو دوێنێ چاکەی لەگەڵ کردینو لەهاتنە ئوتێل دا یاری کردین. ئەمڕۆ بەیانی پێی ڕاگەیاندین کەئەو یەکێك لەهاوەڵانی (قُل السلگان)ی کوڕی شاو فەرمادارى ئەسفەهانەو نێوانی لەگەڵیا خۆشە. ئەو لەمەڕ ژیانی شازادەو ئاکاری، زانیارییەکی تایبەتی پێداومو لەکۆتاییدا گوتی کەئەو سەرۆکی ئاشخانەی خودی خۆیەتی.

نزیکی سەعات دووی نیوەڕۆ بەناو شاردا دەگەڕێین. تەواوی بالوێزخانەکان لەو جادەیەدان کەئێمەی تێدان. بالوێزخانەی فەرانسە لەجادەیەکی لاپەڕ هەڵکەوتووە. بیناکەی بەشێوازی یۆنانیوئیتالییە. حەوشەیەك کەلەبەر دەمیدایە، باغێکی وەك باغەکانی فەرانسەی تێدایەو حەوزێك رازاندوویەتییەوە. بالوێزخانەی ئینگلیزی سەردەرێکی بەشکۆی هەیەو بەرەو باغێکی پڕ لەدرەختی جوان، دەکرێتەوە. بالوێزخانەی دەوڵەتی تورك دەرگایەکی سپی گەورەی هەیە کەبەنەخشی شینی ئاسمانیو زێڕین رازاوەتەوە. بالوێزخانەی ئەلمانیا گرژومۆنە. کۆنسولخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سادەیەکی کۆماریخوازانەیە. دوکانێکی هەیە کە سەردەرەکەی ئارمی دەوڵەتی تێدانراوە.

کاروانی گەورەی حوشتران لەتورکستانەوە دێ. ئەم ئاژەڵە زۆر گەورانە، بەگوڵینگو ریشی خوری زۆر رەنگاورەنگ رازاونەتەوە. ئەم جۆرە نەخشانە لەهەموو لەشی حوشترەکان: سەر، مل، سەر بارەکان تا سەرەوەی چۆکیان وەك داوی گۆرەوی، دەبینرێ. زەنگی گچکە لەنێو نەخشەکاندا هەن. حوشترەوانەکان کەجلکی زووری پێستی





مەڕیان دەبەردایە، هەندێجار لەسەر حوشترەکانیان دادەنیشنو هەندێجاریش جڵەویان بەدەستەوە دەگرن.

کاتێ سەعات سێی دوای نیوەڕۆ دەگەڕێینەوە ئوتێل، نازانین چیبکەین. کەسێك پێشنیاریکرد بۆ تەماشای سوسمانلییەکانمان ببا کە لەنزیك دەروازەکانی تاران هەڵیان داوە. سوسمانلییەکان کە لەیەکێك لە ناوچەکانی کوردستان نزیك کرماشان دادەنیشن، بەنێوبانگترینو ناودارترین سەماکەر پەروەردە دەکەن. ئێمە کە لە ئەسفەهانو شیراز –سەمایان شەرافەتمەنداترە– تێنەپەڕیوین، پێمان ناخۆش نەبوو پێش بەجێهێشتنی ئێران، بچینە دیدەنی ئەم جۆرە سەمایە.




حوشتری ترکستان



www.pertwk.com

دوای چارەکە سەعاتێك ڕۆیشتن، ئەو کەسە ئێمەی بردە نێو چادرێك. لەوێ ئەو پیرەمێردەی بۆ پێشوازیمان هاتووە، دامانده‌نیشێنێ. لەسەر چۆك لەسەر مافوور دانیشتووین. چای‌وقاوەمان بۆ دێنن. دوای چارەگێك سێ مۆسیقاژەن دێنن‌و لەبەرانبەرمان دادەنیشن. ئۆرکستەر بریتییە لەقەرەنای‌و دەف‌ودەبنك، یەکەمین سەماکەر دەردەکەوێ. مۆسیقا سەرەتا هێواشەو ئاوازەکەی ئارامە. سەما بریتییە لەراوەستان‌و جوولانەوەی یەك لەدوایییەکی سینگ‌و زگ‌و سمت کە زۆر بەجوانی دەیکا. رەنگی جلکی سەماکەر درەوشاوەیەو دامەنێکی درێژ پێیەکانی دادەپۆشێ. لەبەر ئەوەی بن کراسی لەبەردا نییە، ئەندامەکانی لەشی جوان بەرجەستەدەبن. کراسێکی سوری گوڵچن لەسەر کراسێکی درێژی تەنك کە شتێك لەلەشی داناپۆشێ،



رقص سوسمانلی ها

سەمای سوسمانلی





سینگ‌وشانەکانی مەیلەورووتن. سەری بە چارۆگەیەك بەستراوە کەبەپشتدا شۆڕبۆتەوەو سەماکەر بەردەوام بەرچاوی پێ‌دەگرێ. سەماکەری دووەم دوای سەماکەری یەکەم دێ. جلك‌وسەمایان لێك دەچێ. پاشان ئاوازو کێشی مۆسیقا توندوپڕ دەنگ دەبێ. سەماکەری یەکەم دەچێتە لای دووەم. راوەستان‌و جوولانەوە هەرچەندە بێ‌نەزاکەتانەیە، بەڵام جوانترە. جوانی‌وسرنج راکێشانی بەراستی هونەرمەندانەی سەماکەران دەبێتەهۆی کەم بوونەوەی باری مگێز ئەنگێزانە، هەرچەندە بەبێ ئەوان سەما وشك دەبێ‌و بەرگەی ناگیرێ. دوو سەماکەری دیکەش دێن‌و تێکەڵ بەدووەکەی دیکەدەبن. ئەمن لەراستیدا سەرم سووڕما، چونکە لەسەفەرە زۆرەکانمدا بۆ هیندستان‌و چین‌و ئەوان ناوچان، گەلێ جار بۆ تەماشای ئەم جۆرە سەمایانە چووم. ئەوان ئەم تایبەتمەندییەیان نەبووە. بێ‌شەرمییە زەقەکەیان جگە لەفریوێکی ناشیرین، شتێکی دیکە نەبووە. بەپێچەوانەوە سەمای سوسمانلییەکان سیستەمێکی واقیعی هونەری تێدایە کە شادی دڵگیری کیژان‌و کوڕانە. دوا دیمەن خراپ دەبێ. دوای سەمای ئەو ژنە جوانانە، سەمایەکی دیکە بەڕێوەدەچێ کە زۆر بەدڵی رۆژهەڵاتییانە، بەڵام ئێمە پێمان خۆش نییەو خۆی لێدەدزینەوە. سەماکەرانی ژن بەو سەماکەرانە دەگۆڕێن کەجلکی ژنانیان دەبەرکردووە. کەزییە درێژە هۆنراوەکەیان بەسەر ماسولکەکانیان ئەوان لەگەڵ ژنی راستیدا، پیاو بەهەڵە دادەبا. ئەمانە سێ کەسن، سەمایان هێواش هێواش بارێکی خۆش بەخۆوە دەگرێ. بەڵام زۆری پێ‌ناچێ دەبێتە توندییەکی سەرکەشانە. بەم شێوەیە خۆشی بەشی یەکەمی سەماکە لەنێو دەچێ.



www.pertwk.com

لەبەرئەوەی پاداشتێکی گەورەمان دایە هونەرمەندانی ئەو ئاهەنگە گچکەیە کەتەنیا بۆ ئێمە، بێگوێدانە ئەو کۆمەڵە خەڵکانەی لەبەر دەرگای چادر خڕبوونەتەوە، سازدراوە، گەلێ دۆستانەمان لەگەڵدا جولانەوە. هەر کەدیتیان شەو داهاتووە ویستیان بەگڕی داگیرساوەوە بمانگێڕنەوە، بەڵام تکامان لەرێنوێنە خۆش خزمەتەکەی خۆمان کرد لێیان بپاڕێتەوەو لێگەڕێن بەبێ ئەم تەشریفاتە، بڕۆینەوە.

دەگەڕێینەوە ئوتێل. خەم بۆ ئەوە دەخۆین کە رۆژێك درەنگتر بۆ تاران هاتووینو نەمانتوانیوە بۆ ئەو ئاهەنگە گەورەیەی کە بەبۆنەی لەدایکبوونی شا لە کۆشك بەرپای دەکەن، بانگمان بکەن. بێدوودڵی کاتێکی وا خۆشو بۆ لێکۆڵینەوەی دیمەنە رەسەنەکانی رێورەسمی رۆژهەڵاتی، هەلێکی زۆر باش بوو.

## 15ی تشرینی دووەم

دەچینە ماڵی دکتۆر تولوزانو لەدواییدا خۆشبەختانە دەیبینین. زیاتر لەدوو سەعاتی لەلا دەمێنینەوە. ئێستا سی ساڵ زیاترە دکتۆر لەئێران دادەنیشێو لەچاوەدێری ساغیوسەلامەتی شاهەنشا –ڤل الله– هەوڵێکی تەواوو کۆششێکی زۆرو لەخۆبوردوویی کردووە. گشت ئەو هەژارانەی کە دەرمانی کردوونو بەپارەی خۆی داوودەرمانی داونەتێ، خۆشیان دەوێ. قسە دەگاتە مەسەلەی کەرەنتینە وەك شێوازی بەربەست، کەلەروانگەی دکتۆردا هۆیەکی لاوازو رێژەییە.






بە سوود وەرگرتن لەو زانیارییانەی دکتۆر پێی گوتین، تەنیا باسی ئەم دوو رووداوەی خوارەوە دەکەم کە لەهەموو دیتنەکانی ئەو لەمەڕ تاعوونو کۆلیرا واتە ئەو دوو بەڵایەی بوونەهۆی لەناوچوونی دانیشتوانی ئێران، گرنگترن:

((لەساڵی 1877ی زایینیدا، نەخۆشی سەرتاپاگیرو تەشەنەکەری کۆلیرا لەشاری رەشت دەردەکەوێ و تەواوی گەڕەکەکانی شاری ناوەندی گەیلان دەگرێتەوە: زۆربەی دانیشتوانی شار خانییەکانیان بەجێدەهێڵنو دەچنە گوندەکانی دەوراو پشتی شار، هەتا ئەوانەش کەزۆرتر دەترسان چوونە ناوچەکانی دەوروبەرو چاوەڕوانی تەشەنەکردنی نەخۆشییەکە بوونە، بەڵام نەخۆشی لەدەروازەکانی شار نەترازا، لەگەڵ هەندێش ئەم ناوچەیە کەوتە بەر مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی. ئاووهەوای ناوچەکە گەرمو خاکەکەی ناهەموارو زۆنگاوییەو پڕلەگۆماوە: خواردنی خەڵكو جلکیان خراپەو هەژارن. ئەگەر دەوڵەتی ئێران ئەلقەیەکی تەندروستی بەدەوری شاردا دروست کردبا، دەیتوانی بڵی بەڵاکەی لەبنکەی خۆیدا خنکاندووە. لەگەڵ نێوخۆیی بوونی نەخۆشی، بێئەوەی هیچ هۆیەکی بەربەستیان بەکارهێنابێ، دەیانویست تاعوونی رەشت بدەنە پاڵ تاعوونی ڤتلیانکایی رووسیا. یان هەتا قبوڵ بکەن کە میکرۆبی نەخۆشی بەسەر دەریای قەزوینو بەشی خوارووی ڤۆلگادا تێپەڕیوە. لەنکەرانو باکۆو دەربەندی هەشتەرخانی بەساغو سەلامەتی بەجێهێشتووە تا لەڤتلیانکا گوندە گچکەکەی ماسیگرانی کەناری راستی رووباری ڤۆلگا کەپەیوەندی راستەوخۆی بەئێرانەوە نییە،



www.pertwk.com



شەقامی ئەلماس

راوەستاوەو لەویّ نەخۆشی دروست کردووەو چونکە لەرەشت نەخۆشییەکە خۆی راوەستاوە، هیچ شتێك نایسەلمێنێ کەئەو ئەلقە تەندروستییەی رووسیا لەدەوری ڤتلیانکای دروستکردووە، رێگای لەنەخۆشییەکە گرتبێ)).ئەمەی دەربارەی تاعوون گوترا، لەمەڕ کولێراش راستە:

((لەساڵی 1865ی زایینی نەخۆشی تاعوون لە مەککەو میسر دەردەکەوێ‌و گشت بەندەرەکانی دەریایی سپی ناوەڕاست پیس دەبن. سەرباری ئەو کەرەنتینانەی لەهەموو بەندەرەکانی ئەوروپاشدا، ئەنجام دەدرێن، لەساڵی 1866 دا بەشێکی گەورە هەتا ناوەندی ئەوروپا تووش دەبێ. ئەم نەخۆشییە تەنیا دووساڵ دواتر دەگاتە ئێران. ئەگەر دەوڵەتی ئێرانیش وەك ئەوروپا لەساڵانی





1865و1866 دا کەرەنتینای کردبا، دەکرێ بگوترێ لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا دەتوانرا لەئێران رێگا لەم نەخۆشییە بگیرێ.

((ئێران لەرێگای کەنداوی فارسەوە لەگەڵ هیندستان بەتایبەتی بۆمبای–بنکەی بەردەوامی کۆلیرا، پەیوەندییەکی نەپچڕاوی هەیە. سێ بەندەری سەرەکی واتە بەندەر عەباس‌و بوشەهر لە کەنداوی فارس‌و موحەمەرە لە شەتولعەرەب، هەرسێکیان لەگەرمترین‌و شێدارترین هەرێمی دنیادا هەڵکەوتوون. بۆیە تەواوی هەل‌ومەرجی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆلیرایان تێدایە، لەم شوێنە دیارکراوانەدا، هەرگیز کەرەنتینە نییە. لەگەڵ هەندێش لەساڵی 1821 بەدواوە، لەم رێگایەوە هیچ جۆرە نمونەی هاتنی ئەم بەڵایە لەئێران رووی نەداوە. ئەگەر لەساڵی 1824 دا کەرەنتینەیەك دروست کرابا، واچاوەروان دەکرا لەماوەی شەست‌وسێ ساڵدا، ئەم بەربەستە، ئێرانی لەم بەڵای هیندییە پاراستبا)) .

کەسێك بەناوی شارل–ئامیر فەوج (لێرەدا ئەوروپاییەکان ناتوانن لەرووی کارامەییەوە ناونیشانێکی کەمتر لەئامر لیواو ئامیر فەوج قبوڵ بکەن) هاتۆتە سەردانی دکتۆر. ئەو لەو ئاهەنگە گەورەکەی دوێنێ‌دا بەشداربووە. بەپێی قسەی ناوبراو، ئەم ئاهەنگە بەشکۆیە کەبەشێوازی ئەوروپاییان بەڕێوەچووە، بەشێوەی ئێرانی کۆتایی هات. هەر کەخواردن تەواو بوو، شا هەستاوکاتی چوونەدەر ئاماژەی رۆیشتنیدا. هەموو بانگهێشت کراوان هێشتا نەچووبوونە دەرێ کە ئامیر فەوج‌وئامیر بەتالیۆنەکان، هەتا ئامیر لیواو سەرلەشکرەکانیش، بەکورتی هەموو خەڵکە پایەبەرزەکان ، ماخۆکانی بەرگی عەسکەری بەزاق‌وبریق‌و پلەو نیشانەکانیانەوە بەرەو تەلار شۆڕبوونەوە.



www.pertwk.com

شا بێهێزو بێ شەهامەتە: بیروڕاکانی لەحەزی منداڵێکی نازیمۆك دەچێ، بەدوای شتی سەیروسەمەرەدا دەگەڕێ، تا دڵی رازی بکەن. بەتایبەتی ئێستا کە پیربووەو بەدەگمەن دەتوانێ بڕیارێك بدا بەسوودو ئاقڵانە بێ. بەهەنجەتی لاساییکردنەوەی رۆژئاوا تەنیا لایەنە بچووکەکانی داهێنانو نوێکردنەوە گەورەکانی ئێمە لەبەرچاو دەگرێ. جلوبەرگە بەشکۆکەی خۆی فڕێداوە تا جلوبەرگی ئەورووپایی بەشێوەیەکی تاراددەیەك شایستە بپۆشێ. سامانی خۆی لەکاری بێنرخ خەرج دەکاو رێگا بەدەستوپێوەندەکانی دەدا لەمیانەی حەزوخولیاکانیدا، دەست بەدزی بکەن. رۆژێك، وای بەخەیاڵدا هات فەرمان بدا شوێنێك لەکوێستانێ بۆ راو دروست بکەن. کاتێ پرۆژەی خانووەکە قبوڵ کرا، دەستو پێوەندەکان پێشنیاریان کرد، لەهەردوو لای چەپوراستی خانووەکە، ژووری دیکە دروست بکرێ. شا لەوێ نیشتەجێ دەبێو شوێنەکەی بەدڵ دەبێو فەرمان بەژنانیش دەدا بێنە ئەوێ، بەڵام جێگایەك بۆ خۆی نامێنێتەوەو لەچاوەڕوانی خانوونێکی دیکەدا، لەژێر رەشماڵ دادەنیشێ. بەڵام کاتێ خانووەکەی تر دروستکرا، شوێنە نوێکەی پێ خۆش نابێو حەزێکی دیکەی لێپەیدا دەبێ.

رۆژێك شا ئاگادار دەبێ کە ئینگلیزەکان بۆ راوکردنی مرواری کەتەنیا پاوانی ئێرانە، کەرەستەیەکیان دروست کردووە، وبەو هۆیەوە دەتوانن قووڵتر لەمەلەوانانی ئێرانی بچنە ناو دەریا.





لەبەرهەندێ دەبێ کەشتییەكو چەند تۆپێك بۆ چاوەدێری، بکڕدرێن. بڕێك پارە، تەرخان دەکرێ بۆ ئەوەی کەشتی لە بەرمن یان هامبۆرگ دروست بکرێ (چونکە با بەرەو ئەڵمانیا هەڵی کردووە): لەئەنجام دا، کەشتی دەگاتو شەش مانگ لەکەنداوی فارس دەمینێتەوەو لەو ماوەیەشدا گەرما لەخراپ کردنی کەشتییەکە درێغی ناکا. بەڵێ، بیریان لەپاراستنو دانی مووچەی کارمەندانی نەکردۆتەوە. کەشتی رۆژ لەدوای رۆژ خراپتر دەبێ. بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگیرێ، دەبێ بنێردرێتەوە ئەڵمانیاو لەوێ چاك بکرێتەوە، بەڵام کەس جورئەت ناکا لەمەڕ لەشی کەشتی لەکارکەوتوو، خۆی بخاتە مەترسییەوە.

لەم وڵاتە هەژارەدا هەموو شتێك بەرەو ئاژاوەو پشێوی دەڕواو ئیشوکارەکان رێكوپێك نین. لەگەڵ هەندێش لەتاران خوێندنگایەك هەیە، بەڕێوەبەرایەتییەکی رێكوپێکی هەیەو لاوان فێرە زمانی فەرانسیو رووسیو ئینگلیزیو حیسابو فیزیاو کیمیاو جوگرافیاو مۆسیقاو هونەری عەسکەری دەکا. هونەری عەسکەری لەلایەن ئەفسەرانی ئەلمانی بێئەزموون دەگوترێتەوە. کوڕی شا کە جێگری شاو وەزیری شەڕە، بۆئەوەی سەربازەکانی لەهونەری عەسکەریدا پێبگەن، بیری لەدامەزراندنی خوێندنگایەکی عەسکەری کردۆتەوە: بەڵام بەبێ بیرکردنەوە دەربارەی ئەو پرەنسیپانەی لەلایەن ئەفسەرانی ئەلمانی خوێندنگای سەرەتایی لەزەینی لاوان دا رەگی داکوتاوە. ئەم خوێندنگا باڵایەی بە ئەفسەرانی نەمسایی سپاردووە کەشێوازو تەکنیکی جەنگییان جودایە.

ناسرەددین شا رەنگە بەهۆی سستیو نەرمی بێ، کە رێگا دەدا کارەکان بکرێن، پاشان هەڕەشە دەکا کەسەر دەبڕێ، بەڵام کارێك



www.pertwk.com

شا، بێجگە لە کوڕەکەی کە فەرمانڕەوای تەورێزو جێگرەو پێشتر ناسیومانە، کوڕێکی گەورەتری هەیە بەناوی (زیل ئەلسولتان) ( بەمانای سێبەری سوڵتان) کەویستویەتی بەسوود وەرگرتن لەماف گەورەتربوونی، لەسەر تاج وتەخت لەگەڵ براکەی شەڕ بکا.

چەندە موزەفەرەدین میرزا پیاوێکی لەسەرخۆو ئارامە، زیل ئەلسوڵتان–یش ئەوەندەی ئەو چالاك و توندوتیژە. ئەوکەسەی کە پێشتر زۆر زاڵم بووە، ئێستا دادپەروەری کردۆتە پیشە: هەرچەندە هێشتاش دەست لەبڕینی گوێ و لووت و دەست و ئەندامی دیکە ناپارێزێ، بەڵام زۆربەی ئەوانەی ئەو سزایانە وەردەگرن، بێ گوناهیش نین. ئەو کە فەرمانڕەوای ئەسفەهانەو ویلایەتە جوانەکانی خوارووی ئێران: خوزستان و فارسستان و لوڕستان کەوتوونەتە ناو قەڵەمڕەوی حوکمەکەی. ئەو کە کەسێکی بەهێزە، زانیویەتی چۆن باج و دەرامەت کۆبکاتەوەو سوود لەو ناوچانە وەربگرێ کە لەژێر دەستەڵاتی ئەودان. سەر بۆ باوکی دانانوێنێ. رۆژێك ناسرەددین شا داوای ئەو باجانەی لێدەکا کەلە ناوچەکانی خۆی وەریگرتوون، وەرامی باوکی دەداتەوە کە ناتوانم هیچت بدەمێ. تۆ کە داواکاری





سوپاو سەربازو تۆپخانەت دەوێ، دەبێ پارەیان بۆ خەرج بکەی. ئەگەر پارەت لەمن دەوێ وەرە، لێم بستێنە. لەشکری من زۆر لە لەشکری براکەم بەهێزترە. رەعیەتەکانم بۆ من وەفادارن. من دەتوانم هەمووی بەئەستۆوە بگرم.


ئێستا پەیوەندی نێوان باوك وکوڕ کەمێك ساردە. نازانم بۆ چ رووداوێك (زیل ئەلسوڵتان) هەموو وەزیرەکانی خۆی کۆکردۆتەوەو ئەم بەیاننامەیەی خوارەوەی بڵاوکردۆتەوە: ((ئەمن خەریکم پیر دەبم و لەدەستەڵات ماندووبومەو دەمەوێ واز لەحوکم بهێنم: ئارەزووم ئەوەیە وەك چۆن بۆ من وەفادار بوون، هەر بەو شێوەیەش بۆ جێگرەوەکەم وەفادارین. لێتان رازیم، بە ئومێدم ئێوەش لەمن رازی بن. درێژە بە ئەرکەکانی خۆتان بدەن)). ئەم بەیاننامەیە لەچاپەمەنییەکاندا بڵاوکرایەوە. شا بە خوێندنەوەی بەیاننامەکە، سەری سووڕما. رۆژنامەکەی راگرت و کوڕەکەی خۆی بانگ کرد. ئێستا بەنیگەرانییەوە، چاوەڕوانی ئەنجامی ئەم دیدارەن.

پاشان کاتەکەمان بۆ چەند دیدارێك تەرخان کردو کەمێك گەڕاین، بەڵام بەهۆی ئاووهەوای ناخۆش، ماوەکەی زۆر کەم بۆوە. باران و سەرمایە. بۆ نانی ئێوارە دەچینە ماڵی دوکتۆر تولوزان. لەسەر مێزی نانخواردن، ژمارەمان دەبێتە پێنج کەس: خودی دوکتۆرو ڤیلیێ و خانمەکەی، لۆمەرو هامیلین و من.

لۆمەر سەرۆکی مۆسیقای عەسکەری شا، خاوەنی خەڵاتی پەیمانگای پاریس و سەرۆکی پێشووی مۆسیقای پیادە–سوارەیە. لەوکاتەی هاتۆتە ئێرانەوە، بەهۆی کارەکەیەوە پلەی بەرزی ژەنەراڵی پێدراوە. کارەکەی، کارێکی ئاسان نییە، چونکە شاگردەکانی دەبێ زۆر هەوڵ



www.pertwk.com



شەمس العمارە





شا پێی دەڵی: ((سبەینێ جەژنی منە. دەمەوێ سڵاو بە مارشی نیشتمانی دەست پێبکا. مارشێك دروست بکە)). لۆمەر دەڵی کات بۆ ئەنجام دانی کارێکی وا زۆر کەم بوو. ئەگەر تەواوی شەویش بە دانانی مارشێك تەرخان بکاو بیکاتە ئۆرکسترایەك: مۆسیقارەکان ناتوانن فێری بن. ئەمە بۆ شا بایەخی نییە. ئەو سەرۆکی مۆسیقای لەپاریسەوە نەهێناوە کە لەبەرانبەر یەکەمین خواستیدا، بیانوو دابتاشێ. هاوونیشتمانییەکەمان دەگەڕێتەوە ماڵو خەریکی کاردەبێ. لە سەعات هەشتەوە تا نیوە شەو هەموو بەشەکانی کارەکە تەواودەکا. هەموو مۆسیقارەکان بانگ دەکرێن: هەرکەس بەشی تایبەت بەخۆی دەنووسێتەوەو پرۆڤەی لەسەر دەکەن. تەواوی شەو خەریکی پرۆڤە دەبن. وەك شاهەنشا ویستبووی، بەیانی بەئاوازی سروودی نیشتمانی لەخەو را دەبێ.

بۆ ئەوەی خواردنەکەی ئێوارەمان خۆش بێ، دوکتۆر چەند خواردنێکی ئێرانیشی دروست کردووە. سێ جۆرە برنج بەشێوازی ئێرانی لێنراوە، کتە کە بەبرنجی کوڵاو دروست کراوە: چەلۆ یان برنجی سادە کە بەهێواشی دەکوڵێنرێو دواتر دەخرێتە ناو مەنجەڵێکی سەرداخراو تادێم بکێشێ: پڵاو کە کەبابی مەڕیشی لەگەڵ دایەو زەعفەرانی رەنگاورەنگ دەیڕازێنێتەوە.

ڤیلیێ باسی کارەکانی خۆیمان بۆ دەکا: لەم کاتەدا خەریکی جادەیەکە بۆ گالیسکە لەنێوان تاران‌وتەورێز دروست دەکرێو لەوێشەوە بۆ جەلفا درێژ دەبێتەوە. بەڵام لەمەڕ ئەو ڕێگایەی دەچێتە رەشت، تەقریبەن پشت گوێیان خستووە. ئەوکاتەی شا، یەکەمین سەفەری بۆ ئەورووپا کرد، زۆر موعجیبی جادەکانی ئێمە ببوو. شا



www.pertwk.com




تەختی تاوس

بەبێ هودە زانیو قازانجەکەیان لەنێوان خۆیان بەش کرد. ئێستا جادەکە خەریکە خراپ دەبێ، وەك هەمیشە دەربارەی بودجەی





پاراستنی،بیریان نەکردۆتەوە. بەڵام لەمەڕ بەشی دووەم کە دەبوو قەزوین بەرەشت ببەستێتەوە، دەستی پێنەکراوە. بۆ ئەوەی جادەکە بۆ عارەبانە دەست بدا، نزیکەی سەد هەزار فرانکێکی دەوێ. شا بەهەنجەتی ئەوەی نابێ هیچ کارێك بەنیوەچڵی بکرێ، دەیەوێ بیست ملیۆن فرانك کە ناتوانێ پەیدای بکا، خەرج بکا. کارەکان هەمیشە دەخەنە ساڵی دواتر.

شا زۆری حەز لەجوگرافیایە، ئەو لەکۆشکەکەی خۆیدا گۆیەکی زەوی هەیە لەزێڕ دروست کراوەو دەریاو کیشوەرەکانی بە بەردی بەهادار تێدا نیشان دراوە. ئایا باشتر نەبوو ئەو پارەیەی گێلانە بۆ ئەمە خەرج کراوە، بۆ نەخشەکێشانی وڵاتەکەی کە بەشە هەرە گەورەو گرنگەکەی هەرگیز دەستی لێنەدراوە، تەرخان کرابا؟ ناوچەی خەرقان کەوتۆتە نزیکی دەروازەکانی تاران‌و یەکێکە لە شوێنە ئاپۆڕەکان، لەسەر نەخشەکان وەك بیابانێکی چۆڵ‌و بێ دانیشتوان‌و نەناسراو دیارە.

نامەوێ من بەدژە ئێران تۆمەتباربکەن. ئەوەی دەینووسم شتێکە خۆم بەچاوی خۆم دیومە یان لەسەرچاوەی باوەڕ پێکراوم وەرگرتووە. ئەم باسانە، هەرچەندە لەوانەیە بەخەیاڵ بێنە بەرچاو، بەراستی واقیعە. ئەمن گەیشتوومەتە ئەو ئەنجامەی کە وڵات بەهۆی خراپی کارگێڕییەوە بەرەو وێرانی هەنگاو دەنێ.

بەحکومەتێکی چالاك‌و دروستکارو هۆشمەند، ئێران دەتوانێ ببێتە میللەتێکی گەورە. لەباری ئێستادا، ئەرکی سەرشانی یەکێك لەکاربەدەستانی حکومەتە کە بەزۆر حکومەت بەدەستەوە بگرێ. یەکێك لەدەربارەییەکان دیارە لەرووی دڵسۆزییەوە پێشنیارێك دەداتە



www.pertwk.com

لەناو دەربارێکی وادا کە ئەندامەکانی شایستەنین، وەك هەموو دەڵێن کەسێك هەیە نموونەی پیاوی شەریف‌و واقیعی، وەك پیاو ماقووڵە کۆنەکانی ئێران. ئەم پیاوە، مستەوفی ئەلمەمالیك–ی وەزیری گەورەو سەرۆك وەزیرانە. وەك هەموو ئێرانییەکان، بەپارە کاروپلەوپێگە دەدا. ناکرێ بەبێ پێشکەشییەك، پلەو پێگەیەك بەدەست بهێنرێ. بەڵام لەگەڵ هەندێش، ژمارەیەکی زۆری خستۆتە سەرکارو رۆژانە پارەیەکی زۆر دەداتە هەژاران. کەسایەتییەکی زۆری دیکە کە لەئەورووپا پەروەردە کراون یان خوێندنێکی باشیان کردووە، هەوڵ دەدەن چاکسازییەك بخوڵقێنن. دڵسۆزیو جۆش‌وخرۆشی ئەوان، لەباتی ئەوەی رێزی لێ بگیرێ، دەبێتەهۆی تووڕەیی شاو زۆربەی کات زیندانی دەکرێن.

## 16ی تشرینی دووەم

بەیانی بەرگدرووێکی ئەرمەنیم بانگ کردو بۆ کۆتایی سەفەرەکەم جل‌وبەرگێکی سەنگین بەرادان دەدەم. هەست بەسەرما دەکرێ‌و خەریکە زستان نزیك دەبێتەوە. هێشتا سێ چوار ئەندازەی نەگرتووە، دەڵێ باشترە ئەم جل‌وبەرگە لەپاریس بدوورم.





لەبالوێزخانە نانی نیوەڕۆ دەخۆین‌و دەگەڕێینەوە ئوتێل. دوکتۆر تولۆزان بەلوتفی خۆی هاتۆتە ئوتێل تا بۆ تەماشاکردنی کۆشکی شا لەگەڵ خۆی بمانبا.

لەجادەی گەڕەکی ئەورووپاییەکان دێینە خوارێ، دەگەینە مەیدانی تۆپخانە. ئەم مەیدانە شەش دەروازەی هەیە: بەرووی شەش جادەی سەرەکی شار دەکرێنەوەو بەحەوزێك رازاوەتەوە کە دەوروبەری چوار تۆپ‌و کۆمەڵە گوللەیەکی لێدانراوە. دوو دەروازەیان، مایەی سرنج دانن. نموونەو زەوقی بیناسازیی ئێران نیشان دەدەن. یەکێك لەوان، دەروازەی ناسرییە کە دەگاتە شەمس ئەلعمارە، ئەمە هەر ئەو جادەیەیە کە دەگاتە بازاڕ. ئەوی دیکە دەروازەی تۆپخانەیە کە بەرەو جادەی ئەلماسیە دەکرێتەوە. هەر لەم جادەیەوە درێژە بەرێگای خۆمان دەدەین‌و دەگەینە کۆشك. یەکەم جار لەبەرانبەر وەزارەتی جەنگ ( ژووری نیزام) تێدەپەڕین. ئەمە کۆشکێکی جوانە لەناوەندی باغێکی پڕ لە دارودرەخت دروست کراوە. دارو درەختەکانیان تا سەرەوە هەڵپەرداوتووە تا هەوا لەژێر ئەم چەترە بەشکۆیە سەوزەوە هەڵبکا. نزیك لەئێمە، رێك لە بەرانبەرمان، دەروازەیەکی گچکە هەیە، لەوێوە دەچینە سەرا.

ئەرك یان کۆشکی شار تەنیا لەیەك بینایە پێك نەهاتووە، بەڵکو بریتییە لە کۆمەڵە بینایەیەك کە لەناوەڕاستی حەوشەی بەردڕێژو باغ‌و حەوزەکانی دروست کراون. دوای رەت بوون لەیەکەمین حەوشەی پڕ لەدارودرەخت‌و پردۆکەیەك لەژێر یەکەمین بینایە، خۆمان لە حەوشە بەردڕێژەکە دەبینین کە دەوروبەرەکەی بەدارو



www.pertwk.com

درەخت گیراوەو حەوزێکی گەورە لە ناوەڕاستیەتی.لەبەرانبەردا، تەلار یان هۆڵی تەخت هەڵکەوتووە کە ژوورێکی زۆر گەورەیەو بەسەر حەوشەکەدا دەڕوانێ و بانیژەکەی بەدوو ئەستووندەی گەورەی مەڕمەڕ، ڕاگیرکراوە.

ئەستووندەکان بەوەستایی گوڵ و گوڵزاریان لێنەخشاندوون و تەختێکی مەڕمەڕیش لەناوەڕاستی تەلار دانراوە. دوازدە پەیکەری ئەستووندە ئاسا سەرپۆشە گەورە مەڕمەڕەکەیان لەبەرزی یەك مەتردا ڕاگرتووەو لەدەوروبەریدا پلیکانێکی مەڕمەڕ کە تۆڕئاسا تاشراوەو بالیفێکیش داتاشراوە. لەرۆژە بەشکۆکان، وئامادەبوونی خەڵکی، شا لەسەر مافوورە بەنرخ و دەگمەنەکان کە لەسەر تەختەکان دایانناون، دادەنیشێ. تەواوی لێپرسراوەکانیش لەدەوروبەریدا لەسەر چۆك دادەنیشن. لەوکاتەدا ئەو پەردە گەورانەی کەتەلارەکەیان داپۆشیوە، لادەدرێن: شاهەنشا بەگەورەیی خودایەك، لەبەردەم ئەو خەڵکەی لەسەر زەوی دانیشتوون دەردەکەوێ و گوێ لەسکاڵاکانیان دەگرێ. لەدەوروبەری تەلار چەند تابلۆیەکی کۆن، قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی فەتحعەلیشا ( باپیرە گەورەی ئەم شایە) نیشان دەدەن. ئەو، بەئاسانی بەهۆی ئەم ردێنە ڕەشە گەورەیەی شانازی پێوە دەکرد، دەناسرێتەوە. لەبەردەم ئەم حەوشەیەدا، باغێکی گەورە هەیە پێی دەڵێن گوڵستان. جادە گەورەکان بەردڕێژن و کە لەکەنارییاندا جۆگەلەی ئاو کە بەکاشی دروست کراوە، ئاوێکی سازگاریان بەناودا دەڕوا. درەختی گەورە گەورەی جوان وەك ئەوانەی لەباغی کۆشکی نیزامدا دەبینرێ، گونبەتە سەوزاییەکیان دروست کردووە کە لەبەرانبەر هەتاو سەیوانێکەو ڕووناکی لە کونی گەڵاکانی خۆی





تێدەپەڕێنێ. حەوزونافوورەکانی ئاوی ژیانبەخش، خۆشی کەش وهەوا زیاتردەکەن. پردۆکەی ئاسنین و کۆشکەکان بەشووشە ڕەنگاورەنگەکانیان ئارایشی بیناکان تەواو دەکەن. ئەمە باغی شایە.

دیوارەکان بەو کاشییانە ڕازاونەتەوە کە ریزی سەربازەکان بەئەندازەی ئاسایی بەجل وبەرگە سرنج ڕاکێشەکانیان نیشان دەدا. پانتۆڵی سوور یا زەرد، کراسی شین یا سەوزی ڕازاوە بەقایش و نیشان، کڵاوی بوخارایی ڕەش لەسەر دەموچاوە سوورو گەشەکەیان دانراوە، سمێڵی گەورەو برۆی ترسێنەرو زۆر ڕەش نەیتوانیوە سیمایەکی ئازایانەیان پێببەخشێ. پاپووچەکەیان کە پێڵاوێکی رەقە، ژێرەکەی بەتەواوی ناکەوێتە سەر زەوی، وێنەکێش لەبیری نەخش کردنی زەویدا نەبووە.

دەرگای چوونە ژوورەوەی کۆشك بەتایبەتی ڕووەو ئەم باغەیە. دەرگایەکی لەشووشە دروست کراو بەرووی پلیکانێکی جواندا دەکرێتەوە، بەشێوەیەکی ناشیرین بە برۆنز ڕازاوەتەوە. لەپلیکانەکە وەسەر دەکەوین، دەچینە دارئەلشوورا.

ئەم شوێنە، ژوورێکی گەورەی چوارگۆشەیە و هەرچییەکی تیایەتی، هەر شتێکی غەیرە ئەورووپاییە، نایابە. دیوارو بیناسازییەکەی ناوەوەی بەئاوێنە ڕازاوەتەوەو لەم جۆرەدا، ڕازانەوەی ئێرانیان سەرقافڵەی هەمووانە. لەسەر زەوی، تەختە مافوورێکی دەستکاری هەراتەو لە جوانیدا بێ کەموکورتییەو لەگۆشەیەکیدا تەختی تاووس دانراوە، ئەم تەختە، نادرشا لەساڵی 1740 لەدەهلی لەئەحمەد شا ی گەورەی مەغۆلی گرتووە. بەهای ئەم تەختە مەزەندە ناکرێ. ڕووەکەی بەتەواوی بەزێڕ داپۆشراوەو، گەوهەرنیشانە. لەسەرەوەی



www.pertwk.com

. شوێنەکانی دیکەی ژوورەکە بەچلچرای ڤێنیسی، موبێلی چینی، موبێلی لەدار دروست کراوی زێڕین، سەعاتی دیواری لە مس دروست کراو، ژێر تۆپە شووشەییەکان، رازاوەتەوە. ئەتەکێتێکی سەوزیان خستۆتە سەر ئەم سەعاتانە کە نرخەکەیان نیشان دەدا (13 فرەنك‌و 90، 15 فرەنك‌و 65). جیلوەی ئەتەکێتە سەوزەکە لەسەر زەردیی مسەکە، جوان دیارە. هەروەها چەند گوڵێکی دەستکرد لەناو گوڵدانەکان دانراون.

لەپلیکانەکە دێینە خوارێ‌و لەبەرانبەر کتێبخانەیەکی پڕ لەکتێبی دەستخەتی سرنج راکێش، تێدەپەڕین. باس کردنی هەموو ئەو ژوورانەی بەناویان تێدەپەڕین درێژدادڕییە، بێجگە لەوەش، شتێکی تایبەتییان نییە. ژمارەیەك لەو ژوورانە، زۆر بە وردی تەختە پۆشیان کردووون . ژوورێك، بەشێوەیەکی ئاسایی، سوڵتانی تێدا دادەنیشێ، ژوورێکی گەورەی چوارگۆشەیە کە بە پێنج چلچرای ڤێنیسی رازاوەتەوە.

دیوارەکان بەکاغەزی نەخش کراو رازاونەتەوە و پڕن لە مودێلی وێنەی ژنان‌و بەچاپی رەنگاورەنگ لە شەکرەسێو دروستکراوە. لەسەر زەوییەکە، مافوورێکی زۆر نایاب راخراوە کە شا لەسەری دادەنیشێ. موبێل‌و کورسییەکان بەکارناهێنرێن. لەو تەلارە تێدەپەڕین دەگەینە نارنجستان کە رووبارێك لەنێوان دوو ریزی درەختی نارنج کە لەناو تەشتێکی گەورەدا چێنراون، دەڕوا. لەم بەشەدا، دەرگای بەناوبانگی شوێنی راینەکانە، پیاوان بۆیان نییە





بچنە ناوییەوە: ئەمە هەر ئەو دەرگایەیە کە دەچێتە ناو ماڵی شا واتە خانووی ژنانی شا.

لەم بینایە دەچینە دەرێ‌و دوای رەت بوون لەباغ، دەگەینە رۆژی کۆشکەکان واتە شەمس ئەلعەمارە. لەسەرەوەی پلیکانێکی بەرین کە ئەولاو ئەم لای، برۆنزی زۆر جوانی ئێرانییە، ژوورێك هەیە لەتەلار دەچێ، بەڵام کەمێ گچکەتر کە تیایدا دوو پەردەی گۆبلینی بەناوبانگ هەیە و لەلایەن (لویس فیلیپ)ەوە پێشکەشی محەمەد شای باوکی ناسرەددین کراوە.

لەتەك شتە نایابەکانی ئێران، کەل‌وپەلی بێنرخی ئەوروپاییان داناوە. لەگۆشەیەك دا سەعاتێکی میکانیکییان داناوە کە لەلایەن ئینگلستانەوە پێشکەش کراوە. کاتێ لەهەوەڵی سەعات، زەنگ لێدەدا، تاووسێك چەتر هەڵدەداو بانگ دەکا، هەر لەوکاتەدا پەرستگایەکی چینی دادەمەزرێ، چەند جۆگەلەیەك لەبلوور بە رێ دەکەون. ئەم شتە سەرەتا بۆ ئیمپراتۆری چین ئامادەکرابوو، ولەرێگابوو، بەڵام لەساڵی 1866 شەڕ دەستی پێکرد. ئینگلستان کە نەیدەویست دیارییەکە لەناو بچێ، لەنیوەی رێگا رایگرت‌و پێشکەشی شای ئێرانی کرد. ئەم کۆشکە هەرچییەك بێ و هەرچەندە بێ دوودڵی لەگەڵ زەوق‌و ئەندێشەی بیناسازییە باشەکەی ئێمەدا ناگونجێ، بەڵام دەتوانرێ بخرێتە ریزی کارە هونەرییە درەخشانەکانی ئێران.

هەروەك پێشتر گوتم، شا حەزی لەجوگرافیایەو بەشێوەیەکی گشتی ئاشقیەتی. لە بینایەکی بچووك کە بەزۆری لەوێ بەتەنیا دەمێنێتەوە،



www.pertwk.com

لەناو چەندان ژووردا چەند نەخشەیەکی هەڵواسیوە. شا زەوق و ئاکاری بیابانگەڕێکی هەیە. ئەو هەرگیز لەژووری نان ناخواو ناخەوێ. ئارەزووە گرنگەکانی، راوو ئەسپ سواریو ژیان لەکەش و هەوایەکی ئازادە. حەزی لێیە لەشار بچێتە دەرێ و لەبەیانییەوە تا ئێوارە لەشوێنێك لەگەڵ هاورێکانی بمێنێتەوە.

لەبەرانبەر شەمس ئەلعەمارەدا، حەوزێکی ئیجگار گەورە هەیە کە بەزۆری شا بەتەنیا لەگەڵ ژنەکانی بە بەلەم بەناویدا دەگەڕێ. پێش چەند مانگێك شا لەندەنی بۆ دروست کردنی سێ تایەیەك راسپارد. کاتێ ئەو شتە گەیشتە تاران، فەرمانی دا لەلایەن



اندرون یک حرم (اقتباس از یک تابلوی نقاشی ایرانی)

ناوەوەی حەرەمیك





یەکێك لەوەزیرەکانی لەسەر شۆستەی کەنار حەوزەکە تاقی بکرێتەوە. بێچارە وەزیر ئاگاداری شتی لەم جۆرە نەبوو، بۆیە دوای دووجار سووڕانەوە بەدەوری حەوزەکە، رێك کەوتە ناو حەوز. هەموو ئەوانەی لەماڵی شا دەژین، لەودیوی پەنجەرەکانەوە تەماشای ئەم دیمەنەیان دەکرد، وشا وەك ئارەزوو بۆ ئەوەی دیمەنەکە بەردەوام بێ، تا وەزیر لەخنکان نزیك نەبۆوە، فەرمانی نەدا بەهاوارییەوە بچن. واپێدەچوو، ژنەکانی حەرەم زۆریان کەیف سازبووبێ. هەروەها سەردانی زین خانەی شامان کرد: شا زینی زۆر جوان و قایش و زرێی زۆر دەگمەنی هەن.

لەناو کۆشکدا تەکیەیەك (تەکیە جۆرە شانۆیەکی ئێرانییە) هەیە. ئەم بینایە لەسێرك دەچێ. لەم لاوئەولای، سێ چین شوێنی تایبەتی هەیە کە لەخشت ودار دروست کراون و لەژێر ئەم شوێنە تایبەتییانە (لۆژ)، چەند سەکۆیەك بۆ ژنان ئامادەکراون. لەناوەڕاستی تەکیەکەدا، سەکۆیەکیان دروست کردووە کە لەباتی تەختەی شانۆ دانراوە. لەدوو رێڕەوەوە بۆ ناوەڕاستی تەکیەکە دەچن. لەگۆشەیەك، لەسەرەوەی پلیکانەیەك، مینبەرێك هەیە کە تیایدا مەلایەك کە بەڕێوەبەری رێورەسم و شیوەن و پرسەیە، دادەنیشێ. لەسەر تەکیەکان شیشی کەوانەیی و درێژ دانراون بۆ ئەوەی چادری گەورەیان بەسەر دا بدەن تا هەتاو کاریگەر نەبێ.

پرسەگان (ئەم ناوەیان لەم شانۆییانە، ناوە) سەرچاوەکەی رووداوە ئایینییەکانی سەرەتای ئیسلامن. بەشێوەیەکی سەرەکی دەربارەی رووداوەکانی رەگی مەزهەبی شیعە دەدوێن. لەگەڵ هەندێش، بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێ لەگەڵ رێورەسمی ئێمە کە شیعری تێدا نییەو



www.pertwk.com

شانۆییەکان لەمانگی موحەرەم دەکرێن‌و زۆربەی خەڵکی بەشداری تێدا دەکەن‌و لەپازدە رۆژی یەکەمی ئەم مانگەدا، دەبێتە خەووخۆراکیان. خودی شا لەگەڵ بەشی سەرەکی ژنەکانی بەشداری ئەم رێورەسمە دەکا. لەگەڵ هەندێش مەلاو سەرۆکەکانی مەزهەب، پرسە مەحکووم دەکەن، چونکە لەرووی روداوەوە،




حەوشەی تەخت





شانۆییەکە زۆر لەدەقی رۆحی قورئانەوە دوورە. بەڕێوەبردنی پرسە لەگەڵ هەندێش، کارێکی خێرەو هەر کەسێك بەهەر شێوەیەك لەئامادەکردن‌و بەڕێوەچوونیدا یارمەتییەکی پێشکەش کردبێ، بەئومێدە کەم‌وزۆر پاداشتی دوارۆژی پێ ببڕێ.

پێش دەست پێ‌کردنی رێورەسمی پرسە، هەندێ‌جار روودەدا کە دوو سەعات خەریکی خۆ ئامادەکردن دەبن. لەو دەمەدا رێوڕەسمی سینەکوتان‌و لاواندنەوە بەڕێوەدەچێ. لەم میانەدا شەربەت‌وچای بەخۆڕایی لەلایەن کوڕە لاوەکانی بنەماڵە دەوڵەمەندەکان دەدرێتە خەڵکی. پیرەمێردو میرزاکان بەناو خەڵکدا دەسووڕێنەوەو خەڵکەکە گوڵاوپڕژێن دەکەن. کوڕە غولامەکانی شاو ئەفسەرانی لەشکر مەسینەی مسیان لەپشتەو بەیادی لێوە وشك هەڵاتووەکان‌و شەهیدانی کەربەلا، ئاو بەخەڵکی دەدەن. ئەو شتەی لەهەمووان زیاتر، مایەی سەرسووڕمانە، ئەو دیسپلینە تەواوو ئارامییە بە ئەدەبانەیە کە باڵ بەسەر خەڵکەکەدا دەکێشێ.

لەپڕ دەنگی دەهۆڵ‌و ئاوازی کەڕەنا ، وەعزو سینەکوتان دەبڕێ‌و دەنگی بەهێزی قەرەنای، هاتنی ئەکتەرەکان رادەگەیەنێ‌و پرسە دەست پێ‌دەکا.

هیچ جۆرە رێورەسمێکی شانۆ بەو مانایەی ئێمە دەیکەین، بوونی نییە. باس کردنی پرسە، بینەران تێ‌دەگەیەنێ کەئەوان لەناو چادر یان لەدەشت یان لەژوورێکی شاری مەدینە یا کەربەلا دان. خەیاڵی ئەوان دەبێ شانۆ لەزەینیاندا بەرجەستەبکا، هەتا لەوانەیە لەسەر سەکۆ لەیەك کات دا چەندان شوێن کە لەدنیای واقیعدا زۆر لێك دوورن، ئاوێتەی یەکتربن. بەمە سەری کەس سووڕ نامێنێ.



www.pertwk.com

بەرزاییەك كە لەتەك دیوار بەهۆی كەپرۆكەیەك هێڵراوەتەوە، پاشكۆی سەكۆكەیە كە نزیكەی پازدە پێ بەرزەو پێی دەڵێن تاقچە. هەموو ئەكتەرەكان لەسەر سەكۆكەوە بۆ ئەم تاقچەیە دێن‌و دەچن. لێرەدایە كە كەسایەتییەكانی شانۆ خۆیان بۆ دەركەوتن ئامادە دەكەن. بێجگە لەسەكۆو لۆژو جێگایەك ئەوەندەی سێ یان چوارپێ كە هەمیشە لەدەوروبەری شانۆ بەچۆڵی بەجێی دێڵن، شوێنەكانی دیكە بۆ هەمووان كراوەتەوە تیایدا دانیشن‌و راوەستن. ئەم كۆڕە، بەمسۆگەری بەمانا كلاسیكییەكەی سیمایەكی جوانی نییە ، بەڵام بەشكۆو رێزدارو دڵگیرە. هەركەس، شتە باش‌و جوان‌و بەنرخەكانی خۆی بۆ رازاندنەوەی شانۆو جل‌وبەرگی كاراكتەرەكان‌و زین‌و كەل‌وپەلی ئەسپەكان هێناوە.

كاراكتەرەكان توێژێكی بەرێزو بەشكۆن‌و خەڵكی رێزێكی زۆر لەو كەسانە دەنێن كە كەل‌وپەل‌و كەرستەی پێویستیان بۆ دێنن. سەیدەكان خۆشیان بەپێچەوانەی بیروباوەڕی زاناكان هیچ باكیان نییە خۆیان بەكاروباری پرسەكەوە خەریك بكەن. خەڵكیش كاتێ دەبینن، ئەو ستەم‌و ناخۆشییانەی لەشەهیدانی كەربەلا كراوە، لەلایەن نەوەكانیانەوە خراوەتە سەر شانۆ، بەپەرۆشترین





سۆزوعاتیفەیان تێدا دەووژێنن، ئافەرینیان دەكەن‌و رێزیان لێدەگرن. كاراكتەرەكان بەشێوەیەكی ئاسایی رۆلی خۆیان لەنووسینێكدا دەخوێننەوە، بەڵام بەزۆری لەبەر دەیلێن‌و ئەم كارە پەسەندترە. ئەوان زۆر بەتەنگ جل‌وبەرگەوە نین‌و بەهیچ شێوەیەك رێساكانی پەیوەست بەشانۆ لەبەرچاو ناگرن. ئەو شتەی لەهەموو شتێ زیاتر بایەخی پێدەدرێ، رووداوەكان‌و شكۆدان بەو كەسایەتییانەیە كە رۆلی گرنگ دەگێڕن. خەڵكی بیر لەوە ناكەنەوە لەخۆیان بپرسن ئایا بنەماڵەی پێغەمبەر ئەم جۆرە جل‌وبەرگانەیان كردۆتەبەریان یان نا، لەبارێكدا وەك دەڵێن ئەو بنەماڵەیە زۆر بەهەژاری ژیاون‌و تەقوایان كردووەو زۆریش لەخوا ترساون.

باروجولانەوەو رەفتاری شانۆ هیچ رێساو بنچینەیەكی تایبەتی نییە. كاراكتەر لەهەر لایەك بیەوێ دێتە سەر شانۆو بەو شێوەیەی كە دەتوانێ خۆی تەنیا سادەو بەشكۆ یان دەستەپاچەگی سروشتی خۆی، دەردەخا. بەڵام كاراكتەر لەبەرئەوەی خۆیشی لەوەی خەڵكی هەستی پێدەكەن، زیاتر بایەخی ئەو رۆلە دەزانێ كە دەیبینێ، لەناخەوە كار دەكاو لەئەنجامدا كاریگەرییەكی زۆری بەسەر خەڵكەوە هەیە. زۆربەی جار، شانۆ بەشێوەیەكی وا بێحاڵی دەكا، لەبیردەكا كە بەو راستییەی دەری دەخا، هەندێ جار بەشكۆو هەندێ جاریش ترسناك دەردەكەوێ.

پێویستییەكی گرنگی پرسەبارە كایەكە كە كاراكتەرەكان كەمێكی لەگەڵ خۆیان بۆ ئەو جێگایە دەبەن كە دەیانەوێ رۆلی خۆیان بخوێنن. ئەم كایە، لمی بیابانی كەربەلا دەنوێنێ‌و، ئەگەر ئەكتەر لەبیریشی بچێ، بەڕێوەبەری پرسە هەرگیز لەبیری ناچێ. بەڕێوەبەری



www.pertwk.com

لەناو ئەو شانۆنامانەی ئیلهامیان لەرووداوەکانی کەربەلا وەرگرتووەو بۆتەهۆی جۆش‌وخرۆشێکی زۆری خەڵکی، دەبێ زەماوەندی قاسمی کوڕە گەورەکەی حەسەن‌و برازای حوسێن





کەدەبوایە لەگەڵ زوبەیدەی کیژی حوسێن، زەماوەند بکا، ناوبهێنرێ. ئەم کیژەی حوسێن زۆر زۆر جوان بووە.

قاسم لەرۆژی زەماوەند لەلایەن چەکدارەکانی یەزیدەوە دەکوژرێ. یەکێکی تر لەو شانۆنامانە، دیمەنێکی منداڵیی حوسێن‌و پرسەی عەباس‌و پرسەی عەلییە. لەناو بابەتەکانی دیکە، دەمەوێ وەك کۆتایی قسە خەیاڵ‌و بیرۆکەیەك باس بکەم کەلەوێدا مەیدانی خەیاڵ راددەو سنووری نییە. ئەم شانۆنامەیەی باسم کرد ناوی کیژی مەسیحییە.

لەگەڵ نوێ بوونەوەیەك کە شایانی باسکردنە، پێش ئامادەکردنی شانۆنامەکە، تەختەی شانۆ لەچاوی بینەران دەشارنەوە. دوای لێدانی مۆسیقا، بەردەستەکان ئەو پەردەیە لادەدەن کە بەرچاوی بینەرانی گرتووە. تەختەی شانۆ دەشتی کەربەلا دوای رووداني کارەسات نیشان دەدا. هیچ شتێك بێجگە لەگۆڕ، نەماوە. گیا سەوزەکان بەشێوەیەك گۆڕەکانیان داپۆشیووە کەوایان لێکردووە، نیمچە ئاشکران. لەناو ئەم گۆڕانەدا جەستەی شەهیدان بەو برینانەی بۆتەهۆی کوژرانیان،نیشان دراوە. تیرێك بەناو جەستەیەك دا رووچووە، جەستەیەکی دیکە بەبێ دەستەو سێیەمیش بێ‌سەرە. ئەم لاشانە هێشتا دەجوولێنەوە. چونکە ئەو جەستانە، هی ئەو ئەکتەرانەن کەلەوێ راکشاون، لەوسەری تەختەی شانۆ گۆڕێك دروست کراوە.ئەمە گۆڕی ئیمام حوسێنە. ئیمام دیارە، هەموو لەشی برینەو کەوتۆتە ناو گۆڕەکەی. ئەو شتەی بینەر دەیبینێ، چ لەسەر زەوی‌و چ لەژێر زەوی یەك شتە. ئەو شمشێرو نێزانەی لەنزیك چاڵەکە چەقاون، مەیدانی شەڕ وەبیردێننەوە. مۆمە داگیرساوەکان



www.pertwk.com

کاروانێك دێتە ناو تەکیەوە. سوار ئەسپێك کە زینەکەی بەزێڕ ڕازاوەتەوە، خاتوونێکی ئەوروپییە کە نۆکەرو سەربازێکی زۆری بەدواوەن . خاتوونە لاوە مەسیحییەکە لەگەڵ خزمەتکارەکەی لەئەسپ دادەبەزێ. لەناکاو فەرمان دەدا کەخێوەت‌و چادرەکان هەڵدەن. خزمەتکارەکەی، فەرمانەکەی جێبەجێ دەکا، سنگی چادر دەردەهێنن، بەڵام هەر کە دەیچەقێنن، فوارەیەکی بەرز لەخوێنی ڕاستی لەزەوی هەڵدەقووڵێ، هەموو ئەو سەوزاییانە ڕەنگین دەکا کە زەوییان داپۆشیوە. سەرۆکی خزمەتکارەکان دەیەوێ سنگەکە لەجێگایەکی دیکە، بچەقێنێ، لەهەموو جێگایەك خوێن فیچقە دەکا. خاتوونی ئەوروپی کە زراوی ڕژاوە، لەدابەزین پەشیمان دەبێتەوەو دەیەوێ بڕوا. دەچێتە تاقچەکەو لەوێ ڕادەکشێ‌و دەخەوێ. لەم کاتەدا مەسیح دێتە ناو تەکیەو ڕووداوی کەربەلا بۆ خاتوونی مەسیحی دەگێڕێتەوەو دەڕوا. لەم کاتەدا عەرەبێکی بیابان وەك دزان لەسەرخۆ دێتە ناو تەکیەوە. بەتووڕەییەوە خەریکی هەڵکەندنی گۆڕی پیرۆزی حوسێن دەبێ. ئەم بەدبەختە لەجەستەی شەهید دەدا. ئەو خوێنەی دەڕژێ، دەستی‌و جلوبەرگی ڕەنگ دەکا. لەناکاو هاوارێکی سەرسووڕهێنەر وریای دەکاتەوەو واز لەوکارەی دەهێنێ کەدەیویست دەستی جەستەکە ڕاکێشێ‌و، ڕادەکا. لەوکاتەدا فریشتەکان‌و پێغەمبەران محەمەدوعیساوموساو ئیمامەکان‌و ژنانی پیرۆز دێنە ناو تەکیەکە. ئەم هەموو خەڵکانە کەدەمامکیان داوە، بە





نائومێدی دەستەکانیان بەرزدەکەنەوەو بەگریانەوە بەرەو لای حوسێن ڕادەکەن.

ئەمەیە پوختەی ئەم درامایە سەر سووڕهێنەرە کە لەوروژاندنی هەست‌و عاتیفەوە لەرووی بەهێزترین خەیاڵ‌و زبرترین ئامرازی ماددی، لەهەر شتێکی بەخەیاڵتدا دێ، باڵاترە. پێویست بەگوتن ناکا ئەنجامەکەی ئەوەیە کیژە ئەوروپییەکە بە ئیلهامی پێغەمبەری خۆی، (مەسیح)، دەچێتە سەر ئایینی شیعە .

ئەم تەکیەیەی شا، دەبوایە گونبەتێکی هەبێ، بەڵام لەبەرئەوەی بنچینەکەیان باش دانەمەزراندووە، گونبەت ڕابگرێ، هەر ئەوەندەیان بۆ کردووە کە کەوانەو بازنەی ئاسنینی لەسەر بچەسپێنن تا بکرێ چادری بەسەردا بدرێ.

کاتێ بۆ ئوتێل دەگەڕاینەوە، لەکاتی ڕەت بوونمان بەمەیدان شامان بینی لەگەڕان دەگەڕایەوە. ژنەکانی، یان بەلایەنی کەمەوە ئەوانەی لەگەڵیدابوون،



تەکیەی شا

لەپێشەوەبوونو غولامە چالاکەکان بەخۆوبەداردەستێکەوە لەپێشەوە دەڕۆیشتنو لەدەوروپشتی ئەم کۆمەڵەیەدا خواجەکان سوار یان پیادە بەپەلە دەڕۆیشتن. ئەم ژنانە لەناو چوار پێنج کەژاوەدا بەدواییەك دا دەڕۆیشتن، لەوە دەچوو بچنە زەماوەند. ئەم ژنانەش، وەك تەواوی ژنانی ئێران چادرو پەچەیان پێوەیە. یەکێکیان، سوگلی (خۆشەویستی) شا (ئەنیس ئەلدەولە) کە دوکتۆر دەناسێو دوکتۆریش کە لەگەڵ ئێمەدایە سڵاوی لێدەکا. شازادە خاتوون ئاماژە بۆ سەرۆکی خواجەکان دەکا کە لەلایەن ئەوەوە سڵاو لەدوکتۆر بکا. پاشان شا دێ، غولامەکانی،




کۆشکی قاجار

وەك عەباسییان سەریان دەبەستنەوە. جلەکانی دیکەیان بریتییە لەکەوایەکی زەردوسوورو پانتۆڵێکی سوورو گۆرەوی سپی. هەریەکەیان داردەستێکی بەدەستەوەیەو سەرەکەی زیوە. شا بەتەنیا





لەناو عارەبانەی میوانی کەشەش ئەسپی سپی رایدەکێشن، دانیشتووە. کلکی ئەسپەکانیان سوور کردووەو سێ عارەبانچی، لێیان دەخوڕن. ئێمە سڵاوی لێدەکەین. ئەویش وەرامی سڵاوەکەمان دەداتەوە. لەپشت عارەبانەکەی ئەو، بەڕێوەبەرەکەی کەهەموو جلەکانی سورە، لەگەڵ هاوەڵەکانی بەڕێوەیە. دەستەیەك قۆزاقو ئەفسەرەکانیان لەدوای دواوەی کاروانەکەی شا، دەڕۆن.

بەپیاسە دەگەینە چاودێری یەکەمو سکرتێری شا کە یەکێك لەکیژەکانی شای خواستووە. ئەم شازادە خاتوونە کەخوێندوویەتیو زۆر ئاقڵە، دەنووسێو وێنە دەکێشێوپەیکەرتاشیش دەکا. وادیارە سەلیقەیەکی باشی هەیە. لەبەرئەوەی کیژی شایە، ئەو ئیمتیازەی هەیە کە رکابەری نەبێو، هەر کچێك لەبنەماڵەی شا بێ، تەنیا ژنی مێردەکەی دەبێ. مێردەکەی ناتوانێ لەبەردەمی دانیشێو ناتوانێ بچێتە جێگاکەی ئەگەر لەخوارەوەی پێخەفەکەی نەبێ. دەبێ لێفەکە بەرزبکاتەوەو لەوێوە بچێتە ژێرییەوە.




عەشرەت اباد



www.pertwk.com

لۆمەر عارەبانەکەی ئامادەکردووە تا بمانباتە بازاڕ. دوو سەعات لەبازاڕ دەگەڕێین. بازاڕەکانی تاران پان‌وفراوانن‌و گەڕان تیایاندا تارادەیەك ئاسانە. ڕێکخستنی هەموو لایەك یەکسانەو لەژێر تاقی دووورودرێژی لەخشت دروست کراو بەهۆی کلاورۆژنەکانەوە لەسەرەوە رووناکی دەگاتە خوارێ. دوکانەکان هەموویان پێك دەچن. ئەم دوکانانە نزیکەی هەشتا سانتیمەتر لەزەوی بەرزترن‌و لەم دیووئەودیوی بازاڕ دروست کراون. ئێرە، فێنکەو خەڵکی بەخۆشحاڵی‌و دوور لەگەرما دەگەڕێن. بازرگان‌و کاسبکاران هەرکەس بەپێی ئیشەکەی خۆی، لەکۆلانێك کۆبوونەتەوە.

لەبالوێزخانە نانی ئێوارە دەخۆین. دوای نانخواردن سەردانی چەند شوێنێك دەکەین لەوانە، ماڵی بەڕێوەبەری گشتی تەلگرافی هیندوئەورووپا‌و بەڕێوەبەری گشتی پۆستە. ئەم کارمەندە ئەو هەقەی دەبێ بیداتە یەکێتی پۆستە، تا دەکرێ دوای دەخا. یەکێتی تەنیا پێنجیەکی ئەو برە پارەیەی لەسەریەتی، داوادەکا.

**18ی تشرینی دووەم**

ئەمڕۆ بڕیارمان داوە لەگەڵ بەڕێزان سوهارت‌و روکفرێ‌و ئودیبەر لەدەوروبەری تاران بگەڕێین. سەعات دووی دوای نیوەڕۆ هەندێ سواری عارەبانەو هەندێکی تر سواری ئەسپ لەدەروازەیەکی باکووری رۆژئاوای تاران دەچینە دەرێ. شار بەدیوارو بورجی هاوشێوەی دیواروبورجەکانی پاریس، دەورە دراوە. ئەم دیوارو بورجانە وەك خانووەکان لەخشت‌و داری گەورە دروست کراون. قوڕی سواغ دراوی دیوارەکان بەهۆی باران شۆراون‌و چاڵەکان پڕ





دەکەنەوە. لەم دیوارانەی شار، لەدوازدە جێگا دەروازە دروست کراوە کە بەکاشی رازاونەتەوەو لەیەك دەچن.

ڕێگایەکی جوان‌و راستەڕێ‌و رێك‌وپێك کەبێگومان بەهۆی کەمی هاتوچۆوە لەبارێکی باش دایە، دەگاتە گردێك کەپێی دەڵێن (توشان تەپە). لە سەر ئەم گردە، شا خانووێکی بچووکی دروست کردووە کە زۆرجار ئێواران لەگەڵ ژن‌و دەست‌وپێوەندەکانی لێرە بەسەر دەبا. لەخوار گرد، باغێکی گەورە هەیە، درەختی جوانیان لێ رواندووەو جۆگەو حەوزیان لێ دروستکردووە. ئەم باغە، باغێکە بۆ ئاژەڵان، شێرو پڵینگی تێدایە. شا پێشتر لێرە کەرکەدەنێکی هەبووە زۆری خۆش ویستووەو شەش هەزار فرەنکی بۆ بەخێوکردنی تەرخان کردووە. دوای مردنی، چەندان کەسایەتی بەفرۆفێڵ ئازوخەی ئاژەڵەکەیان بۆ خۆیان دەبرد. چونکە لەم وڵاتەدا ئازوخە یان پارە دوای مردنی خاوەنەکەی، دەدرێتە کەسێکی دیکەو لەبودجە رەش ناکرێتەوە. پیاوخراپان هەتا ئەوەندەش دەڵێن کەئەرك‌و موچەی گەورە دەبێتەهۆی زووتر مردنی خاوەنەکەی. بەپێچەوانەی مەیلی رکابەرەکان، ئازوخەی کەرکەدەن بۆتە موڵکی پشیلەیەك‌و ئومێدیان لێبووە نا ئومێدی.

خەریك بوو دەگەیشتینە خانووی سەرگردەکە، لەناکاو لەنزیك جۆگەیەك بیست سەربازی سوارە نیزاممان بینی خەریکی شووشتنی فانیلەو دەرپێ کورتەکانی خۆیانن. جلەکان، ژنەکانیان بەهۆی سەبەتەیەکی گەورەوە بۆیان دێنن. سەربازێك خەریکی پاسەوانی بوو، ویەکێکی دیکە ئاگای لەئەسپەکان بوو. ئەمانە گاردی شابوون



www.pertwk.com

جڵەوی ئەسپمان سووڕاندو بەرەو خانوویێکی دیکە دەڕۆین کە پێی دەڵێن عەشرەت ئاباد. ئەم باغە وەك هەموو باغەکانی دیکە لەدوو ریزە درەختی سەرەکی پێك هاتووە کەوەك خاچ بەناو یەکتردا رەت دەبن. لەناوەندی هەر جادەیەك دا، جۆگەیەك هەیە لەبەرد دروست کراوە. لەوسەری جادە سەرەکییەکە حەوزێکی گەورەی خڕ دروست کراوە. لەدەوروبەری ئەم حەوزە، دوازدە خانووی بچووکی هاوشێوە، دروست کراون. لەگەڕانەوەدا، لەلای چەپ دووخانووی گچکە بۆ خواجەکانی حەرەم سەرایە. لەلای راست، خانوویێکی گەورەی سێ نهۆم بۆ شایە. خانووی تایبەتی شا، لەهەر نهۆمێك دا ژوورێکی هەیە: لەسەرەوەی، دیمەنێکە هەردوولای دوو هەیوانو سەرەکەی بەهۆی چەند ئەستووندەیەك راگیرکراوە. نهۆمی خوارەوەو نهۆمی دووەم بەشێوازی ئەوروپایی موبێل کراوەو دیوارەکان بەکاغەزی رەنگاورەنگ داپۆشراون. نهۆمی یەکەم یەکێك لەسەرسووڕهێنەرەکانی هونەری ئێرانەو لەراستیدا گەوهەرێکە، رووی دیوارەکانیان بەئاوێنە گرتووە، گەچکارییەکی زۆر جوانیان کردووە، وەك تۆڕی زۆر دەگمەن. بنمیچو گۆشەکانی بیناکە بەئاوێنە رازاوەتەوەو تیایدا ئاوێنەی بچووکو وردیان بەشێوەی گونبەت دروست کردووە کە درەوشانەوەکەی زیاتر کردووە. شووشەیەکی دەستکاری ڤێنیس، جوانی ژورەکەی کەم کردۆتەوە. لەگەڵ هەندێش، شەوانە لەبەرانبەر رووناکی، هەزاران مەشخەڵی رەنگدەرەوەی مۆمەکان، دیمەنێکی کۆشکە ئەڵماسییەکان





دەبەخشێتە ئەم ژوورە. ئەو دیمەنە، نووسەرانی چیرۆکەکانی هەزارویەك شەو، خەیاڵیان کردووە.

لێرەوە، سرنج دەدەینە بارەگایەکی دیکەی شا، واتە قەسری قاجار. ئەم بارەگایە زۆر گەورەو بەشکۆیە. ئەمماڵە قەڵا–کۆشکێکی راستەقینەیەو لەبەردو خشت دروست کراوە: هەندێ رازانەوەو کاشیکاریو، بیناسازی عەرەبی وەبیردێنێتەوە. باغی کۆشك کەوتۆتە سەر تەلانی گردێك کەتا نزیك کۆشکەکە درێژ دەبێتەوە. لەوێوە مرۆ دەتوانێ دەشتی فراوانی تاران تا وێرانەکانی شاری رەی ببینێ. شا خاوەنی چەندان کۆشکی قەڵا ئاسایە کەزۆرتر لەتاران، لێرە دادەنیشێ. وەك سەڵتەنەت ئاباد کە لەرۆژانی هاوین لەوێ دەبێ، نەجەف ئابادو داودیەو نیاوەران.

هاوینەهەواری باکووری تاران کەئەم کۆشکانەی تێدا دروست کراون، پێی دەگوترێ شەمیران. چەند رووبارێك ئەم ناوچەیە ئاودەدەن. سەوزاییو ئاوەدانییەکەی زۆر جوانە. درەختەکان لێرە زۆر گەورە دەبن. لەهاوینێ، دانیشتن لێرە زۆر خۆشە. لەکاتی هاوین کە گەرما زۆر بەهێزە، بالوێزخانەکانی ئەوروپایی دەگوازنەوە ئەوێ. شا گوندی زەرگەندەی بەرووسیاو گوندی قەلهەکیشی بە بەریتانیا داوە.

دانیشتوانی ئەم دوو شوێنە لەنەتەوەی وڵاتی خۆیان واتە روسو ئینگلیزن. بالوێزخانەی فەرانسە لەتەجریش بارەگایەکی جوانی لەبەردەست دایە کە لەوانەیە جوانترین شوێن بێ.

**21ی تشرینی دووەم**

دوا دووڕۆژی مانەوەمان لەتاران بۆ گەڕان لەناو شارو دەوروبەری تەرخان کرد. ئەمڕۆ بەیانی بەتەواوی خەریکی ئامادەکردنی



www.pertwk.com

یۆهانی راستکار که زۆر بەوەفاداری خزمەتی کردووین، مۆڵەت دەدەین. بەرێز دوڤلینێ بۆ پەیداکردنی کارمەندێك دەگەڕێ. زۆر زۆر خۆشحاڵ دەبین کاتێ پێ دەزانین که یۆهان بۆته خزمەتکاری ئەو، پیاوێکی زۆرباشەو دۆستی ئێمەش کارمەندێکی ئەمین‌و وەفاداری واته شتێك که لەرۆژهەڵات کەمە، پەیداکردووە.




ناصردین شا





## پەراوێزەکانی بەشی سێزدە:

[1]) J.D.Tholozan راپۆرتی ئەکادیمی زانستی،24ی ئابی1885هەندێ بەشی راپۆرتەکه.

[2]) دەریاکان بەزومرود، فەرانسەو ئینگلستان بە بەرلیان‌و ئەفریکا بەیاقووت، ئێران بە فەیرۆزە، چین بەزەبەرجەد، هیندستان بە لەعلی شین نیشان دراوەو ئەلماسێك که تاران بەرجەسته دەکا، دەڵێن لەسەر جەنازەی دوا شای ئەفغانی وەرگیراوەو پێشکەش به شا تەهماسوبی دووەم کراوە.

[3]) سوپای ئێران له80,500 کەس پێکهاتووە:70هەزار پیادە که بریتییه له 72 فەوج‌و 2500سوارو8هەزار لەیەکەی تۆپخانه کە6200تۆپی هەیە. بێجگە لەسوارە نیزامی رێکنەخراوو جۆرە لەشکرێك که لێپرسراوی خزمەتگوزاری ناوخۆییەو ژمارەیان دەگاته 70 هەزار.

[4]) ناوی شای هیندستان کەلەلایەن نادرشاوە تێشکا،محەمەدشا بوو، نەك ئەحمەدشا(و.ك).

[5]) دەزگایەکی ئۆتۆماتیکی لەپشت ئەم ئەستێرەیه دانراوە که لەکاتی ئاهەنگ‌و ڕێورەسم دا دەیسووڕێنن تا درەوشانەوەکەی زیاتر بکا.

[6]) M. d, Orsolles لەکتێبەکەی خۆی که بەناوی Au Cau Case eten perse باسێکی سادەی ماڵەکانی شای کردووە.

[7]) تەکیەکان بەزۆری زۆر گەورەن‌و چوارگۆشەن و جێگای سێ تاچوار هەزاریان تێدا دەبێتەوە. دەڵێن لەئەسفەهان یەکێك لەتەکیەکان جێگای سێ هەزار کەسی تێدا دەبێتەوە.

[8]) کەڕەنا جۆرە شەیپوورێکی درێژە لەمس دروست دەکرێ‌و درێژاییەکەی پێنج شەش پێیەو دەنگەکەی تا ماوەیەکی زۆر دەڕواو وەك دەنگی زەنگ سوودی لێوەردەگیرێ. لەبەرئەوەی لەلایەن جەمشیدەوە داهێنراوە، تەنیا بۆ شاکان لێدەدرێ. ئیمامەکانیش ئەم ئیتمیازەیان هەیە.



www.pertwk.com

[9] ) لێرەدا نووسەر هەندێ زانیاری لەسەر عەلی کوڕی ئەبو تالیب، نووسیووە، بەداخەوە وەرگێڕی فارسی وەری نەگێڕاوە. (و.ك).

[10] ) بەپێی گێڕانەوەی یەکێك لەبینەران، ڕۆڵی کیژێکی مەسیحی لاوێك گێڕاویەتی. ئەو عەبایەکی ئەتلەسی گوڵداری سەوزی بە پەراوێزی، پۆشیووەو شاڵێکی بچووکی هیندی وەك گوندییان، بەشێوەی خاچ لەسینە بەستووەو کڵاوێکی لێوار پانی دەورە دراو بەتیلمە ئاوریشمێکی ڕەش خستۆتە سەر. چەکمەی ڕەشی گەورەی دەپێدایە. لەبەرئەوەی هەموو ئەمانە کەمێك هەژارانە دەهاتنە بەرچاو، (ژنە لاوەکە ئاقرۆیەکی (ملوانکەیەکی مرواری کە زومورد و یاقوتی پێوەیە لەرومەتییەوە تا خوار سیمای گرتبوو) بەکارهێناوە.

[11] ) مەسیح، لەلایەن موسلمانەوە بەپێغەمبەرێك لەقەڵەم دەدرێ.

[12] ) نووسەر بەهەڵەدا چووە، دووشان تەپە لەرۆژهەڵاتی تارانە. (و.ف).







www.pertwk.com




خانویەك لەسەر ریی قەزوین

## بەشی چواردە
## لەتارانەوە بەرەو رەشت-ئەنزەلی-گەیلان
## لە21ی تشرینی دووەم تا 3ی کانوونی یەکەم

**لەتارانەوە بۆ قەزوین- قەزوین-موزیرە-ملەی خەزەران- پاچنار-شاهرود-مەنجیل- داری زەیتوون-ئاوەسپی- پردی مەنجیل-رۆستەم ئاباد-گەیلان-زۆنگاوەکان-کدوم-گەیلانییەکان-رەشت-بەرێز ڤلاسۆف-جوگرافیای گەیلان-رۆلی دەریای خەزەر-لێکچوونی هەرێمەکە بەژاپۆن-دەرچوون لەرەشت- پیرەبازاڕ-زۆنگاو-ئەنزەلی-دەرچوون لەئەنزەلی.**

سەعات چوار دوو عارەبانەی سەفەرمان کەبریتین لەعارەبانەیەکی بارهەڵگر بۆ کەرەستەو کەلوپەلی سەفەرو تارانتاشێك (گالسکە)یەکی رووسیش بۆ خۆمان، لەبەر دەرگا وەستاون. لۆمەرو ڤیلیێ بەئەرکی خۆیان زانیوە بۆ خوداحافیزیمان ئامادەبن. خاتوو





پرەڤۆ وێڕای دەنگە ناخۆش‌و ئاکارە خراپەکەی، لیستی حیسابەکەی بەشێوەیەکی دۆستانە، نەك وەك خاوەنی ئوتێل پێشکەش دەکا. نێوان تاران‌و قەزوین شەش قۆناغە کەماوەی نێوان دوو قۆناغ بیست‌وچوار کیلۆمەتر دەبێ. هەر ویستگەیەك دوو سەعات دەخایەنێ، بەڵام لەهەر قۆناغێك دا سەعاتێك خەریکی گۆڕینی ئەسپەکانی عارەبانەکان دەبین. بەهۆی ئەوەی رێگا ئاپۆڕەیە، خەومان لێناکەوێ. مەنزەڵەکان بەبێ هیچ رووداوێك، تەواو دەبن.

### 22ی تشرینی دووەم

شەومان لەرێگا بەسەر بردووە، سەعات حەوت‌ونیو گەیشتووینەتە پێنجەمین ویستگە کەدوا مەنزڵمانە. هەتاو هەڵدێ‌و گەرممان دەکاتەوەو ئەو وزەو چالاکییەی دوێنی شەو سەرما لێی ستاندبووین، دەداتەوە. تووشی کابرایەکی نەمسایی دەبین کە لە رەشتەوە دێ. ئەو لەرەشت خراپ سەرمای بووە. هەشت رۆژ لەسەریەك باران وەك لافاو باریوە. رێگاکان خراپ بوون. قسەکانی، خۆشمان ناکەن.

لە نیوەرێگای دوا مەنزڵ، ئەسپی ناوەڕاستی گالسکەکەمان دەڕەوێتەوەو لەکۆنترۆڵ دەردەچێ. هامیلین‌و عارەبانچی‌و من بەتووندی جڵەوەکەی دەگرین‌و رادەیکێشین، بەڵام دەپچڕێ. ئەسپەکان بەرێگاوەن. کەوانە دارەکە دەکەوێتە سەر پشتی ئەسپی ناوەڕاست‌و هەرجارەی کە بەر پشتی دەکەوێ، شێت‌وهارتر دەبێ. بۆ خۆشبەختی، ئەسپەکان بەرەو کەناری جادە دەچن‌و گالسکەکە



www.pertwk.com

سەعات نۆونیو لەدەروازەیەك کە بەکاشی داپۆشراوەولەدەروازەکانی تاران دەچێ دەچینە ناو قەزوینەوە. جادەیەکی فراوان‌و دووروودرێژ یەکراست، لەتەك رێگاکەی ئێمە، دەمانگەیەنێتە پۆستەخانە. پۆستەخانە بینایەکی گەورەیە، پیاو وادەزانێ گازێنۆیە.

نامانەوێ، لێرە بمێنینەوە. چونکە عارەبانەکانمان لێرە دوورترمان نابەن. داوای ئەسپێکی پۆستەخانە دەکەین تا بەپێی رێوشوێنی چاپارخانە درێژە بە سەفەرەکەکان بدەین. سەعات یازدەونیو لەچاپارخانە دەردەچین، بەسواری ئەسپ بەجادەیەکی بەداروردەخت کەدەگاتە بازاڕ، تێدەپەڕین. شاری قەزوین کەوتۆتە ناوەندی دەشتێکی فراوان. دەوروبەری شار هەمووی کێڵگەو رەزەو شەرابی بەناوبانگی قەزوین هی ئەم رەزانەیە. سەعات دوو لەگوندێك کە بەدیوار دەورەی گیراوەو ناوی ئاقابابایە، رەت دەبین. دیوارەکەی خراپ بووە. دوای بەجێهێشتنی ئەم گوندە گردۆلکەکانی زنجیرە چیای ئەلبورز کە گەیلان‌و مازەندەران لەشوێنەکانی دیکەی ئێران جودا دەکاتەوە، دەست پێدەکا. رووبارو ناڕێکی رێگاکە رۆیشتنمان دژواردەکەن. سەعات چوار دەگەینە موزیرە کە کەوتۆتە سەر سەرچاوە سەرەکییەکەی ئەبهەرچای. ئەم گوندە زۆر بچووکەو تەنیا بریتییە لەچەند ماڵێك‌و چاپارخانەیەك. کێچە ترسناکەکانی ئێرە وەك کێچەکانی میانە ترسناکن‌و کە جێگای پێوەدانەکەیان زۆر بەئازارە .





ئێستا، ئەوە زیاتر لەبیست‌وچوار سەعاتە بەرێگاوەین. ملەی خەزەران بەهۆی رێگا ناخۆشەکەی بەناوبانگە. هەور بەری ئاسمانی گرتووەو بارانێکی بەخوڕ دەبارێ‌و تادێ رێگامان بەرەو کوێستانان دەچێ. چەندە سەردەکەوین، تەم‌ومژ خەستتر دەبێ. بەتەنیشت چەند دۆڵێك دا تێدەپەڕین، بەلام تەم‌ومژ رێگا نادا قوولاییان بزانین. زۆری پێناچێ بایەکی توند هەڵدەکاو بارانی سارد وەك قامچی بەروومان دەکەوێ. بەزەحمەت دەتوانین رێگا ون نەکەین. ترسمان لێ نیشتووەو یەکتر نابینین. لەئاکامدا دوای سێ چارەکە سەعات رۆیشتن بەم رێگا ناخۆشەدا، دەگەینە سەرێ.

لەگەڵ دابەزین لەشاخەکە، لە زریان دوور دەکەوینەوە. تەنیا تەم‌ومژەکە چڕە. قوڕی زەوی دەنگی پێیەکان خامۆش دەکا. بێدەنگییەکی سامناك باڵی بەسەر رێگاکەدا کێشاوە.لەنێو تەمێکدا کە تریفەی مانگەشەو رووناکی کردۆتەوە، بەرێگاوەین‌و سێبەرو تارمایی گەورە لەبەرچاومان دا بەرجەستە دەبن. ئەو دۆڵ‌و رووبارانەی بە تەنیشتیاندا رەت دەبین، نابینین.

سەعات هەشت دەگەینە کاروانسەرای ئیسماعیل ئاباد‌و چەند دەقیقەیەك پشوو دەدەین. تەم باڵای سەری گرتووین. زیاتر لەپێنج سەد مەتر دابەزیوین. رێگامان درێژە پێدەدەین‌و هەربەرەو خوار دەڕۆین. ئێستا ئاووهەوا خۆشە. لەناوەندی شاخ، بەدرێژایی بنەی خوارێ (کەناری چەپ) شاهرود بەرێگاوەین.دۆڵێکی زۆر گەورەیە، لەبەرانبەرمان لوتکە بەناوبانگەکانی شاخەکانی تەختی سلێمان دەبینین،کە نزیکەی پێنج هەزار مەتر بەرزە.بۆ ماوەی دوو سەعات،لەناو گابەردەکاندا، بە بنەی دۆڵەکەدا دەڕۆین‌و بەرەو خوار



www.pertwk.com




کاروانسرای باجنار

دەبینەوە. پاشان، دوای دابەزینێکی زۆر رك‌و خێرا، پاچنار لەدووری چەند سەدمەترێك دەبینین. لەرووبارێك كە لقێكی شاهرودە دەپەڕینەوە، دەگەینە دەرگای چاپارخانە. خانەكە پڕە لەرێبوار. زۆر بەزەحمەت ژوورێكی بەتاڵ بۆ خۆمان پەیدا دەكەین. لەماوەی سی سەعات دا، بەبێ وەستان دووسەدوچواردە كیلۆمەترمان بڕیوە كە سەدوچل‌وچوار كیلۆمەتری سەرەتا بەگالیسكەو حەفتا كیلۆمەترەكەی دیكە، بەئەسپ بوو.

## 23ی تشرینی دووەم

كاتێ خەریكی زین كردنی ئەسپەكانین، حەوشەی خانەكە پڕە لەخەڵك‌و ئاژەڵ. قەرەباڵغی‌و ئاژاوەیەكی سەیرە. خاوەنی خانەكە بەشێوەیەكی تایبەتی لەخزمەتمان دایە. ماوەیەك بەتەنیشت لقە رووبارێكی شاهرود تا پێكگەیشتنیان ڕێدەكەین.








ملەی كازان

سەدمەتر دوورتر، لەسەر رووبارەكە پردێكی سەیر هەیە كەهیچ كونێكی وەك یەك نین، كاتێ پردەكە دەگاتە بەری ئەوبەر، كونەكان بەرینتر دەبن‌و دوابەشی پردەكە زۆر لەو بەشە بەرزترە كە بەسەریدا دەپەڕینەوە. ئێستا لەپردەكە پەڕیوینەتەوە.




دەروازەی قەزوین



www.pertwk.com

لەوبەری پردەکە چەند گوندێك هەن کەبەزەحمەت دیارن. لەبەرئەوەی هیچ درەختێك، گوندەکانی نەشاردۆتەوە، خانووە قوڕەکانیان لەگەڵ زەوی ئاوێتە دیارن.

رووبار وەك وشك بووبێ، وایە. دەتوانین بەناویدا بڕۆین. بەم شێوەیە لەرووداوە زۆرەکانی جادە دوور دەکەوینەوە. سەعات یازدە دەگەینە مەنجیلو لێرەدا یەکەمین لێری زەیتوون دەردەکەوێ. سەدمەتر دوورتر، شاهرود دەگاتە رووباری قزل ئوزن. دوو رەوتی ئاو لەیەك ئاستی ستوونیدا ئاوێتەی یەکتر دەبنو ئاوەسپی پێك دێننو بەرەو باکووری رۆژهەلات دەڕوا. بەهۆی پردێك کەباش پاراستوویانە، لەرووبار دەپەڕینەوە. رووبار بەناو دەربەندێکی زۆر تەسکدا، لەکاتێکدا ئاو بەردیوارە بەردەکانی دەکەوێ، دەڕوا. با لەنێو ئەم رارەوە تەنگەدا، بەرادەیەك توندە کە پەڕینەوە لەپرد زەحمەت دەکاو ئاژەڵەکان بەبارەوە دەخاتە ئاو ناوەوە.

بەدرێژایی کەناری چەپ، بەرێگایەکی پڕ هەورازونشێو کە لەشاخ هەڵکەنراوە، رێدەکەین. دەگەینە دوو عارەبانە کە زۆر بەزەحمەت بەرەو تاران دەیانبەن. بۆ هەڵگرتنی هەر گالسکەیەك کاروانێکی پەنجا کەسی لە دوو دەستە پێویستە کە بەنۆرە بەهۆی داری گەورەو گوریس هەڵیان دەگرن. جاربەجار ئەم دەستانە دەبێ بگەنەوە یەكو گالسکەکە لەسەر دەست راگرنو لەتەلانەکان بچنە خوارێ.

دۆڵەکان هەر ناخۆشوسەختنو تادێ سەوزتر دەبن. چەند ئاواییەکی بچووك لەسەر رووبارەکە هەن کە دەوروبەریان بەدرەختی زەیتوونو هەنجیرو گوێز گیراوە. ئاوێکی زۆر لەشاخ دێتەخوارێو بەسەر رێگاکەدا دەڕوا رێگاکەی خراپ کردووە.





کەلوپەلەکەمان زۆرەو جادەکە زۆر دژوارە، بۆیە ناتوانرێ وەك رێگای کرماشان بۆ تاران، ماوەیەکی زۆر بڕۆین. تەنیا سەعات شەش دەگەینە خانەی رۆستەم ئاوا. لێرە وەزعمان زۆر باشەو ئەمە دواشەوە کە بەرێگاوەین. بەهەستێکی خۆش لەگەڵ ئەو چاپارخانانەی بەزۆری پەنایانداین، ولات بەجێدێلین.

**24ی تشرینی دووەم**

کاتێ سەعات پێنجی بەیانی وەڕێ دەکەوین، تەنیا مانگ رێگامان رۆشن دەکاتەوە. بەردەوام بەرێگایەك کەدەوروبەری هەموو گابەردن، بە درێژایی رووبارەکە بەرێگاوەین. ئێستا لەگەیلانین. گیای ئێرە لەگەڵ




بردیکی سەر شاهرود

گیای هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران جیاوازە. ئەم ولاتە بەهۆی بارانی بەردەوامی گەیلانو مازەندەران تەڕبووە. کاروانی ئەسپو کەران بەخۆوباری گەورە گەورە کە بەرانبەرمان دێن، وەدرەنگمان



www.pertwk.com




بردی منجیل




بردی ڕەشت





زۆری پێناچێ بەهۆی زۆربوونی ئاو، دەگەڕێینەوە سەر ڕێگاکەی کەنار رووبار. بەناو دەربەندێکی زۆر قووڵدا تێدەپەڕین. ئەو ئەسپەی بارمان کردووەو تەواوی رەسمەکانی هەڵگرتووە، لەناو ئاوێك کە تا بالای زگی بەرز دەبێتەوە ترساوەو ئاوەکە بەم لاو ئەولای دا دەبا. لەناکاو چاومان لێیە، رووبار دەیبا. بەبێئەوەی بیر بکەمەوە کە خۆشم لەوانەیە نقووم ببم، ڕێك لەکاتی خۆیدا فریای گێڕانەوەی ئاژەڵەکە دەکەوم.

ئێستا لەژێر سێبەری درەختەکاندا، ئەسپ دەئاژۆین. هەمووی زۆنگاوە. قوڕی چاڵەکانی کەناری ڕێگا بۆنی گەنیوی زۆنگاوێك بڵاودەکاتەوە. ئێرە، ناوچەی گەنینی گیاکانە. گیاو خەزەو قارچ لەهەموو شوێنی دەڕوێ. مرۆڤ هەست دەکا شێ تەڕبووە. بەمسۆگەری گەیلان باش ناونراوە، چونکە ماناکەی واتە وڵاتی قوڕ. ئێرە وڵاتی ئاژەڵی دڕندەشە. پڵنگ بەزۆری لەم ناوچەیەدا دەسووڕێتەوە. ئەم ئاژەڵە بەقەدەر ئەو جۆرانەیە کە لەهیندستان دەژین. هەروەها نێچیر بۆ راوکردن، زۆرە.

سەعات یازدە دەگەینە ماڵی کودوم کە خانووێکی خەمباری ناوەڕاستی زۆنگاوەو تەواو وێرانە، خەزەو کەڕوو تا ناوەندی ژوورەکان رواون. حەوشە، هەر لەزۆنگاو دەچێ. لەناو ئەم شێیە تاعوون هێنەرەدا، خۆدواناخەین. ڕێگاش بارێکی باشتری نییە. کابرایەکی گوندەکی لەبەردەممان بەرێگاوەیە، دەکەوێ و لەناو کونی زۆنگاوێکدا ون دەبێ. پاشان قوڕاوی دێتەدەرێ. لەشی لەپەیکەرێك دەچێ کە لەقوڕی شێڵراو دروست کرابێ. خەڵکەکە، پیاووژن تەقریبەن بەپێ خاوسی یان بەقاپقاپ دەگەڕێن. پێیان تا ئەژنۆ



www.pertwk.com

سەرەنجام چڕی دارستانەکان تارادەیەك کەم دەبێتەوە. چەند خانووێکی گوندانە لەناو کێڵگەو لێڕەکان دەردەکەون. دەگەینە شاری رەشت. لەسەر پردێکی یەك چاوەی زۆر بەرز تێدەپەڕین: ئەم پردە بەگیایەك داپۆشراوە کەهەتا لەکووچەو جادەکانی شاریش دەڕوێ. شێی بۆنی زۆنگاوەکان دەبێتەهۆی بێزرانی مرۆڤـ. بەناوەندی بازاڕدا رەت دەبین‌و دەگەینە ناوەندی شار. بەرێز زیکلەر لەتاران نامەیەکی بۆ کەسێکی ئەرمەنی بەناوی میرزا یوسف پێداوین‌و تیایدا نووسیویەتی کە پێشوازیمان بکا. دۆزینەوەی میرزا یوسف زەحمەتە. کەس لەقسەی ئێمە تێناگا.

خۆمان دەگەیەنینە کۆنسولگەری رووسیا. بەرێز ڤلاسۆف، بەهۆی ئەوەی ناتوانێ لەماڵی خۆیان جێگامان بکاتەوە، داوای لێبووردن دەکا. ئەو بەشەی ماڵەکەی کە بۆ ئەوروپاییانی تەرخان کردووە،





لەئێستا بەرێز دی کریس–ی کوڕی وەزیری دەرەوەی رووسیای تێدایە. ئەو لەرەشت تێپەڕیوەو دەچێتە لای خێزانەکەیان لەتاران‌و لەوێ بۆتە دەسگیرانی سکرتێری یەکەمی بالوێزخانەی رووسیا. بەرێز ڤلاسۆف داوامان لێدەکا نانی ئێوارەی لەگەڵدا بخۆین. ئەو خانووەی میرزا یوسفی  تێدا دەژی، خۆشە. بینایەکمان دەخاتە بەردەست کەلە دوو ژوورو هۆڵێك کە بەشێوازی ئەوروپایی موبێل کراوە، پێك هاتووە. سەعات حەفت دەچینە ماڵی ڤلاسۆف. لەبەرئەوەی کۆڵانەکانی شار زۆر قوڕاوین‌و تەنیا بەپێ دەتوانرێ بگەینە ماڵی کۆنسول، چەکمەکانی خۆمان دەکەینە پێ، بەڵام پێڵاوەکانیشمان دەخەینە بن هەنگڵ تا لە داڵانەکەی کۆنسولخانە بیگۆڕین.




شەقامێك لەگەیلان



www.pertwk.com

بەرێز ڤلاسۆف لەگەڵ بەرێز دی کریس لەنووسینگەکەی خۆی پێشوازیمان دەکا. خواردنی پێش نانی ئێوارە لەوێ دەخۆین، پاشان خاتوونەکان دێنە لامان‌و دەچینە هۆڵی نان خواردن. خاتوو دیکریس نەخۆشەو ناتوانێ ئامادەبێ. لەکاتی نان خواردن دا، هەموو بەزمانی فەرانسی دەدوێین‌و پاشان دەچینە هۆڵێك کەنیوەی بەشێوەیەکی هونەرمەندانەو بەشێوازی فەرانسی‌و نیوەکەی دیکەش بەشێوازی ئێرانی رێك خراوە. پێستە پڵنگێك کە تووکێکی درێژی زۆر جوانی هەیەو بەرێز ڤلاسۆف لەدەوروبەری رەشت کوشتوویەتی، لەناوەڕاستی هۆڵەکە هەڵواسراوە. لەدەوراوپشتی رەشت پڵنگ ئەوەندە زۆرە، زستانان دێنە ناو خانووەکانی دەوروبەری شار.

## 25ی تشرینی دووەم

نازانین چەندی دیکە لە رەشت دەبین. کەشتییەکانی کۆمپانیای قەفقازو مەرکۆر لەزستانان هاتووچۆیەکی رێك‌وپێکیان نییە، بەزۆری بەهۆی خراپی ئاووهەواوە، دەریا ئەوەندە ناخۆشە ناتوانن لەبەندەری ئەنزەلی سواری کەشتی بن، هەندێجار کەشتییەکان بەبێ تەسلیم کردنی پۆستەش، دەگەڕێنەوە.

شاری رەشت لە وشکاییەوە تا دەریای خەزەر سێ سەعات رێگایە. لەرەشتەوە بە دووسەعات دەگەنە پیرە بازاڕو لەوێوە سواری کەشتی بچووك دەبن‌و نەفەر تا ناوەڕاستی کەناڵ‌و زۆنگاوەکان تا ئەنزەلی دەبەن. بمانەوێ نەمانەوێ دەبێ لەرەشت بمێنینەوە تا کەشتی بێ‌و سوارمان بکەن.خانەخوێکەمان میرزایوسف دەبێ ئاگاداری ئەنزەلی





بکاتەوە، وێڕای ئەوەش بەرێز ڤلاسۆف بەردەوام لەهاتوچۆی کەشتییەکان ئاگادار دەکرێتەوە.

میرزا یوسف بەلوتفی خۆی دەمانگێڕێ. من لەلێکچوونی ئەم شارە لەگەڵ شارەکانی ژاپۆن، دەوروژێم: خانووی بچووك لەهەر لایەکی کۆڵان کەهەمووی بازاڕێکی کراوەیە. جووتیارەکان بارە گرانەکانی خۆیان وەك ژاپۆنییەکان هەڵدەگرن، ئەوان دووسەبەتەی لەحەسیر درروستکراو لەدووسەری دارێك دەبەستن‌و وەك ئاسنێکی ئاوێزان دەیخەنە سەرشانی خۆیان. لەدوورەوە دوکانەکانی بازاڕیش وەك دوکانەکانی ژاپۆن خۆ دەنوێن: بەڵام بازاڕی رەشت ئەو پاکی‌وجوانییە بەرزەی ژاپۆنی نییە. ئەو شتەی لەبەردەمی مرۆڤـ دایە، بێجگە لەپیساییە بێزراوە ئاسیاییەکە، شتێکی دیکە نییە.

چەند مانگێك پێش تێپەڕبوونی ئێمە، رەشت لەمانگی تەمموز، گەورەترین ئاگری بەخۆوە بینی‌و ناوەڕاستی بازاڕ ئاگری گرت. بیست‌ویەك کاروانسەرا کە کەل‌وپەل‌و خۆراکی زیاتر لەهەزار بازرگانیان تێدابوو، سووتاو بەتەواوی لەناوچوو، کەنرخەکەی دەگەیشتە 300.000 تومان ( زیاتر لە 2.400.000 فرەنك). شێداریی ئەم ناوچەیە بەرادەیەکە وێرانەکانی ئەم ئاگرە بەخەزەو گیا داپۆشراوەو دەڵێی ئەم بەڵایە چەندان ساڵە رووی داوە.

رەشت نزیکەی هەزاروپێنج سەد ماڵ دەبێ‌و ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی بیست‌وپێنج هەزار کەسە و زۆر دەمارگرژن، بەڵام لەودەمەوە کەئەورووپییەکان لەرێگای رەشتەوە هاتوچۆی تاران دەکەن تارادەیەك خاوبوونەتەوە. کاتێ لەنزیك ژنان تێدەپەڕین، ئەوان



www.pertwk.com

لەگەڕانەوەماندا، میرزا یوسف شیوێکی زۆر بەتامی پێداین، بەڵام هەمووی تامی نارنجی لێدەهات: هەر لەسوپو مریشكوپۆرەوە بگرە تا سەلاتە.

لەناو پیشەسازییەکانی گەیلان پەروەردەکردنی کرمی ئاوریشم جێگایەکی بەرچاوی هەیە. جۆرە نەخۆشییەکی کرمەکە، زیانێکی گەورەی بەم پیشەسازییە گەیاندووەو ئاوریشمی گەیلانو مازەندەران ئێستا داواکاری کەمترە. داری شەمشادیش کە زۆرە، لەلایەن دەزگایەکی یۆنانی بەناوی Kausis prophllaactas بەکاردەهێنرێ.

دەریای خەزەر رۆڵێکی گرنگی لەئاووهەوای گەیلانو مازەندەران دا هەیە. بەبێ ئەم سەرچاوە ئاوەفراوانە، دەتوانرێ بگوترێ باکووری ئێران دەبووە بیابانێکی وشكوبرینگ. لەوەرزی گەرمای هاوینان، ئەم دەریایە شێیەکی بێرادده بەرهەم دێنێ. بەشە زۆرەکەی ئەم شێیە لەلایەن بای باکوورەوە بەرەو دامەنەکانی باکووری چیای ئەلبورز دەچێو وەك باران دێتە خوارێو لێڕی گەورەوپاوانو کێڵگەی بەپیتی مازەندەرانو گەیلان دەخولقێنێ.

دۆڵی ئاوەسپی لەگۆشەی خوارووی رۆژئاوای دەریای خەزەر، لەدەروازەی گەیلان، لەنێوان شارە گچکەکانی مەنجیلو رودبار چەند شوێنێك هەیە کەلەوێ ئەم دیاردەیە، دیارترە. ئاوەسپی لەدەربەندێکی تەنگ، هەروەك بینیمانو لە بەرزاییەکی چوارسەد مەتری ئاستی دەریا، زنجیرە چیای ئەلبورز دەبڕێ.







چاپارخانهٔ کدودوم

کاروانسەرای کدودوم

لەهیچ جێگایەکی دیکەی شاخەکان دا، درزێکی وا یان بڕانێکی وا قووڵ نایەتە بەرچاو. لەهیچ جێگایەکی دیکەی ئەم زنجیرە شاخە، هیچ ئاوێك کە لەبەرزاییەکانی بانی ئێران هەڵقوڵابێ، نەبڕاوە، لێرەدایە کە بایەکی سارد زۆر بەتووندی هەڵدەکا. لوتکەی شاخەکانی دەوروپشت ئەوەندە فراوانن، سیوچلوهەتا پەنجا کیلۆمەتر لەهەردوو لای دەربەندەکە، بەهەور گیراوە. لەم کاتانەی ساڵ، بەزۆری لەگەیلان باران دەبارێو پلەی گەرما لەهەموو ناوچەکانی دەوروبەر، زۆر کەم دەبێتەوە. ئەم رەوتە گەورەیەی ئاووهەوا بەرەو رۆژئاوا تا بانییە بەرزەکەی سولتانیە فراوان بووەو لەوێش تێدەپەڕێ تا ناوچەی گەروسو بەشی رۆژهەڵاتی کوردستان، بەپیت دەکا.لەگەڵ هەندێش، بەزۆری لەگەیلان بایەکی گەرمی زەوینی بێرادده هەڵدەکا. دەرکی تایبیەتمەندی جولانی ئەم بایە ئاسان نییە.



www.pertwk.com




جادەی انزلی

دیاردەی ناشێداریو گەرمایی با لەناوچەیەکی دیارکراو لەخاکەوەیە، چونکە لەناو دۆڵو لەسەر شاخەکان دا نەبینراوە. کاتێ بای گەرم لەگەیلان فەرمانڕەوایە، لەمەنجیل لەدەروازەی دۆڵەکە بێجگە لەشنەبایەك بایەکی دیکە هەڵناکا. لەگەیلان رەوتی کەشوهەوا، گەردەلوولییە. وادێتەبەرچاو کە بەشێوەیەکی ستوونی لەبەرزاییەکانەوە دێتە خوارێ. بێجگە لەمە، ئەم بایە گشت تایبەتمەندییەکانی بای فون–ی هەیە که بەو شێوەیە، لەچەند ناوچەیەکی ئەوروپا هەڵدەکا. ئەمە، رەوتێکی زریانی ئاووهەوایە کەئاسمانی پڕ لەهەور دادەپۆشیو لەماوەی چەند سەعاتێکدا بەفر دەتوێنێتەوە، قوڕو زۆنگاوەکان وشك دەکاو لەم رووەوە، ناوچەکە کە





بەزۆری پڕ لەشێی بەرگەنەگرە، تەندروست دەکا. دارو کەلوپەلە دارەکانی ماڵ بەهۆی ئەم وشکییەی هەوا، دەرزیان لێ پەیدا دەبێ. خەڵك، ناچارن زۆر بەپارێز بن لەبەرانبەر ئاگر. ئەم بایە لەگوندی کدوم لەدووری بیستوچوار کیلۆمەتری شاری رەشت زۆر تووندەو بەزۆری لە وەرزی پایز هەڵدەکا. لەتەواوی ناوچەی گەیلانو بەشی رۆژئاوای مازەندەرانیش هەڵدەکا. ئەم بایە لەکدوم لەناوەڕاستی دارستان دەست پێدەکاو دوای چەند رۆژێك لەرەشتیش دەردەکەوێ. هەندێجار بەسەر کەنداوی گەیلانو سەر دەریاچەی ئەنزەلی هەڵدەکا. لەم ناوچانەدا رەوتی با بۆ کەشتیڕانی زەحمەتییەکی زۆر دەخولقێنێ.

## 26ی تشرینی دووەم

دەچینە سەردانی بەرێز ڤلاسۆف. ئەو، خەریکی بەڕێ خستنی دیکریسە کە لەپێشوازیکردنیدا ئەوپەڕی هونەری نواندووەو دەیانەوێ خۆی کارە زەحمەتەکانی پێش سەفەرەکەی بەئەستۆوە نەگرێ. بەرێز ڤلاسۆف بۆ نانی نیوەڕۆ لەلای خۆی دەمانهێڵێتەوە. ماوەیەکی کەم دوای نان خواردن، سواری ئەسپ دەبین لەگەڵ یوسف دەچینە دەوروبەری رەشت. چایخانەیەکی بچووکی کەناری رێگا، دارەکانی گوندەکییەکان کە بە بەلەکی رووت سەبەتەکانیان خستۆتە سەرشان، جارێکی دیکە دەبێتەهۆی ئەوەی لەنێوان ئێرەو ژاپۆن لێکچوونێك ببینم . کاتێ یوسف دەڵی رێبوارانی دیکەش هەر لەو

باوەڕەدان، هەرگیز سەرم سووڕنامینێ.بەغار لەدەرەوەی شار دەگەڕێینەوەو، کاتێ قوڕو چڵپاوی سمی ئەسپەکانمان بەخەڵکی دادەکەین، یوسف زۆر خۆشحاڵە. بەناو مەیدانێکی گەورە بەناوی سەبزە مەیدان کە بەداری جوان‌و چیمەنێکی سەوزی گەورە رازاوەتەوە، تێدەپەڕین. ئەم مەیدانە، شوێنی گەڕان‌و پیاسەی ئاسایی خەڵکی رێك پۆش‌و مامەڵەچییەکانە. سەعات چوار لەناکاو هەموو دوکانەکان دادەخەن. لەمەیدانێکی دیکە، خەڵکێکی زۆر دەبینین. لێرە، پرسەیەك رێك دەخرێ، زۆر قەرەباڵغ. ئەکتەرەکان جل‌وبەرگی بەشکۆیان دەبەر دانییە، بەڵام ناڵەوگریانی بینەران، وەك پرسەیەکی بەشکۆی ناخی دڵە. نانی ئێوارەش لەماڵی ڤلاسۆف دەخۆین‌و، سەعات یازدە دەگەڕێینەوە.

## 27ی تشرینی دووەم

یوسف زۆر پەشۆکاوانە لەخەو هەڵمان دەستێنێ‌و دەڵی کەشتییەك ئەم شەو سەعات حەوت بەرێدەکەوێ. تەلگرافێکی پێگەییوەو لەوێدا ئەمە گوتراوە. بەپەلە خۆمان خڕ دەکەینەوەو خوداحافیزی لەڤلاسۆف دەکەین.

کاتێ خەریکی نانخواردنی نیوەڕۆین، خزمەتکارێك کەل‌وپەلەکەی ئێمەی خستۆتە سەر عارەبانەیەك‌و پێش ئێمە دەڕوا تا لەپیرەبازاڕ بەلەمێکمان بۆ بەکرێ بگرێ.نیوەڕۆ سواردەبین. بەشی هەوەڵی رێگا لەبارێکی خراپ دایە،





بەڵام بەشی دووەمی وەك باشترین رێگاکانی فەرەنسا پاك‌وخاوێن‌و بەردڕێژە. دوای سێ چارەکە سەعات دەگەینە کاروانسەرایەکی گەورە کەتیایدا هەزاران فەردە شت‌ومەك کە لەکەشتی داگیراون، لەسەریەك دانراوە. چاوەڕوانن کاروانەکان بێن‌و ئەم بارانە بگەیەننە ناوچەکانی دیکەی وڵات. لەحەوشەی کاروانسەرا تێدەپەڕین‌و دەچینە کەنارێکی سروشتی کەچەند مەترێك پانەو دەدوازدە بەلەمی درێژی چارۆگەداری تێدایە.


ئێستا تەواوی سندووقەکانمان خراوەتە ناو بەلەمێك، بەلەمەوانەکان لەپێشەوە دانیشتوون‌و لەبەشی دواوە چادرێکی بچووك‌و چەند کۆتەڵە ئاسنێکیان بۆ داناوین. گشت کەل‌وپەل‌و زین‌و شتەکانی خۆمان دەدەینە یوسف‌و بەلەم وەڕێ دەکەوێ. رەوتی ئاو، باریکە. سەوڵ لێدەرەکان وایان پێباشترە، بەلەمەکە بەرەو کەنار بکشێنەوە. لەکاتی جوولان، رایدەکێشن. جاربەجار تووشی بەلەمکێك دەبن کەلەولاکەی ترەوە دێ.

کەنارەکان بەتەواوی بەداروبار داپۆشراون‌و بەقامیشەلانێکی مەزنەوە پەیوەست دەبن. کەنارەکان دیارنامێنن. سەوڵ لێدەران دێنە ناو بەلەم‌و زۆری پێناچێ دەگەینە ناو زۆنگاوەکە.زۆنگاو، درێژەی ئاوێکی گەورەیە کە تەنیا بەهۆی کەناڵێکی باریکەوە کە ئەنزەلی کەوتۆتە کەنارییەوە، دەگاتەوە دەریای خەزەر.

دوای چوار سەعات کەشتیرانی دەگەینە ئەنزەلی. کاتێ دەبینین هیچ کەشتیەك لەنگەری نەگرتووە، سەرمان سووڕدەمێنێ.



www.pertwk.com




خانووی شا لە انزلی

میرزا یوسف بۆ یەکێك لەدۆستە ئەرمەنییەکانی بەناوی کاراپت نەرسرۆف نامەیەکی نووسیوەو گوتویەتی ئەو زمانی فەرانسی بەباشی دەزانێ، بەڵام لەراستیدا هەتا وشەیەکیش فەرەنسی نازانێ. خۆشبەختانە بەڕێوەبەری فەرمانگەی پۆستە کەمێك فەرانسی دەزانێ. بەهۆی ئەوەوە تێدەگەین کە هیچ جۆرە کەشتییەك ناڕوا. ئەو کەشتییەی هەواڵیان بە یوسف دابوو دوێنێ شەو هاتووە، هەڵەیەك بووە بەهۆی جیاوازی سەعاتی ئێرانیو سەعاتی فەرەنگی روویداوەو یوسف تێکەوتووە.

کەواتە دەبێ بیر لەپەیداکردنی خانوویێك بکەینەوە. بەلوتفی خۆشەویستی کارمەندی پۆستە ژوورێکمان پێدەدەن کەترسی





مارومێرووی لێناکرێ. ئەم ژوورە شوێنی وشك کردنەوەی گەڵای تووتنە.لەوانەیە زووتر لەپازدە رۆژی دیکەش، نەتوانین وەڕێ بکەوین.

## 3ی کانوونی یەکەم

یەك هەفتەمان بەناڕاحەتی لەئەنزەلی بەسەر بردووە: تەقریبەن لەم ماوەیەدا بەبێ ئەوەی بتوانین لەشوێنی وشك کردنەوەی تووتن، بچینە دەرێ، باران باریوە. سێجار بەبینینی دووکەڵی کەشتی لەدوور غافڵگیربووینە، بەڵام ئەوان ئەو کەشتییانە بوون کە لەباکۆوە دەهاتنو بەرەو شوێنێك دەچوون پێچەوانەی شوێنی مەبەستی ئێمەیە.

ئەنزەلی شارێکی ناخۆشی دووسەد سێسەد ماڵە. ئەم خانووانە کەوتوونەتە ناو ئەو باغورەزانەی کە دەوروبەریان بە پەرژینی قامیشەڵان گیراوە، بەشێوەیەك ناتوانرێ ببینرێ لەناویاندا چی روو دەدا. سەربانی گەلێ لەخانووەکان لەقامیش دروست کراون. ئەم خانووە نزمانە کە سەریان بە پووشوپەلاش و دەوریان بەباغی میوە گیراوە، لەخانووەکانی گوندی نۆرماندی دەچن. شا لەئەنزەلی خانوویێکی دروست کردووە کە لەکاتی سەفەرکردنی بۆ ئەورووپا لەوێ پشوودەدا. ئەم خانووە لەپێنج نهۆم پێك هاتووەو هەر نهۆمێکی تەنیا یەك ژوورەو دەوری هەر ژوورێك بالەکۆنێکی بازنەییە کە ستوونی جۆراوجۆر راگیری کردووە. مۆبێلو نەخشی ناوەوەی زۆر ناشیرینو خەمبارە. کەلوپەلەکان نالەبارن ، هیچ کورسیو مێزێکی



www.pertwk.com

لێ نییە، هەر چوار پایەی سەلامەت بێ.شا لەئەنزەلی کەشتییەکیشی هەیە ئەوەندە شەپڕێوە، من گومان دەکەم بتوانێ بگاتە ناوەندی دەریا. ئەم کەشتییە بێچارەیە، رۆژێك لەبەرئەوەی بەهەڵکردنی ئالآی ئێرانی رۆیشتبوو، کەشتییەکی شەڕکەری رووسی بەدیلی گرت. دەریای خەزەر بەدەریایەکی رووسی لەقەڵەم دەدرێ. هیچ کەشتیەك ناتوانێ بەهیچ ئالآیەك بێجگە لەئالآی رووسیا بەناویدا بگەڕێ. ئەم کەشتییە بچووکە درایەوە بەشا. لەوکاتەوە تا ئێستا لەزۆنگاوی ئەنزەلی نەچۆتە دەرەوە. گردەلمی ئەنزەلی لەدەروازەی زۆنگاوێکی ترسناکدا هەڵکەوتووەو لەنگەرگرتنی کەشتی دژواردەکا. کاناڵ قووڵە، بەلآم ئەو قووڵاییەی دەبێ کەشتییە گەورەکان تیایدا تێپەڕن، بۆ ئەوان کەمە: هاتن بۆ ئێران لەم رێگایەوە زۆر جوانە، لەبەرانبەر چاومان، بیابانێکی پڕ لە سەوزاییو ئاوەدانییەو لەئاسۆدا زنجیرە چیای ئەلبورز خۆ دەنوێنێ.

ئەمڕۆکە سێی کانوونی یەکەمە، دەبێ کەشتی بگا. سەعات پێنج هێشتا هاتنەکەی رانەگەیەنراوە، هوانس-ی سەرۆکی پۆستە بەدەنگێکی پڕ لەدڵنیایی دەڵی ئەمڕۆش نابێ چاوەڕوان بین. خۆمان بۆ سەفەر ئامادەکردبوو، ئێستا بۆ پشووی شەوانە دەبێ بارگەو بنەمان بکەینەوە. هێشتا سەعاتێك نەخەوتبووین کە کاراپت زۆر بەپەلە پێمان دەڵی کەشتی کۆمپانیای قەفقازو مەرکور هاتووەو زیاتر لەسەعاتێك نامینێتەوە. ئێمە خەریکی بەستنەوەی کەلوپەلەکانمان دەبینو، هوانسیش دەچێ بەلەمێك بۆ گەیاندمان بەکەشتی پەیدابکا. بایەکی توند هەڵیکردووەو دەریا زۆر نالەبارە.





بەلەم وەك باڵندە دەفڕێ. سواربوونی کەشتی ئاسان نییە. کەشتییە گەورەکەش وەك بەلەم، لەهەڵبەزودابەزدایە.



www.pertwk.com

## پەراوێزەکانی بەشی چواردە

[1] ) دوکتـۆر تولـوزان بـواری بـۆ هەڵکـەوتبوو کـە لەیـەکێك لەوانـەی کـێچ پـێی وەداون و نیشانەکانی تیفۆئیدێکی توندی لێ بینرابوو، بکۆڵێتەوە.

[2] ) واپێناچێ، ئەم ناولێنانە راست بێ. گەیلان ولاتی (گیل)ە. (و.ف).

[3] ) یـەکێك لـەو هۆکارانـەی دەبێتـەهۆی ئـەوەی بازرگانـانی ئـەوروپایی بکەونـە سۆراغی پیشەسازی ئێران، ئەمەیە کە ناتوانن رێککەوتننامەی دووروودرێـژیان لەگەڵ دا، ببەستن.

[4] ) FOHN وشەیەکی سویسی، ئەلمانییەو بە بایەکی گەرم و وشك دەگوترێ کە لـەوەرزەکانی بـەهارو پـایزدا بەتوونـدی لەدۆڵـەکانی بـاکووری زنجـیرە چـیاکانی ئەلپ هەڵدەکا. (و.ف).





www.pertwk.com




انزلی و دەروازەی مردواو

## بەشی پازدە
## باكۆ، تەفليس، ڤلادی قەفقاز، پاريس
## لە6 تا 17ی كانوونی يەكەم

**كۆمپانيای قەفقازو مەركۆر-لەنكەران-باكۆ-بيری نەوت-سەفەری زيارەتی زەردەشتی- تەفليس-جادەی عەسكەری لەتەفليسەوە بۆ ڤلادی قەفقاز-گەڕانەوە.**

كۆمپانيای قەفقازومەركۆر بەتايبەتی بۆ گواستنەوەی ڕێبواران دروست نەكراوە، هێشتا لەرووی ڕێكخستنەوە كەموكورتييەكی زۆری هەيە. كارمەندەكانی زۆر كەم كراونەتەوە. كەشتييەكانی كۆمپانيا بەنەوت كاردەكەن، خزمەتگوزاری مەكينەكانی كەشتی زۆر سادە كراوەتەوەو كارمەندان بريتين لەميكانيكێكو شۆفێرێك.
سەعات يازدە دەگەينە لەنكەران كەبەندەرێكی گچكەی رووسيايە. لەبەر ئەوەی ئاووهەوا خۆشە، بۆ هەڵگرتنی ئەو بارانەی ئەگەر





ئاووهەوا نالەبارربوايە بەجێدەمان، كاتەكە بەهەل دەزانن. ئەم خۆشی ئاووهەوايە دەبێتەهۆی چواردە سەعات دواكەوتنمان. شەوی چوارەمو‌پێنجەمو تەواوی ڕۆژی پێنجەمی كانوونی يەكەم كەشتی لەنگەری گرتووە. ئەفسەروكارمەندانی رووسی دێنە ناو كەشتی. هۆڵەكە دەكەنە ژووری جگەرەكێشان. كاپيتان، هۆڵی خانمان دەداتە ئێمە.

## 26ی كانوونی يەكەم

ئەوان شەويان بەخواردنەوەوياريكردنوجگەرەكێشان بەسەربردووە. حيسابی يارييان بەگەچ لەسەر مافوورێكی سەوز نووسيووە. سەعات يازدەی پێش نيوەڕۆ دەگەينە باكۆ. سەرۆكی گومرگی رووسيا كەخۆمانی پێدەناسێنين، لوتفێكی زۆرمان لەگەڵ دەكا. بەبينينی پەساپۆرتی سياسیو حوكمی كارەكەم كەلوپەلەكانمان ناپشكنن، تەنيا بەشێوەيەكی ئاسايی سندووقێك هەڵدەداتەوە.
باكۆ بەشێوەيەكی گشتی شاری نەوتە. بۆنی نەوت لەهەموو شوێنێك بڵاوە. نەوت هەموو جێگايەكی پيسو چەوركردووەو هەتا تويژێك نەوت كەوتۆتە سەر ئاوی دەرياشو جارجارە بۆ كەم كردنەوەی، ئاگرێكی پێوە دەنێن. ئەم كارە لەشەودا ديمەنێكی بەشكۆ دەخولقێنێ. كەشتييەكان واپێدەچێ بەبێ هەست كردن بەمەترسی بەسەريدا دەڕۆن. كەمێك دوای نان خواردنی نيوەڕۆ، عارەبانەيەك بۆ سەردانی شوێنی دەرهێنانی نەوت، بەكرێ دەگرين. لەبەرئەوەی لەسەرەتای هەموو ساڵێكدا بوارم بۆ هەڵكەوتبوو لەبيرە نەوتەكانی



www.pertwk.com

لەباكۆ گەرمایی هەمووی بەنەوت دابین دەكرێ، زۆپاو چێشتخانەو ڕووناكی، كورەو كورەی كارگەكانی ئاسن، بێجگە لەنەوت كەرەستەیەكی دیكەیان نییە. ئەم مادەیە كەقابیلی سووتانە بەئەندازەیەكی فراوان لەزەوی دێتەدەرێ، پێشتر باكۆی كردبووە زیارەتگایەك بۆ زەردەشتییە ئاگرپەرستەكان. ئەوان لێرە پەرەستگایەكیان دروست كرد. تا ئەم سەردەمەش، بورجی خامۆشی (چاڵ) كە گۆڕستانی ئەوانە، ماوە. ڕۆژی 7ی كانوونی یەكەم، سەعات سێ بۆ سەفەری تەفلیس دەچینە ویستگەی شەمەندەفەر.

## 8ی كانوونی یەكەم


ئەمڕۆ بەیانی دەگەینە تەفلیس كەخاڵی وەڕێكەوتنمانە. دەچینە ئوتێلی مارتۆن. لەبەرئەوەی خاوەنی ئوتێلی لەندەن خانووەكەی خۆی داوەتە كەسێكی ئەلمانی، وامان پێباشترە، بچنە لای یەكێك لەهاوولاتییەكانی خۆمان.

پەلەمانە سەردانی بەڕێز میێر بكەین. ئەو پێمان دەڵێ دەوڵەتی تورك بەڕاددەیەك لەدەستەی ئێمە نیگەران بووە، لەم بارەیەوە چەندان تەلگراف لەگەڵ تەفلیس ئاڵوگۆڕكردووە. ئەوان ئیدیعایان ئەوەیە





كەئێمە لەشاری وان بەیارمەتی كۆنسولی ڕووسیا پیلانمان گێڕاوە. ویستویانە بەهەر نرخێك بێ ڕێگامان لێبگرن. ئەگەر ئێمە بەشێوەیەكی ئاسایی، بەهێواشی سەفەرمان كردبا، نەماندەتوانی هەموو ئەم ناوچانە بەسەر بكەینەوە. بەڵام كاتێ فەرمان دەگەیشتە هەر جێگایەك، ئێمە پێشتر لەوێ دەرچووبوین. بەڕێز میێر لەمەڕ ئەم بارە ئاڵۆزە، هەرچی دەكەم، زانیارییەكی دیكەمان پێنادا. چ وەك خۆی دەڵی زانیارییەكی زۆرتری نییەو چ بەهۆی ئەوەی پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە نییە. دوای دەرچوون لەكۆنسولخانە، سەرێكیش لەكۆشكی شازادە دون دوكۆف دەدەین. ئەو لەم كاتەدا لەتەفلیس نییە. دەگەڕێینەوە ئوتێل، ئیدی بێجگە لەخۆ ئامادەكردن بۆ سەفەری بەیانی كارێكی دیكەمان نەماوە. دەبێ بۆ ڕەت بوون لەقەفقاز، عارەبانەو چەند ئەسپێك پەیدابكەین.




نقشهٔ راه نظامی گرجستان

نەخشەی ڕێكەی سەربازی كرجستان



www.pertwk.com

## 9ی کانوونی یەکەم

کاتمان بەگەڕان بەناو شارو بینینی بازاڕو کڕینی هەندێ شت بەتایبەتی ئەو پێستە سمۆرانەی کە لەرووسیاوە دەیهێنن، دەگوزەرێنین.

سەعات پێنجی دوای نیوەڕۆ عارەبانەیەك چاوەڕوانمانە. ئەم عارەبانە گەورەیە، شەش ئەسپ رایدەکێشن. رێگای نێوان تەفلیس‌و ڤلادی قەفقاز دوو ڤرستە کەدەکرێتە دوازدە قۆناغەڕێ. ئەم رێگایە لەماوەی بیست‌وچوار سەعات دا تەی دەکەن. بەڵام رێگا بەهۆی ئەو بەفرەی تازە باریوە زۆر خلیسکە، بۆیە بۆ ئێمە دەبێتە سی‌وشەش سەعات. ئەم رێگایە، زۆر بەباشی دەپارێزرێ. رێگایەکی گرنگەو تەنیا دەروازەیەکە رووسیا دەتوانێ بەهۆیەوە سوپاکەی بنێرێتە قەفقاز. لەگشت وەرزەکان، لەگەڵ باران‌وبەفریش ئەم رێگایە بۆ سوپا کراوەیە.

## 10ی کانوونی یەکەم

شەو ساردە. زۆر سەرکەوتووین. بەفر زەوی داپۆشیوەو دەبێ واز لەعارەبانەکە بهێنین‌و سورتمە بەکرێ بگرین. دیمەنێکی زۆر جوان‌و بەشکۆیە. لەملەی گودوئار 2.852م) تێدەپەڕین‌و لوتکەی کازبەك (5.515م) دەبینین. کاتێ جادەکە بۆ عارەبانە ئاسایی دەبێتەوە، سوار دەبینەوە. شەو داهاتووەو بەداخەوە تەماشاکردنی دەربەندە





سروشتییە سرنج راکێشەکانی رووباری تیریك لەتوانا دانییە. سەعات یازدەی شەو دەگەینە ڤلادی قەفقاز.

## 11ی کانوونی یەکەم

سەعات حەوت بەشەمەندەفەر، ڤلادی قەفقاز بەجێ‌دێڵین. لەرێگای تاگانروك‌و ئوریل دەگەینە دنیابۆرگ‌و لەوێوە بەهێڵی سەرانسەری سان پەترۆسبۆرگ‌و پاریسەوە دەگەینەوە. لە17ی کانوونی یەکەم گەیشتووینەتەوە وڵاتی خۆمان.




وێنەی کەلوبەلی سەفەر

# زنجیرەی بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان لە ساڵی 2005

| ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | وەرگێڕ |
|---|---|---|---|---|
| ئەفغانستان و پێنج ساڵ دەسەڵاتی تاڵیبان | فارسی | وحید مژده | سیاسی | عەلی بیروەندی |
| تۆپەکە | ئینگلیزی | سی. ئێس. فۆریستەر | رۆمان | ئەمین شوان |
| ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا لەسەدەی (21) | | ئا/( ئە نجومەنی دارشتنی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا ) | سیاسی | دلاوەر عەبدوڵلا، مجید ساڵەح - تارا شێخ عوسمان |
| نهێنی یاری کاغەز | دانیمارکی | یۆستاین گاردەر | فەلسەفە | بەهرۆز حەسەن |
| کلتوری بەجیهانی بوون و بەجیهانی کردنی کلتور | عەرەبی | د.بورهان غلیۆن /د. سەمیر ئەمین | کۆمەڵناسی | خەبات مەحمود |
| چەند لاپەڕەیەك لە سەربوردەی خۆم | فارسی | سەدرەدین عەینی | ژیاننامە | عەزیز گەردی |
| ڕەوشی ئابووری وکۆمەلآیەتی کوردی رواندز | | ئی. ئار. لیچ | کۆمەڵایەتی | عەزیز گەردی |
| تێگەیشتنی تیۆرە سیاسییەکان | فارسی | تۆماس ئارتۆر سپراگێنز | سیاسی | فەرشید شەریفی |
| التنین | کوردی | محەمەد موکری | ڕۆمان | ئەبەز کەمال |
| پلاندانان و پلاندانانی ڕاگەیاندن | عەرەبی | د.عماد محمد حسين الهلالى | ڕاگەیاندن | دلاوەر عوسمان ساڵح |
| تۆماری شێتێك | ڕووسی | ن. گۆگۆڵ | شانۆی | جەلال تەقی |
| جوگرافیاو پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان | عەرەبی | محمد عبدالغنی سعودی | جوگرافی | جەزا تۆفیق تالیب ئەحمەد عەلی ئەحمەد |
| گەمییەکەی نوح | تورکی | یەشار کەمال | ڕۆمان | ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل |
| گوتارو وەرگێڕان | فارسی | عەلی سوڵحجوو | وەرگێڕان | کۆساری فەتاحی |
| رینێ دیکارت | ئەڵمانی | رینێ دیکارت | فەلسەفی | د. حەمید عەزیز |
| ڕۆژی شۆڕش | ئینگلیزی | ڕاجی عمر | مێژووی | شیاو محمود کاوە سەباح |
| دۆنی ئارام | عەرەبی | میخائیل شۆلۆخۆف | ڕۆمان | محەمەد حەمە ساڵح |
| دووبرا | ڕووسی | لێرمەنتۆف | شانۆی | جەلال تەقی |
| هونەری وانەگوتنەوە | عەرەبی | محمد عبد الرحيم عدس | پەروەردەی | محەمەد ساڵح مەلا حەسەن هۆرێنی |
| کلیلی دەسەڵاتی چوارەم | عەرەبی | د.فاروق عمر علی | ڕاگەیاندن | هیوا ساڵح ئەحمەد |
| هنری کیسنجەر | عەرەبی | هنری کیسنجر | سیاسی | ئەبەز کەمال نوری |
| شیخوخة کلیوباتراو أطفال المطر | کوردی | لەتیف هەڵمەت | هۆنراوە | لەتیف هەڵمەت |
| سەرچاوەکانی دیموکراسی | عەرەبی | لاری دا یمۆند | سیاسی | دلێر میرزا |
| خۆڕاگرەکان | عەرەبی | بۆریس گۆرباچۆڤ | ڕۆمان | خانەی ڕادوگا- مۆسکۆ |
| سۆفیگەرێتی | عەرەبی | نێکۆس کازەنتزاکیس | | ڕەئوف حەسەن |
| ئەریتی فاشیزم | فارسی | جۆن وایس | مێژووی | کارزان کاوسێن |
| کورتە مێژووی گۆڕانکارییەکانی | فارسی | بۆتۆڵ | کۆمەڵناسی | فەرشیدی شەریفی |





| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کۆمەڵناسی | | | | |
| تاو | عەرەبی | لاوتزۆ و چوانگ تزۆ | فەلسەفی | دیاری عەلی و ڕەئوف حەسەن |
| خاڵە ساڤا | ڕووسی | أ.پ.چیخۆف | شانۆی | جەلال تەقی |
| الأنفال الكورد و دولة العراق | کوردی | شۆڕش حاجی رسول | بەڵگەنامەی | خانەی وەرگێڕان |
| ڕاوچی | عەرەبی | یەشار کەمال | چیرۆك | تەها ئەحمەد ڕەسول |
| زانستی کیمیا بۆ هەمووان | ئینگلیزی | جی.بی. شولپین | زانستی | د.بایەزید حەسەن |
| صفحات من تأريخ كفاح الشعب الكوردي ج1 | کوردی | فاتح ڕەسول | مێژووی | کەمال غەمبار |
| لەدەرباری شاوە بۆ زیندانی شۆڕش | عەرەبی | إحسان نرغی | سیاسی | ئەحمەد قادر سەعید |
| ڕۆڵی کارکردن لەگۆڕینی مرۆڤ بۆ مەیمون | ئەڵمانی | فردریك ئەنگڵس | کۆمەڵناسی | کەریم مەلا ڕەشید |
| هونەری شیعر | ئەڵمانی | ئەریستۆتلس | فەلسەفە | د.حەمید عەزیز |
| کۆمەڵگەی نەریتی و کۆمەڵگەی مۆدێرن | فارسی | مالکوم واترز | فەلسەفە | عبدوڵلا ڕەسوولی |
| خمسون قصيدة مترجمة عن الشعر الأنكليزى الحديث | ئینگلیزی | الأدب الأنكليزى | هۆنراوە | وفاء عبداللطيف زين العابدين |
| حەوت گوتار دەربارەی وەرگێڕان | فارسی | کورش صفوی | وەرگێڕان | رفعت مرادی |
| دیموکراسییەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن | عەرەبی | د. محمد عبدالقادر حاتم | ڕاگەیاندن | مەم بورهان قانع |
| دڵشاد | عەرەبی | سەلیم بەرەکات | ڕۆمان | جەوهەر کرمانج |
| گوڵبژێرێك لە پەندو سەرهاتە ناوازەکان | عەرەبی | هادی عەلەوی | پەند | حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی |

| ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | وەرگێڕ |
|---|---|---|---|---|
| چەردەیەکی کۆمەلآیەتیانە لە مێژووی نوێی ئێراق /2 | عەرەبی | د. عەلی وەردی | کۆمەڵناسی | کوێستان جەمال |
| چەردەیەکی کۆمەلآیەتییانە لەمێژووی نوێی ئیراق/5 | عەرەبی | د. عەلی وەردی | کۆمەڵناسی | حەسەن جاف |
| چەردەیەکی کۆمەلآیەتییانە لە مێژووی نوێی عێراق بەرگی (6) | عەرەبی | علی وردی | کۆمەڵناسی | دلێر میرزا |
| چەردەیەکی کۆمەلآیەتییانە لە مێژووی نوێی عێراق پاشکۆی بەرگی (6) | عەرەبی | علی وردی | کۆمەڵناسی | دلێر میرزا |



www.pertwk.com

# زنجیرەی بلاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان لەساڵی 2006

| ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | وەرگێر |
|---|---|---|---|---|
| شانۆی هاوچەرخی سویدی | عەرەبی | د. فازڵ جاف | شانۆی | دلێر میرزا |
| چیرۆکی میللی کوردی Kurdish Folktales | کوردی | محەمەد حەمە ساڵح | چیرۆك | ویلەر سانکستون |
| مارکسیسمی فەلسەفی و ئایدیالیستە هێگلییەکان | فارسی | حوسێن بشیریە | فەلسەفی | مەنسووری تەیفوری |
| کۆمەڵناسی جەنگ | فارسی | گاستۆن بۆتۆڵ | کۆمەڵناسی | مەنسووری تەیفوری |
| یەکەمین ترپە عاشقانەییەکانی دڵم | فارسی | فروغ فەڕوغزاد | ئەدەبی | ئەبوبەکر قەرەداغی |
| سەفەرنامەی هێنری بێندەر | فارسی | هێنری بێندەر | مێژووی | ئەبوبەکر خۆشناو |
| ماڵی بووکە شووشە | ئینگلیزی | هێنریك ئیبسن | شانۆی | تەیمور تاهیر |
| چیرۆکەکانی دۆن | فارسی و عەرەبی | میخائیل شۆلۆخەف | چیرۆك | ئەکرەم عەلی |
| ژیان ماناى چییە؟ | فارسی | برادلی ترور گریو | فکر | موسلیم ئەحمەد |
| داستانەکانی شانامەی فیردەوسی | فارسی | ئەسەدوللای شەعبانی | مێژووی | دلێر میرزا |
| سەرهەڵدان و دارمانی زلهێزەکان | ئەڵمانی | پاول کێنەدی | مێژووی | د. کوردۆ عەلی |
| صفحات من تأريخ كفاح الشعب الكوردي ج2 | کوردی | فاتح ڕەسول | مێژووی | کەمال غەمبار |
| صفحات من تأريخ كفاح الشعب الكوردي ج3 | کوردی | فاتح ڕەسول | مێژووی | کەمال غەمبار |
| هاونەتەوەیی قەومی کوردو ماد | فارسی | حەبیبوللا تابانی | مێژووی | جەلیل گادانی |
| ژیارو تازەگەری | فارسی | هەڤپەیڤینێك لە نێوان جەمشیدی بێهنام و رامینی جەهانبەگلوو | فکر | هیوا عەزیزی |
| سەربازێکی ئەمێریکایی | عەرەبی | ژەنەراڵ تۆمی فرانکس | یاداشت | باسط حەمە غەریب |







www.pertwk.com